عەبدولستار مەجید
ABDULSTAR MAJID

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پوختەی بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی

SUMMARY OF THE PRINCIPLES OF ISLAMIC GOVERNANCE

تەفسیر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

پوختەی
بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی

تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
لە ساڵی 1995
لەسەر دەستی مخلص بۆنس مصطفی دامەزراوە

چاپی یەکەم
٢٠٢٦ز-١٤٤٧ك

پوختەی بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی

نووسینی : عەبدولستار مەجید

قەبارە: ٢٤٠١٧ سم (٣٢٨)لا.

بابەت: ئایینی، سیاسەتی شەرعی

ISBN: 978-9922-748-60-3

دیزاین، تەفسیر©

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٣١٤)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێ دراوە

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی تەفسیر بێ"

TAFSIR تەفسیر

+964 750 818 08 65
www.tafsir.krd | info@tafsir.krd
Tafsir Publication

9 789922 748603

پوختەی
بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی

عەبدولستار مەجید

پێشکەشە بە:

هەمـــوو ئەو مرۆڤـــانەی بە دەســـتپێکێکی دروســـت و بەرنـــامەڕێژییەوە هەنگاوەکانیان دەنێن.

ناوەڕۆک

پێشکەشە بە: ٤

ناوەڕۆک ٥

پێشەکی ٩

بەشی یەکەم

خواناسی بەردی بناغەی ژیانێکی تەندروستە ١٥

باسی یەکەم: پەیوەندیی ڕاست و دروست لەگەڵ خوا ١٩

باسی دووەم: یاسا و سیستەم، کۆمەڵگەی تەندروست بەرهەم دێنێت ٢٢

باسی سێیەم: هۆشیاریی خەڵک بە شەریعەتی خوا ٣٠

بەشی دووەم

قەوارە و دەوڵەتەکەی پێغەمبەر ﷺ ٣٥

باسی یەکەم: بنیاتنانی دەوڵەتی مەدینە ٣٨

باسی دووەم: دەوڵەتی مەدەنی چییە؟ ٤٣

باسی سێیەم: جیاوازیی نێوان دەوڵەتی مەدینە و دەوڵەتی مەدەنی ٤٧

بنەمای یەکەم: یاساسەروەری ٤٨

بنەمای دووەم: دیموکراسییەت ٥٠

بنەمای سێیەم: هاوواڵاتیبوون ٥٠

بنەمای چوارەم: یەکترقەبوڵکردن و لێبووردەیی ٥٢

بنەمای پێنجەم: لێپرسینەوە ٥٣

بنەمای شەشەم: ئازادیی ڕادەربڕین ٥٤

بەشی سێیەم ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە ٥٩

باسی یەکەم: پێوەری شایستەبوون بۆ کارپێسپاردن ٦٤
باسی دووەم: هەڵبژاردن و هەڵوێستی خەڵک ٧١
باسی سێیەم: قۆستنەوەی دەرفەتەکان ٧٥
باسی چوارەم: چیهان پێشکەشی خەڵک کردووە؟ ٧٨

بەشی چوارەم

سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا ٨٧
باسی یەکەم: بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا ٩٣
باسی دووەم: بەربژێربوون[1] لە ئیسلامیدا ١٠٢
باسی سێیەم: ڕەگەزنامەی سەرۆک بەپێی بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی ١١٥
باسی چوارەم: ڕەگەزی سەرۆکی وڵات لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا ١١٨

بەشی پێنجەم

میکانیزم و چۆنیەتیی دیاریکردنی چوار جێنشینەکە ١٣١
باسی یەکەم: چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا ئەبوبەکر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ... ١٣٥
باسی دووەم: چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ١٣٧
باسی سێیەم: چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عوسمان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ١٤٠
باسی چوارەم: چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ١٤٦

بەشی شەشەم

پرسی حوکمڕانیی لە چوارچێوەی شەریعەتدا ١٤٩
باسی یەکەم: سەرچاوەی شەریعەت و دەستوور لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا ١٥٧
باسی دووەم: سیاسەتی شەرعی و پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵک ١٥٩
باسی سێیەم: چۆنیەتیی حوکمڕانیی چوار جێنیشنەکە ١٧٠
باسی چوارەم: گرنگیی مەرجەع ١٧٢

بەشی حەوتەم

ڕاوێژ ١٧٧

باسی یەکەم: ڕاوێژ و پاراستنی مافی گشتی..... ١٨٣

باسی دووەم: بوار و بابەتەکانی ڕاوێژکردن ١٨٨

باسی سێیەم: ڕاوێژ و حوکمە شەرعییەکان..... ١٩٢

باسی چوارەم: جیاوازیی نێوان ڕاوێژ و دیموکراسی ١٩٤

بەشی هەشتەم

چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی دەسەڵات ٢٠٥

باسی یەکەم: چاودێریی دەستووری لە ڕووی یاسایی و شەرعییەوە ٢٢٠

باسی دووەم: شێواز و میکانیزمی ڕاستکردنەوەی دەسەڵات ٢٢٤

باسی سێیەم: بنچینە و بنەماکانی گۆڕینی دەسەڵات ٢٢٦

باسی چوارەم: میکانیزمی گۆڕینی دەسەڵات لە ئیسلامدا ٢٣٦

بەشی نۆیەم

ئازادیی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا ٢٣٩

باسی یەکەم: بنچینە و بنەماکانی ئازادیی ڕادەربڕین ٢٤٥

باسی دووەم: ماف و ئازادییەکان لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا ٢٥٨

بەشی دەیەم

ئۆپۆزسیۆن و فرەحیزبی لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا..... ٢٦٥

باسی یەکەم: ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چۆن دروست دەبێت؟..... ٢٧٠

باسی دووەم: ئۆپۆزسیۆن لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا ٢٧٤

باسی سێیەم: فرەحیزبی لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا ٢٨١

باسی چوارەم: ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ..... ٢٨٤

باسی پێنجەم: ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سەردەمی چوار جێنیشینەکەدا ٢٩٢

بەشی یازدەیەم

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئیسلامدا ٣٠١

باسی یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن ٣٠٥

باسی دووەم: دەسەڵاتی یاسادانان ٣١١

باسی سێیەم: دەسەڵاتی دادوەری..... ٣١٦

دامەزراوەی دادوەری:..... ٣١٧

دامەزراوەی ستەم لێکراوان:..... ٣١٩

دامەزراوەی چاودێری:..... ٣٢١

دامەزراوەی گێڕانەوەی ماف:..... ٣٢١

دامەزراوەی پاسەوانی:..... ٣٢٢

پوختەیەک لە ژیاننامەی نووسەر..... ٣٢٧

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

الْحَمْدُ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شرُور أَنْفُسنَا، وَمِنْ سَيئَات أَعْمَالنَا، مَنْ يَهْده اللهُ فَلاَ مُضلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ آل عمران

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا (١)﴾ النساء

﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا (٧١)﴾ الأحزاب

أَمَّا بَعْدُ: فإِنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ الله وَخَيْرَ الْهَدي هدْيُ مُحَمَّد - صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ - وَشرَّ الأُمُور مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَة بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَة ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَة فِي النَّار.[1]

پرسی حوکمڕانی بە تایبەتییش حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو و

[1] ئەوە پێی دەگوترێت: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) هاوەڵانی بەڕێزی فێر دەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەک وتاری جومعە و داخوازیکردن (خطْبة) و... هتد، ئەم وتارە، هەر کام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، طبراني: (٢٤١٤) هێناویانە و (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

سەرڕاست، یەکێک بووە لە پرسە هەرە جەوهەری و گەورەکانی فەلسەفەی سیاسی و فیکری سیاسیی هاوچەرخ، بۆیە هەمیشە بە دوای ئەوەدا گەڕاوە چۆن حوکمڕانییەک وەک چەمکێکی سیاسی بێتە کایەوە کە لە ڕێی سیستەمە سیاسییەکەوە مانایەک بەم چەمکە ببەخشێت.

بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە و گەیشتن بە ئێوەڕۆکی ئەو جۆرە لە فۆرمی حوکمڕانی، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەما سەرەکییانەی کە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامی لەسەری دامەزراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە تەواوی باسەکانماندا پشتی پێ دەبەستین، چونکە لە ڕێی ئەو بنەمایانەوە دەتوانرێت حوکمڕانییەکی تەندروست پیادە بکرێت، کە فۆرمێک لە دڵنیایی و ڕێکخستن و ئاساییش دابین بکات، کە لە دەرەنجامدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دادگەرانە و یەکسان و دەستەبەری تەواوی ماف و ئازادییەکان لەخۆ بگرێت و، ببێتە مایەی ئەوەی خزمەت بە خەڵک و خاک و وڵات بکات. هەر ئەمەشە لە ئێستادا فەلسەفەی سیاسی و فیکری سیاسیی هاوچەرخ دەیخوازێت و هەوڵی بەرجەستەکردنیان دەدات.

مرۆڤ چ وەک تاک و کۆمەڵ، چ وەک حیزب و دەوڵەت، یاخود وەک هەر گروپێکی ئامانجدار، کە بیەوێت کار بکات دەبێت بزانێت چۆن و بە چ شێوەیەک هەنگاوی یەکەم دەنێت و دەست پێ دەکات.

کەواتە هەر بابەتێک بتەوێت کاری لەسەر بکەیت و هەر ئامانجێکیش هەوڵی گەیشتنی بۆ بدەیت، جا ئەو بابەت و ئامانجە کۆمەڵایەتی، یان سیاسی بێت و پەیوەندیی بە حکومەت و حوکمڕانییەوە بێت، یان بازرگانی و ئابووری، یان بابەتێکی کەسی بێت، بێگومان بە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ دەکات. هەر کاتێکیش باسی ئامانج و بەدیهێنانی ئامانج بکرێت، چ بۆ تاک، چ بۆ کۆمەڵگە، وەکوو باسم کرد ئەو ئامانجە چ کۆمەڵایەتی بێت، یان سیاسی بێت و پەیوەندیی بە حکومەت و حوکمڕانییەوە هەبێت، یان بازرگانی و ئابووری بێت،

پێویستیی بەوە هەیە بەرنامەڕێژیی بۆ بکرێت و، سەرەتاکەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەست پێ بکرێت، چونکە هەنگاوی یەکەم زۆر گرنگە و وەک گوتراویشە (من لەم یکن له بدایة مشرقة لم یکن له نهایة مشرقة).[1]

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە هیچ ئامانج و بابەتێک، تەنانەت ئاواتێکیش، جا لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ، بەبێ ئەوەی بەرنامەیەکت بۆی هەبێت و، بنچینە و بناغەیەکت بۆی دانابێت، ناتوانیت بە شێوەیەکی چاک و بەرهەمدار و لە کاتی خۆیدا بە ئامانجەکەت بگەیت.

سەبارەت بەو ئامانجەش کە ئێمە هەوڵی هێنانەدیی دەدەین، پێویستە هەمووان بزانن کە ئایا بە چی و چۆنیش دەستمان پێ کردووە، بێگومان هەوڵمان داوە بە دەستپێکی دروست و بەرنامەڕێژییەوە هەنگاوەکانمان بنێین و، ئامانجی ئێمەش ڕوون و ئاشکرایە کە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانیی خەڵکدا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ سەربەرز و ئازاد و سەرفراز بێت، ئەم کەمەڕیانەی کە خوا پێی داوە لەسەر ئەم زەوییە، سەربەرزانە و خۆشبەختانە بیگوزەرێنێت، هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی وڵات بە ئاراستەی داهاتووی ڕۆشنتر و شایستەتر و پێشکەوتووتر ببەین و، مرۆڤایەتی و ژیان بپارێزین لە هەڕەشە و مەترسییەکان، لە چەقبەستن، لە دواکەوتن، لە خراپەکاری، لە هەژاری، لە نایەکسانی و نادادپەروەری، بە جۆرێک پێگەیەکی تایبەت ببەخشێت بە بەهاکانی مرۆڤایەتی، ئازادی، پێکەوەژیان، یەکترقەبوڵکردن و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە سەرەتا و هەنگاوی دەستپێک بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بە ناوی خواوە دەست پێ بکرێت. مەبەست لە دەستپێکردن بە ناوی

---

[1] ئەوە یەکێکە لە حیکمەتەکانی (ابن عطاءالله الأسكندري) لە جێگەی (مشرقة) وشەی (محرقة)ش هاتووە، واتە: هەر کەسێک سەرەتاکەی ڕۆشن و ڕوون و بڵێسەدار نەبێت، ئەوا کۆتاییەکی سەرکەوتووانە و بەرزی نابێت.

خواوە ئەوەیە: دەبێت مرۆڤەکان وا بیر بکەنەوە کە خاڵقێک بەدیی هێنان و، خوا «سُبحَانَهُ وَتَعَالَىٰ» دروستی کردوون و ژیانی پێ بەخشیون، خوای گەورە دەیمرێنێت و ڕزقوڕۆزیی پێ دەدات، خوا «عز وجل» لەو بوونەوەرە مرۆڤی کردووە بە جێنشین و ڕۆژێک دێت زیندووشی دەکاتەوە. هەر مرۆڤێکیش لەسەر ڕووی ئەم زەوییە، بگرە هەر دەسەلاّت و سیستەم و قەوارەیەک خوای گەورە نادیدە بگرێت و لە سەرووی خۆیەوە نەیبینێت، هەرگیز سەرفراز و سەرکەوتوو نابێت. ئەو چەشنە مرۆڤ و سیستەم و دەسەلاّتانەی کە لە خودا بێئاگا و یاخی بوون، بە حوکمی پەیڕەویکردنیان لە ڕێکار و یاسا و ڕێساکانی ئەم ژیانە، ئاساییە ماوەیەک بەردەوام بن، ئەگەرچیش خواناسی و بەرنامە و پەیڕەوەکەی لە فەرهەنگی کار و بیرکردنەوەیاندا نەبێت، بەلاّم زۆر ناخایەنێت و درێژە ناکێشێت، لە لایەکی ترەوە کۆمەلّگەیەکی لەم جۆرە لە ڕووی بیروباوەڕ و لایەنی دەروونی و مەعنەوی و قەناعەتی ناخیانەوە، هەرگیز بەختەوەر و خۆشبەخت نابن، هەرچەند لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە ژیانێکی خۆش و جوان و باشیان هەیە، هەر وەک خوای بەرز و مەزن دەفەرموێت: ﴿ يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ ﴾ (٧) الروم.

واتە: ڕواڵەتێک لە ژیانی دونیا دەزانن، لە حاڵەتێکدا کە لە ڕۆژی دوایی بێئاگان.

بێئاگان لەوەی خوایەک هەیە دروستی کردوون، هەروەها بێئاگاشن لەوەی خوایەک هەیە دەیانژیێنێت و ڕۆژێک دادێت دەیانمرێنێت و زیندوویان دەکاتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەلّ دەکات، بە داخەوە مرۆڤەکان لەوەی کە ئاماژەم پێ کرد، لە بەشی زۆری بێخەبەرن.

بۆیە بە ڕاستی ئەگەر کۆمەلّگەیەک بیەوێت بەختەوەر و سەرفراز بێت و

بەردەوامیی هەبێت، دەبێت بەردی بناغەکەی خواناسی بێت و، بزانێت مامەڵەیەکی ڕاست و دروست و ڕێکوپێک لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسایانە بکات کە خوای پەروەردگار لەو بوونەوەرە داناوە.

(ئەلێکسیس کارێل) (Alexis Carrel)[1] دەروونناس و دکتۆری نەشتەرگەر بوو، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵیشە، کتێبێکی هەیە بە ناوی: (الانسان ـ ذلك المجهول)، واتە: ئەو زانا گەورەیە بۆی دەرکەوتووە کە ئەم مرۆڤە بەدیهێنەرێکی هەیە و ناتوانێت بە تەنیا و بەبێ (خالق)ێک ژیان بکات.

کەچی لە ڕاستیدا مرۆڤ بە کردنەدەرەوەی خوای گەورە لە ژیانیدا و پێویست نەبوونی بە ڕێنوێنییەکانی، ناتوانێت تا سەر و بە بەردەوامی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەو وڵاتانەی کە تا ڕادەیەک توانیویانە ژیانی خۆیان ڕێک بخەن، بەڵام هەمووی لەسەر بنچینەی مادەدەگەرایی بنیات نراوە. بۆیە هەر کاتێک چاوی کامێرا و سزادان بەسەریانەوە نەمێنێت، ئەو مرۆڤە دەبێتە درندە، دەبێت بە دز، بە خوێنڕێژ، بە ستەمکار و خراپەکار، ئەگەر بۆی بکرێت لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی هەموو دونیا تێکوپێک دەدات.

لە ئیسلامیشدا ئەم لایەنی ترسە بەو شێوەیە هەر هەیە، بەڵام بەر لەوەی باس لەوە بکات کامێرای چاودێریی بەسەر سەریەوەیە دەبینرێت و دوایی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات، بەر لەوە ئیسلام باسی (تەقوی) پارێزکاری و خواناسی دەکات! لە ئیسلامدا خوای بەرز و مەزن ڕێنماییی مرۆڤەکان دەکات، چ شتێک باشە بیکەن و چ شتێک خراپە نەیکەن، بەمەش ڕاستەوخۆ ئەو مرۆڤە

[1] ئەلێکسیس کارێل: پزیشکێکی فەرەنسی بوو، لە ٢٨/ ٧/ ١٨٧٣ لە دایک بووە و لە ٥/ ١٠/ ١٩٤٤ وەفاتی کردووە و خاوەنی خەڵاتی (نۆبڵ)ە لە پزیشکی (طب) و ناودارترین کتێبی بریتییە لە (الانسان ـ ذلك المجهول)، کە بریتییە لە ئەزموونەکانی لەسەر ژیان و مرۆڤ، کە پێشتر بە هۆی هەڵە و پەڵە و ئایینی شێوێنراوی دیانەکان (بڕوای بە خودا و ئایین نەما)، بەڵام دوایی بە هۆی وردبوونەوە و تێڕامانی لە مرۆڤ و جەستە و وردەکاریەکانی ژیان و مرۆڤ، بڕوا دەهێنێتەوە.

ڕاستەڕێ دەبێت. بەڵام لە بەرانبەردا خوا «سُبحَانَهُ وَتَعَٰلَىٰ» سزای داناوە، چونکە خەڵک لەخۆڕا پابەند نابێت.

ڕەنگە پرسیاری ئەوەش بکرێت بۆچی کۆمەڵگەی مسوڵمانان لە ژیان و گوزەرانی زۆر خراپدان، پڕە لە ستەم و بێدادی، لە خراپەکاری و نائارامی و هەژاری و، یاسا سەروەر نییە، ئەی بۆچی لەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا تەماشا دەکەیت پەنسیپە باشەکان پیادە دەکرێن لە کاتێکدا کە مسوڵمانیش نین، ئەو بابەتە بابەتێکی زۆر ورد و قووڵە، ئایا مرۆڤ هەر ئەوەندە بڵێت مسوڵمانم و تەواو؟! ئایا ئەگەر مرۆڤ گوتی مسوڵمانم، هەر بە گوتنی ئەم وشەیە کۆمەڵگە ڕێکوپێک دەبێت و پێش دەکەوێت و خەڵک و جەماوەر بەختەوەر دەبن؟ لەولاشەوە زوڵم و ستەم نامێنێت و دادگەری دەچەسپێت و گەندەڵی بنبڕ دەبێت؟ هەر لەخۆوە وڵات و خەڵک هەمووی چاک دەبن و هەرچی خراپەیە نامێنێت؟ بێگومان نەخێر!! دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە دەبینن.

نووسەر

١٩ی محرم ١٤٤٦ ک

٢٠٢٤/٧/٢٥ ز

بەشی یەکەم
خواناسی
بەردی بناغەی ژیانێکی تەندروستە

ئەو ژیانەی کە دەمانەوێت بۆ خەڵک دروستی بکەین، دەبێت بەردی بناغەکەی لەسەر بنچینەی خواناسی بێت، ئەم خواناسییەش ئەگەر ڕاست و دروست و ڕێکوپێک بێت، ئەوا پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ یاسا و ڕێسای ئەو بوونەوەرە هاوڕێ بێت و خۆی ڕێک بخات، بۆ نموونە: خوای بە بەزەیی ئاگر و ئاوی دروست کردووە، کە دەفەرموێت: ﴿ ... وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ﴾... الأنبياء٣٠.

واتە: ... هەموو ژیاندارێکیشمان لە ئاوێدا پەیدا کردووە...، لێرەدا دەردەکەوێت بۆ مرۆڤ ئاو چەند پێویستە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەو ئاوەیە زەریا و لافاوی لێ دروست دەبێت و، ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا نەکەین و یان خۆی تێباوێین، بێگومان ئەگەر مەلە نەزانین تێیدا دەخنکێین، بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەی ژیانیش هەر بەم چەشنەیە، کاتێک مرۆڤ پێچەوانەی یاسا سروشتییەکان جووڵە بکات.

ئاگریش بە هەمان شێوە مرۆڤایەتی سوودی زۆری لێ دەبینێت، بەڵام ئەگەر مامەڵەیەکی نادروستی لەگەڵدا بکرێت و خراپ بەکار بهێنرێت زیانی زۆر دەگەیەنێت، بابەتەکانی دیکەی ژیانیش کە پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤ و، حوکمڕانییەوە هەیە لە ڕووی سیاسی و، ئابووری و، کۆمەڵایەتی...هتد، هەر بەم شێوەیەیە.

ئایا هەر تەنها ئەوەندە بڵێیت من مسوڵمانم و لە ماڵی خۆم دادەنیشم و کەسابەت ناکەم، خوا ڕزقم بۆ دەنێرێت؟! ئایا ئەمە ڕێک لەگەڵ یاساکانی خودا دێتەوە؟! نەخێر، بەڵکوو پێویستە جووڵەیەکت هەبێت و بەپێی یاسا و ڕێسای ژیان هەڵسوکەوت بکەیت و هەنگاو بنێیت، ئینجا ئامانج و ئاواتت دێتە دی لە بەرانبەریشدا ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەیت بۆچی ئەم وڵاتە پڕە لە گەندەڵی و ستەمکاری؟ هۆکارەکە ئەوەیە خەڵکەکە بە گشتی پابەند نییە بە ئایینەکەیەوە

و لە هەمان کاتدا پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی خوای گەورەی لە ژیان نەکردووە، خوای بەدیهێنەر ئەو ئایین و شەریعەتەی ناردووە تا مرۆڤەکان پێی بەختەوەر بن. کەواتە کێشەکە نە لە زەوی، نە لە خۆر، نە لە دار و بەردە، بەڵکوو کێشەکە لە خۆمانەوەیە و لە خودی مرۆڤەکانەوەیە، بۆیە کاتێک دەڵێین با بە ناوی خواوە دەست پێ بکەین، واتە جیهانبینی و تێڕوانینیت دەبێت لەوەوە سەرچاوە بگرێت، کە خوا ناردوویەتی، واتە دەبێت ژیانمان بەپێی ئەو شەریعەت و بەرنامەیە بێت کە خوای بەرز و مەزن ناردوویەتی، دەنا نابێت چاوەڕێی هەموو خۆشییەکی دونیا و ژیان بکەیت و پێچەوانەی ئەوەش ڕەفتار بکەیت کە خوا ناردوویەتی.

لەم ڕوانگەیەوە لەمیانەی دوو باسدا دوو بنەما دەخەینە ڕوو کە زۆر بە گرنگیان دەزانم بۆ هەر سیستەمێکی حوکمڕانی.

باسی یەکەم:
پەیوەندیی ڕاست و دروست لەگەڵ خوا

مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان بە بەرچاوڕوونی و ئامۆژگاری هەیە، هاوکات پێویستیان بە خەڵکی زانا و شارەزا هەیە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان بە سەرکەوتوویی، چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەسەڵات، هەروەها پێویستیان بە ئیمان و باوەڕێکی بەهێز و پتەو هەیە بۆ ئەوەی هەڵنەخەڵەتێنرێن، واتە: تاکی مسوڵمان دەبێت ئیمانەکەی ئەوەندە پتەو بێت کەس نەتوانێت فریوی بدات و هەڵی بخڵیسکێنێت.

بۆیە تاکی مسوڵمان پێویستە شارەزاییەکی وای هەبێت کە ئیمانێکی دامەزراوی بۆ دروست بکات، واتە بە پارە و سەروەت و سامان، یان چاوسوورکردنەوە و زۆرلێکردن و هەڕەشە، نەلەخشێت و هەڵنەخڵیسکێت. هەروەها ئەو بەرنامە و ڕێبازەی کە بە دروستی دەزانێت، بە شێوەیەکی ڕاست و دروستیش پەیڕەوی لێ بکات و لە هەمان کات پیادەشی بکات. سەرچاوەی پەیدابوونی ئەو ئیمانە قوواڵ و دامەزراوەیەش، بریتییە لە خوێندنەوەی بەردەوام و تەماشاکردن و تێڕامانی ئەو بوونەوەر و گەردوونە پانوپۆڕە و بیرکردنەوە لە گەورەیی خوا «سُبحَانَهوتَعَٰلَىٰ» کە چەند مەزن و گەورەیە و، بوونەوەری چۆن دروست کردووە، لە چی پەیدای کردووە، بۆچی پەیدای کردووە، بەرەو کوێیان دەبات و چیان لێ دەکات؟ هەموو ئەمانەش سەرچاوەی تری پەیدابوونی ئەو ئیمان و باوەڕە پتەو و نەگۆڕەیە.

ئەو بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لە گەردوون بەرەو ئەوەمان دەبات، کە لە تەواوی ژیان بڕوانین و ڕامان دەکێشێت بۆ تەماشاکردنی قورئان و لێ ورد ببینەوە و تێڕامانی، ئەو کاتە زیاتر و باشتر گەورەیی و مەزنیەتی خوامان بۆ

دەردەکەوێت و قورئانیش ئایەتێکی دیکەی ڕوون و بەهێزە لەسەر گەورەیی و دانایی و دەسەڵات و بەهێزی و زانایی و زۆر شارەزاییی خودای پەروەردگار.

کاتێک مرۆڤ تەماشای بوونەوەر و قورئان دەکات، بە هۆی خواپەرستی و عیبادەتەوە، چ عیبادەتی کەسی بێت، یان ئەو عیبادەتەی پەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە هەیە لە چاکەکردن لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگە، بەو شێوەیە وردە وردە ئیمان زیاد و پتەو دەبێت، ئەمەش بەوە دێتە دی کە مرۆڤ لە ناخەوە دڵسۆز و خەمخۆر و پەرۆشی خەڵک و کۆمەڵگەکەی بێت و چی بۆ ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیە باشە، ئەوە بە ئاوات بخوازێت.

بە داخەوە ئەگەر بەراوردێکی خەڵک و بە تایبەتی سەرکردەکانی خۆمان و وڵاتانی پێشکەوتوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە زۆر بەجێماوین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو وڵاتانە هەموو شتێکیان بە یاسا و دەستوور بەستووەتەوە و ڕێک خستووە، خەڵکەکەشیان تەواو دڵسۆزی خاک و وڵاتەکەیانن. بۆ نموونە: وڵاتێکی وەکوو ئەڵمانیا چەند کەسێکی پسپۆڕیان داناوە هیچ مەشغەڵەتێکیان نییە و ژیانیان دابین کراوە و دوورن لە هەموو کێشە و گرفتێک، کار و ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە پلاندانان بۆ چۆنیەتیی بەرەو پێشبردن و بەڕێوەبردنی وڵات، پاشان دەیکەن بە پڕۆژە و دەیدەن بە حکومەت، ڕاستە ئەوە بە سیستەم ڕێک خراوە، بەڵام لەخۆوە پەیدا نەبووە، خەڵک فێرکراوە کە دڵسۆز و خەمخۆری وڵاتەکەی خۆی بێت، بەندە ئەو کاتەی وەکوو وەزیری کشتوکاڵ[1] چوار ساڵ لە حکومەتدا بووم، هەروەها پەڕلەمانتاریش[2]، مەگەر تاک و تەرا، دەنا بەرپرسێکی ئەو وڵاتەی خۆمانم نەدیوە خەمخۆری ئەو خەڵک و جەماوەرە بێت، تەنیا خەمخۆری گیرفان و خزم و

[1] لە ساڵی ٢٠١٤ هەتا ٢٠١٨.

[2] لەساڵی ٢٠١٨ هەتا ٢٠٢٢.

دەوروبەر و بازرگانیی خۆی بووە، بەڵام لەمیانەی وتار و چاوپێکەوتنەکانیان تەنها خەمخۆری و دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان خەڵک و جەماوەر دەردەبڕن، کەچی لە واقیعدا پێچەوانەیە، زۆربەیان بە ئەندازەی پیرێژنێکی ئەڵمانیا پەروەردە نەکراون و خەمخۆر نین. دەڵێن: کاتی خۆی (چەرچڵ) کە ئەڵمانیای گرت لە بەرلین شەقامێکی بەرین هەبووە، لەوێ لەگەڵ سەربازەکان ڕاوەستاوە، شەقامەکە بە هۆی مووشەکبارانکردن و شەڕ و جەنگەوە نە ترافیکی مابوو، نە شوێنی پەڕینەوە دیار مابوو، پیرەژنێک دێت لەمسەری شەقام بۆ ئەوسەری شەقامەکە دێت و دەڕوات، پاشان دوای تۆزێک وەستان، ئینجا دەپەڕێتەوە، (چەرچڵ)یش گوتی: ئەم پیرەژنەم بۆ بانگ بکەن، کاتێک کە هاتە لای (چەرچڵ)، لێی پرسی بۆچی ئەمسەر و ئەوسەری شەقامت کرد، ئینجا پەڕییەوە؟ پیرەژنەکە گوتی: کاتی خۆی ئێرە شوێنی پەڕینەوەی پیادە بوو، بەڵام بە هۆی ئەم شەڕ و جەنگەوە شوێنەکە دیار نەماوە، بۆ دۆزینەوەی شوێنی پەڕینەوەکە ئەمسەر و ئەوسەرم کرد و بە مەزەندەکردنەوە زانیم ئێرە شوێنی پەڕینەوەکەیە، پاش ئەوەی پیرەژنەکە ڕۆیشت (چەرچڵ) گوتی: ئەو میللەتی ئەڵمانیا زۆر زوو هەڵدەستنەوە، ئینجا بڕۆ تەماشای ئەڵمانیای ساڵی (١٩٤٦) و ئەڵمانیای ئێستا بکە و، بەراوردیشی بکە لەگەڵ وڵاتی فەڕەنسا و ڕووسیا، بزانە کامیان پێشکەوتووترە، کە ئەم دووانە براوەی جەنگی جیهانیی دووەم بوون!

ئەوەی لێرە مەبەستە بزانین دڵسۆزی و خەمخۆری بە پڕوپاگەندە و ڕێکلامکردن نییە، بەڕپرس کاتێک خەمخۆر و دڵسۆزی میللەتە، کە لەگەڵ خەڵکەکە بژی و بەبێ جیاوازی و لە نزیکەوە ئاگاداری گیروگرفت و کێشەی خەڵک بێت و پەرۆشی خەڵکەکە بێت، ئەوەش بە ئیمان و باوەڕێکی ڕاست و دروست دێتە بەرهەم، وێڕای بوونی یاسا و ڕێسایەکی ڕێکوپێک و هاوسەنگ کە بۆ هەموان وەک یەک بێت و بەبێ جیاوازی بەسەر هەموواندا جێبەجێ بکرێت.

باسی دووەم:
یاسا و سیستەم، کۆمەڵگەی تەندروست بەرهەم دێنێت

بێگومان ئەگەر یاسا سەرەوەر بوو و خەڵک و جەماوەریش هۆشیار بوون، هەر بەرپرسێک هەنگاوی هەڵە بنێت، تووشی لێپێچینەوەی یاسا و تۆڵەی خەڵک و جەماوەر دەبێت.

سەبارەت بە کۆمەڵگەی خۆیشمان، دیارە جیاوازیی قووڵ و ورد هەیە، ئەم خەڵک و کۆمەڵگەیەی ئێمە لە قۆناغێکدایە، پێویستیی بە زیاتر هۆشیارکردنەوە هەیە، لە ڕووی چۆنیەتیی بەدەستهێنانی ماف و ئەرکەکانی خۆی، هاوکات بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکەمان بە بانگخواز و مامۆستایانی ئایینییشەوە، پێویستە زیاتر و باشتر لە شەریعەت و ئایین شارەزا بن و، زیاتر لێی ڕابمێنن و ورد ببنەوە، کە دەگوترێت هاوواڵاتی. پێویستە بە مافی خۆی ئاشنا بێت و بشزانێت ئەرکەکانی چییە لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەو کاتە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروست دروست دەبێت. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتی (چیک) بەشداریم کرد، لە ڕێوڕەسمەکەدا کونسوڵی ئەو وڵاتە گوتی: کاتی خۆی کە وڵاتی (چیک) دامەزرا، سەرەتا لەوەوە دەستیان پێ کرد، هاووڵاتی بزانێت لەم وڵاتە مافەکانی چین بەر لەوەی ئەرکی پێ بسپێردرێت.

چونکە کە هاووڵاتی بە مافە ئاسایی و یاساییەکان خۆی ئاشنا بوو، ئەوە پێویست ناکات بەرپرسانی وڵات منەتیان بەسەردا بکەن و، پێیان وا بێت خێریان پێ دەکەن، کە خزمەتیان دەکەن.

پاشان کونسوڵی وڵاتی (چیک) گوتیشی: قۆناغی دووەم بریتی بوو لەوەی کە ئەوان پێویستە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە بکەن، ئەوە بوو خەڵک و

جەماوەر هەڵسان بە بەرپاکردنی شۆڕشێک و گۆڕینی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکەی ئەو کات، لە دەرەنجامدا ئەو دەوڵەتەی ئێستامان دروست کرد کە هەموومان تێیدا بەختەوەر دەبووین.

پاشان ئێمە وەکوو خەڵک و کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان خوای پەروەردگار شەریعەت و بەرنامەیەکی بۆ ناردووین، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (١٦٥)﴾ النساء.

واتە: پێغەمبەرانێکی موژدەدەر و ترسێنەرن، تاکوو دوای هاتنی پێغەمبەران، خەڵک بەڵگەی لەسەر خوا نەبێت، خوا زاڵی کاربەجێیە.

پێغەمبەران بۆ کەسانێک کە پەیڕەوی لە بەرنامە و شەریعەتی خوا دەکەن موژدەیان پێ بووە، کە لە دونیا و دواڕۆژدا سەرفراز دەبن.

هەروەها پێغەمبەران خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە بەوەی کە ئەگەر دەست بە بەرنامە و شەریعەتی خواوە نەگرن، ئەوە لە دونیا و دواڕۆژدا تووشی نەهامەتی و دەردەسەری و سزا دەبن، بەڵام ئەمە دوای ئەوەی لە بەرنامە و شەریعەتی خوا ئاگادار دەکرێنەوە و بۆیان ڕوون دەکرێتەوە و شارەزای دەبن و هیچ گرێوگۆڵێک نامێنێت.

هەروەها خوای بەرز و مەزن دەفەرموێت:﴿وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ (١٣٤)﴾طه.

واتە: (بۆیەش پێغەمبەرمان بۆ ناردوون)، چونکە ئەگەر پێش ئەوەش بە ئازار و سزایەک فەوتاندبامانن، دەیانگوت: پەروەردگارمان! دەبووایە ڕەوانەکراوێکت بۆ لا ناردبایین، تاکوو بەر لەوەی زەبوون و شەرمەزار بین، شوێن ئایەتەکانت کەوتبایین.

ئێمە دەبێت سوپاسی خوا بکەن پەیامێکی ڕێکوپێکی بۆ ناردووین، کە قورئانی بەرز و مەزنە، تێیدا ڕێنماییی کردووین و، ڕێگەی ڕاستی تێدا خراوەتە ڕوو، هەروەها ڕێنوێنیشی کردووین، کە خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ» دەفەرموێت: ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ (٢) البقرة.

قورئان ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی لە ژیان حاڵی بین و چۆن وەک مرۆڤ لە دونیادا بژیین.

هەروەها خوا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا (٩)﴾ الإسراء.

واتە: بە دڵنیایی ئەم قورئانە (خەڵکی) ڕێنمایی دەکات بەرەو بەرنامە و (ڕێبازێک کە) ڕاستتر و چاکترینە، موژدەش دەدات بە بڕوادارانێک کە کردەوەی چاک دەکەن، کە پاداشتێکی گەورەیان هەیە.

ئەو ڕێباز و بەرنامە و شەریعەتە دەبێت بکرێتە بناغەی هەنگاونان و جموجۆڵ و کارکردن، ئەو کاتە ڕێگەمان لێ ون نابێت و ڕێگەی تەندروست وردە وردە خۆی دێتە ئاراوە و لە ڕووی: سەربەخۆیی، ژیانیکی ئاسوودە و بەختەوەری و ڕێکوپێک و مرۆڤانە دەگەینە ئامانج، هەر بۆیەش ئەو ژیانەی ئێستا تێیدا دەژیین کە پڕە لە زوڵم و ستەم و نادادی، هۆکارەکەی ئەوەیە کە دوورکەوتینەوە لە هیدایەت و ڕێنماییییە قورئانییەکان و ڕێگەی پێغەمبەری پێشەوا «ﷺ». بۆیە ئەو سیستەمە سەقەتە هاتووەتە ئاراوە، کە لە بناغەدا پووچ و بەتاڵە و پڕە لە بەدبەختی.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا ئێمە بە ناوی خواوە دەست پێ دەکەین، واتە: ئێمە بۆ دونیاداری و دینداری، بۆ ژیان و گوزەران و هەموو بوارەکانی ژیان خوایەک لە سەرووی خۆمانەوە دەبینین، خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ» بنچینە و بناغەیەکی داناوە بۆ کۆمەڵگەی مسوڵمان، یان کۆمەڵگەیەک کە بیەوێت

مرۆڤانە بژیت، بێگومان تەنها مەبەست ئەوەندە نییە کە مسوڵمان یان کۆمەڵگەی مسوڵمان بڵێیت: ئێمە بە ناوی خواوە دەست پێ دەکەین و خوایەک لە سەرووی خۆمانەوە دەبینین و چاودێریمان دەکات و پەروەردگارمانە و کاروبارمان بەڕێوە دەبات و دەمانژیێنێت و دەمانمرێنێت و ئیتر تەواو! نەخێر هەر ئەوەندە نییە.

خوای گەورە خۆی خاڵق و بەدیهێنەری مرۆڤ و بوونەوەر و هەموو ئەوانەی لە بوونەوەریشدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی کە خوا خەبیر و عالیم بووە و دەزانێت، کە مرۆڤەکان پێویستیان بە سیستەم و بەرنامە و نیزامێک هەیە، بۆیە پەیتا پەیتا پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و سیستەم و بەرنامەی پێدا ڕەوانە کردوون، هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕابردوودا بەپێی واقیعەکەیان خوا "سُبْحَانَەوتَعْلَىٰ" پێغەمبەرێکی ناردووە و پەیامێکی پێدا ناردووە بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی کاروباری خەڵک و بە سیستەمکردنی کۆمەڵگە، بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەک نەبووە بڵێن: خودایە ئەگەر نێردراوێکت ناردبایە و هۆشیاری بکردبایەوە، پێمانی بگوتبایە ژیان چۆن ڕێک دەخرێت، ئێمە وامان دەکرد، لەبەر ئەوە خوا "سُبْحَانَەوتَعْلَىٰ" بۆ هەر کۆمەڵگەیەک نێردراوێکی ناردووە و پەیامێکی پێدا ڕەوانە کردووە، وەک خوا دەفەرموێت: ﴿ ...وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾ (٢٤) فاطر.

واتە: هیچ کۆمەڵێکیش نەبووە، مەگەر پێغەمبەرێکی وریاکەرەوە و ترسێنەری تێدا (نێردراوە و) گوزەری کردووە.

ژیانی مرۆڤ هەمیشە پێویستیی بە گەشەکردن هەیە، کێشە و گرفتی بۆ پەیدا دەبێت، پێویستیی بەوە هەیە کێشە و گرفتەکانی بۆ چارەسەر بکات، هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستیی بەوە هەیە شارستانییەتی و ژیان بۆ خۆیان دروست بکەن و بیپارێزن، پێویستیی بەوە هەیە کە ژیانی خۆی وەک تاک و کۆمەڵگە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگییەوە بەرەو پێش ببات و ڕێکی بخات، بێگومان ئەمەش پێویستیی بە بەرنامەیەک هەیە،

بۆیە ئێمە سیستەمێکمان هەیە کە پێی دەگوترێت: سیستەمی ئیسلامی، واتە ئێمە ئامانجمان ئەوەیە لەم کۆمەڵگەیەماندا شەریعەت و بەرنامەی خوای تێدا بچەسپێنین و، ئەو سیستەم و بەرنامەیەش کە خوا ناردوویەتی دوو بەشە:

یەکەم: هەندێک بابەت لە شەریعەتدا نەگۆڕە و هیچ کەس بۆی نییە دەستکاریی بکات، بۆ نموونە: بوارەکانی عەقیدە و خواپەرستی و قەدەغەکراوەکان و بنەما سەرەکییەکانی ڕەوشت:

أ- لە بواری عەقیدە: خوا "سُبْحَانَەوتَعَٰلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ (١٦٣)﴾ البقرة.

واتە: پەرستراوتان یەک پەرستراوە، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، بە بەزەییی بەخشندەیە.

ب- لە بواری خواپەرستی: خوا "سُبْحَانَەوتَعَٰلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ... (٧٧)﴾ الحج.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بۆ خوا ڕکووع بەرن و، کڕنووش بەرن و، پەروەردگارتان بپەرستن...

خواپەرستییەکانی وەکوو نوێژ کە دیارە هەر فەرزە و چەند ڕکاتە، ئێمە ناتوانین دەستکارییان بکەین، چونکە بڕواوەتەوە، تا ڕۆژی دوایی.

ج- لە بواری قەدەغەکراوەکان: خوا "سُبْحَانَەوتَعَٰلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿...وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ... (١٥١)﴾ الأنعام.

واتە: نەفسێک کە خوا قەدەغەی کردووە «بکوژرێت» بە حەق نەبێت، مەیکوژن...

شایانی باسە لەم ڕووەوە شەریعەت ئەو شتانەی یەکلایی کردووەتەوە و بڕاندوویەتییەوە.

دووەم: بابەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی سیاسی و کاروباری سەربازی، بوارەکانی پێشخستنی ژیان و گوزەران و بەڕێوەبردن.

ئەمانە هەموویان بواری زۆر فراوانن و شەریعەت باسی وردەکارییەکانی نەکردوون، تەنها بنەما و چوارچێوەی بۆ دیاری کردوون و مرۆڤ تێیاندا دەستکراوەیە.

خەڵک لە بواری جیاجیاکاندا ئازاد و دەستکراوەیە، بەڵام ئەویش دەبێت بە سیستەم ڕێک بخرێت.

خەڵک لە چی دەستکراوەیە؟ هیچ کەس نابێت لەخۆوە شت لە خەڵک قەدەغە بکات، وەک خوا "سُبحَانَەوتَعَٰلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ... (٣٢)﴾ الأعراف.

واتە: بڵێ: پەروەردگارم! تەنیا ئەو شتانەی قەدەغە کردوون: گوناهە ناشیرینەکان بە ئاشکرا و پەنهانەوە و، گوناهو و دەستدرێژی بە ناحەق...

ئەوەی کە خوای گەورە لە شتی چاک و پاک و بەسوود بۆ خەڵکی فەراهەم کردووە، کەس ناتوانێت قەدەغەی بکات، هیچ کەس ناتوانێت ئەو مافە بە خۆی بدات و ڕێ لە خەڵک بگرێت.

لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: (مَرَرْتُ مع رسول الله «صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ» بقَوْم علَى رؤُوس النَّخْل، فَقالَ: ما يَصْنَعُ هَؤُلَاءِ؟ فَقالوا: يُلَقِّحُونَهُ؛ يَجْعَلُونَ الذَّكَرَ فيِ الأُنْثَى فيَلْقَحُ، فَقالَ رسولُ الله «صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ»: ما أَظُنُّ يُغْني ذلكَ شيئًا، قالَ: فَأُخْبِرُوا بذلكَ فَتَرَكُوهُ، فَأُخْبِرَ رسولُ الله «صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ» بذلكَ، فَقالَ: إنْ كانَ يَنْفَعُهُمْ ذلكَ فَلْيَصْنَعُوهُ؛ فَإنيِّ إنَّما ظَنَنْتُ ظَنًّا، فلا تُؤَاخِذُوني بالظَّنِّ، وَلَكِنْ إذَا حَدَّثْتُكُمْ عَنِ اللهِ شيئًا، فَخُذُوا به؛ فإنيِّ لَنْ أَكْذِبَ علَى اللهِ «عَزَّ وَجَلَّ»)[1].

[1] أخرجه ابن ماجه: (٢٤٧٠) بلفظه، وأخرجه مسلم: (٢٣٦١)، وأحمد: (١٣٩٥) كلاهما باختلاف يسير.

واتە: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا «صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ» بە لای گەلێکدا تێپەڕیم کە لەسەر دارخورما بوون، فەرمووی: ئەم خەڵکە چی دەکەن؟ گوتیان: موتوربەی بۆ دەکەن، نێرەکە دەخەنە ناو مێینەکەوە و ئەویش پیتاندنی بۆ دەکات، پێغەمبەری خوداش «صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ» فەرمووی: پێم وا نییە ئەوە هیچ سوودێکی هەبێت، گوتی: ئەوان لەوە ئاگادارکرانەوە و جێیان هێشت، پێغەمبەری خودا بەمەی زانی» و فەرمووی: ئەگەر سوودی بۆیان هەبووایە با بیکەن، چونکە من تەنها گومانێک بوو کردم، بۆیە گلەییم لێ مەکەن لەسەر گومانەکەم، بەڵام ئەگەر شتێکم لەبارەی خوداوە پێڕاگەیاندن، ئەوا وەری بگرن، چونکە درۆ لەگەڵ خودای گەورە ناکەم.

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە (...إن كانَ شيئًا من أمرِ دُنْياكم فشأنُكُم بهِ وإن كانَ من أمرِ دينِكُم فإليَّ)[1].

واتە: (... ئەگەر شتێک دەرباری کاروباری دونیا بوو، ئەوا خۆتان دەزانن و پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەیە، بەڵام ئەگەر پەیوەندیی بە دینتانەوە هەبوو، ئەوا بۆ لای من دەگەڕێتەوە).

دوای ئەوە سالّ سووڕایەوە دارخورماکان خورمایان نەگرت و هیچ بەرهەمیان نەبوو، پێغەمبەر «ﷺ» فەرمووی: ئێوە بۆ ئەو بابەتە لە من شارەزاترن، بەڵام ئەگەر شتێکتان لە کاروباری ئایین و بەرنامەی خوادا بۆ هاتە پێش، ئەوە بۆ لای منی بگێڕنەوە.

کەواتە ئەوەی پەیوەندیی بە نەگۆڕەکانی دینەوە هەبێت، کۆتاییی پێ هاتووە، چونکە دیارە پێغەمبەر «ﷺ» ڕووحمان بە قوربانی بێت لە ژیاندا نەماوە تا بۆ کاروباری دین بۆ لای ئەو بگەڕێینەوە، بەڵام ئەوە قورئان و سوننەتەکەی لە بەردەستە، کاروبارمان بۆ لای ئەو دەگێڕینەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە دونیاوە هەیە تێیدا دەستکراوەین.

---

[1] أخرجه ابن ماجة: (٢٤٧١)، وأحمد: (٢٤٩٢٠)، وابن حبان: (٢٢) واللفظ لهم.

شایانی باسیشە دەوڵەت بە پێناسەی ئێستا لە سەردەمی پێغەمبەری خوا «ﷺ» بەو وردەکاری و بەم فۆرمەی ئێستا نەبوو، ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت پێغەمبەر «ﷺ» دەوڵەتی دانەمەزراندووە، مانای ئەوەش نەبووە کاری پێغەمبەر «ﷺ» تەنیا بانگەواز بووبێت، ڕاستە گەیاندنی دین ئەسڵ و کرۆک و کاری سەرەکیی پێغەمبەران «علیهم الصلاة والسلام» و شوێنکەوتووی پێغەمبەرانە تا ڕۆژی دوایی، ڕاگەیاندنی دین و هۆشیارکردنەوەی خەڵک کاری سەرەکییان بووە.

بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە بەر لەوەی بە زمان ئەو شەریعەتە بە خەڵک بگەیەنین، پێویستە سەرەتا لە ناخماندا پاشان لە واقیعدا ڕەنگ بداتەوە و بە کردەوە ئەو شەریعەتە ڕابگەیەنین، هەر وەک ئاماژەم پێ دا کاتی خۆی دەوڵەت بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە، هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی دروست بێت بەو فۆرمەی ئێستا، پێویستیی بە سێ بنەمای سەرەکی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: (خاک، خەڵک، سیستەمی سیاسی).

بۆچوونێکی دیکەش هەیە پێی وایە دانپێداهێنانیش بە قەوارەی سیاسی، یەکێکی دیکەیە لە بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی دەوڵەت، بەڵام ئەو بنەمایە زۆر کۆدەنگیی لەسەر نییە، بە هەر حاڵ بەو شێوەیەش بێت لە سەردەمی پێغەمبەر «ﷺ» ئەم جۆرە دەوڵەتە لەو سەردەمیش هەبووە، خاک و خەڵک و شەرعەتیان هەبووە، دواتر ئەو کیان و قەوارەیە کە لە شاری مەدینە دامەزرێنرا، دەسەڵاتێکی تەواو سیاسیی بووە، واتە دەوڵەتێکی سیاسی و حوکمڕانی بوو، بەڵام تێگەیشتن لە ژیان و گوزەران و ئامرازەکان جیاواز بووە لە هیی ئێستا، بۆ نموونە: سەردەمی پێغەمبەرمان «ﷺ» لە هەموو ڕووەکانی ژیان و دونیا تەواو جیاواز بووە بە بەراورد لەگەڵ ئێستا.

باسی سێیەم:
هۆشیاریی خەڵک بە شەریعەتی خوا

دروستکردنی دەوڵەت سەرەتا پێویستیی بە هۆشیارکردنەوە و دروستکردنی خەڵک هەیە، تا ئەو خەڵکە کە هۆشیار و تێگەیشتووە لە ڕێبازی ئیسلام ببێتە بەردی بناغەی ئەو دەوڵەت و قەوارە سیاسییەی کە دادەمەزرێنرێت، ئەو کاتە ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمایەکی پتەو دەچەسپێت، لە بەرانبەریشدا ئێمە بڕوامان بەوەش نییە بە زۆر ئەو شەریعەتە بەسەر خەڵکدا بسەپێنین، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بۆمان بکرێت ڕێگەش نادەین هیچ کەسی دیکە بیروباوەڕی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بۆیە خوا "سُبحَانَهوتَعَلَىٰ" لەو بارەوە دەفەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ... (٢٥٦)﴾ البقرة.

واتە: تۆبزکاری لە ئایینداا نییە، بێگومان ڕاستی و گومڕایی لە یەکدی جیا بوونەتەوە...

مرۆڤەکان دوای ئەوەی ڕاست و چەوتیان بۆ ڕوون بووەوە و جیا کرایەوە، ئینجا دەفەرموێت: تۆبزی لە دیندا نییە، ئەوە شەریعەتە و خوا لە ڕێی پێغەمبەرکەیەوە «ﷺ» ناردوویەتی، هەر بۆیەش هاوبەشدانەرانی سەردەمی خۆی بە (صادق الأمین) ناویان بردووە، واتە: ڕاست و ئەمیندار، دوای ئەوەش کە بۆیان ڕوون بووەتەوە ئەمە شەریعەتی خوای پەروەردگارە و پێغەمبەری خوا هێناویەتی، لادان و کوفر و بێباوەڕییشی بۆ ڕوون بووەتەوە، ئینجا دەفەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ... (٢٥٦)﴾ البقرة.

ئینجا لەو کاتەشدا کە بۆی ڕوون بووەتەوە، بۆمان نییە زۆریی لێ بکەین، چ جای ئەگەر بە شەریعەت ئاشنا نەبێت و لە خودا بێئاگا بێت!

لە زۆر شوێنی دیکە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەردا «ﷺ» هاتووە، کە ئێمە

ناتوانین زۆری لە خەڵک بکەین تا بێنە نێو ئیسلام و مسوڵمان ببن و پابەندیان بکەین بەو شەریعەتە و وەک ئێمە باوەش بە ئیسلامدا بکەن، بەڵام ئومێدمان وایە و پێیان خۆشە و ئاواتمانە هەموو کەس ئەم ڕێگە ڕاستە هەڵبژێرێت، بەڵام تۆبزی لە کەس ناکەین، خوا "سُبحَانَهوتَعَلَىٰ" بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٩٩)﴾یونس.

واتە: ئەگەر پەروەردگارت وێستبای (تۆبزی بکات)، هەموو ئەوانەی لەسەر زەمینن، تێکڕایان، وێکڕا بڕوایان دەهێنا، ئینجا ئایا تۆ خەڵک ناچار دەکەیت تاکوو ببنە بڕوادار.

ئەو ئایەتە بۆ پێغەمبەر «ﷺ» نێردراوە، بەڵام دیارە ڕوو لە ئێمەشە، هەر کەسێک بانگەواز بۆ دینی خوا بکات نابێت خەڵک ناچار بکات تا بڕوا بێنن، بەڵکوو تەنها ڕوونکردنەوە و گەیاندنی لەسەر شانە و لەوەش گرنگتر خۆی نموونەیەکی جوانی ئیسلام و مسوڵمانێەتی بێت.

کەواتە ئێمە بە ڕاستی بڕوامان بەوە هەیە کە خەڵک بۆ خۆی قەناعەتی بۆ دروست ببێت و بڕوا بەو شەریعەتە بێنێت، تا ببێتە بەردی بناغەی ئەم کیان و قەوارەیە، ئەو کاتە لەگەڵ ئەوەین ئەم شەریعەت و بەرنامەیە بەرقەرار بکرێت، چونکە بڕوامان بە چەسپاندنی شەریعەت هەیە، لە ڕێگەی هەڵبژێررانی لە لایەن مرۆڤەکانەوە، مرۆڤ کاتێک سەرفراز و ئازاد و بەختەوەر دەبێت، کە ئەم شەریعەتەی خوای پەروەردگاری بەسەر سەریەوە بێت.

بۆیە سەرەتا پێویستە خەڵک هۆشیار بکرێتەوە لە شەریعەت و بەرنامەی خوا و قەبوڵیشی بکات کە ببێتە بەرنامەی ژیانی، ئێمە لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیین و کاری تێدا دەکەین، ئەوەیە خەڵک بۆ خۆی دەتوانێت بەرنامەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام بە داخەوە خەڵک لەم ڕووەوە زۆر لە دواوەیە، لەبەر ئەوەی نەڵێم ئەو لایەنە ئیسلامییانە کە لە گۆڕەپانەکە هەن بەفری

بێپەڵەن، ناشڵێم: ئەوەی شەریعەت و بەرنامەی خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" دەیڵێت هەمووی جێبەجێ کراوە، بەڵام خۆ لایەنە ئیسلامییەکان خاوەن پڕۆژەیەکی ئیسلامین بە سەرجەم لایەنە ئیسلامییەکانەوە و، خەڵکێکی باشیشیان پێوە پابەندە، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا تا ئێستا چەندە خەڵک پشتگیرییان لەو لایەنە ئیسلامییانە و پڕۆژەکانیان کردووە و هەڵیانبژاردوون و دەنگیان پێ داون؟! ڕاستە ئێمە حیزبێکی سیاسیین، بەڵام بەرنامە و پڕۆگرامی حیزبەکەمان لە ئیسلاممەوە سەرچاوەی گرتووە، تا خەڵک زیاتر پشتگیریمان بکەن، ئەوا ئاسانتر دەتوانین ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین و ولاّت و خەڵک ئارام و ئاسوودە بکەین.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم شەریعەتەش دوو مەرجی سەرەکی هەن:

یەکەم: ئەوەیە کە خەڵک قەبوڵی بێت و پەسەندی بکات، وەک ئەوەی خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" فەرموویەتی و ناردوویەتی.

دووەم: ئەوەی پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە پێویستە بە ڕاوێژکردن بێت، نەک بە سەپاندن.

بۆیە خەڵک بەشدار دەبن و بە ڕاوێژ کاروباری ولاّت بەڕێوە دەبرێت، وەک خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" دەفەرموێت: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَیٰ بَیْنَهُمْ... (٣٨)﴾الشوری.

واتە: ... کاروباریان لەنێو خۆیان بە ڕاوێژە...

ئەو ئایەتە بۆ هەموو کەسێکە و بۆ هەموو کاروباری ژیان و هەموو قۆناغێکیشە، نەک بۆ بابەتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە: لە کاری پەرلەمانیدا کە بڕیتییە لە دەرکردنی یاسا و ئاسانکاریکردن بۆ ژیانی خەڵک، ئەگەر سەرنج بدەیت لایەنە ئیسلامییەکانیش تێیدا بەشدارن، ئەوە ئەو دامەزراوەیە، جگە لەو بابەتانەی کە شەرع کۆتاییی پێ هێناوە و بڕاندوویەتییەوە، پەرلەمانتاران پڕۆژەیاسای بۆ دادەنێن و قسەی لەسەر دەکەن و ڕا و سەرنجی خۆیان دەخەنە

ڕوو و لەم ڕوەوە و لە چوارچێوەی شەریعەتدا هیچ ئیشکالێکی نییە، بەڵکوو فەرمانی پێ کردووە.

بۆیە بە گشتی ئیسلام ئازادیی بۆ خەڵک دەوێت، واتە دەبێت کۆمەڵگە ئازاد بێت لەوە کە چ بەرنامە و شەریعەتێکی پێ باشە هەڵی بژێرێت و ڕای خۆی ڕابگەیەنێت بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە قەناعەتی پێیەتی، سەرەتای کۆمەڵگەی مسوڵمان لەوەوە دەست پێ دەکات، بۆیە پێغەمبەریش «ﷺ» کە دەستی پێ کرد هەر ئەوەی داوا دەکرد، بە هاوبەشدانەرانی دەگوت: لەو خەڵکە بگەڕێن با خەڵک گوێ لە قورئان و پەیامی خوا بگرێت، ئەوەی بڕوای هێنا ئەوە باشە، ئەوەی بڕوای نەهێنا ئازادە بۆ خۆی، زۆریی لە کەس نەکرد، هەتا لە شاری مەدینەش زۆریی لە کەس نەدەکرد، لە فەتحی مەککەش زۆریی لە کەس نەکرد تا ببنە مسوڵمان، تەنها داوای ئازادیی خەڵکی دەکرد، بۆیە پێم وایە کۆمەڵگەیەکی تەندروست سەرەتا لەوە دەست پێ دەکات کە خەڵک ئازاد بێت، ئێستا ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە ئازاد نییە، بە شێوازێک لە شێوازەکان هەمووی ناچارکراوە لەگەڵ ئەو حیزبە عەلمانییانە بێت، یان لەگەڵ ئەم و ئەو، واتە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی تەندروست سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەکات کە: هەموو خەڵک ئازاد بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ ئەوە دەکەین خەڵک هۆشیار بێت و شەریعەتی خوای بۆ ڕوون بێتەوە، کە تاکە سەرچاوەی خۆشبەختی و کامەرانیی خەڵکە.

دەبێت ئەو پرسیارەش بکەین بۆچی حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی دروست بووە؟ بۆچی ناوەندە ئیسلامییەکان دروست دەبن؟

کاتێک ئەم دەسەڵات و سیستەمە حوکمڕانییەی هەیە ئیسلامی نییە و شەریعەتی خوا فەرامۆش دەکات و پشتگوێ دەخات و، خەڵکێکی عەلمانی ئەم ولاتە بەڕێوە دەبات، ناچار دەبین پێیان بڵێین ئەو شێواز و سیستەم و حوکمڕانییەی ئێوە هێناوتانە و بەسەر خەڵکیدا فەرزتان کردووە، نامۆیە، بۆیە بە

ناچاری حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامیی جۆراوجۆر دروست دەبێت، (وەک چۆن پێش ڕاپەڕین خەباتمان کرد دژی ڕژێمی بەعس) بە لایەنەکانمان ڕاگەیاند: ئەوەی ئێوە دەیکەن دووڕە لە پرانسیپ و بنچینەکانی ئیسلام، کەچی ئاوا وەڵامیان دەدایەنەوە: با خەڵکی ئیسلامییش ئازا و مەرد بان و زوو هاتبانە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دژی ڕژێمی بەعس، کەچی بێئاگا لەوەی چووینە ئەو گۆڕەپانە و خەباتیشمان کرد سوپاس بۆ خوا، ڕەنگە دوای ڕاپەڕین ئەگەر ئەو خەبات و شۆڕشە ئیسلامییە نەبووایە، هەر کەس باسی ئیسلام و ناوی ئیسلامییان هێنابا خوا دەزانێت چییان بەسەر دەهێنا، ئەگەر کاتی خۆی خەباتمان نەکردبایە و دەستمان نەدابایە چەک دژی ڕژێمی بەعس، دەیانگوت: ئێوە حازرخۆری بەر سێبەرن، تا ئێستا لە کوێ بوون؟ سوپاس بۆ خوا لە هیچ کام لە قۆناغەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی، ئەوان لە پێش ئێمەوە نەبوون، مەبەستم هەڵوێست و بەشداریيە نەک لە مێژوو و سەرەتای بەرپاکردنی شۆڕش کە غەیرە ئیسلامیەکان زووتر دەستیان پێ کرد، هەرچەند ڕابەر و سەرکردەکان یان شێخ یان مەلا بوون.

بۆیە تێکەڵی ناکەین و نااڵێین ئەو پڕۆژەیە هیی کۆمەڵی دادگەرییە و هیی لایەنێکی دیکەی ئیسلامی نییە، ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەی ئیسلامیی گشتییە، بەیانی ئەگەر خوا بکات هەموومان لە یەک بازنەییدا کۆ ببینەوە و خەڵک و جەماوەر پشتیگریمان بکات، ئەو کاتە ئێمە نایەین سیستەم دابنێین، لەبەر ئەوە سیستەمەکەمان ئیسلامییە و بڕوامان بەو سیستەمە هەیە، بەڵام بۆ ڕێکخستن و کاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی، پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە و ئەوان ڕێکی دەخەن.

بەشی دووەم
قەوارە و دەوڵەتەکەی پێغەمبەر «ﷺ»

پێشتر باسمان کرد کاتێک دەست بە کاری سیاسی و حوکمڕانی، یان هەر کارێک دەکەین، با بە ناوی خواوە دەست پێ بکەین، بە ناوی خوا دەستپێکردنیش پێویستیی بە بەرنامە و ڕێکخستن و سیستەم و داموودەزگا هەیە لە هەموو بوارەکاندا، ڕێکخستن و بە سیستەمکردنی داموودەزگاکانیش پانتاییەکی فراوانی لە شەریعەتی ئیسلامی داگیر کردووە.

چۆنیەتیی دەوڵەتداری و حوکمڕانیکردن لە (سەرجەم بوارەکاندا) بابەتێکی زۆر ورد و قووڵە، ئەو وردەکارییەش پەیوەستە بە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، لە ڕووی: ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و...، هتد، لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە، بڕبڕەی پشتی سەرفرازی و بەختەوەریی خەڵک و کۆمەڵگەیە.

هەروەها پەیوەندیی نێوان تاک و تاک، یان تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا، یان پەیوەندیی نێوان وڵاتان، ئەوانە هەموویان وردەکاریی زۆریان تێدایە و ئەم شەریعەتە یان بە ڕوونی خاڵی خستووەتە سەر پیت، یان ئاماژەی ڕاشکاوی پێ کردووە.

باسی یەکەم:
بنیاتنانی دەوڵەتی مەدینە

ئەو کیان و قەوارەیەی کە پێغەمبەر «ﷺ» دایمەزراند، هەموو ئەو بنەمایانەی ئێستا کە بۆ دەوڵەت و کیان و قەوارەیەک بەکار دێت، لە عورفی نێودەوڵەتی تێیدا بووە، لە خاک و خەڵک و لە دەسەلاتێکی سیاسی، ئێستاش ئەوەی لە ئارادا هەیە ئەو دەوڵەتە زلهێزانە هەن، ئەگەر کورد دەوڵەت ڕابگەیەنێت، مەرج نییە ئیعتیرافی پێ بکرێت، هەرچەندە لە یاسا و عورفی نێودەوڵەتیدا دانپێداهێنان بە مەرج نەگیراوە بۆ دروستبوونی کیان و قەوارەیەک کە ببێتە دەوڵەت، بەڵکوو تەنها پێویستیی بەو سێ ڕەگەز و بنەمایانەیە کە پێشتر باسم کرد.

ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەر «ﷺ» دایمەزراند، هیچ ناوێکی نەبووە، خۆی دروستبوونی دەوڵەت گرنگە، نەک ناوەکەی، گرنگ نێوەڕۆکی چۆنە، دەوڵەتێک لەسەر بنچینەی قورئان و ڕێوشوێنی پێغەمبەر بێت، هیچ گومانیشی تێدا نییە کە ئەم کیان و قەوارەیەی پێغەمبەر «ﷺ» دروستی کرد، دواییش فراوان بوو، فەتحی مەککەی بە دوادا هات، چەتر و سێبەرەکەی شەریعەتی ئیسلام بووە، بەڵام ناوی دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە، بەو مانایەی ئەگەر دەوڵەتی دینی بە مانای ئەوە بێت کە خەڵکێک لە پیاوانی ئایینی، یان لە هەر بەرگ و ناوێکی دیکە، خۆیان بکەن بە جێگری خوا، وەکوو لە چاخەکانی سەردەمی نەسڕانییەکان ڕووی داوە، ئەوە لە هیچ دینێکی خوادا نییە، ئەگەر دەوڵەتی دینی بە مانای ئەوەش بێت کە بناغە و بنچینەکەی شەریعەتی ئیسلام بێت و ببێتە بنچینە و بناغە بۆ دامەزراندنی ئەو کیان و قەوارەیە، بەڵێ ئەوە دەوڵەتێکی دینییە.

هەروەها ئەگەر دەوڵەتی مەدەنییش بەو مانایە بێت کە ماف و ئازادییەکان بۆ خەڵک دابین بکات، خەڵک و جەماوەر دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردبێت و سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتە خەڵک بێت، هەروەها ئەو دەوڵەتە ڕێکوپێک بێت و هەمووی بە شێوەیەکی جوان ڕێک خرابێت و، ستەم لە خەڵک و کۆمەڵگە نەکرێت و نەچەوسێنرێنەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەگەر دەوڵەتی مەدەنی ئاوا بێت، ئەوە ئیسلام تەواو بڕوای پێیەتی.

ئەوەی ئێستا زۆر جار باس دەکرێت، ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنیمان دەوێت، ئێمە دەوڵەتی ئیسلامیمان ناوێت، جاری وا هەیە تێکەڵی و پێکەڵییەک دروست دەبێت لەو نێوەندەدا، بۆیە ئەگەر یەکێک بڵێت: ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنیمان دەوێت، ڕەنگە خەڵکانێک هەبن تەکفیری بکەن، ئەگەر یەکێکی دیکە بڵێت: ئێمە دەوڵەتی ئیسلامیمان دەوێت، دەڵێن: ئەوە لەگەڵ دەوڵەتی مەدەنی ناکۆکە، (وەکوو باسم کرد ئەگەر دەوڵەتی مەدەنی ئەوانە بێت کە ئاماژەی پێ کرا، دەڵێین: ئیسلام هەموو ئەوانەی بە زیادەوە تێدایە).

ئەگەر دەوڵەتی مەدەنییش مەبەستیان ئەوە بێت کە خەڵکانێک بەو مانایە بەکاری دێنن، دین و دەوڵەت لە یەک جیا بکەنەوە لە ژیانی حوکمڕانی و سیاسی دووری بخەنەوە، بە ڕاستی ئەوە لە ئیسلامدا ڕەتکراوەیە، بەڵام ئەگەر دەوڵەت بریتی بێت لە دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و دژی ستەمی چینایەتی بێت، واتە: نابێت هەندێک پڕ بن و هەندیکیش قڕ بن، هەروەها خەڵک لە دەربڕینی بیروڕای خۆی ئازاد بێت، بە ڕاستی پێش هەموو کەس ئیسلام فەرمانی پێ کردووە و لە ڕابردووش دروستی کردووە.

بۆیە هەندێک لە زانایان و مێژوونوسانیش، ئەوانەی کە زیاتر شارەزاییان هەیە لە یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەندەکانی ڕێککەوتنامەکان باسیان کردووە و گوتوویانە: پەیماننامەی مەدینە گەورەترین و گرنگترین ڕێککەوتنە لەنێوان دوو بیروڕا و نەتەوەی جیاواز لە

مێژوودا کە مۆر کرابێت، مەبەست لێرە ئەوەیە ئیسلام دەسەڵاتی هەبووە، بەڵام ڕێککەوتنیشی کردووە لەگەڵ ئەوانەدا کە هەمیشە هەڵوێستیان نەیارانە بووە و، هەمیشە خەریکی فڕوفێڵ و پیلانگێڕی و پاشقۆڵگرتن و خەنجەرلەپشتدان بوون، کە جوولەکەکانی مەدینە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (ﷺ) بڕوای بەوەش بووە کە ئەوانیش مرۆڤن و مافی خۆیانە لەنێو ئەو کیان و قەوارەیەدا ئازاد بن وەکوو لە پەیماننامەکەدا هاتووە، وەک مسوڵمانان ماف و ئەرکیان هەبووە بێ جیاوازی، لە چوارچێوەی قەوارەکەدا، کە پێغەمبەر (ﷺ) بەردی بناغەی بۆ داناوە و دروستی کردووە، ئەوانیشی کردە هاوبەش لەو قەوارەیە و هەمان ماف و ئازادییان هەبووە.

ئەگەر دەوڵەتی مەدەنی بەو شێوەیە بێت کە پێشتر باسم کرد، کە مەبەست ئەوە بێت دابینکردنی ئازادییەکان و ماف بۆ خاوەن مافەکان بگێڕێتەوە و، ستەم نەهێڵێت لەسەر خەڵک و خەڵک ئازاد بێت لە دەربڕینی بیروڕای خۆی، هەروەها ئەرک و ماف بۆ هەموو لایەک دیار و یەکسان بێت، ئەوە بێگومان ئەوانە هەموو پرەنسیپی گەورە و گرنگن لە بەرنامەی ئیسلام.

بەڵام وەک گوتم ئەگەر مەبەستیان لە دەوڵەتی مەدەنی ئەوە بێت کە دین و دەوڵەت لە یەک جیا بێتەوە و دژایەتیی بنەماکانی دین بکرێت، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت.

زۆر جاریش عەلمانییەکان بۆ ئەوەی شەرعییەت بە دەسەڵاتە ناشەرعییەکەی خۆیان بدەن و دژی پێ بدەن، پڕوپاگەندەی جۆراوجۆر دەکەن، لەوانە: دەڵێن سیاسەت نابێت تێکەڵی دین بکرێت!

شەریعەتێک خوای پەروەردگار بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ناردبێتی، چۆن دەبێت هەندێک بوار و بابەتی پەیوەست بە مرۆڤەکانی تێدا بێت و، هەندێکی تری فەرامۆش کردبێت و چوارچێوەی بۆ دانەنابێت، یان بڕوات بە هەندێکی هەبێت و بڕوات بە هەندێکی نەبێت، وەک خوا "سُبحَانَهوتَعَلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿...أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ...(٨٥)﴾البقرة.

ڕاپەڕین و شەهیدمان داوە، ئەی کوا بەشی ئێمە لەو نەوت و گازەی کە لە حکومەتی عێراقی وەری دەگرن، ئەو بەرپرسە گوتی: فلانەکەس، گوتم بەڵێ: گوتی: ئێوە چ ئیشتان بە بەنزین و گاز و نەوت هەیە، ئێوە حیزبێکی دینین بچن خەریکی مزگەوت بن و، لە مزگەوت وتار بۆ خەڵک بدەن و نەوەکانمان پەروەردە بکەن و ئامۆژگاریی خەڵک بکەن، منیش پێکەنیم، گوتی: بە چی پێدەکەنییت، گوتم سااڵێک بەر لە ئێستا لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای بەرەی کوردستانی کۆ بووینەوە لە شاری هەولێر، گوتی: ئێوە حیزبێکی سیاسین چ کارتان بە مزگەوت هەیە، ئێستاش جەنابت دەڵێیت کاکە ئێوە حیزبێکی دینین چ ئیشتان بە نەوت و گاز هەیە، گوتم: کامەتان ڕاست دەکەن؟ ئەو بەرپرسە تۆزێک داما، منیش گوتم: کاکی من ئێوە هەردووکتان ڕاستتان کردووە و هەردووکیشتان ناڕاستتان کردووە، ڕاستان کردووە کە ئێمە حیزبێکی سیاسیی دینین، مافمان هەیە، بەاڵم بەو مانایە ڕاستت نەکردووە کە بڵێیت: تەنها بڕۆ خەریکی عیبادەت و مزگەوت بەو، ئەوی دیکەش بڵێت: بڕۆ تەنها خەریکی سیاسەت بەو پەیوەندیت بە مزگەوتەوە نەبێت، ئەوە ڕاست نییە و ڕەتی دەکەینەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان چونکە خەریکی گەندەڵیی خۆیان بوون، بەرژەوەندییان لەم الیە بوو بەم شێوەیە قسەیان دەکرد، بەرژەوەندییان لە الیەکەی دیکە بوو، بە شێوەیەکی دی قسەیان دەکرد، ئەو شێوە مامەڵەکردنە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە تا ڕۆژی دوایی، بەاڵم بە شێوازی جیا جیا.

باسی دووەم:
دەوڵەتی مەدەنی چییە؟

دەوڵەتی مەدەنی کۆمەڵێک بنەمای گرنگی هەن کە سیستەمی حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتە مەدەنییە پشتی پێ دەبەستێت و دەیکاتە شووناس و تایبەتمەندیی خۆی، بۆ نموونە: کە باسی هاونیشتمانی دەکرێت، واتە لەم وڵاتەدا هەموو مرۆڤێک تێیدا مافی هاووڵاتیبوونیان هەیە، وەکوو یەک یەکسانن، واتە: هاووڵاتیی پلە یەک و دوو نییە لە وڵاتدا، ئەمەیان شتێکی باش و دروستە، دەتوانم بڵێم: ئەوەی باسم کرد خاڵی سەرەکی و گرنگ و گەورەی دەوڵەتی مەدەنییە و لەگەڵ ئیسلامیشدا هیچ ناکۆک نییە، خوای بەرز و مەزن کە لە قورئاندا بانگی مرۆڤ دەکات بەو شێوەیە بانگی دەکات و دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)﴾ الحجرات.

واتە: ئەی خەڵکینە! بێگومان لە نێر و مێیەک (باوک و دایکێک) دروستمان کردوون و گێڕوامانن بۆ چەندان نەتەوە و هۆز تاکوو پێک ئاشنا بن، بە دڵنیایی ئەوانەتان لە لای خوا بەڕێزترن کە پارێزکارترن، بێگومانیش خواش زانای شارەزایە.

ئەم گوزارشتەی قورئان بۆ چەمکی هاووڵاتیبوون، لە هاووڵاتیبوونیش فراوانتر و گشتگیرترە، هەندێک لە یاساناسان باس لەوە دەکەن و دەڵێن: هاووڵاتیبوون چەمکێکی تایبەتە بۆ ئەو خەڵکەی کە لە جوغز و چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەژی، خوای بەرز و مەزن بۆچی ئێمەی کردووە بە تیرە و هۆز و گەلی جیا جیا؟ بۆ ئێمە کوردین؟ بۆ ئەوی دیکە عەرەبە؟ بۆ ئەوی دیکە تورکە...هتد، تەنها بۆ ئەوە نییە یەکتر بناسین و تەواو، نەخێر! دەربڕینی قورئانی

زۆر لەوە بەهێزتر و فراوانترە، ئەگەر بچینە بنج و بنەوانی وشەی (تعارف) واتە: (عرف) مەبەست لێی چاکە لەگەڵ یەکتری بکەن. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کێ باشترە، کەس باشتر نییە، کەس ناتوانێت بڵێت: من لە تۆ چاکتر و مسوڵمانتر و بە تەقواترم، نەخێر (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) بەڕێزترینتان لای خوای گەورە پارێزکارترتانە، خواش دەزانێت کێ پارێزکارترە. ئەوەش ڕاستە بەشێکی پەیوەندیی بە کردەوە و ڕوالەتی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام بە گشتی خوا دەزانێت کێ لەخواترستر و پارێزکارتر و مسوڵمانتر و چاکترە، ڕەنگە بڵێیت: فلانەکەس لە فلانەکەس باشترە، ئەوەی کە باسی دەکەین مانای ئەوە نییە کە ئەو مافی زیاتر بێت، یان ئەوی دیکە ئەرکی قورسستر بێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مانای وایە هەتا مرۆڤ مسوڵمانتر بێت، ئەوا خاوەنی سیفەت و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی بەرزترە، ئەمەش بەو واتایە نایەت ئەگەر کەسێک مسوڵمان بێت، هیچ کەموکوورِیی نییە و ئەو کەسەش کە مسوڵمان نەبێت هیچ سیفەتی چاکی تێدا نییە! خوای بەرز و مەزن لە قورئاندا باسی ئەو جۆرە کەسانە دەکات کە مسوڵمان نین و، باسی کردەوەی باشی ئەو جۆرە کەسانە دەکات و دەفەرموێت: ﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ... (١٨)﴾ إبراهيم.

واتە: وێنەی کردەوەی (چاک) ئەوانەی کە بە پەروەردگاریان بێبڕوان، وەک خۆڵەمێشێکە کە بایەکی بەهێز لێی بدات، لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا...

ئەوەی لێرە مەبەستمە بیڵێم: خوای گەورە باسی ئەو جۆرە کەسانە دەکات لە قورئاندا، بەڵام چونکە باوەڕیان نییە، ئەم کردەوە باشانە لە دواڕۆژدا سوود و قازانجیان پێ ناگەیەنن، بەڵام لە دونیادا زانایان دەفەرموون: کەسی نامسوڵمان کردەوەی باش دەکات و هەڵسوکەوتی جوانی هەیە، خۆ ئەگەر خوا نەیباتە بەهەشتیش، ڕەنگە هەندێک بەختەوەری و خۆشیی دونیای پێ ببەخشێت.

بنەمایەکی دیکەی دەوڵەتی مەدەنی، ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی ئازادە بۆ

هەموو لایەک، ئەمەش وا دەکات خەڵک لەگەڵ یەکتری لێبووردە بن و بەرانبەر بە بیروڕای جیاواز سینە و عەقڵیان گەورە و فراوان بێت، قەبوڵی بکات کەسی بەرانبەری بیروڕای جیاوازی هەبێت، ئایا ئەمە لە ئیسلامدا هەیە؟ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قورئان بزانین لە قورئاندا لە بنەڕەتدا باسی ئەوەی کردووە و قەبوڵیەتی جگە لە مسوڵمان بیروباوەڕ و کاری دیکەی هەبێت؟ ژمارەیەک ئایەت هاتووە لە قورئاندا بناغەن بۆ ئەو بابەتە و ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، خوای باڵادەست دەفەرموێت:

١- ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ... (٢٥٦)﴾ البقرة.

واتە: تۆبزکاری لە ئایینداا نییە، بێگومان ڕاستی و گومڕایی لە یەکدی جیا بوونەتەوە...

٢- ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٩٩)﴾یونس.

واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای (تۆبزی بکات)، هەموو ئەوانەی لەسەر زەمینن، تێکڕایان، وێکڕا بڕوایان دەهێنا. لێرەدا ئیستفهامی ئیستینکارییە واتە: هەر نابێت و بە هیچ شێوەیەکی بۆت نییە خەڵکی ناچار بکەیت کە مسوڵمان بن.

لەسەر ئەم بابەتە ئایەت زۆرن کە بنچینە و بناغەن و بەڵگەشن لەسەر ئەوەی قەبوڵکردنی بیرورای جیاواز لە ئیسلامدا هەیە، هەر وەک چۆن من خاوەنی بیروباوەڕێکی حەقم و بڕوام پێیەتی کە خوا ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی و لە قازانجی خەڵکە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆم نییە بیروباوەڕی خۆم بەسەر هیچ کەسێکدا فەرز بکەم، کە لە قورئان و سوننەتەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕاست و دروستە، بێگومان هیچ کەسیش بۆی نییە بیروباوەڕێکی خوار و لار و چەوت و سەرلێشێواو و دەستکردی مرۆڤ بەسەر منداا بسەپێنێت، خۆزگە ئەوانیش ئاوا بەو شێوەیە بیریان کردبایەوە. تەماشای ئەو حیزبە عەلمانییانە بکەن بە ئاگر و

ئاسن و بە زەبر و زۆر و بە پارە و هەڵخەڵەتاندن و بە درۆ و فێڵ و تەڵەکە، هەر خەریکی ئەو خەڵکەن لە خشتەیان ببەن و قەناعەتیان پێ بکەن، بۆ ئەوەی ئەو عەلمانییەت و بیرورا خوار و چەوت و بەرنامە ناڕێک و سەرلێشێواوانە بە مل خەڵکدا بدەن.

بۆیە هەمیشە مەنتیقی ئیسلام و قورئان بەهێزتر بووە، زۆر بێمنەت و ڕاشکاو بووە، لە ئاستێکی زۆر بەرزەوە قسە لەگەڵ خەڵکی دەکات و بێمنەتی دەردەبڕێت، هەتا لەگەڵ مسوڵمانانیش بێمنەتە، خوای بەرز و مەزن دەفەرموێت: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا ۖ قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم ۖ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (١٧)﴾ الحجرات.

واتە: منەتت لەسەر دەکەن (ئەی موحەممەد)! کە ملکەچ (و مسوڵمان) بوون، بڵێ: ملکەچی (مسوڵمانەتی)ـیەکەتانم لەسەر مەکەنە منەت، بەڵکوو ئەگەر ڕاست بکەن خوا منەتباری کردوون کە بە بڕوا (هێنان) ڕێنماییی کردوون. لێرەشدا گەورەییی قورئان دەردەکەوێت. بۆیە هەر کەسێک مسوڵمان دەبێت، بۆ خۆیەتی نەک بۆ خەڵکی تر و ناشبێت منەت بەسەر کەسەوە بکات.

باسی سێیەم:
جیاوازیی نێوان دەوڵەتی مەدینە و دەوڵەتی مەدەنی

زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا لە دۆخی ئێستادا و لەنێو کۆمەڵگەی مسوڵمانداندا، دەتوانرێت دەوڵەتێکی هاوشێوەی دەوڵەتی مەدینە دابمەزرێت و بەڕێوە بچێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بزانین بابەتی دەوڵەتی مەدەنی کە پێشتر تیشکمان خستە سەر، لەگەڵ دەوڵەتی مەدینە کە پێغەمبەر دروستی کرد «ﷺ» جیاوازییان چییە؟ واتە دەوڵەتێک کە ئیسلام دایدەمەزرێنێت لەگەڵ دەوڵەتێک کە مەدەنییە و ئەمڕۆکە هەیە بە چی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە؟ دەوڵەتی مەدەنی کۆمەڵێک بنەمای هەیە، بۆ نموونە: یەکێک لە بنەماکانی بریتییە لە هاووڵاتیبوون، واتا هەموو هاووڵاتییەک لەم وڵاتە لەگەڵ ئەوانی دیکە یەکسان و هاوبەشن، یەکسانن لە ئەرک و مافدا، جیاوازیی نییە ئەوە مسوڵمانە و ئەوە نامسوڵمانە، واتە ئەو هاووڵاتییە خاوەنی مافە و خاوەنی ئەرکە و هەموویان یەکسانن لە ئەرک و مافدا.

هەروەها بابەتی یاساسەروەربوون یەکێکی دیکەیە لە بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی، بە داخەوە ئەو نموونە حوکمڕانییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، دەوڵەتی مەدەنی نییە، حوکمڕانیی حیزبییە، بە نەفەس و بە ئارەزووی حیزب خەڵک بەڕێوە دەبرێت، حیزبیش نا، بەڵکوو بە ئارەزووی کەسی بەڕێوە دەبردرێت، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئیسلام لەگەڵ ئەم جۆرە دەوڵەتە مەدەنییە کۆکە یان ناکۆکە؟

لێرەدا چەند بنەمایەک دەخەینە ڕوو لە دەوڵەتی مەدەنی، پاشان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەر «ﷺ» لە مەدینە بنیاتی نا، بەراوردیان دەکەین:

بنەمای یەکەم: یاساسەروەری

ولاّتانی ڕۆژئاوا زۆربەی هەرە زۆریان دەوڵەتی مەدەنین، یەکێک لە بنەماکانی دەوڵەتەکانیان بریتییە لە یاساسەروەربوون، با بزانین بابەتی یاساسەروەربوون لە ئیسلامدا چۆنە؟ دوایی باسی دەکەین یاسایەک کە لە ئیسلام وەرگیرابێت، ئایا کەس بۆی هەیە لێی لابدات کاتێک کە ئیسلام تەبەنیی کردبێت و خەڵک لەسەری کۆک و یەکدەنگ بێت، یەکێکی تر لە بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی بریتییە لە شەرعییەتی یاسایی و دەستووری، شەرعییەتی یاسایی ئەوەیە خەڵک دەسەلاّتداران هەڵدەبژێرن، ئەمەش گرێبەستێکە لەنێوان خەڵک و ئەوانەی کە هەڵیاندەبژێرن بۆ نوێنەرایەتیکردن، پەرلەمانیش پەسەندی کابینەی نوێی حکومەت دەکات، شەرعییەتێکی دەستوورییش هەیە خەڵکی ئەم ولاّتە ئەوانەی لە ناوچە جیاجیاکاندا دەنگیان دابێت بە دەستوور، ئەمەش دیسان گرێبەستێکە لەنێوان خەڵک و دەسەلاّت.

کەواتە لە ئیسلامدا بە زیادەوە، باس لە یاساسەروەربوون کراوە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکوو هیچ سیستەم و ڕێباز و بەرنامەیەکی دیکە ناتوانێت وەک ئیسلام کە یاسایەک یان دەستوورێکی دانا، پێوەی پابەند بێت، نموونەش زۆرە لەو بارەیەوە: وەستانی (عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب) "ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت"، لە بەردەمی قازی لەسەر مەسەلەیەک.

هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندەها نموونەمان هەیە کە هەمووی لە بەرانبەر یاسادا، لە بەرانبەر شەریعەتدا، لە بەرابەر دەستووردا وەک یەکن، هەتا پێغەمبەری خوا «ﷺ» خوای گەورە وەحیی بۆ ناردووە بەڵام لە بەرانبەر ئەم شەریعەت و بەرنامەیەدا هیچ قسەی نەبووە، کاتێک خوا لەسەر زاری دەفەرموێت: قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ... (١١٠) الكَهف.

واتە: پێیان بڵێ ئەی موحەممەد! من تەنها بەشەرێکم وەک ئێوە هیچم لە ئێوە

زیاتر نییە، وەک ئێوەم، جیاوازییەکەی ئەوەیە (يُوحَىٰ إِلَيَّ) وەحیم بۆ دێت، واتە هەر ئەوەندەیە. ئەوەم لێ قەبوڵ بکەن کە وەحیم بۆ هاتووە و، ئەو وەحییەی خوای گەورەم لێ وەربگرن و تەواو ...وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤) النُّور.

خۆی جیا نەکردووەتەوە، بۆیە کاتێک دەربارەی ئەو ئافرەتەی (بني مخزومي) کە دزییەکی کردووە، دەیهێنن لای پێغەمبەری خوا «ﷺ» تەکلیفی بۆ دەکەن لە نزیکەکانی پێغەمبەری خوا «ﷺ»، لە (زید)ی ڕادەست پێ دەکەن کە پێغەمبەر زۆری خۆش ویستووە «ﷺ»، بەڵکوو تەکلیف بکات سزا نەدرێت، پێغەمبەر «ﷺ» چیی فەرموو؟ فەرمووی: (والذي نَفْسي بيَدِهِ لو أن فَاطِمَةَ بنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا)[1].

لێرەدا لە بەرانبەر شەریعەتدا هەموو وەک یەکن و هیچ جیاوازییان نییە.

پێغەمبەری خوا «ﷺ» سوێند دەخوا ئەگەر کچەکەی خۆیشی دزی بکات، دەبێت دەستی ببڕێت.

کەواتە هیچ کەس لەنێو کیان و قەوارەیەکی ئیسلامیدا لە شەریعەت و بەرنامەی خوای گەورە، بەرزتر نییە، هەمووشی بە یەک چاو تەماشا دەکرێت و جیاوازی بە کەس ناکرێت، لە شەریعەتیشدا هیچ چینێک و هیچ کەسێک جیا نییە و کەسیش ناتوانێت بیانوو و پاساوێک یان حیلەیەکی شەرعیی بدۆزێتەوە و خۆی جیا بکاتەوە.

بابەتی شەرعییەتی دەستووری و یاسایی لە دانانی خەلیفەکان.

ئایا خەلیفە و کاربەدەستانی ئیسلامی چۆن دیاری کراون؟ ئەوە گرێبەستێکە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات، واتە ئەگەر لە ئیسلامدا خەڵک شەرعییەت بە

[1] البخاري: (٣٤٧٥)، ومسلم: (١٦٨٨).

کەسێک یان هەیئەتێک نەدا، ئەوا دەسەڵاتی شەرعیی نابێت و مافی ئەوەی نییە حوکم بەسەر خەڵکیدا بکات و خۆی بکات بە کاربەدەستی وڵات.

بنەمای دووەم: دیموکراسییەت

بابەتێکی دیکەیان بڕیتییە لە مەسەلەی تەبەنیکردنی دیموکراسییەت، هەڵبەتە بۆ خۆم لەگەڵ ئەم وشەیە نیم، بەڵام ئەگەر دیموکراسی بریتی بێت لە میکانیزمی دیاریکردنی دەسەڵات و شێوەی دیاریکردنی دەسەڵاتداران و حوکمڕانان، ئەوە هیچ ئیشکاڵێکی شەرعیی تێدا نییە، بۆ نموونە: پرۆسەی هەڵبژاردن یان هەر شێوازێکی دیکە بۆ دیاریکردن و دانانی بەرپرسان لە ڕێگەی خەڵکەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە دیموکراسی بریتی بێت لە پەیڕەوکردن لە ڕێبازێکی دیاریکراو کە خەڵکی پێوە پابەند بکەن، ئەوە ڕەتکراوەیە.

کەواتە میکانیزمی دیاریکردنی بەرپرسان و لێپێچینەوە لە دەسەڵاتداران لە ئیسلامدا بە زیادەوە و بە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکتر هەیە، بۆیە وێڕای ئەوەی دیموکراسی وەک میکانیزم لەگەڵ ئیسلام گیرانی نییە، ئیسلام میکانیزمی ڕێک و ڕاست و گونجاوتری تێدایە بۆ هەڵبژاردنی کاربەدەستان.

بنەمای سێیەم: هاووڵاتیبوون

بنەمایەکی تر کە دەوڵەتی مەدەنی وەک بنچینە و بناغە داینراوە بڕیتییە لە هاووڵاتیبوون، ئایا ئیسلام لە بەرانبەر ئەم چەمکە ڕای چۆنە؟ نموونەشمان لە باسی هەڵبژاردنی جێنشینەکانی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ)، هێنایەوە: ئەگەر تەماشای قورئان بکەین خوای گەورە چەند دواندنێکی هەیە: یەکێک لە دواندنەکانی ئاراستەی مسوڵمانانە ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا... (١)﴾ الحُجُرَات. ئەوانەی کە بڕوایان بە ئیسلام هەیە خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: ئەوە بکەن

و ئەوە مەکەن، باسی قەدەغەکردنە (التحریم)، باسی ئەرکەکانە (الواجبات)، لە هەمان کاتدا تەماشا دەکەیت لە قورئاندا زۆریش باسی﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ... (١٣) الحُجُرَات. يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ... (١٣) الحُجُرَات. ئەی خەڵکینە يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ (٦) الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ (٧)﴾ الانفطَار. دواندنەکانی خوای کارلەجێ بەبێ جیاوازی ڕووی لە هەموو لایەکە، بە یەکسانی فەرمانیان ئاراستە دەکات، ئەوە ڕوو لە هەموو لایەکە، ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ... (٣١)﴾ الأعرَاف. کەواتە ئەوەی باس دەکرێت لەو کیان و قەوارەیەی کە دەوڵەتێکی مەدەنی دادەمەزرێنێت، هاووڵاتیبوون تێیدا بە شێوەیەکە لە ئەرک و مافدا وەکوو یەکن، واتە خەڵک لەم وڵاتەدا چۆن ئەرکی هەیە لە هەمان کاتدا مافیشی هەیە، بێگومان ئەم حاڵەتە بە زیادەوە لە ئیسلامدا هەیە بە یەکسانی، پێویستە ئەوەش بزانین کە بنەماکانی مافی مرۆڤ شتێکی زۆر تازەیە و لەم چەند ساڵەی دواییدا دانراوە و لە چوارچێوەی جارِی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەقنووس و پەسەند کراوە، بەڵام لە ئیسلامدا لە دابەزینی وەحییەوە بۆ پێغەمبەری پێشەوامان «ﷺ» باس لە هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ و لە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە مرۆڤ کراوە. بۆیە ئەگەر ورد سەیری قورئان بکرێت هیچ جیاکارییەک لەنێوان مرۆڤەکان بەدی ناکەیت و ئەو جیاکارییە هەر بوونی نییە، بەڵکوو ئەوە مرۆڤەکان و ڕژێمەکانن جیاکاری و ڕەگەزپەرستییان دروست کرد، بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گەل و هۆز و نەتەوەکان. دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)﴾ الحُجُرَات.

بۆ ئەوەی نەک تەنها هەر یەکتر بناسن، بەڵکوو پێویستە چاکەش لەگەڵ یەکتری بکەن (لِتَعَارَفُوا) وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾(١٩٩) الأعرَاف. واتە: عورف بە مەبەستی: شتی

(پەسەند)، شتی چاکی نێو کۆمەڵگە، واتە هەموو ئەو عورفە جوانانەی کە هەیە، هەموو عورفە باشەکان فەرمان پێ بکەن، لەنێو خەڵک و کۆمەڵگە بڵاوی بکەنەوە.

بنەمای چوارەم: یەکترقەبوڵکردن و لێبووردەیی

لە دەوڵەتی مەدەنیدا بنەمایەکی تر هەیە ئەویش بریتییە لە یەکترقەبوڵکردن و لێبووردەیی، لەنێو ئەم دەوڵەتە پێویستە خەڵک یەکتر قەبوڵ بکەن بە بیروڕای جیاوازەوە و لێبووردەش بن لە بەرانبەر یەکتریدا، لێرەدا دەبێت بزانین لە ئیسلامدا ئەو بنەمایە چەند جێگەی بووەتەوە و بایەخ و گرنگیی پێ دراوە، خوای گەورە ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ... (١٠)﴾ الحُجُرَات.

واتە: هەرچی بڕواداڕە خوشک و برای یەکترن، ئەگەر لە دینیشدا برا نەبن، ئەوە لە مرۆڤایەتیدا برا و خوشکی یەکترن ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ... (١٣)﴾ الحُجُرَات.

هەرچی هەیە، هەر بیروباوەڕێکە، مسوڵمانە، گاورە، جوولەکەیە، مولحید و بێدینە، هەمووی لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە سەر یەک دایک و باوک، ئیسلام ئاوا تەماشای مرۆڤایەتی دەکات، تۆ یان ئەوەتا برای لە دیندا یان برای لە دایک و باوکێک کە ئادەم و حەوایە، سەبارەت بە یەکترقەبوڵکردنیش پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەفەرموێت: (...بُعِثتُ بالحنيفيَّةِ السَّمحةِ...)[1].

واتە: من بە دینێکی ڕاست و ڕێک و تەواو و زۆر لێبووردە و لێخۆشبوو ڕەوانە کراوم، بەمەش دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا «ﷺ» چاوپۆشیکەرە و زۆر چاوپۆشی دەکات و لێبووردەییی زۆرە.

---

[1] أحمد: (٢٢٣٤٥)، والطبراني: (٢٥٧/٨) (٧٨٦٨) مطولاً.

بنەمای پێنجەم: لێپرسینەوە

لە دەوڵەتی مەدەنیدا زۆر باسی لێپرسینەوە (المحاسبة) دەکرێت، واتە خەڵک بۆی هەیە موحاسەبەی کاربەدەستان بکات، ڕاستە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە جاری وا هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ کاربەدەستان دەکرێت، بەرپرسان بانگ دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، یان لە ڕێگەی گردبوونەوە و خۆپیشاندان بەرپرسان دەخرێنە ژێر فشار و بەرپرسیاریەتی، ئایا ئەمە لە کیان و قەوارەیەکی ئیسلامیدا بوونی هەیە؟

بەڵێ بێگومان زۆر زۆر بە تێروتەسەلی هەیە، ئەویش ئەوەیە هیچ کەس لە یاسا و ڕێساکانی ئیسلام گەورەتر نییە، چەند جار نەک هەر جارێکیش نەک بەرانبەر بە جێنشینە سەرڕاستەکانی پێغەمبەر «ﷺ»، بەڵکوو بەرانبەر خودی پێغەمبەری خواش خەڵک هاتووە گلەیی کردووە و ڕەخنەی گرتووە، پیاوێک دێت دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» بێنە، عەبایەکەشی ڕادەکێشێت و دەڵێن: ملی موبارەکیشی بریندار دەکات و، دەڵێت: بێنە لەو مووڵک و ماڵەی کە خوا پێی داویت هیچ خۆت نییە، بێنە بمدێ، ڕاست دەکات ئەو مووڵک و ماڵە هیچ ئەو نییە، ئەوەی کە ئێستاش هەیە و خۆی بە دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی دەزانێت، هەرچی مووڵک و ماڵی ئەو خەڵکە هەیە بە هیچ خۆی دەزانێت، کەچی ئەوە هیچ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووت و هەژارەیە، پێویستە ئەوانیش لێی بەهرەمەند بن و بۆ ئەوان بگێڕدرێتەوە.

پێغەمبەر فەرمووی: بیهێنن بیدەنێ، ڕاست دەکات هیچ من نییە و هیچ باوکیشم نییە[1]. کەسێکی دی هاتووەتە لای پێغەمبەری خوا «ﷺ»، کە

---

[1] عن أنس بن مالک كُنْتُ أَمْشِي مع النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وعليه بُرْدٌ نَجْرَانِيٌّ غَلِيظُ الحَاشِيَةِ، فأدْرَكَهُ أَعْرَابِيٌّ فَجَذَبَهُ جَذْبَةً شَدِيدَةً، حتَّى نَظَرْتُ إلى صَفْحَةِ عَاتِقِ النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قدْ أَثَّرَتْ بِهَ

پێغەمبەر هەندێک دەستکەوتی دابەش دەکردن فەرمووی: بە خوا تێیدا دادگەر نەبوویت.[1]

پێغەمبەر ڕاستترین و ڕاستگۆترین و دادگەرترین کەسی سەر ڕووی ئەم زەوییە بووە، لە یەکەمەوە تا کۆتایی، بەڵام خۆیشی تێک نەدا و بەکابرای فەرموو: (...ویْلكَ فمَنْ يَعْدِلُ إذا لمْ أَعْدِلْ...)[2].

واتە: ... ئەگەر من دادگەر نەبم کێ دادگەری دەکات... شتی وا نییە من دادگەری نەکەم، بەڵام لێرەدا عیبرەتەکە چییە؟ ئەم کابرایە چۆن توانی و جورئەتی کرد ئاوا بە پێغەمبەر بڵێت؟ لە کاتێکدا کە دەسەڵاتیشی هەیە، بێگومان ئەمەش ڕامان دەکێشێت بۆ بنەمایەکی تر کە بریتییە لە ئازادیی ڕادەبڕین. کە پێغەمبەر خەڵک و کۆمەڵگەی ئاوا پەروەردە کردبوو، کە هەرچی بە حەقی دەزانی بیڵێت، دەبێت دەسەڵات هاوولاتییان فێر بکات و ڕایان بێنێت لەسەر حەقگوتن و ڕەخنەگرتن و هەڵشاخان بە ڕووی دەسەڵاتی ستەمکار.

بنەمای شەشەم: ئازادیی ڕادەربڕین

دەبێت دەسەڵات لە دەوڵەتی مەدەنیدا فەزایەکی ئازاد دروست بکات بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت ناخی خۆی بڵێت و قسەی دڵی خۆی بکات و لە ناخیدا پەنگ نەخواتەوە. ئەم مافە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ بە ڕاشکاوی یاخود بە ئاماژە ئازاد بێت لە دەربڕینی ئەو بیروباوەڕەی هەیەتی، جا بە زمان بێت، یاخود بە نووسین یان بە هەر هۆیەکی دیکەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بێت.

حَاشِيَةُ الرِّدَاءِ مِن شِدَّةِ جَذْبَتِهِ، ثُمَّ قالَ: مُرْ لي مِن مَالِ اللَّهِ الذي عِنْدَكَ، فَالْتَفَتَ إلَيْهِ فَضَحِكَ، ثُمَّ أَمَرَ له بعَطَاءٍ.

أخرجه البخاري:(٥٨١٠)، ومسلم:(١٠٥٧)، وأبو داود: (٢٦٢٧)، وأحمد: (١٢١٨٦)، وابن حبان: (٦٢٤)، والبيهقي في الشعب (٧٨٧٣).

[1] كانَ رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ بالجعرانةِ وَهوَ يقسمُ التِّبرَ والغَنائمَ وَهوَ في حِجرِ بلالٍ فقالَ رجلٌ اعدِل يا محمَّدُ فإنَّكَ لم تعدِلْ فقالَ ويلَكَ ومَن يعدلُ بعدي إذا لم أعدِلْ.

[2] ابن ماجه: (١٧٢) واللفظ له، والبخاري: (٣١٣٨) مختصراً، ومسلم: (١٠٦٣) باختلاف يسير.

ئیسلام لە ڕووی مێژوویییەوە یەکێکە لەو ئایین و شەریعەتانە کە ئەقڵ و بیری مرۆڤی لە چەندەها کۆت و پێوەند و ترس ڕزگار کردووە، ئیسلام پەیامێکی خودایی ڕوون و ئاشکرا و بەهێزە و هەرگیز لە ئازادیی بیروبیروڕا نەترساوە، چونکە لە دۆخی ئازادیدا بەهاکانی دەگەشێنەوە، ئیسلام مرۆڤی لە هەستیارترین پرسدا واتا باوەڕهێنان و هەڵبژاردنی ئایین ئازاد کردبێت و مافی جیاوازیی ئایینیشی بۆ خاوەن ئایینەکانی دیکە مسۆگەر کردبێت، ڕوونە کە لە ئاستەکانی دیکەی وەک بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ئازادی ڕێباز و دروشمێتی، بۆیە هەموو هەوڵێکی بۆ ڕێگەگرتنە لە سەپاندنی بیرێکی دیاریکراو و باوەڕێکی سەپێندراو، بۆ ئەوەی خەڵکی لە چوارچێوەی یاسا و پاراستنی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەدا بژین، چونکە سەپاندنی هەر بیروباوەڕێک و لێسەندنەوەی ئازادیی ڕادەبڕین، لە ناوەڕۆکدا دژی گیانی ئیسلام و بەها باڵاکانیەتی و پێی ڕازی نییە. ئەگەر ئازادیی بیروبیروڕا لە ڕابردوودا گرنگ بووبێت و ئیسلام بەو جۆرە سەیری کردبێت و، مێژووی ئیسلامی ئەو هەموو بیروبیروڕا جیاوازانەی بە خۆیەوە بینیبێت، ئەوا بۆ ئەمڕۆ زۆر گرنگترە خەڵکی بەرانبەر ئەم پرسە هەستیار بن.

پێم وایە بەشی زۆری ئەو بنەمایانەی ئاماژەم بۆ کرد، بەر لەوەی دەوڵەتی مەدەنی باسی بکات، دەوڵەتی ئیسلام بە زیادیشەوە باسی کردووە و بە چاکییش جێبەجێ کراوە، هەر لە هاوولاتیبوون و لە پرسی پابەندبوون بە یاسا و دەستوور تا دەگاتە ئازادیی بیروڕا، سەبارەت بە شێوازەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسییەت و بیروڕای ئازاد و شەرعییەتدان بە خەڵکێک کە دەسەڵات و حوکمڕانی بکات لە وڵاتدا، ئەمانە و هەندێک بنەمای دیکەشی، ئیسلام باشتر و چاکتر پێیانەوە پابەندە، بەڵام لێرەدا یەک بابەت هەیە ئەگەر مەبەست لە دەوڵەتی مەدەنی ئەوە بێت کە خەڵک مافی هەبێت و بە مافەکانی خۆی بگات وەک چۆن ئەرکی پێ دەسپێردرێت. ئەوە شتێکی ئاساییە و پەسەندکراوە و ئیسلام هیچ کێشەی

لەگەڵ نییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە دەوڵەتی مەدەنی ئەوە بێت کە ئیسلام و یاساکانی ئیسلام لە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگە جیا بکاتەوە و دوور بخاتەوە، ئەوە ڕەتکراوەیە و پەسەندنەکراوە، چونکە ئیسلام ئەمەی تێدا نییە و ناشیەوێت.

بە هەمان شێوەش ئەگەر مەبەست لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەوە بێت خەڵکێک بە ناوی خوا و بە ناوی دینەوە خۆیان بکەن بە وەکیلی خوا لەسەر زەوی وەک چۆن لە چاخەکانی سەردەمی ناوەڕاستی مەسیحییەتدا هەبووە، ئەگەر ئەوە بێت، ئەوا لە لای ئیسلام ئەم بابەتە ڕەتکراوەیە و قەبوڵی نییە جا هەر کەسێک بێت. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئەم کیان و قەوارەیەی کە پێکی دەهێنێت، یاسا و دەستوورێک، کە خوا ناردوویەتی و پێغەمبەر (ﷺ) بۆی تەفسیر کردووین، جێبەجێ کرا و پێیەوە پابەند بوون، ئەوە لە لای ئێمە ئەو جۆرە دەوڵەتە پەسەند کراوە، چونکە ئەوە کیان و قەوارەی ڕاستەقینەی دینییە. لەبەر ئەوە دەبێت ورد بین و ئەمانە لێک جیا بکرێتەوە و بە ڕەهایی ناتوانرێت بگوترێت هەموو دەوڵەتێکی مەدەنییان قەبوڵە و زۆر ڕێکوپێکە، نەخێر ئەم جۆرە تێڕوانینە زۆر هەڵەیە و مەترسیداریشە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی مەدەنی هەیە مامەڵەی نادروست لەگەڵ ئیسلام دەکات و بە خراپیش سەیری دەکات و مافەکانیش بە دادگەری دابەش ناکات.

دووبارە دووپاتی ئەوە دەکەمەوە ئەگەر دەوڵەتی مەدەنی بۆ ئەوە بێت خەڵک بگات بە مافەکانی خۆی و ئازادییەکانی بۆ دابین بکرێت و ئازاد بێت لە مومارەسەکردنی بیروڕای خۆی، ئەمە ئیسلام تەبەنیی کردووە، وێڕای ئەوەی بە زیادەوە تێیدایە، بەڵام ئەو لایەنەی دیکە کە هەندێک جار بە ناوی دەوڵەتی مەدەنییەوە دەگوترێت کە دەیەوێت یاساکانی ئیسلام لە ژیانی خەڵک جیا بکاتەوە و دەری بهێنێت، لە بنەڕەتەوە ئەو جۆر و فۆرمە لە دەوڵەتی ئیسلامی جێگەی نابێتەوە و ڕەتکراوەیە، چونکە ناکرێت لە ولاتێک زۆرینەی مسوڵمانە، کەچی پێشێلی مافی خەڵکە مسوڵمانەکە بکرێت و ڕێز لە دینەکەی نەگیرێت کە ئیسلامە و مەرایی بۆ کەمینەیەک بکرێت و باریان بە لادا بخرێت.

پەیوەست بەو دەوڵەتانەش کە بە ناوی دینییەوە مامەڵە دەکەن و شووناسی ئیسلام دەبەخشن بە خۆیان بە تایبەتییش لە بۆنە ئایینییەکان خۆیان وا نیشان دەدەن کە خاوەنی ئەم دینەن، کەچی ئەوانیش پێشێلی مافی مسوڵمانەکانی خۆیان دەکەن، ئەم جۆرە دەوڵەتانەش هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئەمە کیان و قەوارە و سیستەمی ئیسلامی نییە، دەوڵەت و سیستەمی ئیسلامی بریتییە لە پاراستنی بنەماکانی ئیسلام و عادەت و عورفەکانی ئیسلام و خەڵکی مسوڵمان و ڕێز لە بیروڕاکانی دیکەش دەگرێت، هەر کاتێک ئەمە پێشێل کرا لە کیان و قەوارەی ئیسلامی، بەتاڵ دەبێتەوە و لەوە دەکەوێت دەسەڵاتێکی ئیسلامی بێت بە مانا ڕاستەقینەکەی، دەکرێت بڵێین دەسەڵاتێکی زۆرەملێیە و بە زۆری دەیانەوێت خۆیان و فیکر و قەناعەت و بیروباوەڕ و ئایدیا و سیستەمێکی نامۆ بە ئیسلام بسەپێنن بەسەر خەڵکێکی زۆرینە مسوڵماندا.

بە داخەوە دووڕوویی دەسەڵات و بەرپرسان بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ، وای لێ کردوون نەتوانن زۆر ڕاستگۆ و ڕاشکاو بن و ناخی ڕاستەقینەیان بە خەڵک بڵێن و ناوێرن قەناعەت و بیروباوەڕی خۆیشان بە ڕاشکاوی بخەنە ڕوو، مەگەر هەندێکیان جار لە هەندێک بۆنە و موناسەباتدا ڕێی تێ دەکەوێت و لە زاڕیان دەردەچێت باسی دین دەکەن، زۆر جاریش لەگەڵ هەندێک عورف و عادەت و هەندێک بابەت دروشم و شەعائیری ئیسلامین کە خەڵک پێیانەوە پابەندە، ئەویش ئەو شتانەن کە زۆر سەرەکی نین لە دیندا، بۆ نموونە: بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا «ﷺ» وەک خەڵک دەچن لە مزگەوتەکان دادەنیشن و سەردانی خەڵک و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەکەن، کەچی ئەمە بابەتێکی سەرەکی و بنچینەیی نییە لە دیندا و هەندێک لە زانایان هەر بە دروستی نازانن.

بابەتە سەرەکییەکەی دین ئەوەیە کاتێک کە بێڕێزی و بێحورمەتی بەرانبەر

پێغەمبەری خوا کرا «ﷺ» پێویستە وەدەنگ بێیت و هەڵوێستت هەبێت، بۆ نموونە ئێمە لەنێو پەرلەمانتارەکان یاداشتێکمان دایە کونسوڵییەی کۆماری فەرەنسا، نیگەرانیی خەڵکی هەرێمی کوردستانمان پێ گەیاند لەوەی لە فەرەنسا بێرێزی بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا کراوە «ﷺ»، کەچی ئەوان لە دوای ئێمەوە چوون و گوتیان: ئەوانە نوێنەری خەڵک و پەرلەمان نین و پشتیوانیی خۆیان بۆ حکومەت و گەلی فەرەنسا دووپات کردەوە!!

ئەم پرسە بابەتێکی ئسووڵیی گرنگ و گەورەیە، لەوەدا پێویست بوو بەرگری بکەن لە پێغەمبەری خوا «ﷺ» ئەگەر ڕاست دەکەن ئەوانیش پێغەمبەریان خۆش دەوێت و بە دوای پێغەمبەر کەوتوون، با لەوەی دیکەدا بەشداری نەکەن، نەدەبوو بێرێزییان بەرانبەر پێغەمبەری خوا قەبوڵ کردبا، لەوەش بگەڕێ بە لایەنی کەم بێدەنگییان هەڵبژاردبا و پشتگیرییان نەکردبا!![1]

[1] لە خولی (٥)ی پەرلەمان.

بەشی سێیەم
ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە

کاتێک باس لە حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامی دەکەین، زۆر جار تاوانبار دەکرێین بەوەی کە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە بگەین بە دەسەڵات، جا ئەگەر پرسیار بکەین ئایا هەوڵدانمان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ناشەرعی یان عەیبەیە؟ نەخێر نە عەیبەیە و نە گوناحە و نە شتێکی خراپ و ناشەرعییە، کەس و لایەن هەن هەوڵ دەدەن وڵات هەمووی وێران بکەن، خەڵک دەکوژن و خەڵک دەگرن بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و باوەڕێکی سەقەتی عەلمانی سەر بخەن،﴿ ...مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ... (١٣)﴾ النجم.

واتە: ... خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردوونە خوار...

خەڵکێک هەر لە خۆیەوە بەرنامە و شەریعەتێکی پووچی هێناوە دژی ئیسلامە و دژی خوایە، هەموو هەوڵێکی بۆ دەدات بۆ ئەوەی سەری بخات و بیکاتە بەرنامەی ژیانی خەڵک، بەڵام شەریعەت و بەرنامەیەک کە خوا ناردوویەتی هەموو دەزانن، تەنانەت نەیارانیش باش دەزانن کە ئەوە ڕاستە و خوا ناردوویەتی، محمد «ﷺ» ڕەوانەکراوی خوا بووە و درۆی نەکردووە «ڕووحم بە قوربانی بێت» کەچی ئێمە بۆمان نەبێت بڵێین ئەم شەریعەت و بەرنامەیەی کە خوا ناردوویەتی، گونجاوترە بۆ ژیانی خەڵکی، لەبەر ئەوەی خوا لە هەموو کەس شارەزاترە بە بەندەکان و بە واقیعی بەندەکانی خۆی، جا بۆ شەرم بکەین و هەوڵی بۆ نەدەین، یان لەبەر ئەوەی خەڵکێک بە خراپی بزانن هەوڵی بۆ نەدەین و لێی سارد بینەوە، لە کاتێکدا ئەوان هەڵسوکەوت و بۆچوونە بەد و خراپەکانی خۆیان پێ خراپ نەبێت، هەوڵە نەزۆکەکانی خۆیان پێ خراپ نەبێت، نەخێر ئێمە هیچ پێمان شەرم نییە، بەڵکوو زۆریش شانازیی پێوە دەکەین، یاخوا وا بێت ئێمە لەوانە بین کە هەوڵ بۆ ئیسلام دەدەین و خوا قەبوڵی کردبێت کە ئێمە ئاوا بین، هەزار جار شانازیی پێوە دەکەین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئەم ئیسلامەمان بۆ خۆمان قۆرخ کردبێت کە تەنها هیی ئێمە بێت، نەخێر ئەم ئیسلامە هیی ئەو کەسەیە کە زیاتر دڵسۆزیەتی و پێوەی پابەندە و زیاتر لە خەمیەتی، خەڵک

هەیە لەم کۆمەڵگەیە زۆر لە ئێمە دڵسۆزتر و بە خەمترە، واتە: مەرج نییە تەنها دەبێت لەگەڵ ئێمە بێت ئەو کات بڵێین خەمخۆرە و مسوڵمانی باشە.

هەروەها زۆر جاریش تاوانبارمان دەکەن بەوەی کە تەنها خۆمان پێ مسوڵمانە و خەڵکی ترمان پێ مسوڵمان نییە، ئەمە پرسیارێکە یاخود قەناعەتێکە لای هەندێک خەڵک دروست بووە؟ نا ئێمە وامان نەگوتووە، ئێستاش دەیڵێم و چەند جاری تریش باس کراوە، نابێین ئەوەی کە لەگەڵ ئێمەیە مسوڵمانی زۆر باشە و کەس لەو باشتر نییە لەم کۆمەڵگەیە، ئەوەش کە لەگەڵ ئێمە نەبێت مسوڵمانی باش نییە!! ئەوە با هەموو خەڵک شایەت بن، ئێمە شتی وامان نەگوتووە و ناشیڵێین، نابێین لەم کۆمەڵگەیەدا خەڵکی لە ئێمە مسوڵمانتر و چاکتری تێدا نییە، ڕەنگە هەبێت لە ئێمە زۆر چاکتر بێت و زۆر مسوڵمانتریش بێت، بە دڵنیاییەوە هەیە، بەس قەناعەتی وایە بۆ خۆی مسوڵمانی مانی خۆیەتی یان ڕەنگە هێشتا ئێمەی بە باشی نەناسیبێت، ئەگەرنا پێم وایە دەبێت خەڵکی باش لەگەڵ یەکتری کۆ ببێتەوە و پەیوەندییەکی باشیان بە یەکەوە هەبێت، هەتا ئەگەر لە حیزبێکیش نەبن و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکیش کۆ نەبووبێتنەوە، بۆیە نەخێر پێیان وا نییە، هەروەها پێشیان وا نییە لەناو ئێمەدا خەڵکی خراپ نەبێت، ئێمەش وەک هەر کەسێک خەڵکێکی ناو ئەم کۆمەڵگەین، ئەوە مانای ئەوە نییە کە خەڵکیان تێدا نییە خراپ بێت، بێگومان شتی وا نییە، بەڵکوو خەتابار و گوناهبارمان تێدایە، خۆ ئێمە فریشتە نیین، لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەش بە هەمان شێوە و، ئەو حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییانەش میکانیزمێکن بۆ گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئیسلام و مسوڵمانیەتی، نەک خودی خۆیان ئامانج بێت.

قەناعەتمان وایە پێویستە بەم شەریعەت و بەرنامەیە خزمەتی خەڵک بکەین، خزمەتی ئەم وڵاتە بکەین، خەڵک دڵخۆش بکەین، ڕەنگە ئەمە زۆرینەیەکی باش لێی کۆ ببێتەوە بە هۆی ئەوەی کە بنچینە و بناغەکەی بریتی بووە لە ئیسلامەتی و مسوڵمانێتی.

کەواتە ئەوەی گرنگە بریتییە لەوەی ئەم دوو بابەتە لێک جیا بکەینەوە، ئیسلام شتێکە و مسوڵمان شتێکی دیکەیە، مسوڵمان دەکرێت خەتا بکات، دەکرێت خوار بڕوات، گوناهبار بێت و گوناهـ بکات، بەڵام ئەوە نەخرێتە ملی ئیسلام، ئیسلام بەرنامەیەکی پاک و ڕێکوپێکە، ئەگەر هەموو لایەک دەمانەوێت بەختەوەر بین، با ئەمە نەخەینە ملی یەکتر، ئەگەر کارەکانمان ناچێتە خزمەتی ئیسلام و دڵسۆزی باش نیین بۆ ئیسلام و مسوڵمانان، با خەڵکێکی دیکە پەیدا بێت و لە ئێمە زیاتر خزمەت بەم دینە بکات، بزانین چۆن دەیکات، با بیکات، ئەو کاتە دەردەکەوێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر خەڵکێکی دیکە لەم کۆمەڵگەیە لە ئێمە باشتر خزمەت بکات، لە ئێمە هەڵوێستی باشتر بێت و لە ئێمە مسوڵمانی باشتر بێت، بۆمان بسەلمێت کە وایە و قەناعەتمان پێ بکات، گوناهبارم ئەگەر من پشتیوانیی نەکەم و پشتگیریی نەکەم، بەڵام با ئیسلام خەتابار نەکەین، ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیەش ئەوەی لە ئیسلام تێ نەگەیشتووە ئەم پەیامەم بۆ ئەوانە، هەموو کار و ڕەفتارێکی ئێمە لەسەر ئیسلام حیساب مەکەن، تۆ بۆ خۆت مسوڵمانی باش بە. زۆر جار دەڵێن ئێوە کوا مسوڵمانن، کوا مسوڵمانێتی وایە؟! باشە من مسوڵمانی باش نیم تۆ مسوڵمانی زۆر باش بە، تۆ مسوڵمانی بە تەقوا بە، تۆ دینداری چاک بە، زۆر لە من باشتر بە، پێم خۆشە لە من باشتر بیت! ان شاء الله باشتریشی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر بە ئێمەت گوت خراپ، ئێمە خراپ بین، نەخێر لەبەر ئەوەی هەر کەسێک خۆی لە هەمووان پێ باشتر بێت، ئەوە خراپە، مەبەستم ئەوە نییە ئەو کەسە خراپە، بەڵام ئەم خۆپەسەندییە خراپە!

باسی یەکەم:
پێوەری شایستەبوون بۆ کارپێسپاردن

هەمیشە گوتوومە لە ڕووی پابەندی بە شەریعەت و نزیکی لە خواوە، بەردەوام خەڵکم لە خۆم پێ باشتر و پێ چاکتر بووە، کەچی لە بابەتی ئەوەی کێ دەتوانێت ئەرکی تازە و نوێ بە سەرکەوتوویی بگرێتە ئەستۆ، بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتێکی پێ بسپێردرێت، یان پەرلەمانتاری لە بوارێک لە بواڕەکان، ئەوە دەمێنێتەوە سەر توانا و شایستەیی ئەو کەسە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ئەو کەسە لەم بوارانەدا. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەمان بۆ ئەوە نەکردووە کە لە ئایندەدا ئێمە چی دەکەین و زۆر نەچووینە نێو ئەو بابەتە و زۆرمان ورد نەکردووەتەوە و بە قوواڵی نەچووینەتە نێویەوە، تەنها باسی ئەوەمان کردووە و گوتوومانە فەرموون تەماشای ڕابردووی ئێمە بکەن، پاشان بڕیار لە داهاتوومان بدەن، چونکە ئێستا وای لێ هاتووە خەڵک باش دەزانن کێ لە ڕابردوودا بە دڵسۆزی و پاکی کاری کردووە و، کێش کارەکانیان پڕ بووە لە گەندەڵی و ستەمکاری و بە هەدەردانی سامانی وڵات، بۆیە کردەوە و پەرێز گرنگە نەک قسە و بە خۆداهەڵگوتن.

ئێمە بە دروستی نازانین باسی خۆمان و ڕابردووی خۆمان بکەین، مەگەر بەپێی پێویست و لەبەر ڕۆشناییی ئەم ئایەتە ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَىٰ تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ (٥٥)﴾ الذَّارِيَات، لەو چوارچێوەیە کە مرۆڤ شت بە بیر خەڵک بێنێتەوە.

دەبێت بە بیریان بێنینەوە، خەڵک دەبێت بینیبێتی و خەڵک ببینێت کە ئێمە لە ڕابردوودا چیمان کردووە، ئەگەر سێکتەرێکی ئیداریمان بە دەستەوە بووبێت لە حوکمڕانی چۆن خزمەتمان کردووە، ئایا ئێمە توانیومانە حەقی خۆی پێ بدەین؟ توانیومانە ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین؟ هەرچەندە خەڵکێک شایەتی دەدات ئێمە بە دڵسۆزی و خەمخۆری کردوومانە و ئەرکی خۆمان جێبەجێ کردووە،

لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە نەمانتوانیوە بە چاکی حەقی کارەکە بدەین، خۆمان ماندوو کردووە و دڵسۆزی و خەمخۆرییشمان بە خەرج داوە، بەڵام هێشتا پێم وایە نەمانتوانیوە لە ئاستی پێویست بین و باش خزمەتی خەڵک بکەین و دڵسۆزیی باش بنوێنین.

بێمەوە سەر بابەتەکە. بۆچی پێیان وایە پێویستە خەڵک پشتگیریمان بکات، جیاوازیی ئێمە لەگەڵ خەڵکی دیکە چییە؟

ئەوەی بە شێوەی کرداری (عملي) بینیومە لە دەسەڵاتی کوردیدا لە ماوەی چوار ساڵ کە لە وەزارەت بووم و، چوار ساڵیش لە پەرلەمانی کوردستان بووم، ئەو بەرپرسانەی کە بینیومن مەگەر چۆن تاک و تەرایان لێ دەربچێت، ئەگەرنا هەموویان دوو کێشەی زۆر گەورەیان هەیە:

یەکەم: بە هیچ شێوەیەک خەمی دینیان نییە، باسی دین لە ئارادا نییە، دینی ئەم خەڵکە، بیروباوەڕی ئەم خەڵکە، ئەگەر بۆ خۆیشیان قەناعەتیان پێی نییە یان پێوەی پابەند نین، هەر وەکوو موجامەلەش بووای دەبوو باسیان کردبا و قسەیەکیان لەبارەوە کردبا و لە شوێنی پێویست بەرگرییان لێ کردبا، وەک چۆن لە هەندێک وڵات: بەرپرس و کەسایەتییەکان لەبەر ئەوەی میللەتەکەیان گاپەرستە، ئەوانیش ڕێز لە گا دەنێن، ڕەنگە ئەو کەسە پسپۆڕ بێت لە بواری کیمیا یان فیزیا، قەناعەتی بەم گاپەرستییە نەبێت و دەزانێت ئەم گایە هیچ زیان و سوود ناگەیەنێت، کەچی ڕێز لە بیروباوەڕی میللەتەکەیان دەگرن.

بە داخەوە زۆربەی بەرپرسانی ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان پابەندی دین نین، کەچی بە دەگمەن نەبێت ڕێز لە بیروباوەڕی خەڵکەکەشیان ناگرن، یانی زۆر تەماشام کردوون و بینیومن هەرگیز ئەو خەمەیان نەبووە و نییە، یانی خەمی دینیان نییە، کێشەیان دین نییە، بەڵکوو لە هەندێک حاڵەت ئەگەر دەرفەتیان هێنابێت، ڕەنگە گاڵتەیان بە دینیش کردبێت، بگرە زۆر زیانیان لە دینیش داوە.

زۆرینەیان هەرچی پێیان کرابێت لە دژایەتیکردنی ئەخلاق و دینی ئەو خەڵکە کردوویانە، سوپاس بۆ خوا ئێمە ئەگەر هیچ نەبێت خیانەت لە دیندا ناکەین، ئەو دینەی کە خوا ناردوویەتی جیا لەوەی کە ڕەنگە خۆم خەتام هەبێت، بەڵام هەرگیز خیانەت لە دین ناکەم.

دووەم: خەمی خەڵکیان نییە، هەر کە بوون بە بەرپرس و کەوتنە پشت مێزەکە و لەسەر کورسییەکەیان دانیشتن و دەستیان لەسەر مێزەکەیان دانا، خەڵکیان لە بیر نامێنێت، جا خەڵک کێشەی هەبێت، بمرن لە برسان، لە خەفەتان خۆیان بکوژن، خۆی هەڵبواسێت، یان سەری خۆی هەڵبگرێت لەو دەریا و زەریایانە بخنکێت، مالّ و منداڵی هەمووی بفەوتێت، لەسەر شەقامەکان خەڵک سوالّ بکات و نان نەبێت بیخوات، ئاو نەبێت بیخواتەوە، ئەم جۆرە بەرپرسانە نە (با)یان دیوە نە (باران).

بۆیە خەڵک دەپرسێت و حەقی خۆشیەتی پرسیار بکات، تۆ کابرایەکی ئیسلامی، بوویت بە وەزیر و لەسەر کورسی دانیشتیت و دەستیشت لەسەر مێزەکە داناوە، ئایا ئەو کاتە تۆ چۆن ئەرکی خۆت جێبەجێ کرد؟

سەبارەت بەوەی ئێمە چۆن بووین لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان لەو کاتەی پۆستی حوکمیان وەرگرت؟ ئایا جیاوازیان بەوە کرد ئەوە ئیسلامییە و ئەوە نائیسلامییە، ئەوە مسوڵمانە و ئەوە نامسوڵمانە؟ خەڵکی لەم ڕووەوە مافی خۆیەتی ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕوو بکاتەوە، بۆیە لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، سوپاس بۆ خوا، پەیوەست بە پرسی پابەندی بە دین و شەریعەتەوە، ئەوە هیچ منەتی تێدا نییە، ئەوە خوا منەتمان بەسەردا دەکات، سوپاسگوزاری خوداین کە بە مسوڵمانێتی خوڵقاندووین و ئەم ڕێیە پاک و ڕێکوپێکەی پیشان داوین، هەزار جار سوپاس بۆ خوا، سوپاسی خوای دەکەم و هەزار جار مەمنوونم و هەزاران حەمد و سەنا بۆ خوا، لە خوا بە زیاد بێت و ئەوە منەتی تێدا نییە و خوا منەتمان بەسەردا دەکات کە ئەم ڕێگەیەی پیشان داوین.

ئەوەی دیکە کە پەیوەندیی بە حوکمڕانی و ئیدارەدانی وڵات و خەڵکەوە هەیە، لەم ڕووەوە ئەزموونی خۆم لە چوار ساڵی وەزیریدا بە پوختی باس دەکەم بۆ ئەوەی خوێنەران بەرچاوڕوون بن کە ئێمە چۆن هەنگاومان ناوە و لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا چی و چۆنمان کردووە و ئەو خزمەتگوزارییانەش چین کە پێشکەشی هاوواڵتییانمان کردوون؟ هەرچەندە لە کتێبێکی سەربەخۆ بە ناونیشانی (ئەزموون و وانەکانی حوکمڕانی) تۆزێک بە وردتر باسم لە کار و چالاکییەکان کردووە.

کاتێک چووین بۆ وەزارەت، ڕێگەی چوونی وەزیر بۆ نووسینگەکەی خۆی جیا بوو لە هیی خەڵکی دیکە، ڕێگەیەکی تایبەت هەبوو و پاسەوانی تایبەتی لێ بوو، بازگەی تایبەتی هەبوو، ڕۆژی یەکەم کە چووین بۆ وەزارەت، نەمدەزانی ئەم وەزارەتە چۆنە، وەزیر بە کوێدا دەچێت و لە کوێ دادەنیشێت، خەڵک بە کوێدا دێت و چۆن دێت، ڕۆژی یەکەم بەوێدا چووین، دوای کە تەماشام کرد هەر من بەوێدا دێم و دەچم، بۆیە دەستبەجێ ئەو دەرگەیەم بە تەواوی داخست و پاسەوانەکانیشم گواستەوە. ئیتر بەو ڕێگەیەدا هاتوچۆم دەکرد کە خەڵک پێیدا هاتوچۆ دەکەن.

سەبارەت بە پرسگە و نووسینگەی وەزیریش بە شێوەیەک بوو، هەتا دەگەیشتنە نووسینگەی وەزیر سێ پرسگە هەبوون، هەموو پرسگەکانمان لابرد، تەنها ئەوەی کە پێی دەڵێن (باب النظام) یان پرسگەی سەرەکی لە دەرەوە، ئەوەش لەبەر هەندێک پرسی ئەمنی و هەندێک بابەت دەبوو هەر بمێنێتەوە، ئەگەرنا بۆ هەمووان و منیش، بۆ هەر کەسێکی دیکەش هەر وەک یەک وا بوو.

بە جۆرێک وەزارەتمان لە وەزارەتێکی بەرتەسک کە تەنها فەرمانبەر و بەڕێوبەرەکان لەخۆ بگرێت و تەنها وەزیریش خاوەنی بێت، کردمانە وەزارەتی هاوواڵتییان. ئەو هەنگاوەشمان بەو شێوەیە ئەنجام دا، کاتێک دەرگەمان کردەوە بە ڕووی هاوواڵتییاندا، بەبێ ئەوەی هیچ مەوعیدێکی

پێشـوەختەی هەبووبێـت دەیتـوانی بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـیش و کارەکـانی سـەردانی وەزارەت بکات، جا ئیش و کارەکەی لە لای بەڕێوبەرێکی گشـتی بووبێت یان لای بەڕێوەبەر، یان لای وەزیر، هیچ کێشەیەکی نەبوو و جیاوازیی پێ نەدەکرا، کەچی لەگەڵ ئەوەش ئاسانکاریی ترمان بۆ هاوواڵاتیـیان کرد، ئەویش ئەوە بوو خەڵـک نەیەن بـۆ وەزارەت و لەوێـش نەبـم یـان کۆبوونەمـان هەبێـت لە ئەنجوومەنی وەزیران یان لە شوێنێکی دیکە، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژێکمان تایبەت کرد بە دیداری هاوواڵاتیـیان، لە هەر شـوێنێک دێـن خەڵـک بـا بـێن. لەسـەر ئەو بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیران تێکگیراین لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگری سـەرۆکی حکـومەت، لەبەر ئەوەی ڕۆژی چوارشـەممەم دیـاری کردبـوو بـۆ دیداری هاوواڵاتیـیان، ڕۆژی چوارشـەممەش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران دانـرا، لەبەر ئەوە لە کۆبـوونەوەیەکی ئەنجـوومەنی وەزیـران داوام کـرد ڕۆژی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران دیاری بکەن و جێگیری بکەن لەبەر ئەوەی ئێمەش ئیشی دیکەمان هەیە و دەیخەینە ڕۆژەکانی دی، گوتیان: بۆ لەبەر چییە ئەوە؟

گـــوتم: دیـــداری هاوواڵاتیـیـــانم لە ڕۆژی چوارشـــەممە دانـــاوە ئێســـتا چوارشـەممەیە، پێشـتر ڕۆژی سێشـەممەم دانـا خسـتتانە چوارشـەممە، ئێسـتا ڕۆژێـک جێگیر بکەن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو کات منیش دیداری هاوواڵاتیـیان دەخەمە ڕۆژێکی دیکە، ئەوە بوو بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت گوتی: من موخالیفی ئەو ڕایەم.

گـوتم بـۆ؟ گـوتی: لەبەر ئەوەی ئەگەر وەزیـر کـاری خـۆی بکـات، ئەگەر بەڕێوەبەری گشـتی کـاری خۆی بکـات، ئەگەر بەڕێوەبەر کـاری خۆی بکـات، پێویسـت ناکـات وەزیـر خەڵـک ببینێـت، خەڵـک بـۆ بێـت کـۆ ببێتەوە و ڕۆژێـک تەرخان بکرێت بۆ ئەو بابەتە، ئەوە بوو سەرۆکی حکومەتیش پشـتگیریی کرد، منیش گـوتم: ئەوەی جەنابت دەیڵێیت: ڕاسـتە، بەڵام ئەوە بـۆ سـوید و فینلەندا و

ئەڵمانیا ڕاستە. گوتم: لەو وڵاتانە هاوواڵتی مافی هەیە و هەر کەسێکیش مافی بخورێت دادگایەک هەیە، بۆ نموونە لە سوید دادگا هەیە مافەکەی وەردەگرێتەوە، لەم وڵاتەی ئێمە جاری وا هەیە بەڕێوەبەرێکی گشتی ستەمی لە جووتیارێک یان هاوواڵتییەکی هەژار کردووە، نەیتوانیوە وەزیر ببینێت، چۆن کێشەکەی چارەسەر بکات؟ لە وڵاتی ئێمە مام حاجییەک هاتە لامان ٤٥ ساڵ پێش ئێستا کێشەی هەبووە و کێشەکەشی تەواو یاسایی بووە، هاتووە و کێشەکەمان بۆ چارەسەر کردووە، دەڵێم: مام حاجی تۆ ٤٥ ساڵ پێش ئێستا لە کوێ بوویت؟ گوتی: بە قوربانت بم بۆ من توانیومە مودیر عامێک، مودیرێک ببینم تا بێمە لای وەزیر و بۆم چارەسەر بکات؟! لێ نەدەگەڕان بیانبینم.

لەبەر ئەوە پێم گوتن: ئەوە کێشەی خەڵکی ئێمەیە، بە داخەوە ئەم وڵاتە پڕە لە عینادی و کێشەی شەخسی، بەرپرسانی ئەم هەرێمە بە یەک چاو سەیری هاوواڵتییان ناکەن بێ ئەوەی بزانن کە کێ پارتییە و، کێ یەکێتییە و، گۆڕانە و، کۆمەڵ و یەکگرتووە و، خەڵکێکی دیکەیە؟ وا تەماشا ناکەن، گوتم: ئەگەر هاوواڵتییەک کێشەی لەگەڵ من هەبێت بێتە لای کێ؟ بۆیە ڕام وایە ئێوەش ئەم دوو بەڕێزەش ئەگەر هەفتەی جارێکیش بۆتان ناکرێت، دوو هەفتە جارێک، سێ هەفتە جارێک مانگی جارێک ڕۆژێک تەرخان بکەن بۆ بینینی خەڵک، ئەو کەسەی کە کێشەی لەگەڵ من هەیە زوڵمم لێ کردووە یان هەر بەرپرسێکی دیکە ستەمی لێ کردووە با بتوانێت سکاڵای بێنێتە لای ئێوە، گوتم: نەک هەر من ئەوەی خۆم لانابەم و پێم باشە هەر بمێنێتەوە، من ڕام وایە ئێوەش ئەو دیدارەتان هەبێت، چونکە ئەگەر بتانەوێت لەگەڵ خەڵک پەیوەندیتان هەبێت و خەڵک موعاناتی خۆی باس بکات، پێویستە گوێ لە خەڵک بگرن، چونکە کێشەیان گەلێک زۆرە و بزانن موعاناتیان چییە، لەوانەیە باسی دادگا بکرێت کە سکاڵا لەوێ لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت تۆمار بکەن، دادگاکانیش بە گشتی بە حیزبی کراون.

بەم شێوەیە بەردەوام بووین تا ئەو وەزارەتەی کە تێیدا وەزیر بووم، کردمانە وەزارەتی هاوولاتییان.

سەبارەت بە کاری پەرلەمانتاریش لەنێو پەرلەماندا، خەڵک بەبێ جیاوازی دەهاتنە سەردانی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، دەهاتن بۆ نووسینگەکانمان و بۆ ماڵەوەشمان، خەڵک پەیوەندیی دەکرد و نامەی دەنارد، ئێمەش بەوپەڕی سینەفراوانییەوە بە دەمیانەوە دەچووین و ئەوەندەی کە پێمان کرابێت پڕۆژەمان بۆ پێشکەش کردوون و بەرگریمان لێ کردوون و یاداشتمان پێشکەش کردووە و لە هۆڵی پەرلەمان بەرگریمان لێ کردوون و لە خۆپیشاندانەکان وەپێشیان کەوتووین، ئەوە نەهجی بیرکردنەوەی ئێمە بووە لە کاری پەرلەمانتاریمان، هەروەها بە ئەرکی خۆیشمان زانیوە کە بەرگری لە دینی ئەم خەڵکە بکەین، چونکە ئەمەش بە ئەرکێکی شەرعی و یاسایی دەزانین کە بەرگری لە ژین و دینی خەڵک بکەین و بیانپارێزین، ئەمەش بە یەکێک لە هۆیەکانی ناردنی (مەقاصیدی) شەریعەت دەزانین.

باسی دووەم:
هەڵبژاردن و هەڵوێستی خەڵک

باشترین هەڵوێست و گەورەترین کار کە خەڵک بیکات ئەوەیە لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەنگی خۆی بدات بە کەسێک شایستە بێت، چونکە دەنگدان شایەدیدان و ئەمانەتە، با چوار ڕۆژی دیکە پەشیمان نەبێتەوە لە دەنگدانەکەی، با دوایی نەیەتە سەر شەقام بڵێت: وەرن بەرگریمان لێ بکەن، هەموو هەڵبژاردنێک کە چوار ساڵ جارێک دێتە پێشەوە، دەرفەتە بۆ خەڵک ئەوانە سزا بدات کە لە خەمی دین و ژینی خەڵک نەبوون و خزمەتیانی نەکردوون، ئەوانە سزا بدات کە بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بانگەشەیان بۆ دەکرد و بەڵێنی گەورەیان دەدا، کاریان نەکردووە، با ئەوانە سزا بدات کە گەندەڵییان کردووە، با ئەوانە سزا بدات کە قۆرخکارییان کردووە، با ئەوانە سزا بدات کە نوێنەرێکی ڕاستەقینە نەبوون، خەریکی کار و کەسابەتی خۆیان بوون، خەریکی بابەتی شەخسی بوون بۆ خۆیان یان بۆ حیزبەکەیان، با ئەوانە سزا بدات، دەنا با دوایی گلەیی لە کەس نەکات، لە خۆی نەبێت.

سەبارەت بەو بەڵێنانەی دەدرێن و ئەو دروشمانەشی بەرز دەکرێنەوە چ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژارن و چ لە کاری پەرلەمانیدا، بە داخەوە گوێبیستی شتی زۆر سەیر دەبین، باسی هەندێک شت دەکرێت، کاندید هەیە بەڵێنی وا دەدات کە بە حکومەتیش جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە: دەڵێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکەم، شایستە داراییەکانی هاوواڵاتیان و ئەو بابەتانە دەگێڕمەوە، نازانم شتی وا باس دەکرێت زۆر لە عەقڵ و مەنتیق دوورە.

ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمەشەوە هەیە وەکوو کاندید و پەرلەمانتارانمان، هیچ بەڵێنێکی ئاوا و قسەیەکی زل و گەورەمان نەکردووە کە توانای جێبەجێکردنمان

نەبووبێت، چونکە لە ڕاستیدا بابەتەکە بەم شێوەیە چارەسەر نابێت، بۆیە هیچ کات نەمگوتووە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکەم، کەسیش لە منی نەبیستووە و ناشبیستن، چونکە چارەسەری ئەم پرسە ئاڵۆزە و هەندێک شت هەیە بە هەموو سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نەکراوە، ڕاستە بۆ خۆمان کەمتەرخەمین، بۆ نموونە: وەختێک بووە کە کورد هەموو یەک پارچەش بووە یەک هەڵوێست بووە، بەڵام پێی جێبەجێ نەکراوە، سەرۆک کۆماری هەبووە و کۆمەڵێک وەزیری هەبووە، هەمیشە جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە عێراق لە کورد بووە، پێی جێبەجێ نەکراوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە هێزی پێشمەرگە کە بەم هەموو قوربانیدانە و بەم هەموو موعاناتەی هەیانە بکرێن بە هێزێک وەکوو حەشدی شەعبی و سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقی بێت، کە باشترین ئیمتیازات و مووچەیان هەیە. سەبارەت بە ژمارەی چەکدارانیشیان کاتی خۆی سەد و بیست هەزاریان بۆ داندرابوو بە بڕیاری پەرلەمان، کەچی ئێستا نزیکەی دوو سەد هەزار چەکداریان هەیە، چۆن پەرلەمانتارێک بتوانێت ئەمە بکات؟ بە چ ڕێگەیەک؟ بۆیە ئەو بەڵێنانە هەرگیز نادەین کە هاتنەدییان ئەستەم بێت لە دۆخی ئێستادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی ئێمەش جار جار لەم ڕوانەوە تۆزێک زیادەڕۆییان کردووە، کە خراپە!

بۆیە کارەکانمان لە چوارچێوەی یەک ئامانجدا کورت کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە تا پەیوەندییەکی زۆر باش و ئاسایی و سروشتیمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ نەبێت، ناتوانین ئەم کێشانە هیچی چارەسەر بکەین، یان دەبێت خاوەنی هێزێکی زۆر گەورە بین.

سەبارەت بە دەستووری عێراق و جێبەجێنەکردنی، دیارە دەستوورێک هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دەنگی ٨٥%ی خەڵک پەسەند کراوە، عێراق جێبەجێی ناکات و کوردیش کەمتەرخەم بووە، با بزانین بۆ جێبەجێ نەکرا؟ ئەم ماددە و بڕگە دەستوورییانەی تایبەت بوون بە

مافەکانی کوردستان لە عێراق، سەرەتا کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا کاتێک تۆزێک دەسەڵاتی هەبووە و دۆخی باش بووە لە ڕووی دارایییەوە، لە ڕووی پشتیوانیی نێودەوڵەتییەوە لە عێراق بێمنەت بووە، ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنانەی کە هەبوون ئەگەر بە زارەکییش بووبن، جێبەجێی نەکردوون، بەمەش عێراقی دڕدۆنگ کردووە و وای کردووە شارەزای کورد و شارەزای سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بێت، دەبێت ئەوەش بزانین عێراق هەر بۆ خۆی پێی خۆش نییە کورد بە مافەکانی بگات، حەز ناکات کورد دەوڵەتی خۆی هەبێت؟ حەز ناکا کورد کیان و قەوارەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت و وڵاتەکەی ڕێکوپێک بێت و پێشکەوتوو بێت؟ بێگومان حەز ناکات! ئەمانە هۆکار بوون لەوەی دەستوور وەکوو خۆی جێبەجێ نەکرێت، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا کاتێک عێراق زۆر لاواز بووە و کوردیش بەهێز بووە، کەچی بە داخەوە نەیتوانیوە عێراق ناچار بکەن تا جێبەجێیان بکات، هۆکارێکی سەرەکییش بریتی بووە لەوەی سەرکردایەتیی کورد (دەسەڵات) خەریکی ئامانجی گچکە بوون وەک بودجە و شتی شەخسی.

پێم وایە هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێ دا، تا ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ حکومەتی ناوەند نەچێتەوە باری ئاسایی و سروشتیی خۆی، زۆر ئەستەمە بتوانین ئەم بابەتانە وەکوو ئەوەی لە دەستوور هاتووە، یەکلایی بکەینەوە.

ئەوەی پەیوەندییشی بە کار و هەڵوێستەکانی ئێمە لە ڕابردوودا هەیە، دەبێت خەڵک زاکیرەی خۆی تیژ بکاتەوە و ورد تەماشای هەڵوێست و کاروکردەوەکانمان بکات تا بزانێت چیمان کردووە، بۆ نموونە: ئەگەر خەڵک و جەماوەر لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کە لە حکومەت بەشدار بووین و خزمەتمان کردووە، نەیناسیبین و لەو ماوەیەش کە لە پەرلەمان بووین و بەرگریمان کردووە نەماناسێت، ناکرێت لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە چەند ڕۆژێکە، پێناسەی خۆمان بە تەواوی بکەین و خۆمان بناسێنین و بڵێین: ئێمە شانمان وا و باڵمان وا و شاخمان وا؟ خەڵک بەو چەند ڕۆژە کەمە نایەتە سەر قەناعەت، بۆیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە بە هەڵەدا چووین، دەنگدەر لەسەر بنەمای زانین و

خوێندنەوەی ڕابردووی هەر حیزبێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت لەوەی دەنگ بە کاندیدەکانی بدات، چونکە دەنگدەر گرنگە بزانێت کاندیدی ئەو حیزبە لە ڕابردوو چیی کردووە چۆنی کردووە و چەند خزمەتی خەڵکی کردووە و چەند دڵسۆزی دین و ژینی خەڵک بووە؟! لە هەمان کاتدا هەڵوێستە سیاسی و هەڵسوکەوتەکانی حیزبەکەش چۆن بووە؟

پێشنیازی ئێمە بەردەوام ئەوە بووە دوای هەموو هەڵبژاردنەکانی عێراق، دوای ئەوەی کە نوێنەرانی کورد هەڵدەبژێردرێن، پێویستە هەیئەتێک هەبێت کە نوێنەرایەتیی کورد بکات، هەیئەتێک، یان لێژنەیەکی باڵا دروست بکرێت کە هەمیشە پەیوەندیی هەبێت بەوانەی لە بەغدان و پێشنیازیان لێ وەربگرێت و گوێیان لێ بگیرێت و بانگیان بکات و پشتیان بگرێت، ئەم هەیئەتە بۆ دانوستاندن بێت، بۆ مافەکانی کورد بێت، بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بێت، بۆ هەموو ئەو پرسانە بێت کە کێشە لەسەرن لەنێوان کورد و بەغدا، ئەویش بە یەکەوە و بە کاری دەستەجەمعی بێت، نەک بە پێچەوانەوە ئەنجامدانی دانوستاندنی حیزبی و شەخسی بێت و دەستکەوتی حیزبی بهێنێتە نێو پرسەکان و خەریکی ئەم بابەتانە بن. بە داخەوە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت یەکڕیزیی نیشتمانی نییە، بەڵکوو یەکڕیزییە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، چونکە یەکڕیزی بەوە ناکرێت بڵێن: هیی خۆم بۆ خۆم و هیی تۆش دەخۆم؟

ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە یەکڕیزییە نیین، پێویستە یەکڕیزی لەسەر بنچینەی ئەوە بێت با بێین وەرەقەیەکی عەمەلمان هەبێت کە ئەوە داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانە، هەموومان داکۆکیی لێ دەکەین و سوور دەبین لەسەری، چەند جار ئەو وەرەقەی عەمەلە هەبووە جێبەجێیان نەکردووە و شکستیان پێ هێناوە و دواتر وەفدی حیزبی چووە و خەریکی دەستکەوتەکانی شەخسی و حیزبی بووە، هەر هەوڵ و بناغەیەکیش ئەگەر لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی گشتی نەبێت، ئەوا پەرتەوازەیی دروست دەکات و هەوڵەکانیش نەزۆک دەردەچن.

باسی سێیەم:
قۆستنەوەی دەرفەتەکان

خەڵک ئێستا زۆر نیگەران و ناڕازییە لەو شێوە حوکمڕانییەی کە هەردوو حیزبی دەسەڵات لە هەرێم بەڕێوەی دەبەن، ئایا بە نیگەرانی مافەکانی دەست دەکەوێت؟ بۆ ئەو نیگەرانییە ناقۆزنەوە؟ بە نیگەرانی خزمەتگوزارییەکان و شایستە داراییەکانی بۆ دێتە مااڵێ؟ نەخێر، بەڵکوو بە هەڵوێست و گۆڕانکاری دێتە دی، بە هەڵوێست ماف دەست دەکەوێت، بە هەڵوێست بارودۆخ بەرەو باش بوون دەچێت و گەندەڵی و ستەم لەناو دەچێت و گۆڕانکاری دروست دەبێت.

هیچ تاغووت و ملهوورێک، هیچ دەسەڵاتدارێکی خوار و لار، مافەکانت بۆ ناهێنێتە مااڵ. دەسەڵاتدارانی سەردەم عومەری کوڕی خەتتاب نین مافەکانت بۆ بێنێتە مااڵێ، هەموومان دەزانین ئەم دەسەڵادارانە کێن، قۆرخکار و خۆسەپێن و گەندەڵکارن، بە دانیشتن و نیگەرانبوون هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت، بەڵکوو دەسەڵاتداران بە بەرنامە هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵک ئاوا بێئومێد و بێهیوا بکەن کە بڵێن هیچ ناگۆڕێت، دەیانویست خەڵک بگاتە ئەو ئاستە و خەڵکیان گەیاندە ئەم ئاستە کە ئەو قەناعەتەیان لە لا دروست بێت کە هیچ ناگۆڕێت و بە کەسیش ناگۆڕێت، چونکە دەڵێن هەموو حیزبەکان وەکوو یەکن و هیچ جیاوازیان نییە!!!

ئەم تێگەیشتنەی خەڵک بۆ حیزبەکان زۆر مەترسیدارە و تەواو لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ستەمکارە، حیزبەکان چۆن جیاوازییان نییە و چۆن دەبێت هەموو وەکوو یەک تەماشا بکرێن و، خەڵکی پاک و گەندەڵکار چۆن وەک یەکن!؟ خەڵکێک کە ستەمی لێ کراوە وەک کەسێک کە ستەم دەکات وەک یەکن؟ کەسێک کە چاکە دەکات ئایا لەگەڵ خەڵکێک کە خراپە دەکەن،

یەکسان دەکرێن؟ خەڵکێک کە قۆرخکارە لەگەڵ خەڵکێک کە کراوەیە و ڕێگە بە خەڵک دەدات و بوار بۆ کەسابەتی خەڵک دەڕەخسێنێت، وەک یەکن؟ ﴿أَفَنَجعَلُ ٱلۡمُسلِمِينَ كَٱلۡمُجرِمِينَ (٣٥) مَا لَكُم كَيفَ تَحكُمُونَ (٣٦)﴾ القَلَم.

واتە: ئایا خەڵکی چاک و پاک وەک ئەوانەن کە تاوانبار و خراپەکارن؟ وا حیسابیان دەکەن؟ خوا دەفەرموێت: ئەوە بڕیارێکی زۆر خراپە ئێوە دەیدەن، شتێکی زۆر خراپە کە دەیڵێن.

بۆیە پێویستە خەڵک هەڵوێستی هەبێت و بێتە مەیدان و بڵێن نا! هیچی تێ ناچێت! تەنها بە دەنگدانەکەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا پێیان نیشان دەدەیت و پێیان دەڵێیت: نامانەوێن. بەڵام کاتێک خەڵک ناچێت بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئەویش خەڵکێکی خۆی هەیە و بەکاریان دەهێنێت، وێڕای ساختەکاری بۆ ئەوەی شەرعییەت بە مانەوەی خۆی بدات و لەسەر کورسیی حوکمڕانی بمێنێتەوە.

لەو پێناوەدا، ئێمە هەمیشە لەناو خەڵک و لەگەڵ خەڵک بووین و پێویست نییە تەنها لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن دەست بە پەیوەندیکردن بکەین، کە دەرفەتم هەبووبێت کردوومە، نەک وەک کەسانێک کە خەڵکیان نەبینیوە و بە پێنج پرسگە خەڵک پێیان ناگەن، تازە دێن خۆیان تێکەڵی خەڵکی دەکەن. بۆیان گێڕامەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن ٥٠ کەس لەناکاو دەچنە دوکانێکی (عەقارات)، بە خاوەنەکەی دەڵین: دەبێت دەنگمان پێ بدەن و ئێمە هاتووین و ئەوە کاندیدەکانمانن، دەبێت دەنگمان پێ بدەن و هیممەت بکەن، ئەوانیش پێیان گوتوون: ئەی بۆ تا دوێنێ کەس نەیدەبینین! ئەمەش بە ڕاستی ئیفلاسییە.

سەبارەت بە چارەسەرنەکردنی ئەو کێشە هەڵواسراوانەشی کە لەنێوان بەغدا و هەرێم هەیە، پێم وایە بەشێکی خۆمان بووین و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هۆکار بوون، کە نەیانتوانیوە ئیدارەدانی دانوستان و مفاوەزات بکەن، بەڵکوو هەر مفاوەزات و گفتوگۆیەکیان کردبێت هەر وەکوو پێشتریش باسم کرد لەپێناو

بەرژەوەندیی حیزب و کەسەکان و بنەماڵەکەیان بووە، تەماشایان کردووە لەم دانوستان و گفتوگۆیانە، لەم ڕێککەوتنەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی. حیزبەکەی چی دەست دەکەوێت و بنەماڵەی حیزب چەندیان دەست دەکەوێت، ئەمە پێوەر بووە بۆ گفتوگۆ و دانوستانەکان، واتە پێوەر ئەوە نەبووە کە کورد چ قازانج دەکات؟ بەرژەوەندیی کورد لە چیدایە؟ یان بەرژەوەندیی کوردستان لە چیدایە؟

حکومەتی عێراق و بەرپرسەکانی یەک لە دوای یەک هەموویان زانیویانە کە ئەمە داواکارییەکانی کوردە و کێشەی کوردە، ئەگەر داواکاریی حیزبێک جێبەجێ بووبێت، ئەوە بۆ خۆی بە جیا داواکارییەکانی خۆی دەست کەوتووە و دەستکەوتەکانی بە دەست هێناوە و ئامانجەکانی خۆی هاتووەتە دی نەک هیی خەڵک. جاری وا هەبووە ڕێک کەوتوون لەسەر ڕەشنووسێکی دانوستاندن کە هەموومان بە یەکەوە مفاوەزات بکەین، دوایی بە جیا حیزبەکانی دەسەڵات چوون وەفدی خۆیان ناردووە، لەوڵاشەوە ئەوەی دیکە بە جیا چووە و لە لایەکی دیکە وەفدێکی تری خۆی ناردووە، جاری واش هەبووە وەفدی هەردوو لا لە بەغدا بوون بۆ گفتوگۆ و مفاوەزات لەگەڵ حکومەتی عێراقی، هەردووکیان ئیددیعای بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانیان کردووە، کەچی لە ڕاستیدا هیچی بۆ بەرژەوەندیی کورد و کوردستان نەبووە و گشتی لە چوارچێوەی قازانج و بەرژوەندیی تەسکی حیزبی و بنەماڵەییدا بووە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو ئەو نەهامەتی و گرفتاری و بەدبەختییانەی کە لە سایەی ئەو حوکمڕانییە سەقەتەی هەرێم بەسەر ئەم خەڵکە خێرلەخۆنەدیوە هاتووە و هیچی بۆ بەرژەوەندیی ئەوان نەکراوە. بۆیە پێویستە لە بەرانبەر ئەو کەمتەرخەمییەی دەسەڵات ئەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارانەی بە کولەمەرگی تێیان پەڕاندووە، نابێت لە بیری بکەن، بەڵکوو دەبێت لە ڕۆژی خۆی بە تایبەتییش لە ڕۆژانی هەڵبژاردن و دەنگدان بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان لە دژی ئەوانە بدەن.

باسی چوارەم:
چیمان پێشکەشی خەڵک کردووە؟

لەو پۆستە سیاسی و ئیدارییانەی وەرمان گرتوون، بە تایبەت وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو. هیچ ئامانجێکی کەسی و تایبەتیی خۆمانی تێدا نەبووە، هیچ داواکارییەکی خۆم نەبووە لە خوا بە زیاد بێت، کێشەیەکی خۆیشم نەبووە تا چارەسەری بکەم، سوپاسی جەنابی (مامۆستا عەلی باپیر) و سەرکردایەتییش دەکەم بە ڕاستی پشتیوان و پشتگیر بوون و دەستکراوەش بووم کەچی دەکەم و چۆن دەکەم. مرۆڤ کە ئامانجی خۆی نەبوو، ئامانجی تایبەتی و شەخسیی خۆی نەبوو زۆر شتی پێ دەکرێت. دەبێت دیبلۆماسییەتت بەهێز بێت لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لەگەڵ عێراق، هەرچی ڕێگەکانی دیبلۆماسی و هەرچی ڕێگەکانی سەرکەوتن لە ڕووی پەیوەندییە سیاسییەکانەوە هەیە بیگرێتە بەر. ئێمە هەوڵمان داوە و ئەوانەمان هەموو کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ کە ئامانجی شەخسیی خۆی نەبوو باشتر بەرگریی لە سێکتەرەکەی خۆی و لە خەڵکی خۆی پێ دەکرێت و چاکتریش گوێی لێ دەگیرێت و حیسابیشی بۆ دەکرێت. نموونە بێنمەوە: ئەمریکا وڵاتێکی بەهێزە، ئەو کاتەی شەڕی داعشیش بوو ئێمە باجمان لەسەر بەرهەمی هاوردە دانا لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆمان، چونکە جووتیاری خۆمان هەر لە زەرەردا بوو بە هۆی بەرهەمی ئێرانی و تورکی و وڵاتانی دیکە، کە باجمان دانا لە لایەن ئەو وڵاتانەوە نارەزاییی لێ کەوتەوە، چونکە ئەوانیش بەرهەمی کشتوکاڵییان دەهێنا بۆ کوردستان، جارێکیان کونسوڵی ئەمریکی هاتە لام گوتی: بازرگانەکانی ئێمە هەموویان پەشۆکاون لەو بڕیارەی ئێوە داوتانە، گوتم: ئێمەش هەتا ئەو بڕیارەمان نەدا جووتیارەکانمان هەموو لە زەرەردا بوون.

هەندێک قسەی کرد و گوتی: ئێمە بۆ سێ شت هاتووین، یەکەم: پیرۆزباییت لێ دەکەم کە تۆ بوویت بە وەزیر، گوتم سوپاست دەکەم، هەشت نۆ مانگێک دەبوو بووبوومە وەزیر. دووەم گوتی: ئەگەر ئێمە دەعوەتی ئەمریکات بکەین، قەبوڵی دەکەیت؟ گوتم: بە خۆشحاڵی و بە سوپاسەوە. سێیەم گوتی: ئێمە هەندێک کۆمپانیامان هەیە شت دەهێنن داوا دەکەین باج لەسەر کۆمپانیاکانی ئێمە نەبێت بۆ ئەو کەلوپەلە کشتوکاڵییانەی کە دەیهێنن، گوتم: ئێمە ناتوانین، لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن یەکێک لە سەرچاوەکانی داهات لە هەموو وڵاتان بریتییە لە باج، گوتی: وایە.

مەبەستم لە دیبلۆماسییەتە ئاوەها دەبێت (بە مەدح نەبێت) بە زمانی خۆی قسەی لەگەڵ بکەیت، گوتم: لە ئەمریکا یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی داهاتەکەی بۆ ژێرخانی ئابووری بریتیی نییە لە باج؟ گوتی: بەڵێ، گوتم: ئەگەر چۆلەکەیەک بە ئاسمانی ئەمریکادا بڕوات، نایهێنن خواری بە فڕۆکەکانتان باجی لێ بستێنن؟ گوتی: با، گوتم: ئەدی بۆ بۆ ئێمە قەبوڵ نییە؟ ئێوەش دەزانن دۆخی دارایییان چۆنە؟ لەگەڵ ئەوەش ئەمریکا وڵاتێکی گەورەیە و ئێستا هاوکاری هەرێمی کوردستانە و بەرگری دەکات لە بەرانبەر داعش، ئێمە سوپاستان دەکەین، بەڵام ئەوەش دۆخی دارایی ئێمەیە و ئەوەش بڕیاری خۆمانە، گوتی: هیوادارم موراجەعەی بکەنەوە، گوتم: ئێمە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریان هەیە لەوێ موراجەعەی دەکەینەوە و وەڵامیشت دەدەمەوە. جارێکی دیکەش هاتەوە گوتم: بڕیارەکەی ئێمە وەک خۆیەتی، گوتی: باشە تەکلیفێکی دیکەمان هەیە، گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەو گۆشت و شتانەی کە ئێمە دەیهێنین بۆ سوپای ئەمریکی کە شەڕی داعش دەکەین لەوە باجمان لێ وەرمەگرن، گوتم: لەوانە باجتان لێ وەرناگرین، بەسەرچاو ئەوە هەر کاتێک ویستان وەرن داواکاری پێشکەش بکەن کە دەیهێنن بۆ سوپاتان بۆ سەربازەکانتان لەوانە باج وەرناگرین، هەندێک لە دڵسۆزەکانی وەزارەت، مرۆڤ ئەگەر شتێکی کرد لە بەرانبەر خەڵکەکەی دونیا خراپ نابێت، گوتیان: ئەوە فلانکەس هەتا ئێرە باشی هێنابوو، بەڵام لەمەو

دوا خۆری ئاوا بوو، مادام ململانێ لەگەڵ ئەمریکا دەکات و بە قسەی ئەمریکا ناکات، گوتم: هیچ سەغڵەتیی ناوێت، یەکیان گوتی: باشە فلاّنەکەس خوانەخواستە سبەی تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بوویت و تەنهاش لە ئەمریکا چارەسەری هەبێت، ئەو کات ڤیزەی ئەو ولاّتەت نادەنێ.

بە داخەوە بەرپرسانی هەرێم هەمیشە ئاوا بیر دەکەنەوە، پیاوێکی دڵسۆزیش بوو، گوتم: با منیش وەک ئەو خەڵکە لەو ولاّتەی خۆم بمرم، با نەتوانم بچمە ئەمریکا، با نەخۆشییەکی دەگمەنیش بێت، یانی چییە؟ خۆ من لەو خەڵکەی زیاتر نیم، دوای نزیکەی ساڵێک ئەمریکا کۆنفرانسێکی گەورەی ئابووریی بەست لە شاری (واشنتۆن) یەکێک بووم لەوانەی کە دەعوەت کرابووین، لەوێش ئەو کاتەی ڕاوێژکاری ئابووریی (ئۆباما) وتاری هەبوو، منیش لەوێ وتارم هەبوو، دەعوەتیش کرام و چووینە (جامیعەی جۆن هۆپینس) زۆر ڕێزیشیان گرتم و بەشداریشم کرد و هاتمەوە و بە خۆیان ڤیزەکەشیان دامێ، من هەر داواشم نەکردبوو، لەگەڵ ولاّتان لەگەڵ ئێران لەگەڵ تورکیا لە زۆر بابەت ئێمە تێکگیراین، بەڵاّم چونکە ئامانجێکی شەخسی و تایبەتیم نەبوو، ئامانجم ئەوە بوو جووتیار زەرەر نەکات، ئامانجم ئەوە بوو کە کۆمپانیا کشتوکاڵییەکانمان بە تایبەتی زەرەر نەکەن و هەرێم قازانج بکات، بۆیە دەمتوانی لەسەر قسەی خۆم سوور بم و سوپاس بۆ خوا بە دەستیشمانەوە دەهات.

سوپاس بۆ خوای گەورە لە ئەزموونی کاری حوکمڕانیم وەکوو وەزیر، نەمهیشتووە تۆزقاڵێک پارە و سامانی دونیا کارمان تێ بکەن و بڕیار لەپێناو حەزی شەخسی و دەستکەوتی ماددی و مەبەستی ناشەرعی بدەین، هەرچەندە بە داخەوە ئەو جۆرە بەرپرسانە زۆر بوون کە بە پارە و سامان فریو دەدران و هەر زوو دەکڕدران و کاریان لەپێناو بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان دەکرد.

زۆر جار داوام لێ کراوە و گوتوویانە ئەوەمان بۆ بکەن ئێمە هاوکاریی قوتابخانە شەرعییەکانتان دەکەین، هاوکاریی بنکە و بارەگەکانتان دەکەین، ئەو

حاڵەتە زۆر بوو و بە زۆر کەسی دیکەشیان گوتووە، یانی جاری وا هەبووە بۆ ئەو مەبەستە خەڵکێک چوونەتە بن کڵێشەی هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی، نووسراوێکی ویستووە بۆ بابەتێک کە قەدەغە بووە ئەو بابەتە بێتە نێو هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە: (دوگ) قەدەغە بوو بێتە هەرێمی کوردستان کە نەخۆشیی پێوە بوو، ئێمە لێ نەگەڕاین بێتە ژووری، دەیانگوت: ئەگەر بهێڵن بێتە ژووروەوە، ئێمە ئاوا بەو شێوەیە هاوکاریی ئێوە دەکەین. ڕۆژێکی دیکە برایەک گوتی: لەبەر ئەوەی دۆخمان زۆر خراپە، گوتم: گوێت لێ بێت، گوتی: بەڵێ، گوتم: بە خوا بارەگەکان یەک یەک دابخرێن لەبەر بێپارەیی، ئەوە ناکەم، چونکە ئەوە زیانی بۆ هەموو کوردستان هەیە و لێشی بەرپرسیارم، دەزانم تۆ دڵسۆزیت، دەتەوێت وەکوو خێرێک یان وەک سەدەقەیەک ئەو کارە بکەم، بەڵام نایکەم.

مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ کە خەمی شەخسیی خۆی نەبوو زۆر شتی پێ دەکرێت، نااڵێم هەموو شتێک، بەڵام زۆر شتی پێ دەکرێت، زۆر خزمەتی گەورەشی پێ دەکرێت، بێگومان ئەوەشم لەپێناوی خوا و لەپێناوی دینەکەم دواجار لەپێناوی خەڵک و نیشتمانەکەم کردووە.

بۆ ڕێگریکردن لە هەندێک شتی ناشەرعییش کە جار جار دەهاتە پێش، چ ئەو کاتەی لە حکومەت بووین یان لەو کاتەی لە پەڕلەمان بووین، پێویستی دەکرد هەڵوێستمان هەبێت، جا ئەو شتانە یان ڕاستەوخۆ ناشەرعی بوون و پێچەوانەی بیروباوەڕو عەقیدەی مسوڵمانان بوو، کە دەبێت دەستبەجێ بۆی هەڵسیتە سەرپێ و ڕێگریی لێ بکەیت، یان جاری وا هەبووە بە ناڕاستەوخۆ و فێڵێکی لەژێرەوە هەبووە، یان تەئویلێکی ناشەرعیی لە پەنایە. بۆ نموونە: کاتی خۆی ئێمە پڕۆژەیەکمان هەبوو کە چوارده بەندا بوو بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر هەموو کوردستانماندا دابەش کردبوون، نزیکەی سێ ملیار و نیو دۆلاریان تێ دەچوو و هەموو تەواو دەکران، پاش فەزڵی خوا هەرگیز بێئاو

نەدەبووین، وا دابەش کرابوو، ئەو باران و ئاوەی هەمانە لە هەرێمی کوردستان کە گل دەدرایەوە ئەگەر کەمیش بووایە، دوایی بۆ کشتوکاڵ و بۆ خواردنەوە و بۆ گەشتوگوزار و بۆ پیشەسازی و بۆ هەموو شتێک بە کەڵک دەهات.

چووینە ولاتی چیک، بانکێکی گەورەی هەبوو لەوێ بانکێکی نێودەوڵەتی دەعوەتیان کردین و گوتیان: ئەو بانکە بە قەرز پارەتان دەدەنێ، چووین لەگەڵ بانکەکە دانیشتین، بانکەکە گوتی: ئامادەم ئەو پارەیە بدەم بە هەندێک زەمانات، گوتم: باشە زەماناتەکان دەکەین، گوتیان: گرنگ دەبێت بیکەن، گوتم: سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات، من خۆیشم دەیکەم کە وەزیرم، گوتم: وەرگرتنەوەکەی چۆنە؟ گوتی: ئێمە قازانجی (٧%)مان دەوێت.

گوتمان: ئەوە دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت و کەم بکرێتەوە، پێم وا بوو دەیانهێنا تا (٤%) یان (٣.٥%)، گوتم نامانەوێت، ئەوانەی لەگەڵمدا بوون، گوتیان: ئەوە دەرفەتە با ئەو ١٤ بەنداوەی تەواو بکەین و حکومەتیش پارەی هەیە وردە دوایی بۆ خۆی دەیداتەوە، گوتم: لە شەرعدا جاری وا هەیە بۆ هەندێک پرس بۆ زەروورەت پێویستە وەری بگریت، یەکیان پرسیاری کرد گوتی: لە ڕووی شەرعەوە ئاو زەروور نییە؟ گوتم: بێگومان، گوتی: ئەی ئەگەر پەکمان کەوت لەسەر ئاو، گوتم: ئەگەر پەکمان کەوت و خەڵک لە تینوان بخنکێت یان ژیان نەمێنێت، بەڵێ دروستە وەری بگرین، چونکە ئەو کات ژیانی خەڵک لە پێشترە، بەڵام ئێستا پێم وا نییە لە ئێستادا ئەو زەروورەتە هەبێت، بۆیە گوتم: نایکەم، بەڵام ڕێگەیەکی تر هەیە، ئەویش: سیستەمێکی خەلیجی هەیە کە قازانجکردنە لە سەرمایەکە، بۆ نموونە: لە جیاتیی ئەوەی بڵێیت: سێ ملیار، بڵێ: سێ ملیار و دووسەد ملیۆن دۆلار، چونکە کولفەی هەیە و ناڕەحەتیی هەیە، لە سەرمایەکەی و لە دروستکردنی ئەو بەنداوانە با پشکت

هەبێت و با قازانجت هەبێت حەقی خۆیشتە لەبەر ئەوەی پێوەی ماندوو دەبیت، من ئەوەیان دەکەم.

قەرزی درێژخایەن ئەو سیستەمەیە کە بە ڕیبا دەیهێنن، نازانرێت چەند قازانجت لێ وەردەگیرێت بە ڕیبا، مەبەستم ئەوەیە من بەرپرسیارم و ئەوە ناکەم، پاشان گەڕاینەوە ولاتی خۆمان، ئەو جۆرە مامەڵە و بابەتانە زۆر دەهاتە پێش.

سەبارەت بەو بێڕێزییەی بەرانبەر پێغەمبەری خوا کرا «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»، ئەو کات لە پەڕلەمانی کوردستان بووین. بۆیە خۆم بە بەرپرس دەزانی وەک ئەو خەڵکە و لە هەمان کاتیشدا وەک نوێنەری خەڵک، هەستاین ئیمزامان کۆ کردەوە گوتمان: وەرن کێ بەرگری لە پێغەمبەری خوا دەکات «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»؟ هیچ وا هەیە تەکلیفمان لێ کردووە و گوتوومانە تێیدا بە، چونکە ئەگەر دوایی ناوت تێدا نەبێت زۆر عەیبدار دەبیت، دەیانگوت: با سەرۆکایەتیی پەڕلەمان ئەمە بکات وەک دامەزراوەیەک، یان حیزبەکان، گوتم: ئێمەش بەرپرسیارین سەرۆکایەتیی پەڕلەمان ئەمە ناکات و نەشیانکرد، بەڵکوو دژایەتییان کرد، خەڵکێک هەیە موزایەدەمان بەسەردا دەکات.

ئێمە دەزانین زۆرینەی هەرە زۆری هەرێمی کوردستان دژی ئەوەن کە بێڕێزی بەرانبەر پێغەمبەرەکەیان بکرێت «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەی کە نوێنەری ئەو خەڵکەم و شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرشین «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»، ناکرێت لێی بێدەنگ بیت و هیچ نەکەیت. لەو پێناوەدا ڕۆژ و نیوێک گەڕاوم بەنێو پەڕلەمانتاراندا تا ئیمزا کۆ بکەمەوە دژی ئەو بێڕێزییەی بە پێغەمبەرەکەمان کراوە، ئەوە بوو دواجار مەوعیدم وەرگرت لە کونسوڵییەی فەرەنسی.

کوا لە کوێ بوون ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئیمزایان نەکرد؟ خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەدەچووینە کونسوڵییەی فەڕەنسی، ئەی بۆ نەهاتن؟ لە کوێ بوون؟ گوتم: جەنابی کونسوڵ، گوتی: بەڵێ، گوتم: هاتووین تا نیگەرانیی ئەم خەڵکە بە حکومەتەکەتان بگەیەنن، خەڵک ئەو بێڕێزییەی پێ ناخۆشە، ئێمە میللەتێکی مسوڵمانین بۆ بێڕێزی بەرانبەر بە پێغەمبەر دەکەن «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ»؟ ئێوە چ ئیشتان بەم ئیشەیە، گوتم: حەز دەکەم بزانیت، ئێستا من بکوژن بە لامەوە ئاساییە، بەس قسە بە پێغەمبەری خوا نەڵێن «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

ئێمە بەم شێوەیە بەرگری لە دین و بیروباوەڕی خەڵکی خۆمان دەکەین، بە واجبیشی دەزانین هیچ منەتیش ناکەین، بە خوا یەک کەسیش نەبێت، ئەوە قەناعەتمانە و بەردەوامیش دەبین لەو بەرگریکردنە، کەچی ئەوانیش بۆ موزایەدە و چاوبەستەکی خەڵک لێرە و لەوێ باسی دین دەکەن و فرمێسکی تیمساحیی بۆ دەڕێژن، ئەی ئەگەر ڕاست دەکەن بۆ نوێنەرەکەتان لەگەڵ ئێمە نەهات بۆ کونسوڵخانەی فەڕەنسا بۆ بەرگریکردن لە پێغەمبەری خوا «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ». بەڵکوو دوای ئێمە وەفدێک لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و هەندێک پەرلەمانتاری حیزبە عەلمانییەکانی دەسەڵات سەردانی کونسوڵییەی فەڕەنسیان کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ حکومەت و گەلی فەڕەنسا دووپات کردەوە!!

سەبارەت بە کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران بە داخەوە درۆی شاخدار و بوختانی ناڕەوامان بەرانبەر کراوە لە لایەن خەڵکانێکەوە، کە بە قسە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی عەیار بیست و چواریش دەزانن کە زۆر دووڕە لە ئەخلاقی سیاسی، گوایە ئێمە ڕەتمان نەکردووەتەوە و ئەوە ئەوانن ڕەتیان کردووەتەوە و هاتوون موزایەدەیان بەسەردا کردووین، خوا ئاگاداڕە هەتا نەمبینی شتی وام نەبیستبوو لە پەرلەمان، درۆکردن نەنگییەکی زۆر گەورەیە لەپێناوی چوار پێنج

دەنگ؟ ئاوا سەرکردایەتیی خەڵک دەکەن؟ ئاوا خۆتان بە موعارەزەی حەقیقی لە قەڵەم دەدەن؟ کەی ڕەوایە خەڵک ئەم دەموچاوانە هەڵبژێرێت؟ درۆکردن لەگەڵ خەڵک بە تایبەت لەگەڵ ئێمەمانانێک زۆر ڕیسوایی و شەرمەزاریە، کە لە خوا بە زیاد بێت هەرگیز نەمانزانیوە خیلاف چییە؟

بۆ ئەم پرسە پرسی کڕینی ئۆتۆمبێل، (مامۆستا عوسمان کانی کوردەیی)م لە جێی خۆم نارد بۆ کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی پەڕلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، دەمزانی بابەتی کڕینی ئۆتۆمبێلە، گوتم: مامۆستا بچۆ و بڵێ: ئێمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کڕینی ئۆتۆمبێل نیین، سەرۆکایەتی گوتبوویان: ئەم بابەتە بابەتێکی هەستیار و حەساسە تەرح کراوە، گوتیان: تەنها دەمانەوێت جارێ پێش هەموو کەسێک ئۆپۆزسیۆن قسە بکات.

لە ئۆپۆزسیۆنیش کێ زۆرینەیە؟ ئێستا ئێمە گەورەترین کوتلەی موعارەزە بووین لە پەڕلەمانی کوردستان، کێ زۆرینەیە بەپێی پڕۆتۆکۆڵ دەبێت ئەو قسە بکات، نوێنەری ئێمە قسەی کردووە و گوتوویەتی: بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کڕینی ئۆتۆمبێل نیین بۆ پەڕلەمانتار. ئەوە ڕای فەرمیی فراکسیۆن و ڕای حیزبیشە.

بۆ بەرگریکردنیش لە قووت و بژێویی خەڵکیش، بەردەوام وەکوو فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری بەرگریی سەرسەختمان لە بژێوی و ژیانی خەڵک کردووە، حکومەت بە ناڕەوا مووچەی لێ بڕیون، ئێمە لە فراکسیۆن یەکەم کەس بووین قسەمان هەبووە، لە خوا بە زیاد بێت کە پرساندنمان کرد، بە حکومەتمان گوت: ئێوە بە نایاسایی لێبڕینی مووچەتان کردووە، مادام مووچەتان پێ نادرێت و بژێویی خەڵکتان پێ دابین ناکرێت و کێشەی خەڵکتان پێ چارەسەر ناکرێت و سنوورتان پێ ناپارێزرێت هەموو ڕۆژێک تۆپباران و لەشکرکێشییە، واز بێنن! لە کۆڵی ئەم خەڵکە ببنەوە! کێ ئەم هەڵوێست و قسانەی هەبووە؟ بە شانازییەوە

ئەوە هەمووی تەوفیقی خوایە، لە خوا بە زیاد بێت خوا بۆمان زیاد بکات و لێیان کەم نەکات، بە ڕاستی و دروستی بەرگریمان لە ژین و دینی خەڵک کردووە و بەرپرسیارین لە دینی خەڵک ئەوەندەی کە پێیان بکرێت و لە ژینیشیان بەرپرسیارین ئەوەندەی کە توانامان هەبێت، بۆیە دەڵێم: ئەمە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی ئێمەیە.

بەشی چوارەم
سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا

لەم بەشەدا ئەگەر بە پوختی و گوشراوییش بێت باسێک بە ڕووی سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا دەکەینەوە، هەرچەند ئەم بابەتە ئاوکێشە و قسە و باس زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی لەسەر هەر دەڵێین، چونکە شارەزابوون و ئاشنابوونی خوێنەر بە چۆنیەتیی حوکمڕانی لە سیستەمی ئیسلامیدا، بەرچاوڕوونییەکی باشی پێ دەدات و تەمومژ و گومانێکی زۆریش دەڕەوێنێتەوە و ڕاست و دروستیی ئەم سیستەمە دەردەخات.

ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ژیان و حوکمڕانێتیی ئێستا و ڕابردووی ئیسلام، کە پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەوڵەتی مەدینەی دروست کرد، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئێستادا، بۆیە ئێمە زیاتر چاو دەخەینە سەر ئەو بابەتە.

سەبارەت بە بابەتی سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا و بەراوردکردنیشی لەگەڵ ئەو سیستەمانەی یاخود ئەو حوکمڕانییەتەی ئێستا هەن چ لە عێراق و هەرێمی کوردستان و چ لە دونیادا، لێرەدا چەند پرسیارێک دێنەوە پێشەوە: ئایا ئیسلام (کە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا حوکمڕانی کردووە) بە کەڵکی حوکمڕانی دێت؟ ئایا ئەوەی کە خەڵک داوای دەکات و خەڵک پێویستی پێیەتی و پەکی لەسەر کەوتووە، ئیسلام بۆی دابین دەکات؟ ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە کۆمەڵگە هەیە چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئایا ئیسلام چارەسەری ئەوانەی پێیە؟ چارەسەرەکەی چییە؟ لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی تر، هەوڵ دەدەم ئەگەر بە کورتییش بێت قسەیەکیان لەبارەوە بکەم.

ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەری خوا «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ» لە مەدینە دایمەزراند، دوای ئەوەی کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە، هەڵبەت ئەویش کۆچی بە ناچاری بوو و پێی خۆش نەبوو مەککە جێ بێڵێت، نە پێی خۆش بوو خاک و زێدی خۆی بەجێ بێڵێت، نە پێشی خۆش بوو لەنێو خزم و کەسوکار و

ئەو خەڵکەی کە دەیناسین وەدەر بنرێت و بەجێیان بێڵێت، بەڵام کە ئەوێشی بەجێ هێشت بەردی بناغە و بنچینەی واقیعێکی نوێی دامەزراندبوو لە مەدینە، کۆمەڵێک کەس کە بڕوایان پێ هێنابوو و کاریان بۆ ئەوە دەکرد ئەگەر لە مەکەکەش ئەو کەمە مسوڵمانە جێیان نەبێتەوە و نەتوانن ئەو بەرنامە و شەریعەتەی خوای تەعالا لە ژیانی خۆیان پیادە بکەن، ئەوان بە خۆیانەوە بگرن و ئەو کیان و قەوارەیە لەوێ دروست بکەن، ئەمانە خەڵکێکی ڕاستگۆ و ئازا و بوێر بوون، چونکە هەمیشە کیان و قەوارە و دەوڵەت و حوکمڕانی بە خەڵکێکی ئازا و بە هەڵوێست و بوێر دروست دەکرێت.

ئەوە بوو دواجار پێغەمبەری خوا «ﷺ» ئەو کیان و قەوارەیەی ڕاگەیاند، ئەو کیان و قەوارەیە ئەگەر تەماشای قورئان بکەین زۆر باسی پێغەمبەر دەکات «ﷺ»، باسی هاوەڵانی پێغەمبەر دەکات، باسی جێبەجێکردنی شەریعەت دەکات، باسی ئەو جەنگ و ئاشتییانەی کە کراون لەو سەردەمەیدا دەکات، ناوی ئەو دەوڵەتە ناهێنێت، باسی ئەو دەوڵەتە ناکات کە ناوی چی بووە. لە لایەکی دیکە تەماشای هەموو فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا بکە «ﷺ» و تەماشای مێژووی ئیسلام بکە، ئەوانەی کە گێڕاویانەتەوە چ وەک سوننەت و (السیرة)، چ وەک لە فەرمایشتەکانیدا هاتبێت، یان هاوەڵانی پێغەمبەر «ﷺ» باسیان کردبێت، ناوێکی نەبووە بەو مانایەی ئەوە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی بووبێت، یان ناوی کیان و قەوارەیەکی ئیسلامی یان حوکمڕانییەکی ئیسلامی بووبێت، یان هەر ناوێک لەو بابەتە. بۆ نموونە: دەوڵەتی قورئان، یان دەوڵەتی ئیسلام، بەڵکوو تەنیا کیان و قەوارەیەکی سیاسی بووە، یان قەوارەیەکی سیاسیی ئیسلامی لەسەر بنچینەی ئیسلام، بەڵام مافی هەموو ئەو پێکهاتە و نەتەوە و بیروبۆچوونە جیاوازانەشی داوە کە لەوێ دەژیان.

دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوە هیچ ناوێکی بۆ ئەم دەوڵەتە هەڵنەبژاردووە، چونکە تەنها مسوڵمانان لە مەدینە نەدەژیان، بەڵکوو وەکوو گوتمان پێکهاتە و نەتەوە و

بیروبۆچوونی تری جیاوازیش هەبوون، جا لەبەر ئەوەی حوکمڕانییەکە، حوکمڕانییەکی ئیسلامی بووە، دەسەڵاتی ئیسلام تێیدا جێبەجێ کراوە. بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بە غەریب و نامۆ نەبینن، بگرە بە پێچەوانەوە خۆیان بە خاوەنی ئەو وڵاتە بزانن.

ئەمەش بێگومان کاریگەریی خۆی هەبووە، چونکە پەیماننامە (میثاق)ێک لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینە مۆر کرا، کە هەموویان وەک یەک هاوبەشن لە پاراستنی ئەم کیان و قەوارەیە، هەر دەستدرێژییەک بکرێتە سەر ئەو کیان و قەوارەیە، هەموویان بە یەکەوە بەرگریی لێ دەکەن.

کەواتە حوکم و شەرعی ئەو دینە و ئەو ئیسلامە بەسەر هەموو خەڵکدا جێبەجێ کراوە، بەڵام لەو چوارچێوەیەی کە شەرع دیاریی کردووە. بۆ نموونە: ڕێگەی بە جوولەکە داوە کە ئازاد بن لە جێبەجێکردنی دروشم (الشعائر)ەکانی خۆیان، لە عیبادەتەکانی خۆیان و لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان، تەنها یەک قەزیە هەیە، ئەویش ئەوەیە هەندێک بابەت هەیە پێی دەگوترێت (ئادابی گشتی)، کە ئێستاش لە هەموو دونیا هەیە، دەبێت هەموو کەس پێوەی پابەند بێت، ئەوە بۆ مسوڵمانیش و بۆ گاوریش و بۆ جوولەکەش و بۆ هەر کەسێکی دیکەشە، ئەگەر تۆزێک وردتری بکەینەوە بە نموونە لە وڵاتێکی ئەورووپی، سیستەمێک دانراوە لەگەڵ ئەم سیستەمە دەستوور هەیە، ئەم وڵاتە یاسای هەیە، هەندێک ئادابی گشتییشی داناوە، هێڵی سوورن بۆ هەموو کەس، بۆ نموونە: لە هەندێک وڵات ڕێگە نادرێت یەکێک لە شەقام بە ڕووتی بڕوات، ئەوە ئادابی گشتییە، ئەگەر پۆلیس پێی بزانێت دەیگرێت، ئەوە هەر وەکوو چۆن بۆ جوولەکەیەک هەیە، بۆ گاورێک هەیە، بۆ مسوڵمانێکیش هەر وایە.

هەندێک ئادابی گشتی هەیە کە لە شەریعەت ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەو ئادابی گشتییە ڕێ ناگرێت کابرا بچێت لە کەنیسەی خۆی عیبادەتی خۆی بکات، ڕێ ناگرێت کابرای جوولەکە بچێت لە دێرێک عیبادەتی خۆی بکات،

هەر کەسێکی دیکەش ئازادە لە بیروباوەڕی خۆی و لە مومارەسەکردنی بیروباوەڕی خۆی، بەڵێ ئەوە دەوڵەتێک بووە یان دەتوانم بڵێم کیان و قەوارەیەک بووە کە هەمووی کۆ کردبوونەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێکیش ئیدارەی ئەو وڵاتە دەدرا، ئەمەش بە سەردەمێکی زێڕین لە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامی دادەنرێت.

باسی یەکەم:
بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا

لەم باسەماندا دەرگە بە ڕووی کۆمەڵێ پرس و بابەت دەکەینەوە تایبەت بە بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا، بۆ ئەوەی بزانین گرنگی و پێویستیی هەبوونی بەرپرسیارێتی لە ئیسلامدا چییە؟ ئایا کاربەدەستان چۆن دیاری دەکرێن؟ ئایا بە دانانە؟ بە میراتە؟ بە هەڵبژاردنە؟ بە خۆسەپاندنە؟ ئایا لە ئیسلامدا دروستە داوای بەرپرسیارێتی بکەیت؟ ئایا ئەو خەلیفانەی کە لە دوای پێغەمبەری خوا یاخود ئەو جێنشینانەی کە لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتن، ئیمامی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، چۆن هەڵبژێرران و چۆن دیاری کران؟ هەڵبەتە لەم بارەیەشەوە بۆ کۆی ئەم پرس و پرسیارانە ڕوانگەی ئیسلام لە هەمبەریان دەخەینە ڕوو.

بەرپرس و خاوەن دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ڕووی پێکهوەژیان و ئاساییشی کۆمەڵایەتی کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر کۆمەڵگەکە، سەرکردە یان دەسەڵاتدار دەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو ئاشتی و تەبایی و خۆشگوزەرانی ببات، بە پێچەوانەشەوە دەتوانێت بەرەو هەڵدێر و ناتەبایی و ئاڵۆزی ببات.

کاریگەرییەکانیش بەپێی سەرکردەکان دەگۆڕێت لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵبەتە لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ئەورووپاش، لە ئەورووپا یاسا و دەستوورێکیان هەیە لە سەری دەڕۆن و پێوە پابەندن و، کارەکانیان بە دامەزراوەیی کردووە.

سیاسەتی ئەو کەسە یان سیاسەتی ئەو ستافەی لەگەڵ ئەو کەسە دەسەڵاتی ئەم وڵاتە وەردەگرن، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، هەیە ڕوو لەوەیە

کێشەکان بە هێز یەکلایی بکاتەوە. یەکێکی دیکە لەوانەیە خۆی و ستافەکەی قەناعەتیان وا بێت بە ڕێگەی دیبلۆماسی کێشەکان یەکلا بکەنەوە، سەبارەت بە ئابووریی ولاتیش باوەڕیان وایە بە سیاسەت و دیبلۆماسییەت ئابووریی ولاتەکەیان لەگەڵ ولاتان بەهێز بکەن، جاری وا بووە بە دیبلۆماسییەت و بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ هەندێک لە ولاتان یەک دونیا پارەیان بۆ خەڵکی خۆیان بردووەتەوە، جاری واش هەبووە بە شەڕ، هەڵبەت پێم وایە بە کەسەکان دەگۆڕێت وەک چۆن لای ئەوان کەسەکان ڕۆڵ دەبینن، لای ئێمەش بە زیادەوە.

ڕۆڵی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەی خۆمان دەسەلات وەردەگرن زۆر گرنگ و جێی بایەخە، چونکە سەرکردەکان پابەند نین بەو یاسا و ڕێسایانەی لە ولاتدا هەن. بۆ نموونە سەیری عێراق بکەن، وێرانە، عێراق ئێستا لە ڕووی حوکمڕانییەوە پێی دەگوترێت دەوڵەتی شکستخواردوو (الدولة الفاشلة). لەبەر ئەوەی پابەند نییە بە سیستەم و نیزام و دامەزراوەکان، لە کاتێکدا عێراق خاوەنی دەستوور و خاوەنی دامەزراوەی خۆیەتی، هەرێمی کوردستان وێرانتریشە لە عێراق، بۆ؟ چونکە یەکەم جار وەک باسم کرد، بەرپرسی دڵسۆز و خەمخۆر ولات بەرەو موئەسسەسات دەبات، ولات بەرەو یاساسەروەربوون دەبات، ولات بەرەو دەوڵەتی یاسا دەبات، بەرەو دەوڵەتی هاوولاتی دەبات، کە هاوولاتی تێیدا خاوەن بڕیارە، ڕێزلێگیراوە، مافی پارێزراوە، خەڵک وای لێ دەکات وردە وردە بە یاساکان پابەند بێت، بەڵام کاربەدەستانی ئێمە بە داخەوە پێش هەموو کەس بۆ خۆیان پێشێلی دامەزراوەکانیان کردووە، پێشێلی یاسایان کردووە، پێشێلی کیان و قەوارەیان کردووە. لە هەرێمی کوردستان خاوەنی شەش ملیۆن کەسێکین بە کەرکووکیشەوە، بەڵام دوو ئیدارەمان هەیە، دوو زۆنی جیاوازمان هەیە، لەنێو ئەو دوو زۆنەش، هێشتا کۆمەڵێک سەرو خەڵکی دیکەمان هەیە کاغەزی یەکدی ناخوێننەوە.

ئایا ئەمە حوکمڕانییە؟ ئەمەیە سەرکردەی دڵسۆز و سەرکردایەتیکردنێکی

تەندروست؟ بە داخەوە ئەم فۆرمە لە حوکمڕانییە نەیتوانی خەڵک بەو ئاراستەیە ببات، کە هەمووی تەبا بێت و خاوەنی کیان و قەواڕە بێت و یاسا تێیدا سەروەر بێت و دەوڵەتی هاوواڵاتی بێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ گیرابێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە سەرکردە کاریگەریی گەورەی بەسەر حوکمڕانی و سیستەم و گەشەکردن و ئارامیی واڵاتەوە هەیە.

وەک پێشینانی چاکی ئێمە گوتوویانە: ئێوە چۆن بن خەڵکی وەک خۆتان حوکمتان دەکەن[1]، ئێمە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمانین زۆرینە مسوڵمانین، ئایا ئەم سەرکردە و ئەم بەرپرس و ئەم خەڵکەی کە سەروکاری ئەم میللەتەی بە دەستەوەیە هەر کوڕی ئەو خەڵکە نین؟ هەر لەو خەڵکە نین؟ کەواتە ئەو قسەیەی کە دەڵێت: سەرکردەی خراپ لە ناو کۆمەڵگەی خراپ پەیدا دەبێت، ڕاستە و بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمەشدا دەچەسپێنێت.

چ سەرکردە، چ خەڵک دەبێت لە زۆر شتدا لێک نزیک بن، لەنێو خەڵکێکی هۆشیار، لە واڵاتێکی هۆشیار، ئاستی هۆشیاریان بەرز بێت، ناکرێت سەرکردەیەک هەڵبژێرن بیکەن بە دەسەڵاتداری خۆیان جاهیل بێت، شتی وا ڕوو نادات، زەحمەتیشە لەنێو خەڵکێک کە جاهیل بن یان ئاستی هۆشیاریان کەم و نزم بێت، دەسەڵاتدار و خەڵکێکی زۆر هۆشیار و زۆر زیرەک و شارەزا سەر هەڵبدات، بۆیە بەشی گەورەی بەرپرسیاریەتییەکە ڕوو لە ئێمە دەکات، ڕوو لە هاوواڵاتیان دەکات، ئایا ئێمە کێ دادەنێین بە سەرکردە و بە دەسەڵاتداری خۆمان؟ کێ هەڵدەبژێرین و دەیکەینە مشورخۆری خۆمان.

کەواتە کە باسی ئیسلام دەکەین، بزانین لە ئیسلامدا خەڵک چۆن دەبێتە

---

[1] هەندێک جار ئەم وتەیە وەک فەرمایشتی پێغەمبەر باس دەکرێت، بەڵام زانایان بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەیان کردووە کە ئەم (کیفما تکونوا یولی علیکم) فەرموودەی پێغەمبەر نییە، هەر وەک (الحافظ ابن حجر) لە کتێبی تخریج أحادیث الکشاف المسمی (الکافي الشافي)دا ڕوونی کردووەتەوە کە ئەمە ڕاست نییە و لە پێغەمبەرەوە پێبان نەگەیشتووە، بەڵام ماناکەی دروستە.

سەرکردە؟ ئایا بە تەعینە؟ میراتییە؟ پشتاوپشتە؟ بە هەڵبژاردنە؟ ئایا هەر بە زۆرداری و زۆرەملێ و خۆسەپاندنە؟ قەبوڵیان بێت و قەبوڵیان نەبێت؟

لە ئیسلامدا جگە لە پێغەمبەری خوا «ﷺ» کەس دیاری نەکراوە، ئەویش لە لایەن خواوە دیاری کراوە، ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (٤٥) وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا (٤٦)﴾الأحزاب.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ئێمە تۆمان (بۆ لای خەڵکی) ناردووە: چاودێر و دڵخۆشکەر و ترسێنەریت. هەروەها بۆ لای خوا بانگەوازکاری و چرایەکی ڕۆشنکەرەوەیت.

بەڵام بۆ ئەوانی دیکە پێغەمبەری خوا «ﷺ» بۆ خۆی دەیتوانی لە سەرەمەرگیدا کەسێک دیاری بکات بە جێنشینی خۆی، بەڵام نەیکردووە، لەبەر چی کەسی دیاری نەکردووە؟

بێ حیکمەت نییە، حیکمەتەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خوای بەرز وای ویستووە و ئیرادە و مەشیئەتێکی لەسەر بووە، پێغەمبەریش «ﷺ» جێبەجێی کردووە، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێ نیشانی ئێمە بدات، ئێمە فێر بکات، ئەم ڕێگەیە ڕۆشنە بەجێ بهێڵێت تا خەڵک بۆ خۆیان کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانی خۆیان هەڵبژێرن.

پێم وایە گرنگترین و گەورەترین حیکمەت ئەوەیە خەڵک لە دوای پێغەمبەر «ﷺ» کاربەدەستی خۆی و خەلیفە و دەسەڵاتدارەکانی خۆی دیاری بکات و هەڵبژێرێت، بۆیە لە ئیسلامدا ئەگەر تەماشا بکەین هەموو ئەو خەلیفانەی کە هاتوون بە (ئەبوبەکری سدیق)یشەوە «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت»، ئیمامی عومەر و ئیمامی عوسمان و ئیمامی عەلی «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەر بێت»، هەموویان بە شێواز و بە میکانیزمێک دانراون پێی دەڵێن ڕاوێژ (شورا).

ئەوەی گرنگە لێرە باسی بکەین ئەوەیە ئایا دەکرێت بابای مسوڵمان داوای بەرپرسیارێتی بکات و بڵێت من شیاوم بۆ ئەو بابەتە، یاخود ئەوەیە دەبێت خەڵک هەڵیبژێرن، یاخود دەبێت ئەنجوومەنێک کۆمەڵێک لە ڕیشسپی و پیاوماقوولّ و شارەزایان ئەو بابەتە یەکلایی بکەنەوە؟ بۆ بەرپرسیاریەتییەکی دیاریکراو ئایا دەبێت هیچ چوارچێوە و دامەزراوەیەک نەبێت؟ نەخێر، چونکە داواکردنی بەرپرسیاریەتی قورسە و ڕێپێدراو نییە کەسەکان بۆ خۆیان داوای بکەن، هەڵبەت ئەویش بە هەندێک پاساو، ڕەنگە بۆی هەبێت، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) بە (عبدالرحمن کوڕی سەمورە)ی فەرموو: (لا تَسأَلِ الإمارةَ...)، مسلم: (١٥٦٢) باختلاف یسیر. واتە: داوای بەرپرسیارێتی مەکە...

پێغەمبەری خوا لەوانەیە بیزانیبایە ئەو کەسە بۆ ئەو شوێنە ناگونجێت یان شایستە نییە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی فەرمووی: ﴿...فإنَّكَ إنْ أُوتِيتَها عن مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إلَيْها... ﴾[1].

فەرمووی: ئەگەر بۆ خۆت داوای بکەیت و لەسەر داوای خۆت بەرپرسیاریەتییەکت پێ بسپێرن، ئەو کات دەبێت خەمی خۆت بخۆیت، بەڵام ئەگەر پێت درا، فەرمووی: ﴿...وإنْ أُوتِيتَها مِن غيرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عليها... ﴾[2].

واتە: ئەگەر بەبێ ئەوەی داوای بکەیت پێت درا، ئەوا هاوکاری دەکرێیت. خوای گەورە هاوکاریت دەکات، مسوڵمانان هاوکاریت دەکەن، خوای بەتوانا بارودۆخێکی وا دەڕەخسێنێت خەڵک هاوکاری و پشتگیریت بکەن.

ئەم فەرموودەیە ئیمامی موسلیم گێڕاویەتییەوە، فەرموودەیەکی (صحیح)ـە، بۆیە ڕاستەوخۆ داواکردنی بەرپرسیاریەتی ڕێگەپێدراو نییە و باشیش نییە، بەڵام لەنێو چوارچێوەیەکدا بەرپرسیاریەتییەک دێتە پێشەوە، ئەو کات دروستە بڵێیت ئەم کارەم پێ دەکرێت و ئەو کارەم پێ ناکرێت.

---

[1] مسلم: (١٥٦٢) باختلاف یسیر.

[2] مسلم: (١٥٦٢) باختلاف یسیر.

کەچی زۆر جار ئەو بەسەرهاتەی (یوسف) (علیه الصلاة والسلام) لەگەڵ پاشای میسڕ دەکەنە بەڵگە و پشتی پێ دەبەستن، ﴿...اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ... (٥٥)﴾ یُوسُف. بەڵام ئەوە کەی بووە، خۆی هەر لەو فەرموودەیەی باسم کرد هەردوو ڕووەکەی زۆر زۆر ڕوونە، کاتێک کە پاشای میسڕ یوسفی بانگ کرد، «دروودی خوای لەسەر بێت»، دوای گفتوگۆیەکی زۆر گوتی: إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ (٥٤) یُوسُف.

لێرەدا دەردەکەوێت یوسف علیه السلام داوای نەکردووە هیچی پێ بسپێرن، (مکین) یانی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی، (أمین) واتە: ئێمە لە تۆ دڵنیاین، (ئەمین) مەبەستم ئەو چوارچێوەیە، کەواتە چوارچێوەیەک و بازنەیەک کە دەسەڵاتی هەیە و دەستکراوەیە تێیدا.

پاشان کە تۆ کەوتیتە نێو ئەم چوارچێوەیە، بۆت هەیە بڵێیت باشە مادام هەر وا بێت ...﴿اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ... (٥٥)﴾ یُوسُف، ئەوە بەشەکەی دووەمییەتی، مافی خۆتە داوا بکەیت، ﴿اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ (٥٥)﴾یُوسُف. واتە: مادام هەروایە منتان هێنایە ناو ئەم چوارچێوەیە دەبێت ئەو کارە بکەم و بە باشیش بیکەم، من پێتان دەڵێم لە چ بوار و بەشێکدا دەتوانم ڕۆڵی خۆم بگێڕم.

ئەم حاڵەتەی باسمان کرد سەبارەت بە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی، دەتوانین بۆ دۆخی ئێستاش بەراوردی پێ بکەین. بۆ نموونە: کاتێک بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێین، لە پەرلەمان کۆمەڵێک لێژنە هەیە، سەرۆکی لێژنە هەیە، مافت هەیە بڵێیت من حەز دەکەم لەو لێژنەیە بم، چونکە ئەم لێژنەیە لە توانای منداا هەیە، یان پسپۆڕیم تێیدا هەیە، بەڵام ئەو لێژنەیە ناکەم. هەروەها حیزبێک سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت، سەرکردایەتیی هەڵبژێردراو داموەزگای هەیە، بۆت هەیە بڵێیت: من بەرپرسیارێتیی مەڵبەند دەکەم و، بەرپرسیارێتیی مەکتەب ناکەم، ئەوەم پێ دەکرێت ئەوەم پێ ناکرێت. بەڵام ڕاستەوخۆ تۆ بێیت بەبێ

ئەوەی خەڵکێک تەکلیف و داوات لێ بکات هەڵپە بکەیت و بە دوایدا بگەڕێیت و هەوڵی بۆ بدەیت، ئەمە پەسەند نییە، ﴿...إِنَّا وَاللَّهِ لا نُوَلِّي علَى هذا العَمَلِ أَحَدًا سَأَلَهُ، وَلَا أَحَدًا حَرَصَ عليه﴾ [1].

واتە: یەکێک بێت داوای بەڕێوەبردنی بکات یان سوور بێت لەسەری و کاری بۆ بکات ئێمە پێی ناسپێرین. بەڵام دیسان دەیڵێمەوە ئەگەر چوویتە ناو ملمڵانێیەک کە تەکلیفیان لێ کردیت و گوتیان: تۆ بەربژێر بە بۆ سەرکردایەتی، ئەوا بۆت هەیە باسی خۆت بکەیت، بێیت و هەندێک شت ڕوون بکەیەوە و باسی ئەوە بکەیت، کە ئەگەر خەڵک هەڵمبژێرێت پڕۆژە و بەرنامەم بەم شێوەیەیە، جا بۆ سەرکردایەتی بێت یان بۆ پەرلەمان بێت یان بۆ هەر شوێنێکی دیکە بێت، پێم وایە ئەو ئەرکپێسپاردن و پێنەسپاردنە و داواکردن و داوانەکردنە بەو شێوەیە ڕاستەوخۆ داوای کارێک بکەیت کە ڕەنگە پێت نەکرێت، ڕەنگە مەسئولیەتێکی گەورە بێت، ڕەنگە تووشی کێشە و گرفتێکی گەورە بیت، یان خەڵک تووشی کێشە و گرفتی گەورە بکەیت، باشتر وایە داوا نەکەیت، بە کورتی داواکردنی بەڕێوەبردنی بەم شێوەیە بێت؟ یان ئەمە قەدەرێکە و ئاوا هاتووە؟

پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە ستاییشی هاوەڵەکانی خۆی کردووە، یەکێک لە سیفاتە گەورە و جوانەکانی ئەوە بووە هەمیشە ستاییش و مەدحی کردوون و، باسی ئەو سیفەتە جوان و گەورانەی هەیانبووە کردوونی، لەوانەش ئەو چوار

[1] البخاري: (٧١٤٩)، ومسلم: (١٧٣٣).

جێنشینەی دوای خۆی دێن، هەر بە تەنها باسی ئەوانەی نەکردووە، بەڵکوو باسی (عبدالرحمنی کوڕی عەوف) و (حسانی کوڕی ثابت) و (عبداللەی کوڕی عومەر) و زۆری تریشی کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین نەخێر هیچ ئاماژەیەک لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نییە تایبەت بە ڕیزبەندیی ئەم چوار جێنشینە.

هەندێک باس لەوە دەکەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی سەرەمەگدا، ئەو کاتانەی پێی نەکراوە نوێژی بە کۆمەڵ بۆ خەڵک بکات، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەبوبەکر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) نوێژ بۆ خەڵک بکات و دەڵێن: ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لە دوای من با (ئەبوبەکر) ببێت بە جێنشین.

ئەمە تەنها بۆ بابەتی نوێژ بووە، کەچی بۆ سوپا بەڕێکردن (زەیدی کوڕی حارث)ی داناوە، (ئوسامەی کوڕی زەید) کە گەنجێکی هەژدە بیست ساڵان بووە، ئیمامی عومەر و ئیمامی ئەبوبەکر و ئەوانیش هەر لە سوپاکەیدا بوون. ئایا دەتوانین بڵێین ئوسامە دەبوو خەلیفە بێت؟ نەخێر، ئەوەش نابێتە بەڵگە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیویستبایە یەکێک لەوانە دابنێت، بۆ نموونە بیفەرموویایە: لە دوای من ئەگەر وەفاتم کرد ئەبوبەکر لە جێی منە. ئەو کات خەڵک ڕازی دەبوون و قسەی پێغەمبەریشیان (ﷺ) ڕەت نەدەکردەوە، بەڵام وای نەکردووە.

حیکمەت لە بێدەنگیی پێغەمبەر (ﷺ) و هێشتنەوەی ئەو بابەتە هەستیارە بەبێ بڕیار و بەرنامە بۆ خەڵک، لە چیدا بوو؟ لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەبوو، پەیوەندیی بە پێغەمبەرەوە نەبوو (ﷺ)، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) نەیویست دەست لە کاروباری خەڵکێک وەربدات بە تایبەتییش لە دوای وەفاتکردنی و جێهێشتنی ئەم دونیایە، ئەگەر ئەو بێدەنگییەی هەڵنەبژاردبایە لە دیاریکردنی کەسێک، ئەوا دەبوو بە نەریتێک، چونکە ئەو کات ئەو کەسەی

پێغەمبەری خوا «ﷺ» دیاریی کردبا، ئەویش دوایی دەهات یەکێکی دیکەی دیاریی دەکرد و دەبوو بە نەریت و حوکمڕانیی میراتی.

ئەم پرسە هەر کە بوو بە نەریت، ناوەستێت، بەڵکوو زۆر قووڵتریش دەبوو، بۆ نموونە: هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد، ئەوانەی کە خورمایان موتوربە دەکرد و دوایی موتوربەیان نەکرد لەسەر قسەی پێغەمبەر «ﷺ»، سااڵی داهاتوو خورمایان نەبوو، دوایی پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە بۆ؟ گوتیان: قوربان بە قسەی تۆمان کرد موتوربەمان نەکرد، فەرمووی: جا بتانکردبا، گوتیان: ئێمە گوتمان دیارە تۆ شتێک دەزانیت.

فەرمووی: (إذا كان شيءٌ من أمرِ دنياكم فأنتم أعلمُ به)[1].

جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە بۆ ئەوەیە کە ئێوە بۆ خۆتان باشتر دەزانن کاروباری دونیاییی خۆتان ڕێک بخەن، چۆنتان پێ باش بوو ئاوای ڕێک بخەن.

بنەمایەکی دی ئەوەیە پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەست لە کاروباری خەڵک وەرنادات کە لەوێ نییە، خەڵک با بۆ خۆی ئیشی خۆی ڕێک بخات، پاشان ئەگەر واش بووایە شتێکی وای بکردایە لەوانەیە ئەوەی دوای پێغەمبەریش دەبوو بە نەریت، دەبوو بە میراتی، یان دەبوو بە دانان و تەعین، دەکرا بە میراتیش وەک دوایی وردە وردە واشی لێ هات، بۆیە حیکمەتەکەی ئەوەیە کە خەڵک دەستکراوە بێت لە دیاریکردنی بەرپرسەکانی خۆی.

---

[1] ابن ماجه: (٢٤٧١)، وأحمد: (٢٤٩٦٤)، والطحاوي في (شرح مشكل الآثار): (١٧٢٢) باختلاف يسير.

باسی دووەم:
بەربژێربوون[1] لە ئیسلامیدا

بابەتی هەڵبژێردران؛ واتا ئەو کەسەی کە خۆی کاندید دەکات، یان کاندید دەکرێت، هەڵدەبژێردرێت و دیاری دەکرێت بۆ یەکێک لە پۆستەکان، بە تایبەتی ئەوەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین پۆستە باڵاکانە، بۆ نموونە: سەرۆکی وڵات، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان کە پەرلەمانیشی پێ دەگوترێت، هەندێک لە ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنانە، کە ئەوانە پۆستی باڵان، ئایا کێ مافی هەیە بۆ ئەم پۆستانە خۆی بەربژێر بکات؟

بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژێردران واتە: (ترشیح)، کاندیدکردن یان کاندیدبوون، ئەمەش لە (رشح)ـەوە هاتووە، واتە: کەسێک کردوکۆشش دەکات و ئارەق دەڕێژێت، ئەوە لەوەوە هاتووە واتا هەنگاو بە هەنگاو کەسێک بۆ کارێک ئامادە دەکرێت و پێ دەگەیەنرێت، کاندیدکردن (ترشیح) هەم لە شەریعەت و هەمیش لە یاسادا دەکەوێتە پێش هەڵبژاردن و قۆناغێکی سەرەتاییە.

ئەو کەسەی بەربژێر دەبێت بۆ پۆستێک لە ڕوانگەی شەریعەتەوە پێویستە ئەو مەرج و پێوەرانەی تێدا بن و شیاو و گونجاو بێت بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە، بە شێوەیەکی گشتی هەموو کەسێک لە وڵاتی مسوڵمانان، بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەو پۆستانەی باسم کردن، ئەویش بەپێی ئەو پەیرەوەی یان بەپێی ئەو دەستوورەی کە لەو وڵاتە بەرقەرارە، بە گوێرەی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی

---

[1] کاندید (candidate) وشەیەکی ئینگلیزییە بە مانای بەربژێربوون دێت بۆ پۆستێک، یان شوێنێک، لە وڵاتی ئێمە ئەم وشە زۆر باوە بۆ ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن یان هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان یان ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پارێزگا...

لەو ولاتەدا کاریان پێ دەکرێت، هەموو ولاتێک بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و بۆ پۆستی باڵا مەرجی هەیە، بەپێی ئەو مەرجانە دیارە هەر کەس کە هاوواڵاتیی ئەو ولاتەیە، بۆی هەیە خۆی بەربژێر بکات.

گرنگە بزانین ئەو مەرجانە چین بۆ کەسێک بیەوێت خۆی بەربژێر بکات لە ڕوانگەی یاسا و ڕێساکانی حوکمی ئیسلامیدا، هەڵبەت دیارە دوو ڕای جیاواز هەیە لەو بابەتە:

یەکەم: ڕای شیعە و، ئەوانەی کە بە ڕێی ئەواندا دەڕۆن و وەک ئەوان بیر دەکەنەوە، ئەم پۆستەیان پێ پۆستێکی پیرۆزە و ئەو کەسەش کە پۆستەکەی پێ دەدرێت بە تایبەتی سەرۆکی وڵات، ئەوانە بە مەعسوومی دەزانن و پێیان وایە کەسێکی پیرۆزە و پێیان وایە بەهەشتییە و مەعسوومە و خوای گەورە داینناوە.

دووەم: ئەهلی سوننە بە گشتی ڕایان جیاوازە، پێیان وایە ئەو کەسە وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگەیە، دەکرێت هەڵبژێردرێت و دەکرێت هەڵیشنەبژێردرێت، دەکرێت خوای بەرز ڕەحمی پێ بکات و بەهەشتی بێت و دەکرێت بەهەشتیش نەبێت، هەر وەک کەسێکی دیکەیە بەپێی چاکە و خراپەکانی خۆی لە ڕۆژی دوایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەهلی سوننە و جەماعە بە گشتی بەم شێوەیە تەماشا دەکەن وەکوو شەرع و عورف و یاسا...

ئەوەی کە زانایان لە هەندێک کتێبی فیقهی و سیاسەتی شەرعی باسیان کردووە، پێم وایە بەپێی تێگەیشتنی هەندێک لە زانایان، کە هەندێکیان مەرجەکانیان ئێجگار زۆر قورس کردووە و زۆریشیان ورد کردووەتەوە، بەڵام هەندێکی تریان بە کورتی و پوختی چەند مەرجێکی سەرەکییان داناوە، بۆ نموونە: مەرجی ئاقڵبوون و باڵغبوون، ئەگەر ئەمەش نەکەیت بە مەرج، بەڵام بۆ هەر بابەتێکی دیکە عەقڵ پێوەرە، نەک هەر بۆ سەرۆکی وڵات، بەڵکوو بۆ هەر کەسێک کە مامەڵە بە شتێکەوە دەکات دەبێت عاقڵ بێت، چونکە شێت مامەڵەی لەگەڵ دروست نییە، باڵغ خۆی لە شەریعەتدا وایە، کە ئەو قۆناغەیە

تەکلیفی شەرعیی دەکەوێتە سەر، کە باڵغ نەبووبێت، ئەو کەسە چاکە و خراپە باش لێک جیا نەکاتەوە، تێنەگەیشتوو بێت، ئەو کەسە تەکلیفی لەسەر نییە. مەبەستم ئەوەیە کاتێک ئەمە دەکەن بە مەرج، مەرجێکی سادەیە، ئەمە بۆ هەموو کەس وایە، نەک هەر بۆ سەرۆکی وڵاتێک بۆ زۆر لە کایەکانی دیکەی ژیان پێویستە. کە باسی مەرجی مسوڵمانەتیی کراوە، پێم وایە ئەوە مەرجێکی گرنگە، بۆچی گرنگە لە کۆمەڵگەی مسوڵماندا؟ لەناو مسوڵمانانداا کە زۆرینەی مسوڵمانە، یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کەسێک کە دەبێتە سەرۆکی ئەم وڵاتە دەبێت مسوڵمان بێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی سەرۆک کەسی یەکەمی ئەم وڵاتەیە و ئاراستەی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و، بابەتی پێکەوەژیان و، هەڵسوکەوت و ڕەوشت و مامەڵەی ئەو خەڵکە لەم وڵاتە دیاری دەکات و، خەڵک چاوی لێ دەکەن، (الإمامُ جنَّةٌ یتقی بِهِ)، واتە: پێشەوا قەڵغانە، خۆی پێ دەپارێزرێت، واتە: لەوەوە خەڵک فێری تەقوا دەبێت، فێری دینداری دەبێت، فێری ئەخلاق و ڕەوشتی جوان دەبێت، ئەگەر پێشەوا مسوڵمان نەبێت، چۆن کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان ئاراستە دەکات؟ چۆن تاکێکی مسوڵمان پەروەردە دەکات؟ چۆن کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان دروست دەکات؟ چونکە یەکێک لە مەرجەکانی بوونە سەرۆک وەکوو ئەوەی لە کتێبە شەرعییەکاندا هاتووە، بە تایبەتی سیاسەتی شەرعی کە باسی ئیمامەت و خەلافەت و ئەو بابەتانە دەکات، بریتییە لە (حفظ الدین) پاراستنی دین و، (حراسة الدنیا) پارێزگاریکردن لە دونیای خەڵک، لە کار و کەسابەت و لە ژیانی خەڵک، ئەگەر ئەو کەسە مسوڵمان نەبێت، چۆن دینی خەڵک دەپارێزێت، چۆن دەتوانین دین و ژینمانی پێ بسپێرین؟ عەقیدە و بیروباوەڕی خۆمانی ڕادەست بکەین، چۆن لێی دڵنیا بین لەوەی کە موڵک و مااڵ و سامان و سەروەت و کەرامەت و ئەوانە دەپارێزێت؟ بۆیە ئەم مەرجەیان پێویستە، بە دەقی قورئانیش خوای گەورە کە باسی فەرمانبەرایەتی دەکات و دەفەرموێت: ﴿...أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ... (٥٩)﴾ النِّسَاء.

واتە: ...فەرمانبەریی خوا بکەن، هەروەها فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، هەروەها هیی کاربەدەستانێک کە لە خۆتانن...

مەبەستی ئەوەیە لە ئێوەن (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ) کەواتە مسوڵمان بێت و پابەند بێت و شارەزاش بێت، ئایا دەکرێت کەسێکی نەشارەزا بکرێت بە سەرۆکی وڵات؟ یاخود بە سەرۆک وەزیران، یان سەرۆکی پەرڵەمان، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی شووڕا. واتە: دەبێت لە مسوڵمانان بێت، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿ ...وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا (١٤١)﴾ النِّسَاء.

واتە: ... خوا بواری زاڵبوونی کافران بەسەر بڕوادارانداً نادات.

کەواتە هیچ دەرفەتێک نییە بۆ ئەوەی کافران سەرپەرشتیی مسوڵمانان بکەن و ئەوان بەڕێوەیان بەرن و ئاراستەیان بکەن.

ئایا چەند پێویستە شارەزایی و زانیاریی هەبێت؟ شارەزا بە شەرع و، زانیاری بە زانستەکانی دونیا، یەکێک لە مەرجەکان زانست، هەندێکیان دەڵێن: دەبێت شارەزا بێت بە شەریعەت، هەندێک دەڵێن: دەبێت توانای ئیجتهادی هەبێت، زۆر قووڵیان کردووەتەوە، یەکێک دەڵێت: ئەو بابەتانەی کە دێنە لای و دێنە پێشەوە، پێویستە تێیدا شارەزا بێت، خوای مەزن لە قورئاندا باسی سەرکردەی کردووە، کاتێک کە باسی (طالووت) دەکات و دەکرێتە سەرکردەی ئەو سوپایەی کە ڕووبەڕووی (جالووت) دەبێتەوە، قەومەکەی ڕەخنە دەگرن، جا ئەوە هیچی لە ئێمە زیاتر نییە، ئەویش هەر وەک ئێمەیە، بۆچی کردووتە بە سەرکردە بەسەر ئێمەوە؟ خوای دانا دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ قَالُوا أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ ۚ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ ۖ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٢٤٧)﴾ البقرة.

واتە: پێغەمبەرەکەیان پێی گوتن: خوا طالووتی بە سەرکردە بۆ داناون!

گوتیان: جا چۆن دەبێت سەرکردەی ئێمە بێت، لە حاڵێکدا ئێمە بۆ سەرکردایەتی شایستەترین و سامانێکی فراوانیشی نەدراوەتێ؟ گوتی: خوا ئەوی بەسەرتاندا هەڵبژاردووە و لە زانیاری و جەستەشدا زێدەیی پێ داوە، خوا (دەسەڵات)ی فراوانە و زانایە.

(إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ) خوا هەڵیبژاردووە و داینـاوە، (وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ) ئەوە پەیوەندیی بە هەموو لایەکەوە هەیە، خوای دانا زێدەی پێ داوە لە چی؟ زیادەی پێ داوە لە زانست و جەستە.

واتا هەم لە ڕووی جەستەییەوە پێکهاتەیەکی تەواوی هەبووە و هەمیش لە ڕووی زانستییەوە، ئەوە شتێکی زۆر وردە لە ڕووی زانستییەوە، پێم وایە تۆزێک بە فراوانتر تەماشای بکەین، مەبەستی تەنها زانستی شەریعەت نییە، زانست بە شێوەیەکی گشتی، واتا: لەو بوارەیدا پێویستە ئەو تێیدا شارەزا بێت، چونکە ئێستا هەموو شتەکان بووەتە پسپۆڕی و شارەزایی، پێویست ناکات سەرۆکی وڵات کاتێک مسوڵمانە و پابەندە بە ئیسلامەوە، مەرج نییە، بە هەموو ڕووەکانی شەریعەتەوە شارەزا بێت، خۆ ئەگەر شارەزا و زانا بێت، باشترە.

سەبارەت بە ڕای بەهێز لەسەر ئەو بابەتە ئەوەیە ئەگەر باسی کتێبی پێشینان بکەین و باسی ئەو بابەتانەی کە لە کتێبەکانی سیاسەتی شەرعیدا هاتووە بکەین، ئەوان دەڵێن: ئەو ئەندازەی کە پێویستی پێیەتی لە شارەزابوون لە شەریعەت و لە بابەتەکانی دیکەی زانیاریی دونیایی، پێویستە هەیبێت، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە، چۆن جیاوازە؟ کەسێک پێویستیی بە فەتوایەک هەیە، ئایا ئێستا بۆ فەتوا لە هیچ وڵاتێکی دەگەڕێنەوە بۆ سەرۆکی وڵات؟ نەخێر، چونکە زانایان و لێژنەی فەتوا هەیە.

بۆ نموونە: لێژنەیەکی فەتوا هەیە دەربارەی بابەتە فیقهی و شەرعییەکان ئەگەر لە قورئان و سوننەتدا نەبێت یان ڕوون نەبێت، بەڵام دەکرێت ئەویش شارەزا بێت تا هەم بە لاڕێدا نەبردرێت و هەم ئەو خەڵکەش بە لاڕێدا نەبات.

ئەگەر بکرێت زۆر پێویست و باشترە، بەڵام ئەگەر کەسێکت دەست کەوت لە سەرکردایەتی و دەتوانێت سەرۆکی وڵات بێت، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، یان سەرۆکی پەرلەمان بێت، کەسێکت دەست کەوت کە هەموو ئەم مەرجانەی تێدا بێت، ئەوە (فنعم و بها)، ئەگەر دەستت نەکەوت، بەڵام دەیتوانی سەرکردایەتی بکات، دەیتوانی ئاراستە بکات، دەیتوانی بەڕێوەبەرێکی گشتیی باش بێت بۆ ئەم کارەی کە پێی دەسپێردرێت، ئەو کاتە ئەمە بە شێوەیەکی دیکە پڕ دەکرێتەوە، لە بابەتی فەتوا دەکرێت لێژنەیەکی فەتوا هەبێت، لە بابەتەکانی زانستی دونیایی، زانستەکانی دونیای ئێستا یەک شت نییە، تا کابرا تێیدا شارەزا بێت، لە چی شارەزا بێت؟ لە تەکنەلۆژیای نوێ، لەو بابەتانەی پەیوەندیی بە کارگە و پیشەسازییەوە هەیە، ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیی بە بازرگانی و ئالۆگۆڕی دراو و بازرگانییەوە هەیە؟!

کەواتە دەبێت سەرکردە کەسێکی شارەزا بێت و بتوانێت سەرکردایەتی بکات و پێشەنگ بێت و ئاراستەی خەڵک و وڵاتی خۆی بکات و لە ڕێگەی ڕاوێژکارەکانەوە هاوکاری بکرێت. ڕەنگە لە ڕووی شەرعەوە خەڵکێک شارەزا بێت، بەڵام نەتوانێت سەرکردایەتیی خەڵک و سەرپەرشتییەکی ڕێکوپێکی وڵاتەکەی خۆی بکات.

مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە لەوانەیە خەڵکێک شارەزاییەکی باشی لە دین هەبێت، بەڵام بە کەڵکی سەرکردایەتی نەیەت، زانایان باسیان کردووە لە جەنگدا ناچار دوو کەس دێنە پێشەوە، کە سەرپەرشتیی ئەو جەنگە بکەن، دوو کەس بۆ نموونە: یەکێکیان زۆر بە تەقوایە، بەڵام سیفەتی سەرکردایەتیکردنی جەنگی تێدا نییە، بەڵام زۆر بە تەقوا و مسوڵمانی چاکە، کەسێکیش مسوڵمانە، بەڵام زۆر پابەند نییە، تەقوا و دینداریی کەی باش نییە، بەڵام کەسێکی ئازا و سەرکردەیەکی لێهاتووە، پێشەنگە لەم ڕووەوە، ئایا کامەیان دادەنێیت؟ هەر گومان لەوەدا نییە، بۆ ئەوەی لەم شەڕەدا بیبەیەوە و سوپایەکەت نەشکێت،

کەسێک بتوانێت سەرپەرشتییەکی باشیان بکات و ئاراستەیەکی باشیان بکات، ئەو دادەنێیت، بەڵام ئەوی دیکە دەکرێت بەشێکی دیکەی پێ بسپێریت کە بۆ ئەو گونجاو بێت، مادام زۆر بە تەقوایە و زۆر خۆپارێزە و زۆر دەستپاکە، بیکە بە وەزیری دارایی، یان هەر ئەرکێکی دیکە کە بۆ ئەو گونجاو بێت، هەرچەندە ئەویش پێویستیی بەوە هەیە لەو بوارەی خۆیدا شارەزا بێت، بەڵام کە دەگوترێت پێویستیی بە زانست و زانیاری هەیە، هەندێک لە زانایانی پێشینانمان گوتوویانە: دەبێت توانای ئیجتهادی هەبێت، ئەگەر وا بێت زۆر زەحمەتە سەرکردەیەکت دەست بکەوێت بیکەیت بە سەرۆکی وڵات، موجتەهید بێت، واتا دەبێت بۆ خۆی بتوانێت ئیجتهاد بکات، دەربارەی بابەتێک کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک دێتە پێشەوە، ئەمە مەرجێکی دیکە بوو، مەرجێکی تریش ئەوەیە کە عاقڵ و باڵغ بێت، هەرچەندە شەریعەت بە وردیی دیاریی نەکردووە، بەڵام ئەمە زۆر ئاساییە.

کاتێک پێغەمبەری خوا «ﷺ» ئەو سوپایەی کە دەینێرێت بۆ شام، ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە فەرماندە و سەرپەرشتیکاری، لە کاتێکدا کە ئیمامی ئەبوبەکر و ئیمامی عومەر و ئەوانەشی هەموو تێدا بوو، پێغەمبەر ویستی بۆ خۆی سەرپەرشتیی بکات «ﷺ»، بەڵام دوایی نەیتوانی و، ئوسامەی کوڕی زەیدی دانا، پاشان پێغەمبەر بەسەریدا وەفاتی کرد «ﷺ»، ئەوانیش گوتیان: ئێمە ئەو بڕیارەی کە پێغەمبەر داویەتی هەڵیناوەشێنینەوە، ئوسامە سەرکردەی ئەو سوپایە بوو، هەندێک دەڵێن: ١٧ ساڵ بوو، هەندێک دەڵێن ١٨ ساڵ بووە یان ٢٠ ساڵ بووە، لەو نێوانە بووە.

لێهاتوویی پێوەرە، هەڵبەتە دوای ئەوە بوو ئیمامی ئەبوبەکر کە خەلیفەی مسوڵمانان بوو، داوای کرد و گوتی: ناتوانم ئەو وڵاتە بەجێ بێڵم، (عومەر)یشم بۆ ئیزن بدەن بۆ ڕاوێژ و ئەو بابەتانەی کە پێویستن تا هاوکاریم بکات و پشتیوان و پشتگیرم بێت بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان.

کەواتە ئەگەر بە تەمەن بووایە زۆر لەو بە تەمەنتر لەو سوپایەدا هەبوو، بەڵام تەمەن پێوەر نەبووە، بۆ نموونە: باسی ٣٠ ساڵ دەکرێت، باسی ٢٥ ساڵیش دەکرێت، باسی ٤٠ ساڵیش دەکرێت، پێم وایە بابەتی تەمەن دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە و ئەو پێوەرانەی کە ئەو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دایدەنێن و خەڵکەکەش لەسەری ڕێک دەکەون، بۆیە بەپێی عورفی وڵاتان و کۆمەڵگە و خەڵک و سەردەمیش دەگۆڕێت.

بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیی بە مەرجەکانییەوە هەبێت، پاش مسوڵمانێتی ئەویش ئەوەیە، دوای ئەوەی باسی زانستیان کرد، باسی دادگەرییان کردووە، دادگەری یەکێکە لە مەرجەکان، بەڵام پێم وایە دادگەری مەرج نییە، چونکە دادگەری ناتوانرێت بپێورێت، چونکە دادگەری یەکێکە لەو بابەتانەی دوای ئەوەی کەسەکە کارەکەی پێ دەسپێردرێت، هەڵدەسەنگێنرێت، واتا ناتوانیت بە مەرجی دابنێیت. بۆ نموونە: کەسێک دادەنێم، نازانم دادگەر دەبێت یان نا، ئەزموونیشمان لەگەڵی نییە، دامەزراوەیەکی بە دەستەوە نەبووە، ئایا ئەم کەسە دادگەر بووە، یان دادگەر نەبووە. بۆ نموونە: لەو وڵاتانەی کە سیستەمەکەیان سەرۆکایەتی بێت، بەپێی پێوەرەکان کۆمەڵێک خەڵک کاندید دەبن، بە دەنگی ڕاستەوخۆی هاوواڵتیان دەنگیان پێ دەدرێت، ئەوە یەکێکیان هەڵبژێررا هیچ دامەزراوەیەکی بەڕێوە نەبردووە، ڕەنگە مامۆستایەکی زانکۆ بووبێت، دامەزراوەیەکی گەورەی بە دەستەوە نەبووە تا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، ئایا ئەم کەسە دەتوانێت دادگەر بێت و وڵات چاک بەڕێوە بەرێت، پێم وایە ناتوانین بڵێین پێوەرە، دەتوانین بڵێین: کەسێک کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبات و کەسی یەکەمە لە دامەزراوەکەی خۆی، ئەوە پێویستە دادگەر بێت، ئەگەر دادگەریی نەکرد، لێرەدا زانایان باسیان کردووە، دادگەری یەکێکە لە مەرجەکانی مامەڵە نەک هەر بۆ بابەتی سەرۆکایەتی، بۆ مامەڵە، بۆ هەڵسوکەوت، دەبێت ئەو کەسە دادگەر بێت، حەق بە حەق دابنێیت و ناحەق بە ناحەق، ئیستیقامەتی

هەبێت، بۆیە گوتوویانە: خۆی لە گوناهە گەورەکان پاراستبێت و سووریش نەبێت لەسەر ئەنجامدانی گوناهە بچووکەکان (عدم الإصرار على الصغائر)، دەڵێن: سوور نەبێت، ئەگەرنا مرۆڤ بێ گوناهی بچووک نابێت، بەڵام هەر ئەوەیە کە (اجتناب الكبائر وعدم الإصرار على الصغائر)ە.

ئەمەش بابەتێکە دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤەکە خۆی، لەوانەشە گوناهیشی هەبێت و کەس نەزانێت، بەڵام ئێمە حوکم بە ڕووالەت دەکەین، لەنێوانی خۆی و خوای خۆی (نحن نحكم الظواهر والله يتولّى السرائر). ئەگەر مەبەست لە دادگەری ئەوە بێت، پێم وایە پێی بگوترێت: ئیستیقامەتی (ڕاستوڕێکی)ی هەبێت، ئەو کابرایە کەسێکی ڕاستوڕێک بووبێت، لەبەر ئەوەی دادگەری تۆزێک جیاوازە، هەرچەندە ئەوان دادگەرییان هێناوە، بەڵام ئیستیقامەتەکە گونجاوترە، لەبەر ئەوەی کاتێک تەماشای ژیانی ئەو کەسە دەکەیت ئەگەر گوناهێکی گەورەی لێ واقیع نەبووبێت، لەوانەی کە گوناهی گەورەن، ئەو کاتە دەڵێیت: ئەم گوناهە گەورەیەی لێ واقیع نەبووە، لە حاڵەتێک ئەگەر گوناهێکی گەورەشی کردبێت و ئەو کەسە تەوبەی کردبێت، ئایا پاک نەبووەتەوە بەپێی ئایەت و ئەو بەڵێنانەی کە خوای بە بەزەیی داویەتی و پێغەمبەری خوا لە فەرمایشتەکانی خۆی باسی کردووە، «ﷺ»؟ بۆیە پێم وایە مەرجی دادگەری دەمێنێتەوە سەر ئەو کاتەی ئەو کەسە بەرپرسیارێتیی پێ دەسپێردرێت و دوای دەستبەکاربوون هەڵدەسەنگێنرێت ئایا دادگەرە یان نا؟ کە دادگەر نەبوو، بەپێی یاسا و دەستوور لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت. هەرچەندە من بە ڕای خۆم ئەو مەرجی دادگەرییە زۆر قورسە و بەپێی کات و بارودۆخ دەگۆڕێت و لەوانەیە لە بارودۆخێکدا هەر دەست نەکەوێت.

(مەرجێکی دیکەی هەر پەیوەست بەم پرسە) هەندێک لە زانایان باسیان کردووە ئەویش مەرجی پیاوەتی یاخود مەرجی ئەوەی کە نێر بێت، واتە: بەو تەعبیرەی کە دەبێت پیاو بێت، ژن نەبێت.

کەواتە لە باسی بابەت و مەرجی دادگەری و شایستەیی و شایستەییی جەستەیی و هەتا لە ڕووی دەروونییەوە، پێم وایە ئەو پرسانە گرنگن، ڕەنگە کەمتر لە کتێبەکانی فیقهی، یان کتێبەکانی سیاسەتی شەرعی ئاماژەی پێ کرابێت، بۆ نموونە: لە ڕووی جەستەییەوە، خوای بەرز و بێوێنە باسی دەکات و دەفەرموێت: ﴿ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ﴾ (٢٤٧)البَقَرَة.

خوای گەورە زیادەیەکی پێ داوە لە هێز و پێزی جەستەیی و توانای زانستی، توانای زانستی وەک باسمان کرد ئەوەیە ئەم کەسە لەبارەی حوکمڕانی و سەرپەرشتیکردنی وڵات و سەرۆکایەتیکردن و سەرۆکی وڵات و سەرۆکی پەڕلەمان، یان هەر دامەزراوەیەک کە پێی بسپێردرێت، جۆرێک لە توانایی و شایستەییی هەبێت و کارەکەی خۆی بە باشی پێ بکرێت. لە ڕووی هێز و پێزی جەستەییشەوە، دوو حاڵەتی هەیە، یەکەمیان: ئەو کەسە دەبێت هەم لە ڕووی لاشە و جەستەییەوە بەهێز و ساغ و تەندروست بێت و، نەخۆشی و کەموکوڕیی جەستەیی نەبێت، کە ڕێگر بێت لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی.

دووەمیشیان: دەبێت کەسێکی تەندروست بێت لە ڕووی دەروونییەوە، لێرەدا تەندروست بە مانای ئەوە نا کە ناتەواوە، یان شێتە، مەبەست ئەوە نییە، بەڵکوو لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی بەهێز بێت و ڕووخاو نەبێت. واتا لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی بەهێز و بەتوانا بێت و، کەسێکی لەرزۆک نەبێت و، بتوانێت خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێت، بەیانی ڕەنگە وڵاتانی دونیا هەڕەشەی لێ بکەن، خاوەنی دەروونێکی بەهێز بێت، مانای ئەوەش نییە کە سیاسەتی نەبێت، نەتوانێت ئەو وڵاتەی خۆی بپارێزێت، ئەو خەڵکەی خۆی بپارێزێت لە هەر ناخۆشی و گرفتێک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، نەخێر، ئەمە جیاوازە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کەسێکی ڕووخاو نەبێت بە هەڕەشەیەک ئەژنۆی بشکێت، ئەو کات پشتی وڵاتێک دەشکێنێت، ئەژنۆی هەموو هاوولاتیان دەشکێنێت، ئەوەیە (الإمام جنةٌ) پێشەوا قەڵغانە، خەڵک خۆی لە

پەنا دەنێت، پێغەمبەری خوا «ﷺ» بەم شێوەیە بوو، هاوەڵان دەڵێن: (إذا اشتَدَ الوَطيسُ.. احتَمَينا بِرَسول الله).

واتە: کاتێک کە شەڕ گەرم دەبوو ئێمە پەنامان دەبردە بەر پێغەمبەری خوا «ﷺ»، زۆر ئازا بووە، لە پێشەوە بووە، هەتا جاری وا هەیە دەڵێن: دەنگێک دەهات لە دەوروبەری مەدینە دەنگێکی گەورە، وامان دەزانی کە هێرش کراوەتە سەر مەدینە، کاتێک کە هاوەڵان ڕاپەڕیون و چوون بزانن لە دەوروبەری مەدینە چی هەیە، دەبینن سوارێک لەولایرا دێتەوە بە تاریکی شەوێ بە تاقی تەنیا زینیشی لەسەر وڵاخەکەی نەبووە و، دەستبەجێ پێغەمبەر سواری وڵاخەکەی بووە، فەرمووی: بزانم ئەو دەنگە چییە، ئەو لەوسەری هاتووەتەوە، سەرکردە دەبێت ئاوا بێت، ئازا بێت بەر لەوەی قسەی ئازایانە بکات، هەندێک هەڵوێستی ئازایانەی نواندووە و هەڵوێستی ئازایانەی پیشان داوە، دەبێت لە دەروونەوە ئازا بێت، ئازادیش بێت، خاوەنی بڕیاری سەربەخۆ بێت و ئەملاوئەولا کاری تێ نەکەن.

لە قورئاندا باسی سیفەتی دیکەی سەرکردە زۆر کراوە، خوای بەتوانا باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿ ...وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ (٧٤) الفُرقَان.

واتە:...بۆ پارێزکارانیش بمانگێرە بە پێشەوا.

هەروەها خوا "سُبحَانَەوتَعَلَىٰ» دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ﴾ (٢٤) السَّجدَة.

واتە: کردوومانن بە پێشەوا، بە هۆی خۆڕاگریان و بڕواپتەوییانەوە بە ئایەتەکانمان...

خۆڕاگری و یەقین بە ئایەتەکانی خوای گەورە، یەقین بەوەی کە ئەم شەریعەت و بەرنامەیە ڕاستە و خوای مەزنت لە پشتە، ئەم کاروانە بەجێ نامێنێت و ئەم خەڵکە وێڵ ناکرێت.

لایەنی جەستەییەکەشی گرنگە کە لە کتێبە فیقهییەکاندا باس کراوە، کە نابێت شەل بێت و، کوێر بێت و، نوقسان بێت، بە کورتی نابێت کەمئەندام بێت، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەو کەسە بۆ نموونە: پەنجەیەکی نییە، بەڵام بەتوانایە، بۆچی نابێت ببێت بە سەرکردە؟ بەڵگە چییە لەسەر ئەم بابەتە؟ لێرەدا ئێمە باسی جەستە دەکەین، بەڵێ دەبێت جەستەیەکی بەهێزی هەبێت، نابێت کابرایەکی شل و شەپرێو بێت، دەپرسم ئەگەر وەک کوردەواریی خۆمان باس بکەین، ئەوە کورتەک و شەڕوالّە، یان ڕانک و چۆغەیە، یان هەر قاتێکی دیکەی کوردییە، ئەگەر باسی قاتی کوردی بکەم، ئایا دەکرێت کەسەکە لاسکی ئەم چۆغەیە لە لایەکی هاتبێتە دەرێ؟ دۆخینی لەولاوە شۆڕ بووبێتەوە؟ نەخێر، بەڵکوو دەبێت کەسێکی تۆندوتۆڵ و ڕێکوپێک و گورجوگۆڵ بێت، نابێت شڕوشەپڕێو و بێسەروبەر بێت، ئێستاش هەندێک لە سەرکردەی ئەم وڵاتانە کە لە هەندێک بۆنەی پڕۆتۆکۆڵی ڕەسمیان گیراوە، هیی وا هەیە هەر زۆر بێسەروبەرە، عەیبەیە، گەمەیان پێ کردووە و، بووەتە مەهزەلە و مەسخەرەی ڕاگەیاندنەکان.

بۆیە سەرکردە دەبێت تۆندوتۆڵ و ڕێکوپێک و گورجوگۆڵ بێت، نابێت شڕوشەپڕێو و بێسەروبەر بێت، پێم وایە باسی ئەم لایەنانە بکرێت، باسی لایەنی دەروونی بکرێت، باسی ئەم لایەنەی کە پەیوەندیی بە هێزی بڕیارەوە هەیە، بە هێزی دڵەوە هەیە، ئەگەرنا لەوانەیە کابرا چاوێکی کوێر بووبێت، بەڵام چاوێکی ساغە، کابرایەکی بەتوانایە، بۆ نابێت؟ مەبەستم ئەوەیە هەندێک مەرج و پێوەر بۆ کاتی خۆی دانراوە، پێویستبوونی ئەمانە بە زۆری لەبەر ئەوە بووە ئەو کاتی بیر لە شەڕ کراوەتەوە، شەڕیش ئەو کاتەی وەک شەڕی ئێستای شەڕی تەکنەلۆژیا نەبووە، شەڕی تیر و شیر و ڕووبەڕووبوونەوە بووە، کابرا سەرکردە بێت چۆن دەکرێت لاقێکی نەبێت؟ چۆن دەکرێت دەستی نەبێت؟ کەواتە هەندێک پێوەر و مەرج دانراوە بۆ کاتێک بووە و بارودۆخ و ژیان بە شێوەیەکی

تـر بـووە، ئێسـتا زۆر جیـاوازە، ئێسـتا سەرپەرشـتیکردنی ولاّت، بەڕێـوەبردنی کاروبـاری خەڵـک زۆر جیـاوازە و بەشـێکی پەیوەسـتە بە شـارەزایی لە تەکنەلۆژیـای سـەردەم، چـونکە لە ئێسـتادا شـەڕی تەکنەلۆژیـا بـاوی هەیە و ئەنجامی شەڕەکان یەکلاییی دەکاتەوە نەک شەڕی دەستەویەخە.

هەروەهـا بەڕێـوەبردن و بڕیـاردانیش هەر زۆر جیـاوازە و بەشـێکی زۆری لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە ئەنجام دەدرێت و دەگەیەنرێت.

باسی سێیەم:
ڕەگەزنامەی سەرۆک بەپێی بنەماکانی حوکمڕانیی ئیسلامی

بابەتی ڕەگەزنامە (الجنسية) پەیوەندیی بە بەشەکەی ڕابردووەوە هەیە بە تایبەتی لە هاتنەدیی مەرجەکانی بوون بە سەرۆک و کەسی یەکەمی وڵات، لێرەدا پێویستە بزانین ئایا سەرۆکی وڵاتێک پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی بێت؟ یان دەکرێت ڕەگەزنامەکەی هیی ئەو وڵاتە نەبێت، بۆ نموونە دەکرێت ئەگەر باسی عێراق بکەین عێراقی نەبێت، ئێرانی بێت، یان تورک بێت، یان هاووڵاتیی وڵاتێکی دیکە بێت، بە هەمان شێوە بۆ وڵاتەکانی دیکەش، هەروەها بەپێی پێوەر و بنەماکانی حوکڕانیی ئیسلامی دیاریکردنی ڕەگەزنامە چۆن دەبێت؟

یەکێک لە مەرجەکانی بوونە سەرۆکی وڵات ئەوەیە دەبێت مسوڵمان بێت، کە هیچ ناکۆکی لەسەر نییە، ئەوە مەرجێکە دەبێت بێتە دی و ناکرێت لە وڵاتی مسوڵمانان ڕێگە بدرێت سەرۆک یان کەسی یەکەمی ئەو وڵاتە مسوڵمان نەبێت، ئەوە پەرەنسیپێکە بڕاوەتەوە و هەندێک بەڵگەشمان هێنایەوە و سادەترین بەڵگە ئەوەیە خوای گەورە باسی﴿ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ﴾ (٥٩) النِّسَاء، دەکات.

واتە: ... فەرمانبەریی خوا بکەن، هەروەها فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، هەروەها هیی کاربەدەستانێک کە لە خۆتانن...

(وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ) یانی ئەوەی کە لەنێو ئێوەدایە، لەنێو ئێوەدا واتە: لەنێو ئوممەتی مسوڵمانان.

هەروەها خوا "سُبحَانَەوتَعَٰلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿...وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴾ (١٤١) النِّسَاء.

واتە: خوا بواری زاڵبوونی کافران بەسەر بڕواداراندا نادات.

ئەمەش یەکێک لە مەرجەکانیەتی، ئەو کەسەی دەبێتە کەسی یەکەمی کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان، جا وڵاتێک بێت، یان چەند وڵاتێک بە یەکەوە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمانیان پێک هێنابێت، دەبێت خەڵکی ئەو وڵاتە بێت، خوای گەورە لە قورئاندا لە سووڕەتی ئەنفالدا باسی مسوڵمانان دەکات کە لەگەڵ مسوڵمانان بن و دەفەرموێت: ﴿ ...أُولَٰئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا... ﴾ (٧٢) الأنفال.

واتە: ... ئەوانە هەندێکیان دۆستی هەندێکیانن، بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کۆچیان نەکردووە (بۆ ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی) هەتا کۆچ نەکەن بۆتان نییە دۆستایەتییان بکەن (و بەرگرییان لێ بکەن...).

ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئێوە کۆچیان نەکردووە، لەگەڵ ئێوە نین، لە وڵات و شوێنێکی دیکەن، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە و لەگەڵ ئەو پێڕ و تاقمە نین کە ئێوە تێیدان، لە شوێنێکی دیکەن، لەگەڵ ئێوە نەهاتوون، دەفەرموێت: (مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ) ئەگەر بە فەتحە بێت (وَلَايَة) واتە: سەرخستن و پشتگیریکردن، واتە: ئێوە ناتوانن پشتگیریی ئەوانە بکەن، بە مەرجێک ئەگەر ببێتە مایەی ئەوەی ڕێککەوتنێکت لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبێت، با ئەو مسوڵمان بێت و لە وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵام ڕێککەوتنێکت لێ تێک بدات، ناتوانیت سەریشی بخەیت و پشتیوانی و پشتگیرییشی بکەیت، ئەگەر بە کەسرە بێت (وِلَايَة) بێت، واتە: کارپێسپاردن، واتە: ناتوانیت کار بە کەسێک بسپێریت کە لە وڵاتی تۆ دانانیشێت و بیکەیت بە سەرپەرشتیکار و بەڕێوەبەر و مشورخۆری خەڵک بە گشتی.

ئێستا لە یاسای زۆر لە وڵاتانیش ڕەگەزنامەی دووەم قەبوڵ ناکەن، بۆ نموونە: لە ئەڵمانیا ڕەگەزنامەی دووەمیان قەبوڵ نییە[1]، لەبەر ئەوە کە بوویت

[1] بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ڕەگەزنامەی ئەڵمانی، هەموو هاوولاتییەکی کۆچکردوو بۆ ئەڵمانیا،

بە ئەڵمان، مافی ئەوەت هەیە وەک چۆن ئەڵمانێک هەیەتی، مادام ڕەگەزنامەی ئەو ووڵاتەت وەرگرت، یاساکەی وایە، دەبێت (اسقاط الجنسية)ی عێراقی بکات، واتا دەستبەردانی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی بێت و دەبێت بڵێت من عێراقی نەمام و بە تەواوی بووم بە هاووڵاتییەکی ئەڵمانی، ئەو کاتە بۆت هەیە خۆت کاندید بکەیت بۆ سەرۆکی وڵات. مەبەستەکە ئەوەیە زۆر لە وڵاتان لەم سەردەمەدا ڕەگەزنامەی دووەمیان قەبوڵ نییە، واتە ناهێڵن کەسێکی عێراقی ببێت بە سەرۆکی ئەو وڵاتە و ناهێڵن ببێت بە ئەندام پەرلەمان و بە وەزیریش، هەتا لە یاسای هەندێک وڵات ناتوانێت ببێتە خاوەن موڵکیش، با لەوێ پەنابەر بێت و ئیقامەی هەمیشەیی یان ئیقامەی سیاسی، یان ئیقامەیەکی ئینسانیی هەبێت.

بۆیە دەبینین ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان، هەندێک پێوەریان داناوە، مافی خۆیشیانە، ئێمەش مافی خۆمانە، جا بۆیە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە هەیە، دەبێت ئەو کەسە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێت.

من پێم وایە بۆ کەسی یەکەمی وڵات مەرجی مسوڵمانەتی لە هەمووی گرنگتر و لە پێشترە، ئەگەر مسوڵمانانی وڵاتێک وا ڕێککەوت لەسەر یەکێک کۆدەنگ بوون، با هاووڵاتی ئەو وڵاتەش نەبێت (وەک ڕەگەزنامە)، دەگونجێت ببێتە سەرۆکی وڵات.

وێڕای بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی (بەپێی مەرجەکان) بۆی هەیە دەستبەرداری ڕەگەزنامەی بنەڕەتیی وڵاتەکەی نەبێت، واتە دەتوانێت خاوەنی دوو ڕەگەزنامە بێت. (یاسای ژمارە "١٠" ساڵی ٢٠٢٤).

باسی چوارەم:
ڕەگەزی سەرۆکی وڵات لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

سەبارەت بە ڕەگەزی ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک و کەسی یەکەمی وڵات، ئایا دەبێت نێر بێت یان مێ، لەو بارەیەوە سێ بۆچوون هەیە، سەرەتا پێویستە ئەوە بخەمە ڕوو، بابەتی (رجال) کە لە قورئاندا باس کراوە لە هەموو شوێنێکدا مەبەستی تەنها پیاو نییە لە ڕەگەزی نێر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ... ﴾ (٢٣) الأحزَاب.

واتە: لەنێو بڕوادارانِ پیاوانێک (ی ڕاستەقینە) هەن، کە لەو پەیمانەی لەگەڵ خوادا بەستوویانە، ڕاستیان کردووە...

لەنێو بڕوادارانِ پیاوانێک هەن، ئایا تەنها پیاوان خاوەنی ئەو پەیمانەن کە بە خودای گەورەیان داوە؟ ئایا ئافرەتمان نییە کە خاوەنی بەڵێن و پەیمانێک بێت کە بە خوای مەزنی داوە لەسەر بەرنامەکەی بەردەوام بن تا مردن؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئافرەتانیش هەمان ڕۆڵیان هەیە کە پیاوان هەیانە، (مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ).

رجال لێرە واتە پیاوەتی، واتە ئافرەتیش هەیە ئافرەتێکی پیاوانەیە، واتا لە سیفەت پیاوانەیە نەک بە ڕەگەز ئەوە نێرە، چونکە خوا باسی نێری نەکردووە، باسی (رجل)ی کردووە، لێرەدا کە باسی پیاو دەکەین مەبەست نێرەکەیەتی، ژنیش ئەوە دیارە کە مێیە، زانایان سێ ڕاو بۆچوونیان هەیە:

یەکەم: بۆ کەسی یەکەمی وڵات بە هیچ شێوەیەک نابێت پیاو نەبێت.

ئەم ڕایەش کۆمەڵێک بەڵگەیان هەیە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

بەڵام بۆ ئەرکەکانی دیکە کە دەبێتە ئەندام پەرلەمان، دەبێتە وەزیر، دەبێتە بەڕێوبەری گشتی، دەبێتە پارێزگار... هتد، ئاساییە.

دووەم: بۆ ئەم پلە بالآیانەش ڕایان نییە، دەڵێن نابێتە کەسی یەکەم، نابێتە والی لە شارەکان، واتە: پارێزگار و نوێنەرایەتیی خەڵک بکات، وەک: پەڕلەمان و وەزیر و ئەم پلە بالآیانە، دەڵێن: گونجاو نییە و ڕێگەپێدراو نییە.

سێیەم: دەڵێن هیچ جیاوازیی نییە لەنێوان ژن و پیاو، هەموو ئەو ئەرکانەی کە بە پیاو دەسپێردرێت، دەکرێت بە ئافرەتیش بسپێردرێت، لە کەسی یەکەم هەتا نزمترین پۆست و پلەی ئەرکپێسپاردن، لە هەمان کاتدا لە مافیشدا، هیچ جیاوازی نییە لەنێوان ژن و پیاودا، مادام وەک یەک ئەرکیان پێ سپێردرابێت، پێویستە هەمان ماف کە بە پیاو دەدرێت، بدرێت بە ئافرەتێکیش مادام هەمان ئەرکی جێبەجێ کردووە.

(ابن قدامة) ئەو ڕایەی هەیە دەڵێت: کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە کە بۆ (إمامة العظمى) واتە کەسی یەکەمی وڵات، نابێت پیاو نەبێت، دەبێت هەر پیاو بێت و (كمال الدين القدسي) ئەویش لە کتێبی: (المسامیرة) دەڵێت: (ذكورة) پێویستە واتە: مەرجە کە نێر بێت، بە مانای نێرەکەی، بۆ سەرپەرشتیکردنی وڵات و کەسی یەکەمی وڵات، هەرچەندە ئەو دەڵێت: (ابن عربي) باس دەکات و دەڵێت: ئەویش هەر دەڵێت دەبێت پیاو بێت، دەڵێت تەنها (ابو حنيفة) نەبێت ڕێگەی داوە کە ئافرەت قازی بێت، لێرەدا کە باسی کۆدەنگی دەکەن ئەبوو حەنیفە یەکێکە لە زانا گەورەکان، ئەگەر لەو سەردەمیدا ئەبوو حەنیفە ڕای جیاواز بووبێت، کۆدەنگی چۆن دروست بووە؟ کەواتە نابێت کۆدەنگی دروست بێت، کۆدەنگی واتە: ئەو زانا گەورانەی سەردەم هەموویان ڕایان لەسەر یەک شت کۆک بێت، بۆیە ئەو بۆچوونە هەیە، ئەوەشی کە دەڵێت بەشێکی لە خەواریجەکانە، لە شتێکدا یەکسانن، پێم وایە ناتوانین بڵێین ئافرەت و پیاو لە هەموو شتێکدا یەکسانن، لێرەدا ئەرک هەیە و مافیش هەیە، لە ئەرک و مافدا مادام یەک کاریان پێ سپێردرابێت، یەکسانن، بۆ نموونە: فەرمانبەرێک لە وەزارەتێک، یان وەزیر لە وەزارەت، وەزیرێک ئافرەتە، وەزیرێک پیاوە، مادام هەمان ئەرکیان پێ

سپێرراوە، هەمان مافیشیان هەیە، پەرلەمانتاری ئافرەت، مادام هەمان ئەرکیان پێ سپێرراوە، هەمان مافیشیان هەیە، چونکە هەمان ئەرک دەبینن، جگە لە هەندێک حاڵەتی فسیۆلۆژی کە جیاوازن لە یەکتر.

هەروەها هەندێک تایبەتمەندی و ئەرک هەیە بە پیاو جێبەجێ دەکرێت و، هەندێکشی بە ژن جێبەجێ دەکرێت، هەندێکی بە ژن ناکرێت، بە پیاو دەکرێت، هەندێکی بە پیاو ناکرێت، بە ژن دەکرێت، ئەمە واقیعە بەپێی پێکهاتەی جەستەییان و حاڵەتی فسیۆلۆژییان هەتا حاڵەتی دەروونییش جیاوازیی هەیە، بێجگە لەمە ژن و پیاو لە ئەرک و مافدا یەکسانن، لەوەی کە جیاوازیشن، هەر یەکەیان بەپێی ئەرک و ماندووبوون مافی پێ دەدرێت.

زۆر ئافرەت هەبووە لە مێژوودا لە کارەکانی خۆی سەرکەوتوو بووە، لە ئێستاشدا ئافرەتی نامسوڵمان و مسوڵمانی سەرکەوتووش هەیە لە بواری سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ نموونە: لە ئافرەتی نامسوڵمان (ئەنجێلا مێرکڵ)[1] یەکێکە لەو سەرۆکانەی کە ئەڵمانیای گەیاندە لووتکە، کەچی ئافرەتیش بوو، لە ئافرەتی مسوڵمانیش (سامیە حسن)[2] یەکێک بووە لە سەرۆکە بەتوانا و سەرکەوتووەکانی وڵاتی تەنزانیای کێشوەری ئەفریقیا، هەروەها لە مالیزیا و سەنگافوراش هەن.

لە قورئاندا باسی مەلیکەی (سبأ) دەکات کە ئافرەتێک بووە، کۆمەڵگەیەکی گەورەی بەڕێوە بردووە، نامسوڵمانیش بوون، دوایی خۆیشی مسوڵمان بوو، قەومەکەشی مسوڵمان بوو و خەڵکەکەشی بەرەو خوا و بەرەو بەهەشت برد،

---

[1] لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە بە ڕاوێژکار (Bundeskanzlerin)ی ئەڵمانیا هەڵبژاردرا هەتا ساڵی (٢٠٢١) واتە چوار خول. لە زۆر قۆناغی سەختی ئابووری وەک ساڵی (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩) ئەڵمانیای پاراست بەرەو لووتکەشی برد لە زۆر بوار، وەک: (ئابووری، ژینگە، کۆچ....).

[2] لە ساڵی (٢٠٢١) بوو بە سەرۆکی تەنزانیا، هەنگاوی چاکسازیی گەورەی گرتە بەر لە بوارەکانی ئابووری و ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاو و تەندروستی...

ئافرەتێکی سەرکەوتوو و بەتوانا بوو، لە سەردەمی پێغەمبەر سولەیمان (علیه السلام) گوتی: ئەوە ئەو نامەیەم لە سولەیمان بۆ هاتووە و گوتی: ﴿ ...مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ﴾ (٣٢) النَّمل.

واتە: ... ئەی قسەبەدەستان! لەبارەی کارەکەمەوە، ڕای خۆتانم پێ بڵێن: من تاکوو ئێوە ئامادە (ی کۆڕ و کۆبوونەوەکەم) نەبن، بڕیاری یەکلاکەرەوە نادەم، دیارە ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریی هەبووە و بەبێ ئەوان هیچ بڕیارێکی گرنگی نەداوە.

هەروەها خوای بەرز و بێوێنە باسی خێزانی فیرعەون دەکات و جیای کردووەتەوە، مەبەست ئەوەیە پێوەرەکانی قورئان لە ئەرک و مافدا یەکسانن، تەماشای قورئان بکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ...﴾ (١٣) الحُجُرَات.

واتە: ئەی خەڵکینە! بێگومان لە نێر و مێیەک (باب و دایکێک) دروستمان کردوون

یان دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ...﴾ (١) النِّسَاء.

واتە: ئەی خەڵکینە! پارێز لەو پەروەردگارەتان بکەن کە لە یەک نەفس دروستی کردوون... ئەمەش بە واتای ئەوەیە نەک پیاو لە فریشتە پەیدا بووبێت و ئافرەتیش لە قوڕ.

ئەوی دیکەیان حاڵەت و پێکهاتەکەی بوو، واتا لە چی پێک هاتووە، بەڵام ئەمەیان باسی لایەنە ڕووحییەکەی دەکات، یان لایەنێکی وردی بابەتەکە دەکات، ئەی خەڵکینە! پارێز لە خوای بە دەسەڵات بکەن ئەوەی کە ئێوەی لە یەک نەفس دروست کردووە، یەک نەفس ئەوە واتای ئەوە نییە، وەک دەگوترێت: ئافرەت لە پەراسووی چەپی پیاو دروست کراوە، ئەوە باسی نەفس دەکات هەر باسی گۆشت و ئێسک و ئەو شتانە ناکات. نەفس، یانی ئەو شتەی

کە پیاوی لێ دروست کراوە، هەمان شتە کە ئافرەتی لێ دروست کراوە، جا ئەگەر ئێسک بێت، ئەویش بە هەمان شێوە لەو پێکهاتەیە دروست کراوە، لەو ماددەیەی، ئەگەر ڕووح بێت لەو ماددەیە دروست کراوە، ئەگەر قوڕ بێت لەو ماددەیە دروست کراوە، یەک شتە، (مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ) هەمان ئەو شتەی کە پیاوی پێ دروست کراوە ئافرەتیشی پێ دروستّ کراوە.

هەروەها خوا "سُبحَانَەوتَعَلَىٰ» دەفەرموێت: ﴿ ...بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ... (١٩) الجَاثِيَة.

واتە: ... هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن...

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ...وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ... ﴾ (٢٢٨) البَقَرَة.

واتە: ... ژنان وەک ئەو ئەرکەی لەسەریانە، مافیشیان هەیە بە شێوەیەکی چاک زانراو...

هەمان ئەو شتەی کە بۆ پیاوان هەیە، بۆ ئافرەتانیش هەیە، ئەو ئەرکەی لەسەر ئەوانە لەسەر ئەوانیشە، ئەو مافەی بۆ ئەوان هەیە بۆ ئەوانیشە، هەتا لە باسی سزا و پاداشتیش وەک یەکن، وەک دەفەرموێت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً... ﴾ (٩٧) النَّحل.

واتە: هەر کەس کردەوەی باش بکات و بڕوادار بێت، لە نێر یان مێ، بە ژیانیکی پاك و چاک دەیژیێنین...

ئەوەی کردەوەی باش بکات لە ئیماندارانە پیاو بێت یان ژن، ئەوە ژیانێکی پاک و چاکی پێ دەبەخشین، هیچ جیاوازیی نییە، لە سزاش بە هەمان شێوە هیچ جیاوازیی نییە.

هەروەها خوا "سُبحَانَەوتَعَلَىٰ» لە قورئاندا زۆر بە زەقی باسی هەندێک ئافرەتی کردووە،﴿ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ أُمِّ مُوسَىٰ...﴾ (٧) القَصَص.

واتە: (بە شێوەی خورپە)، سروشمان بۆ دایکی مووسا کرد...

بەو مانایەی کە کتێبی بۆ ناردبێت، پێغەمبەر بووبێت، نا، بەڵام وەکوو جۆرێک لە وەحی، جۆرێک لە پێڕاگەیاندن خوای کاربەجێ ڕێنماییی کردووە و وەک چۆن پێغەمبەریشی ئاراستە کردووە، پێی گوتووە هەنگاو بە هەنگاو چی بکات، بە هەمان شێوە بۆ ئەو ئافرەتەش، کەواتە ئافرەتان لە ڕووی توانایی و شایستەییەوە ڕۆڵی یەکجار گەورەیان بینیوە شانبەشانی پیاوان. بۆ نموونە: سێ پێغەمبەری پایەبەرز و گەورە هەیە، هیچیان یان باوکیان نەبووە، یاخود باوکی بەخێوی نەکردوون، کەچی لە لایەن ئافرەتەوە بەخێو کراون، پێغەمبەری پێشەوامان «ﷺ» باوکی نەمابوو کە لە دایک بووە، عیسا (سەلاّت و سەلامی خوای لەسەر بێت) باوکی نەبووە، موسا بە هەمان شێوە باوکی خۆی نەبینیوە، سێ پێغەمبەری پایەبەرزی گەورە دایکیان بەخێویان کردوون، موسا تا لای دایکی بوو لای ئەو بوو، دوایی چووە لای ئاسیا، ئەویش هەر ئافرەت بوو و لەناو کۆشکەکەی فیرعەون بەخێوی کرد و گەورەی کرد. لێرەدا مەبەست بوونی پێوەری شایستەیی و توانایە، ئەوە نییە ئەمە ژنە ئەوە پیاوە، ئەم جیاوازییە هیچ پەیوەندیی بە قورئانەوە نییە، پەیوەندیی بە دینەوە نییە، ئەوەی کە دەکرێت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، عورف و عادەت و تەقالیدێکی سەقەت و دوور لە شەریعەت و لە ڕێ لادراوە، کە ستەمی لە ژن کردووە یان بار بە لای پیاواندا خراوە.

ئەگەر بە شێوازە گشتییەکەش سەیری ژن بکەین لە ڕووی سیاسی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، لە ڕووی بەڕێوەبردنی وڵات، لە ڕووی جەنگ و جیهاد، لە ڕووی ئاشتی و لە ڕووی ئەو بابەتانەوە، ئایا لەگەڵ پیاودا چ جیاوازییەکی هەیە، ئەوە چۆنچۆنییە و هەمان ئەرک و مافیان پێ دەسپێردرێت؟ ئەم بابەتە زۆر ورد و قوونڵە، زۆر شتی لەسەرە، بەڵام بە کورتییەکەی باسی بکەم، چونکە ڕۆڵ و کاریگەریی ئافرەت لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و حوکمڕانی، جەنگ، ئاشتی، لە هەموو ئەوانە ئەگەر باسی بکەیت، پانتاییەکی زۆر گەورەی داگیر کردووە، بۆیە باسێکی کورتی بە ڕوودا دەکەمەوە.

یەکەم کەس کە مسوڵمان بوو ئافرەت بوو، خەدیجە خاتوون: (ڕەزا و

ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)، یەکەم کەسیش کە لە ئیسلامدا شەهید بوو، سومەیە بوو، خێزانی یاسر دایکی عەمار (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، ئافرەتان لە بەیعەی عەقەبەی دووەم کە پێی دەگوترێت: (بیعة النساء)، لەم بەیعەیە (٧٣) پیاو و (٢) ئافرەت تێیدا بەشدارییان کرد.

١٤٤٧ ساڵ بگەڕێوە دواوە، ئافرەت بەشداریی کردووە لە دروستکردنی کیان و دەوڵەتێکی سیاسی، بە شەوی تاریک لە مەدینەوە هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر «ﷺ» لە دۆڵ و شیوەکان، بەیعەتیان پێ کردووە، هەر وەک گوتمان بەیعەی (النساء) ئافرەتانی پێ گوتراوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆ کیان و قەوارەیەک تا حوکمڕانی بکات، ئافرەت وەک پیاوان پەیمانیان لێ وەرگیراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (١٢) الممتحنة.

واتە: ئەی پێغەمبەر! هەر کات ئافرەتانی بڕوادار هاتنە لات، پەیمانت پێ دەدەن کە هیچ شتێک نەکەنە هاوبەشی خوا و، دزی نەکەن و، زینا نەکەن و، منداڵەکانیان نەکوژن و، بوختانێک نەکەن لەنێوان دەستەکانیان و لاقەکانیاندا هەڵبەستن (منداڵی دیکە بە درۆ بکەنە هیی خۆیان) و، لە پەسەندا سەرپێچیت لێ نەکەن، پەیمانیان لەگەڵ ببەستەو داوای لێبووردنیان بۆ لە خوا بکە، بە ڕاستی خوا لێبووردەی بەزەییە.

پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا داوە، بۆچی؟ پەیمان بۆچی دەدرێت؟ مەگەر تاکێک نییە لەو کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەرکی پێ بسپێردرێت؟ ئەرکەکان جێبەجێ بکات؟ ئەرکداڕە و، لە هەمان کاتیشدا لە بەرانبەر ئەرکدا، مافیش هەیە، پاشان بە هەمان شێوە ئافرەتان وەک چۆن بەیعەتیان داوە، کۆچیان کردووە.

وەک خوای زانا دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ... ﴾ (١٠) المُمتَحنَة.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کات ئافرەتانی بڕوادار کۆچکردووانە هاتنە لاتان تاقییان بکەنەوە (خوا زاناترە بە بڕوایەکەیان)، ئینجا ئەگەر بە بڕوادارتان زانین...

ئەگەر ئەوانە هاتن هیجرەتیان کرد بۆ لای تۆ ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ»، وەک چۆن پیاوان هیجرەتیان کردووە، بە جیاش خوای گەورە لە پیاوانی جیا کردوونەتەوە، لەگەڵ ئەوان باسی نەکردوون، باسی هیجرەتی پیاوانیش لە زۆر شوێن لە قورئاندا کراوە، پرانسیپی ڕاوێژ، وەک دەفەرموێت: ﴿ ...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ... ﴾ (٣٨) الشُّورَى.

واتە: ... کاروباریان لەنێو خۆیان بە ڕاوێژە...

لێردا ئافرەتیش دەگرێتەوە و باسی ئافرەتیشە، بەڵکوو ئەم دەقانەی قورئان و هەموو ئەو ڕێنماییی و ئاراستانەی کە لە قورئاندا هەیە، ئافرەتانیش لەخۆ دەگرێت چ لە فەرمانی جێبەجێکردنی ئەرکێک، چ لە قەدەغەکردنی قەدەغەکراوێک، وەک چۆن ڕووی لە پیاوانە، ڕووی لە ئافرەتانیشە بەبێ جیاوازی.

هەندێک تایبەتمەندی هەیە ئەرکێکی تایبەت بە پیاوان سپێردراوە، جاری وا هەیە ئەرکێکی تایبەت بە ئافرەتان سپێردراوە، ئەوە بابەتێکی تر‌ە. بۆ نموونە: بێینە سەر مالّ و بەخێوکردنی منداڵ و ئەم بابەتانەی کە پەیوەندیی بەمانەوە هەیە، تەماشا دەکەیت ئافرەت باشی لێ دەزانێت و زیاتر ڕووی لە ئافرەتە، مانای ئەوەش نییە پیاو نەیکات، ڕەنگە بارودۆخەکەیان وا بێت پیاویش بیکات، چونکە ناکرێت بە تایبەت کە ئەمە بە ئافرەت سپێردرابێت و پیاویش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت و خۆی لێ بدزێتەوە، بە بیانووی ئەوەی منداڵ بەخێوکردن هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە و ئامادەکردنی ژەمە خواردنەکان هیچ

یەیوەندیی بەوەوە نییە و مالّ پاکوخاوێنکردنەوە هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە، نەخێر وا نییە، یاخود بڵێت: هەرچی لە چوارچێوەی ئەم دیوارە بوو، هەمووی پەیوەندیی بە تۆوە هەیە، نەخێر، بەڵکوو بەپێی ڕێککەوتن و ڕاوێژ و توانای ئەنجامدانیانە.

لە هەستیارترین کاتدا و لە حاڵەتێک کە پێغەمبەر «ﷺ» زۆر نارەحەت دەبێت، دوای سوڵحی حودەیبیە فەرمان بە هاوەڵەکانی دەکات و دەفەرموێت: سەرتان بتاشن، چونکە نەچوونە مەککە، ئەوانیش پێی نارەحەت دەبن، بەڵکوو هەر بە خودی سوڵحەکە نارەحەت بووبوون، بۆیە ئەو فەرمانەیان جێبەجێ نەکرد و نیگەران بوون، پێغەمبەر لەوان نیگەرانتر و نارەحەتتر بوو «ﷺ»، لێرەدا ڕاوێژ بە (أم سلمة) دەکات، دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە چی بووە؟ فەرمووی: پێم گوتوون: بە قسەم ناکەن، گوتی: من ڕایەکم هەیە لێم وەردەگریت؟ فەرمووی: بەڵێ، گوتی: من ڕام وایە تۆ سەری خۆت بتاشە و، حەیوانەکەت سەربڕە، جا بزانە ئەوانە چی دەکەن، کە بینییان پێغەمبەری خوا سەری تاشی «ﷺ» هاوەڵان ڕۆبوونە سەری یەکتر خەریک بوو لە خەفەتان سەری یەکتر بریندار بکەن، پێشیان ناخۆش بوو، بەڵام گوتیان: پێغەمبەری خوا کردی با ئێمەش جێبەجێی بکەین، ئەو کێشە گەورەیە ئافرەتێک چارەسەری کردووە و پێغەمبەری «ﷺ» لەم کێشەیە ڕزگار کردووە.

(عبدالرحمن کوڕی عوف) ئەو کاتەی کە دیاری کرا بۆ ئەوەی لەنێوان پێشەوا عوسمان و پێشەوا عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، یەکێک هەڵبژێردرێت و ڕاوێژ بکات، ڕاوێژی زۆری کرد، بە هەموو خەڵک، بە گەورە و بچووک، بە پیاوان و منداڵان، هەتا دەڵێت: (حتَّى اسْتَشارَةَ النساءَ فِي الخُدر)، (خدر) ئەو شوێنەیە لە ماڵێدا وەک پەردەیەک دەگیرێتەوە و شوێنێکی تایبەتیی خۆی هەبووە، خۆگۆڕینێکە، شتێکی تایبەتیی خۆی هەبووە و لەوێ ماوەتەوە، دەڵێت هەتا دەچووە ئەوێ و بە کچەکانی دەگوت: تۆ ڕات چییە؟ عوسمان بێت، یان عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، ڕاوێژی پێ کردوون.

ئەگەر سەیری میکانیزمەکانیش دەکەیت لە کۆمەڵگەی مسوڵماندا کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک، بۆ حوکمڕانیی تەندروست دەیانگرتە بەر، لەمەشدا هیچ جیاوازیی نەبووە بۆ نموونە، لە جەنگ و جیهاددا، کە ئەوە حاڵەتێکی زۆر هەستیارە، کەچی دەڵێن: ئەم بابەتە زۆر پەیوەندیی بە ئافرەتانەوە نییە، چونکە پیاو ڕەنگە پیاوەتی و مەردایەتیی زیاتر بێت، بەڵام نەخێر، وا نییە. بۆ نموونە: لە (أم عطية) دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە، (غَزَوْتُ مع رسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ سَبْعَ غَزَوَاتٍ، أَخْلُفُهُمْ في رِحَالِهِمْ، فأَصْنَعُ لهمُ الطَّعَامَ، وَأُدَاوِي الجَرْحَى، وَأَقُومُ علَى المَرْضَى)[1].

واتە: حەوت جەنگم لەگەڵ پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ) کردووە، لە لای کەلوپەلەکانیان دەمانەوە (یانی چاوی لێ دەبوون)، خواردنم بۆ ساز دەکردن و، بریندارەکانم تیمار دەکرد و بەسەر نەخۆشەکانەوە دەگەڕام.

لە فەرمایشتێکی دیکەدا هاتووە، عن (أنس) رضي الله عنه قال: (لَمَّا كانَ يَوْمُ أُحُد، انْهَزَمَ النَّاسُ عَن النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، قالَ: وَلَقَدْ رأَيْتُ عَائِشَةَ بنْتَ أَبي بَكْر، وَأُمَّ سُلَيْم وإنَّهُما لَمُشَمِّرَتَان، أَرَى خَدَمَ سُوقِهِما تَنْقُزَانِ القِرَبَ، وَقالَ غَيْرُهُ: تَنْقُلَانِ القِرَبَ علَى مُتُونِهِمَا، ثُمَّ تُفْرِغَانِهِ في أَفْوَاهِ القَوْمِ، ثُمَّ تَرْجِعَانِ فَتَمْلَأَنِهَا، ثُمَّ تَجِيئَانِ فَتُفْرِغَانِهَا في أَفْوَاهِ القَوْمِ)[2].

واتە: لە (أنس) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە جەنگی (أحد) کە خەڵکی پێغەمبەریان بەجێ هێشت، دەڵێت: (عائیشەی کچی ابوبکر و ام سلیم)م بینی کە لاقیان هەڵکردبوو، خڵخاڵی قاچیانم دەبینی، گۆزەیان لەسەر شان هەڵدەگرت و دەیاندا بە هاوەڵان و دیسان دەگەڕانەوە و بڕیان دەکردەوە و دەیاندا بە خەڵکەکە.

---

[1] أخرجه مسلم: (١٨١٢)، والنسائي في السنن الكبرى: (٨٨٨٠)، وابن ماجه: (٢٨٥٦) واللفظ له، وأحمد: (٢٠٧٩٢).

[2] أخرجه البخاري: (٢٨٨٠)، ومسلم: (١٨١١).

پاشان چەند نموونەی دیکە هەبووە، وەک لە فەرمایشتێکی دیکەدا هاتووە کە (أنس) ڕیوایەتی دەکات، (أُمَّ سُلَيْم) یەکێک لە هاوەڵان بووە، دەڵێت: ڕۆژی (حنين) خەنجەرێکی پێ بوو، (أبو طلحة)ش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوە (أُمَّ سُلَيْم)ـە خەنجەرێکی بە دەستەوەیە، پێغەمبەریش فەرمووی: ئەی (أُمَّ سُلَيْم) ئەوە چییە ئەو خەنجەرە؟ گوتی: قوربان ئەوە بۆ شەڕێمە، ئەگەر موشرِیکەکان هاتنە پێشەوە دەمەوێت زگیان پێ هەڵدڕم، دەڵێت پێغەمبەر زۆر پێکەنی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە شەڕ لەگەڵیان بەشدار بووە.

هەروەها لە ئەنەسی کوڕی مالیک دەگێڕنەوە دەڵێت: لە شەڕی ئوحود کە هەڵاتن و پێغەمبەریان بەجێ هێشت، وشەی (إنهزم)ـەی بۆ بەکار هاتووە واتە جێیان هێشت، (انْهَزَمَ النَّاسُ عَنِ النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، وَلقَدْ رأَيْتُ عَائِشَةَ بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ، وَأُمَّ سُلَيْمٍ)[1].

دەڵێت: هەردووکیانم بینی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، لاقیان هەڵکردبوو و ئاویان دەهێنا، گۆزەیان لەسەر شانی دانابوو و دەیانهێنا بۆ ئەوانەی کە بریندارن، ئەوانەی کە هیلاکن ئاویان پێ دەدان.

هەروەها لە شەڕی خەیبەر دەگێڕنەوە و دەڵێن: ئێمە (مەبەستی ئێمەی ئافرەت) لەگەڵ پێغەمبەری خوا و هاوەڵان شەڕمان کردووە، دەڵێن: کە خەیبەر فەتح کرا (قَسَمَ رسولُ اللَّه صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَومَ خَيْبَرَ لِلْفَرَسِ سَهْمَيْنِ، وللرَّاجِلِ سَهْمًا. قالَ: فَسَرَّهُ نَافِعٌ فَقالَ: إذَا كانَ مع الرَّجُلِ فَرَسٌ فَلَهُ ثَلَاثَةُ أَسْهُمٍ، فإنْ لَمْ يَكُنْ له فَرَسٌ فَلَهُ سَهْمٌ)[2].

هەر وەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بەشی پیاوانی دا، بە هەمان شێوە

---

[1] أخرجه البخاري: (٢٨٨٠)، ومسلم: (١٨١١).

[2] أخرجه مسلم: (١٧٦٢) باختلاف يسير.

پشکی ئێمەشی دا، نافەرموویت: هیچ ئەوان دوو پشک بوو هیچ ئێمە یەک پشک بوو، بەڵکوو هەمان پشک بوو.

سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان ژن و پیاواندا، کاتی خۆی خەواریجەکان باسیان کردووە، گوتیان: هیچ جیاوازیی نییە، دەڵێن: کاتێک سەرۆکی خەواریجەکان کوژرا، یەکێکیان دانا ئافرەت بوو، گوتیان: لەمەو دوا ئەمە سەرپەرشتیی ئێمە دەکات، سەرپەرشتیی دەکردن، بڕوایان پێ هەبوو کە کەسی یەکەمیان بێت، ئەوان دەڵێن: ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە هیچ جیاوازیی نییە، بەڵام بەو ڕەهاییەیەش گونجاو نییە لە هەموو شتێکدا هیچ جیاوازییان نەبێت، خوای زانا وای دروست کردووە شێوەی پێکهاتەی پیاو لە ڕووی جەستەییەوە، لە ڕووی نەفسییەوە، لە ڕووی عەقڵییەوە، جیاواز بێت، تەماشا دەکەیت جیاوازە لە هیچ ئافرەت. ئەمەش بە مانای ئەوە نییە پیاو لە ئافرەت لە پێشترە، بەڵکوو بە مانای جیاوازی دێت، وەک چۆن تەماشای پێکهاتەی جەستە و نەفسییەتی ئافرەت دەکەیت جیاوازە لە هیچ پیاو، ئەگەر وا بێت ئەویش بەم شێوەیەی خۆی لە پێشترە لە پیاو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، واتە لەو بازنەیەی خۆیدا و ئەو جیاوازییانە مانای ئەوە نییە مافی هیچ کامێکیان بدرێت بەوی دیکە، وەک چۆن ئەرکی هیچ کامێکیان ناخرێتە سەر ئەوی دیکە!

لە هەمان کاتدا فەزڵی هیچ کامێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا نادرێت.

کەواتە تایبەتمەندییەک هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە لە ڕووی زانستییەوە، هەروەها لەم ڕووەوە ئەگەر تەماشای قورئان و سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەری خوا بکەیت ﷺ دەردەکەوێت کە جیاوازییان هەیە، مەبەستم ئەوەیە لەم ڕووانەوە جیاوازیی هەیە، ئەگەرنا ئەوەی دیکە وەک باسم کرد ئەو

مەبدەئە قورئانییە کە دەفەرموێت: ...وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ... (٢٢٨) البَقَرَة.

واتە: ... ژنان وەک ئەو ئەرکەی لەسەریانە مافیشیان هەیە بە شێوەیەکی بە چاک زانراو...

لە مەعرووفدا ئەوە مەبدەئێکە، بەپێی ئەو مەبدەئە هیچ جیاوازییان نییە لە ئەرک و مافدا.

بەشی پێنجەم
میکانیزم و چۆنیەتیی
دیاریکردنی چوار جێنشینەکە

لە باسی چۆنیەتیی دیاریکردنی چوار خەلیفەکە قسە و باسێکی زۆر لە لایەن نەیارانەوە لەسەر ئەوە کراوە گوایە ئەم پێشەوایانە کەسانێکی خۆسەپێن بوون، ئەمەش بەوە دەبەستنەوە کە ئیسلام هەر بە شمشێر خۆی سەپاندووە، بە داخەوە لەم بارەیەوە مسوڵمانانی ناحاڵییش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نەیارانی ئیسلام و قسەی زۆر بەرز و نزمیان لەم ڕووەوە کردووە.

نەیارانی ئیسلام ئاوا سەیری ئەم چوار جێنیشینە دەکەن کە خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرز کردووە و سیستەمی حوکمڕانییشیان زیاتر سیستەمێکی دیکتاتۆریی خۆسەپێنی بووە و هیچ پەیوەندیی بە خەڵک و بە ڕای خەڵکەوە نەبووە، کەچی ئەم قسانەیان هیچ بنەمایەکی نییە و دوورە لە ڕاستی و تەنیا هەڵڕشتنی ڕق و قینیانە لەو پێشەوا سەرڕاستانە و شەریعەتی خوا، کە جوانترین شێوەی حوکمڕانییان لە دیرۆک و مێژووی مرۆڤایەتی و ئیسلامدا پەیڕەو کردووە.

ئەگەر تەماشای کتێبەکانی مێژوو بکەین هەر چواریان بە شێوەی هەڵبژاردن دیاری کراون، گەورەترین بەڵگەشیان لەسەر ئەمە کاتێک پێغەمبەری خوا وەفات دەکات «ﷺ»، کەسی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە و کەسی دیاری نەکردووە و ئاماژەیەکیشی نەکردووە، پێغەمبەر باسی ئەم پێشەوایانەی کردووە، ئەم چوار پێشەوا گەورەیە «ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت» هەندێک کەسی دیکەش لە هاوەڵان باس کردووە. بەڵام هیچ کامیانی لە دوای خۆی نە بە ئاشکرا و نە بە ئاماژە بە جێنشین دیاری نەکردووە، ئەمەش بەهێزترین بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن حوکمی ئیسلامی حوکمێکی میراتی، یان حوکمێکی خۆسەپێن بووە، ئەگەر بە درێژاییی مێژووش شتی وەها ڕووی دابێت و هەر کەسێکیش کردبێتی بە میراتی، لە ڕێوشوێنی پێغەمبەر «ﷺ» لایداوە، چونکە ئەگەر ئەم ڕێگەیە دروست بووایە، پێغەمبەر لە هەموو کەس ئەولاتر بوو کە ئەمە پەیڕەو بکات.

لەم باسەماندا زۆر بە کورتی و ئاماژەیەکی خێرا تەنها باسی ئەو لایەنە

دەکەین کە پەیوەندیی بە هەڵبژاردن یان دیاریکردنی ئەو چوار جێنشینە سەرڕاستەوە هەیە، چونکە دوای پێغەمبەری پێشەوا «ﷺ»، ئەگەر باسی لایەنەکانی تری سەردەمی ئەم خەلیفانە بکەین، هەر یەکەیان ناسراوەتەوە بە کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەیان ناوە لە کاتی خۆیدا بە ئاراستەی خزمەتکردنی خەڵک و ئارامیی کۆمەڵگە و پێشکەوتن و دادگەری و شارستانییەت و مەعریفە و کارکردن و فراوانکردن.

بە داخەوە ئێستاش لە زهنی هەندێک کەس وایە ئەوەی کە تەنها لە هەندێک لەو فیلمە مێژووییانەی کە بینیویانە وا دەزانن ئیسلام تەنها ئەوەیە کە شمشێرەکەت بێنە و شەڕ بکە و ئیدی تەواو هەر ئەوەیە، ئایا ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر «ﷺ» و هاوەڵان و ئەو جێنشینانە و تا ئێرەش، بە ڕاست هەر شەڕە؟ هەر تێکۆشانە؟

سەرەتا نامەوێت بە کرچوکاڵی باسی سەردەمی هیچ کام لەو جێنشینە گەورانە بکەم، ئەوان پیاوی زۆر گەورە بوون و خزمەتی زۆر گەورەیان لە هەموو ڕووەکانەوە کردووە، دواتر لە باسەکانی تر باسی هەندێک لەو ڕووانە دەکەین بە تایبەتی لە بابەتی حوکمڕانیدا جا لە ڕووی دادگەرییەوە بێت چۆن دادگەریان کردووە؟ یان لە ڕووی خزمەتکردنەوە بێت چۆن خزمەتیان کردووە؟ یان لە ڕووی مەعریفە و زانستەوە بێت چۆن بلاّویان کردووەتەوە؟ یان لە ڕووی دروستکردنی شارستانییەتێکی گەورە بووبێت چۆنیان دروست کردووە و کێ دروستی کردووە؟ لە کاتی ئاشتیدا چۆن بوون؟ لەگەڵ نەیارەکانیان و لەگەڵ دوژمنەکانیان لە کاتی جەنگدا چۆن مامەڵەیان کردووە؟ بەشکم دەرفەت ببێت لە کاتی خۆیدا تۆزێک ئاماژە بە چۆنیەتیی حوکمڕانیی ئەو پیاوە گەورانە بکەین.

باسی یەکەم:
چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا ئەبوبەکر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)

دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا وەفات دەکات «ﷺ»، سەرچاوەکانی مێژوو و سیرە بە وردی باسی دەکەن، دیارە (انصار) پشتیوانەکان لە کەپری بەنی ساعیدە (سقيفة بني ساعدة)دا کۆ دەبنەوە و مشتومڕێک دروست دەبێت لەنێوان پشتیوان و کۆچەران (الأنصار والمهاجرين) ئەوانیش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین خۆ فریشتە نین، وەک بەشەر مشتومڕیان هەبووە، ئیمامی عومەر کە ئەمە دەبیستێت، دەڕوات بۆ کەپری بەنی ساعیدە لە ڕێگەدا تووشی ئەبوبەکر دەبێت و بە یەکەوە دەچن بۆ ئەو شوێنە، لەوێ دەبێتە مشتومڕ، مشتومڕ لەسەر ئەوەی کە کێ لە دوای پێغەمبەری خوا «ﷺ» خەلیفە بێت.، دیارە ئەوان دەڵێن: (مِنَّا أَمِيرٌ ومِنكُم وَزِيرٌ) با ئەمیر و براگەورە و جێنشین لە ئێمە بێت و وەزیریش لە ئێوە! وێستیان بەو شێوەیە دەسەڵاتەکان دابەش بکەن.

دیارە مشتومڕ قوڵ دەبێتەوە لەنێواندا، ئەوە بوو ئیمامی عومەر دەڵێت: من هیچ کەس لە ئەبوبەکری سدیق بە شایستەتر نابینم ئەوە بەیعەتم پێ کرد کە براگەورەمان بێت. ئەو مشتومڕانە بە شێوەیەک بووە وەک چۆن ئێستا خەڵک لە هۆڵێک کۆ دەبنەوە مشتومڕی ئەوەیانە کە کێ هەڵبژێرن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو میکانیزمانەی ئێستا خەڵک پێی گەیشتووە ئەو میکانیزمانە لەو سەردەمیدا نەبوون، بەڵکوو هەر خەڵک کۆ بووەتەوە و گفتوگۆیان کردووە کە کێ براگەورە بێت، هیچ کەسیش نەهاتووە بە هێز خۆی بسەپێنێت، دوایی ئەبوبەکریش قەبوڵی نەبووە، ئەویش گوتوویەتی: پێم خۆشە عومەر بێت، دواجار کۆمەڵێکی زۆر لە هەردوو لا بەیعەتیان بە (ابوبكر الصديق) کرد «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت»، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرپرسیاریەتی و حوکمڕانییە بۆ ئەبوبەکری سدیق «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت» دانەمەزرا هەتا دوایی لە مزگەوت هەموو

خەڵک بە گشتی بەیعەتیان پێ کرد، (ابن تیمیة) دەفەرموێت: ئەگەر خەڵک بە گشتی بەیعەتیان بە ئەبوبەکر نەکردبایە، ئەم خەلافەتەی بۆ دانەدەمەزرا لە ڕووی شەرعییەوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە، گرنگ لە کۆتاییدا خەڵک بە گشتی بەیعەتیان بە ئەبوبەکری کرد و دواتریش لە مزگەوتدا بەیعەتیان پێ کردەوە «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت».

هەرچەندە دواجار هەندێکیش لێی هەڵگەڕانەوە سەبارەت بە نەدانی زەکات، بەڵام ئەوە جیاوازە و ئەگەر کەمێکیش بەیعەتیان پێ نەکردبێت هەر ئاساییە، چونکە خۆ ئێستا لەم وڵاتانەش کەس دەنگ و ڕای سەد لە سەدی دەست ناکەوێت، مەگەر دیکتاتۆرەکانی وەکوو حوسنی موبارەک و سەدام حوسێن و ئەوانە لە سەدا ٩٩ و ئەوندەیان دەهێنا. کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە دانانی ئەبوبەکر پێش هەموو کەس بە ڕای خەڵک و بە هەڵبژاردن بووە.

ئەو شێوازەی هەڵسوکەوتی عومەری کوڕی خەتتابیش «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت» سەبارەت بەوەی کە هەڵدەسێتەوە دەڵێت: کەس لە ئەبوبەکر بە شیاوتر نازانم، لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێک ئاوات و خۆزگەی دەسەڵاتی هەیە، ئەمە لەوانەیە دەرفەتێک بووبێت بۆ ئیمانی عومەر و بۆی ڕێک کەوتووە، بەڵام دەڵێت: نەخێر ئەبووبەکر ئەو پیاوەیە کەوا شایستە و شیاوە بۆ ئەو شوێنە، لە پشتی ئەم قسەیەوە دەیەوێت چ پەیامێک بە مسوڵمانان بگەیەنێت؟ پێمان دەڵێت: کاتێک کەسێکت لە خۆت بە شایستەتر بینی، هەوڵ بدە بە بەرپرسیارێتی و ئەرکەکە لەسەر شانی ئەو بێت و تۆش دڵسۆزانە هاوکار و پاڵپشتیی بکە.

ئەم باسە وردەکارییە زۆری تێدایە و نامەوێت لەوە زیاتر درێژی بکەمەوە، تەنها مەبەستمان ئەوەیە وێنە گشتییەکە بۆ خەڵک باس بکەین کە بە شێوەی هەڵبژاردن بووە و بە دانان نەبووە، نە پێغەمبەری خوا کەسی دانا ﷺ نە کەسێکیش هات خۆی فەرز کردبێت و وەک سەرکردەی مسوڵمانان خۆی سەپاندبێت.

باسی دووەم:
چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عومەر
(ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)

دوای ئەوەی کە پێشەوا ئەبوبەکر «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت» لە سەرەمەرگدا دەبێت، قسە لەگەڵ عائیشە دەکات «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت»، کە خێزانی پێغەمبەری خوایە «ﷺ» و ڕاوێژی پێ دەکات، ئەمەش دەرخەری گرنگیی پێگەی ئافرەتە، ڕاستە خێزانی پێغەمبەری خوا بووە، بەڵام ئافرەتێکی شارەزا بووە، بۆ بەڵگەش سەیری فەرموودەکانی پێغەمبەر بکە «ﷺ» چەندەیان عائشە گێڕاویەتییەوە.

عائیشەش دەڵێت: پێم باشە کەسێک لە دوای خۆت بەجێ بێڵیت نەوەک ئوممەتەکەت دوای خۆت تووشی فیتنە و ئاژاوە بن، ئەویش دیارە ڕاوێژێکی زۆر بە خەڵک دەکات، «ڕاوێژ» خاڵی سەرەکی بووە بۆ دیاریکردنی پێشەوا و سەرکردەکان، سەرچاوەکانی مێژوو دەڵێن: ڕاوێژێکی زۆر بە خەڵکێکی ئێگجار زۆر دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بانگی پێشەوا عومەر و ئەوانی دیکە دەکات بۆ ئەوەی ڕاوێژیان پێ بکات، دەڵێت: دەمەوێت دوای خۆم کەسێک دەستنیشان بکەم، بەڵام ئەو هیچ کەس دیاری ناکات، ئەو لە ناخی خۆیدا و بە هەندێک ئاماژە عومەری پێ لە هەمووان پەسەندتر و چاکتر بووبێت، بەڵام ڕاوێژ بە خەڵکێکی زۆر دەکات.

لەبەر ئەوە دەڵێت: ئەگەر نەمام لە دوای من کێتان پێ باشە، زۆریان ئاماژە بە ئیمامی عومەر دەکەن، زۆری تریشیان دەڵێن: ئێمە بەڕێزتان سەرپشک دەکەین بۆ هەر کەسێک کە تۆ پێت باش بێت، ئێمە بە قسەت دەکەین و گوێڕایەڵیی ئەویش دەکەین.

لە کۆتاییدا ڕای زۆرینە ئەوە بوو گوتیان: تۆ کێت پێ باشە ئێمە متمانەمان بە تۆ هەیە، مرۆڤێکی ساغ و کەسێکی ڕاستی، پێشەوایەکی گەورەی ئێمە بوویت، دیارە سەردەمی ئەبوبەکر «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت» سەردەمێکی زێڕین بووە، بەپێی فەرمودەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دوای پێغەمبەری خوا «ﷺ» لە مسوڵمانێتی و لە چاکەکاری و لە دادگەری و لە خۆشگوزەرانی و لە پابەندی لە هەموو ڕوویەکەوە سەردەمی ئەبوبەکری سدیق «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت»، باشترین سەردەم بووە.

دوای ئەوەی کە سەرپشکی دەکەن ڕاوێژێکی زۆر دەکات، دەڵێت: من ئەوە عومەری کوڕی خەتتابم بۆ ئێوە هەڵبژارد، بەڵام هیچ ئەویش و هیچ ئەوانی دیکەش بەبێ ئەوەی کە ئەم بەیعەت و متمانەپێکردنە بە گشتی لە مزگەوت نەبووبێت نەچەسپاوە، واتە شەرعییەتی زیاتر لەوە وەرگرتووە، کە لە مزگەوت خەڵک هەموو کۆ بووەتەوە و بەبەعەتیان پێ کردووە، نەک لە ژووری داخراو ئەو پڕۆسەیە ئەنجام بدرێت و کەس نەزانێت چ دەگوزەرێت، واتە هەرچەندە پێشەوا عومەر وەک جێگرەوە دیاری کرا، بەڵام بەبێ بەیعەتپێدانی گشتی، ئەو براگەورایەتییە ناچەسپێت و شەرعییەت وەرناگرێت.

بابەتی میکانیزم و شێوەی ڕاوێژکردن و هەڵبژاردنەکان جیاواز بووە لەوەی ئێستا، هەر چوار خەلیفەش جیاواز بووە لەوانی دیکە، هیچ هەر کامێکیان لەوی دیکە جیاواز بووە، ئەوەی ئەبوبەکر بەو شێوەیە بووە، کە هەڵبژێردراوە و دیاری کرا، هیچ دیاریکردنی ئیمامی عومەریش ئەبوبەکر ڕاوێژێکی زۆر فراوانی کرد. دوای ئەوەی کە ڕاوێژێکی زۆر فراوانی کرد بە ژنان، بە پیاوان، بە گەنج، بە هەموو کەسێک کە کێتان پێ باشە دوای من، ڕای زۆربەی هەرە زۆری خیلافی لەسەر نەبوو، گوتیان: (عومەر)مان پێ باشە، ئەویش دیسان بە هەمان شێوە بوو کە خۆی نەسەپاندووە، خەڵکێکی زور لە مزگەوت کۆ کرایەوە و لەوێ بەیعەت بە ئیمامی عومەر درا.

(ابن تیمیة) باس دەکات و دەڵێت: بەیعەتی ئەو جێنشینە سەرڕاستانە هیی پێشەوا (عومەر)یش، پێش ئەو پێشەوا (ئەبوبەکر)یش دوایی پێشەوا (عوسمان)یش، هەروەها پێشەوا (عەلی)یش کە دوایی باسی دەکەین یەک لە مەرجەکانی بوون بە پێشەوا ئەوە بووە کە دەبێت خەڵک هەموو ڕازی بن، چونکە ئەگەر زۆرینەی خەڵک بە هەر یەکێک لەوانە ڕازی نەبووبان، خەلافەتەکەیان دانەدەمەزرا و شەرعییەتی وەرنەدەگرت، کەواتە دامەزراندنی خەلافەتەکە پەیوەست بوو بە ڕەزامەندیی خەڵک.

ئەگەر تەنها قسەی پێشەوا ئەبوبەکر بووایە کە ڕاوێژێکی زۆریشی کردووە، خەڵک هەر ئەویان پێ باش بووە، بەڵام دەبوو ئەم هەڵبژاردن و بەیعەتپێدانە ئەنجام بدات و دەنگدانە گشتییەکە بە عومەری کوڕی خەتتاب هەر درابایە، ئەو کات خەلافەتەکەی دادەمەزراو و دەبوو بە بڕاگەورە و مشورخۆری مسوڵمانان، بۆیە فەرمانی کرد هەموو خەڵک کۆ بکرێنەوە، خەڵک کۆ کرایەوە و هەموویان لە مزگەوت بەیعەتیان بە عومەری کوڕی خەتتاب دا و، بوو بە خەلیفەی دووەمی مسوڵمانان.

باسی سێیەم:
چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عوسمان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)

ئەگەر بە ڕیزبەندی پێیدا بێینە خوار لە دوای ئیمامی عومەر ئیمامی عوسمان دێت «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر هەردووکیان بێت» دوای ئەوەی کە پێشەوا عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) بریندار دەکرێت و هەر بەو برینەشەوە وەفات دەکات، ئیدی سەردەمی ئەو بەرەو کۆتا دەڕوات. دوای ئەوەی کە بریندار کرا و زانیی مالئاوایی دەکات، ئایا ئەو وەکوو ئەبوبەکر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) خەڵکی کۆ کردەوە؟ چیی کرد بۆ ئەوەی کەسێک هەڵبژێردرێت لە دوای خۆی و ببێت بە جێنشین؟ یان ئەوەتا کەسێکی دیاری کرد و گوتی فلانەکەس تۆ جێگر و جێنشینی منیت؟

دوای ئەوەی کە (أبو لؤلؤة المجوسي) ئیمامی عومەر بریندار دەکات و برینەکەی سەخت دەبێت، موهاجیرەکان سەردانی دەکەن، مەبەست لە موهاجیرەکان ئەوانەن کە لە سەردەمی خۆی لەگەڵ پێغەمبەری خوا «ﷺ» لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچیان کرد، لێرەدا بابەتێک هەیە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئیمامی عومەر لە دوای بریندارکردنی گوتی: دەترسم خەڵک دوای من تووشی فیتنە و ئاژاوە بن، کێتان پێ باشە دابنرێت بە جێنیشینی مسوڵمانان، ئەوانیش ئەو بۆچوونەیان بۆ پێشەوا عومەر پێشنیاز کرد گوتیان: پێمان باشە دوای خۆت عبداللەی کوڕت دیاری بکەیت بە جێنشینی مسوڵمانان، ئەمانە خەڵکێکی سەرڕاست بوون، بنچینە و بناغەی

دەوڵەتی ئیسلامی بوون، ئەم داوایەیان لە پێشەوا عومەر هەبوو، کەچی ئیمامی عومەر هەر زوو داواکەیانی ڕەت کردەوە.

ئیمامی عومەر «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت» دوای ئەوەی داوای ئەو خەڵکەی ڕەت کردەوە، دەستبەجێ عبداللەی کوڕی نارد بۆ لای عائیشە «ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت»، چونکە خێزانی پێغەمبەری خوایە «ﷺ»، بە مەبەستی ڕاوێژپێکردنی، گوتی: سەلام لە عائیشە بکە و ڕێگەم بدات ئەگەر مردم لە تەنیشت پێغەمبەر بمنێژن لەگەڵ پێشەوا ئەبوبەکر، ئەویش داواکەی پەسەند کرد و فەرمووی « نعمْ، وكَرامةً»، دوومیش بزانە کێی پێ باشە و چۆنی پێ چاکە و چی بکەین؟ گوتی: پێم باشە پێشەوا عومەر کەسێک لە دوای خۆی بەجێ بێڵێت و ئۆممەتەکەی بێ سەرپەرشتیار بەجێ نەهێڵێت.

دەستنیشانکردنی عبداللەی کوڕی عومەر لە لایەن ئەو خەڵکە لەخۆڕا و بە هەڕەمەکی و بۆ ئەوە نەبوو کە بڵێین عبداللە لەبەر ئەوەی کوڕی عومەرە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) با هەڵبژێرین، نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە عبداللە خۆی تێیدا هەبووە و کەسایەتییەکی بەهێزیشی هەبووە و کەسێکی زانا و زۆر شارەزا بوو و پیاوێکی گەورە و ئەهلی عیلم بووە، پیاوێکی شایستە بوو، هەر بە گچکەییەیش لە خزمەت پێغەمبەر و باوکی و هاوەڵاندا بووە و مێژوویەکی زۆر گەورە و پڕشنگداریشی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن باوکییەوە ڕەت کراوەتەوە، ئەمەش گەورەترین هەڵوێست بووە.

بێگومان ئەمە شتێکی جوانە کە ئیسلام هەر لە سەرەتاوە پرسی پشتاوپشتیی دەسەڵاتی ڕەت کردووەتەوە، ئەم هەڵوێستەی عومەر سادەترین

بەڵگەیە بۆ هەر کەسێک گومانی لە دەسەڵاتی میراتی لە ئیسلامدا هەبووبێت، چونکە ئەگەر خەلیفەی مسوڵمانان چاوی لە دەسەڵاتی پشتاوپشتی بووایە، کە باوک و دوایی کوڕ و دوایی کوڕی کوڕی و نەوەی هەتا دوایی هەر ئەو بێت، بۆ ئەو دەرفەتێکی باش بوو کوڕەکەی دابنێت، بەڵام نەیکرد و گوتی: « نەخێر، ئالی خەتتاب یەکیان بەسە، کە بوو بە خەلیفە»، بۆیە پێشەوا عومەر شەش لە هاوەڵانی پێشنیاز کرد، لەناویاندا، عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب و، عوسمانی کوڕی عەففان هەبوو، کەواتە ئەگەر سەیری ناوەکان بکەین بە عەشیرەکانیشیانەوە بەم شێوەیە بووە:

(عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب) بني عبدالمطلب بووە.

(ئیمامی عوسمان) بني امية بووە.

(عبدالرحمانی کوڕی عەوف) (بني زهرة) بووە.

زوبێری کوڕی عەوام (عبدالعزة بن قصي) بووە.

(طلحة بن عبدالله) (بني تميم) بووە.

سعد بن ابی وقاص (مالك الزهري القرشي) بووە.

دوای ڕاوێژکردنێکی زۆر لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە سەردانیان دەکرد، ئەم شەشەی دیاری کرد بۆ جێگرەوەی خۆی، چونکە گەیشتە ئەو قەناعەتە ئەم شەش کەسە دەتوانن ئەم بابەتە هەڵبگرن، بانگی کردن، گوتی: پێم وایە ئێوە کە هاوەڵی پێغەمبەرن «ﷺ» و بە چاکترینی خەڵکیشتان دەبینم، بچنە خزمەت (عائیشە)ش وەک ئیحترام و ڕێزێک بۆ خۆی و پێغەمبەری خوا «ﷺ» و لە مااڵی پێغەمبەری

خوا «ﷺ» کۆ ببنەوە، ڕاوێژی پێ بکەن و یەکێک لەنێو خۆیان هەڵبژێرن، ئەگەر پێویست بوو ڕۆژێک دوو ڕۆژ دادەنیشن و دەبێت ڕێک بکەون کە یەکێکتان خەلیفە بێت دوای من، فەرمووی: با (عبدالله)ش بێت و ئەویشتان لەگەڵ بێت، بەڵام بۆ ڕاوێژکردن، واتە تەنها ڕاوێژکار دەبێت و نابێتە نێو ئەوانەی کە هەڵدەبژێردرێن بۆ جێنشینایەتی، ئەوە بوو چەند ڕۆژێک ڕاوێژیان کرد، ئیمامی عومەر پێش نوێژییەکانیشی بە کێ دەکرد؟ بەوانی نەدەکرد! نەوەکوو بیێتە ڕێخۆشکردنێک، بەڵکوو بە (صهيب رومي)ی دەکرد.

کەواتە: دانانی ئیمامی عوسمانیش لەنێو ئەوانە بە ڕاوێژ بووە، هەڵبەتە دیارە کە بوو بە شەش کەس پێویستیی بە ڕاوێژێکی فراوانتر بووە، دوای ئەوە هەندێکیان لەو پرسە چوونە دەرێ، بەڵام چۆن؟ دوای دوو سێ ڕۆژ گفتوگۆکردن (عبدالرحمن کوڕی عەوف) پێشنیازێکی کرد و گوتی: من دەکشێمەوە، بەڵام بە مەرجێک بە قسەم بکەن، ئەگەر لە ناو پرسەکە بووایە پێشنیازکردن زەحمەت بوو، بەڵام کە لێی بێیە دەرێ دەتوانیت هەندێک هەنگاو بنێیت، چونکە بۆ خۆت نییە، گوتی: داوا دەکەم دوای ئەوەی کە دەکشێمەوە و لە مافی خۆم خۆش دەبم کە پێم دراوە و، پێشنیاز دەکەم بە قسەم بکەن، کە ئەم ئەو قسەیەی کرد و ئەوانی دیش خۆیان کێشاوە بۆ ئەوانی مابوونەوە، ئەوە بوو طلحەی کوڕی زوبەیر بۆ ئیمامی عوسمانی بەجێ هێشت، سعدیش هەر بۆ عبدالرحمنی کوڕی عەوفی بەجێ هێشت، زوبێریش بۆ ئیمامی عەلی تەنازولی کرد، واتە چوار کەس لە پڕۆسەکە چوونە دەرێ، گوتی: دەی باشە، دواجار پێشنیازەکەی عبدالرحمانی کوڕی عەوف وەرگیرا.

دوایی گوتی: ڕاوێژ بە خەڵک دەکەم، دەستی کرد بە ڕاوێژکردن، عبدالرحمانی

کوڕی عەوف دەڵێت: دەگەڕام و ڕاوێژم دەکرد، بە جۆرێک هەتا بە ئافرەتانیش، بە کچان، بە ژنان، بە پیاو، بە پیرەمێرد بە هەموو مالاّندا دەگەڕام و ڕاوێژم دەکرد، بە شێوەیەک دەگەڕا دەمامکی خۆی کرد تا کەس نەیناسێت، ڕاوێژ و پرسی بە پیر و بە گەنج، بە دەوڵەمەند و بە هەژار، بە ژن بە پیاو، بە منداڵ دەکرد، دەگەڕا دەچووە مالاّن و، دەچووە شاران دوای چەند ڕۆژ گەڕان و سووڕانێکی زۆر و ڕاوێژێکی زۆر گەڕایەوە، پێشتریش مەرجی ئەوەی لێ وەرگرتبوون کە ئەم پێشیازەی کردی بە قسەی بکرێت و چ بڕیارێک و چ شتێکی دەست کەوت، دوایی جێبەجێ بکرێت و هەموو لایەک پێی ڕازی بن و، پێوە پابەند بن، هەموویان پێی ڕازی بووبوون.گەیشتە ئەوەی کە لەنێوان عەلی و عوسمان مایەوە، بەڵام دیسانەوە دەستی پێ کردەوە، ئەوەی کە زیاتر خەڵک ڕایان پێ دا، ئیمامی عوسمان بوو.

ئەوە وەک هەڵبژاردنێک وایە، لە سیستەمی هەڵبژاردنی ئێستاش خەڵک ئاوا دەچن دەنگ دەدەن. شێوازەکەی جیا بووە، بەڵام دواجار هەڵبژاردن بووە، زیاترینی خەڵک لەگەڵ ئەوە بوون کە عوسمانی کوڕی عەففان لە جێی ئیمامی عومەر دابنرێت (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، ئەوە بوو ئیمامی عومەر ئەنجامەکەی ڕاگەیاند، پاشان دەستی گرت و بردییە مزگەوت و گوتی: ئەوە من بەیعەتم بە عوسمانی کوڕی عەففان کرد لەسەر بنچینە و بناغەی ئەوەی کە خەڵکێکی ئێجگار زۆر کە من ڕاوێژم پێ کردوون ئەمە ڕایان بووە، بەم شێوەیە جێگرەوەی خۆی دیاری کردووە.

خودی خانەوادەی پێغەمبەریش «ﷺ» هیچ شتێکی فەرزیان نەبووە لەم پرسەدا و قسەیەکیان نەبووە بڵێن نەخێر نابێت وا بێت، بۆیە ئەگەر تۆزێک

بیری لێ بکەینەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حوکمڕانییەکی زۆر سەرڕاست و سەرسوورهێنەر بووە، یان بڵێین ئەوە کاندیدی ئێمەیە بە مەفهومی ئێستا و دەبێت فلاّنەکەس بێت، ئەگەر پێیان داگرتبایە ئیحترامەن بۆ خودی پێغەمبەری خوا «ﷺ» خەڵکێک ڕێزی لە داواکەیان هەر دەگرت، بەڵام ئەوەیان نەکرد.

ئەمە ڕەتکردنەوەیەک بووە لە هەمان کاتدا سەلماندنی ئەوەشە کە ڕاوێژ بە هەموو کەس کراوە، واتە: هەموو کەس بەشدار بووە لە دیاریکردنی جێنشین و پێشەوای مسوڵمانان لە سەردەمی خۆیدا.

باسی چوارەم:
چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێشەوا عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب! (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)

بە داخەوە شەهیدکردنی پێشەوا عوسمان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) بەم شێوازەی وەک هەندێک لە زانایانیش باس دەکەن دەرگەی فیتنە و ئاشووب کرایەوە بە ڕووی ئوممەتی مسوڵمانان، ئەمەش باسێکی دوورودرێژە و خەڵکێکی زۆریش تا ئێستا بە گومانە لە ڕوودانی شەهیدکردنی ئیمامی عوسمان.

ئەم بابەتە گومان هەڵناگرێت و زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بە داخەوە خەڵکێکی خەواریج، مەشرەب خەواریج شەهیدیان کرد، ئەگەر هەندێک ڕەخنەشیان لە جێی خۆی بووبێت، کەچی زۆریان لێ گەورە کرد و بە شێوەیەکی دڕندانە شەهیدیان کرد (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت).

دوای وەفاتی ئیمامی عوسمان خەڵک چوون بۆ لای ئیمامی عەلی، چونکە دۆخی مسوڵمانان زۆر خراپ و ناخۆش بوو ڕوو لە فیتنە و پەرتەوازەیی بوو، پێیان وا بوو کە پێشەوا عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) باشترین و چاکترین و بەتوانـاترین کەسە، کە بتوانێت لەم قۆناغەدا سەرپەرشتیی کاروباری مسوڵمانان بکات.

ئەویش یەک مەرجی هەبوو گوتی: ڕازیم بەو مەرجەی لە مزگەوت بێت، هەموو کۆ بکرێنەوە و ئامادەبن و خەڵک بێن بەیعەت بکەن و کەس ناڕازی نەبێت، ئەمەش بە ڕاستی هەڵوێستێکی پڕشنگدار و جوامێرانە بوو، چ سەرکردەیەک لە ئێستادا زاتی ئەوەی هەیە ئەگەر بیکەن بە سەرکردەی وڵات

بڵێت: من مەرجم ئەوەیە کە هەموو خەڵک بە شێوەیەک لە شێوەکان بە سەرکردایەتیی من ڕازی بن؟ بۆیە حەیفە ئەو پیاوە گەورانە بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئێستا، هەرگیز بەراورد ناکرێن، لە کاتێکدا ئیمامی عەلی ئامۆزای پێغەمبەرە (ﷺ) و لە هەمان کاتدا زاواشی بووە و خەڵکیش هەموو ڕووی تێ کردووە، کەچی بڵێت: نەخێر! با لە مزگەوت بێت و دەبێت خەڵک بەیعەت بدات و ڕازی بن، چونکە ئەو فەتوایەی (ابن تیمیة) کە هەر کام لەم جێنشینانە بەپێی ئەو خوێندنەوەی ئەو بۆ ژیانی ئەوان و شێوازی دیاریکردنیان و هەڵبژاردنیان بۆ حوکمڕانی و سەرپەرشتیکردنی خەڵک کردوویەتی، ئەم فەتوایەی لێ وەرگرتووە: کاتێک خەڵک بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگیان پێ نەدابێت و متمانەیان پێ نەکردبێت، جێنیشینایەتییەکەی دانەدەمەزرا، بۆیە هەر کەسێک ببێتە پێشەوای مسوڵمانان و زۆرینەی خەڵک پێی ڕازی نەبووبێت، پێشەوایەتییەکەی و بڕاگەورایەتییەکەی دانامەزرێت. عبدالرحمانی کوڕی عەوف دەڵێت: دوای ئەوەی زۆرینەی خەڵکم خوێندەوە و ڕاوێژم پێ کردن، ئینجا بۆم دەرکەوت (عوسمان)یان پێ لە پێشتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوش بەوەندە نەوەستاوە و ئەو خەڵکەیان کۆ کردووەتەوە جا ئەگەر لە مزگەوت بووبێت یان لە کەپری بەنی ساعیدە یان لە گۆڕەپان بووبێت یان لە هەر شوێنێکی تر، خەڵکیان کۆ کردووەتەوە و لەوێ بەیعەتیان پێ داوە.

ئەگەر پڕۆسەکە بەم قۆناغانەدا تێپەڕ نەبووبا، سەرکەوتوو نەدەبوو و گرفتیش دروست دەبوو، بۆیە ئیمامی عەلی ڕایەکی زۆر بەهێزی هەبووە و پیاوێکی سەرڕاست بووە، فەرمووی: من ڕازیم، بەڵام با خەڵک بەیعەت بدەن و کەسیش نارازی نەبێت، بەم جۆرە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک ئەوەی کە پێڕاگەیشتووە لەو سەردەمیدا بەیعەتیان پێ کردووە و شوێنەکانی دیکەش لە

سنووری قەڵەمڕەویی خەلافەتدا لە ڕێگەی والییەکانەوە، لە ڕێگەی خەڵکێک کە دەبوون بە وەکیل، بەیعەتیان پێ کردووە و بووە بە خەلیفەی مسوڵمانان و هەڵبژێردراوە.

لێرەدا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە سیستەمی حوکمڕانی لە سەردەمی ئەو چوار جێنیشینەدا، بە شێوەیەک بووە بڕاگەورە بە هەڵبژاردن دیاری کراوە و دوور بووە لە میراتی و خۆسەپاندن، بۆیە ئەگەر تەماشای ئەم چوار پێشەوا سەرڕاست و جێنشینە گەورە و پاکانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بەڵێ پێشەوایەتیکردنیان بە هەڵبژاردن بووە، بەڵام شێوازی هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان جیاواز بووە لەوەی تر، هەر وەک چۆن شێوازی هەڵبژاردنی ئەم سەردەمەش زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە بیست ساڵ پێش ئێستا پەیڕەوی لێ کراوە، کاتێک هاوواڵتییان ویستوویانە سەرکردە یان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ڕەنگە بیست ساڵی تر دوای ئەمە شێوازێکی تر بێت، بگرە هەڵبژاردنێک بۆ هەڵبژاردنێکی تر شێوازەکەی گۆڕاوە، شێواز دەگۆڕێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئامانجەکە بریتیی بووە لە هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک. هەڵبژاردنی ئەو چوار پێشەوایە سەرڕاستەش وەکوو باسمان کرد لە سات و سەردەمی خۆیان بە ڕای خەڵک بووە و هیچ کامێکیان بە میراتی و خۆسەپاندن دەسەڵاتیان نەگرتووەتە دەست، بەڵکوو خەڵک پشتگیریی کردوون و بە ئاشکرا متمانەی زۆربەی خەڵکیان بە دەست هێناوە.

بەشی شەشەم
پرسی حوکمڕانیی
لە چوارچێوەی شەریعەتدا

لە دەوڵەتێکدا کە قەوارەکەی ئیسلامی بێت و سیستەمەکەی سیستەمێکی ئیسلامی بێت، ئایا سەرۆک، پەرلەمان، حکومەت، دامودەزگاکانی هەرچی پێیان باش بێت دەتوانن ئەنجامی بدەن؟ ئایا خەڵک و کۆمەڵگە لە هەموو ڕووێکەوە تەواو ئازادن و سنووریان نییە بۆ هیچ شتێک، لەم بارەوە شەریعەت لە کوێی ئەم پرسەدایە؟ لێرەدا پێویستە دوو شت لێک جیا بکەینەوە:

یەکەمیان خوای گەورە شەریعەتی زۆر بە ڕوونی ناردووە و، هەر بەپێی ئەم شەریعەتەش باسی دانانی بەرپرسانمان کرد لە چوارچێوەی قورئان و سوننەت و ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ.

دووەمیشیان: پێویستە هەموو لایەک بە سەرکردە و پەرلەمان و حکومەت و بە خەڵکیشەوە پابەندی ئەم شەریعەتە بن و جێبەجێی بکەن، واتە ئەو کاتەی دەستوورێکت هەیە یان یاسایەکت هەیە کە لەم دەستوورە هەڵێنجراوە، ئەم دەستوورەش ڕووحی قورئانە، ئەو کاتە هەموو کەس پێوەی پابەند دەبن و هیچ کەس لە سەرووی ئەم یاسا و دەستوورەوە نییە کە خوا ناردوویەتی.

کەواتە بۆ هەر بوار و پرسێک دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شەریعەت، بۆ نموونە لە قورئاندا باسی ئەوە دەکات لەو کاتەی لەگەڵ نەتەوەیەک شەڕت هەیە و دوایی ڕێک دەکەویت بۆ کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە، بۆت نییە خیانەت بکەیت، واتە مەبدەئی نەفیی خیانەت کە مەبدەئێکی قورئانییە پێویستە پێوەی پابەند بیت و بە هەند وەربگیرێت، بۆیە هیچ سەرکردە و دەسەڵاتێک یان حوکمەتێک بۆی نییە بە هەر بیانوویەک بێت لەم بنەمایە لابدات و خیانەت لە ڕێککەوتنەکە بکات، جا مادام ڕێککەوتوویت لەگەڵ وڵاتێک و ئەم وڵاتەش هیچی نەکردووە، کەچی لە نیوەی شەودا بەسەریدا بدەیت (شەبەیخون) و هێرشی بکەیتە سەر، لە کاتێکدا تۆ لەگەڵی ڕێککەوتوویت و بڕیاری ئاشتیت داوە و ڕێککەوتننامەی ئاشتیت لەگەڵ واژوو کردووە، ئەمە لادانێکی گەورەیە لە شەریعەت.

ئەوەی باسمان کرد لەنێوان دوو ولاتە، بەڵام لە چوارچێوەی ولاتێک و شارێک و لە چوارچێوەی یاسا و دەستوورێک کە دەستووری مەدینەیە، لێرەدا شەریعەتێک هەیە دەسەڵاتدار و حاکم و مەحکوم پابەند دەکات، بۆ هەموو لا وەک یەک وایە، کە پێی دەگوترێت: دەوڵەتی یاسا، کە دەستوورێکت هەیە لە قورئان وەرگیراوە، یاسایەکت هەیە لەم دەستوورە هەڵێنجێنراوە، پێویستە هەموو کەس پێوەی پابەند بێت، ئەمەش پێی دەگوترێت یاسا و ئادابی گشتی و هیچ کەس نابێت نکووڵیی لێ بکات و لێی لابدات.

لە بابەت و پرسی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە چوارچێوەی شەریعەتدا، خەڵک دەستکراوەن، چونکە خوای گەورە دەقێکی یەکلاکەرەوەی دەربارەی ئەم بابەتە نەناردووە. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمایشتێکی ڕاست و دروست و وردی نییە دەربارەی ئەم بابەتە، لەبەر ئەوە خەڵکی بۆیان هەیە ئیجتیهاد بکەن، ئەویش بەپێی پێوەر و بنەماکان و لە ڕێی ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەستن بە بابەتی ئیجتیهادەوە، نەک هەر کەسە و لەخۆڕا ئیجتیهاد بکات.

دوای ئەوەی کەمێک باسی ئیجتیهادمان کرد، ئێستا با بزانین موجتەهید کێیە؟ موجتەهید بۆ بابەتی فیقهی جیایە و بۆ کاروباری خەڵک جیایە، کاتێک کە خەڵک پێویستیی بە یاسایەک هەیە، بۆ نموونە: یاسای هاتوچۆ، بۆ ئەوەی یاسایەکی باش بێت و خەڵک سەلامەتتر بێت، پێویستیی بە فەقیهێک نییە، کە تەنها لە بابەتە فیقهییەکان شارەزایە پێویستیی بە خەڵکێکی تایبەت هەیە کە پسپۆڕی ئەم بوارە بێت یان هەر دەزگایەکی دیکە، پڕۆژەپێشنیازێک دەهێننە پێشەوە و پەسەند دەکرێت و دەکرێت بە یاسا، بۆ ئەوەی هاوولاتییان کاروباری بە سەلامەتی لە کاتی هاتوچۆدا جێبەجێ بکەن، ئەم نموونەمان بۆیە هێنایەوە، چونکە غەدر و خیانەت لە شەرعدا نییە، هیچ کەس بۆی نییە بە هیچ بیانوویەک غەدر و خیانەت بکات، ئەوە لێرەدا بەستراویەوە و ڕێت لێ گیراوە،

چونکە چوارچێوەیەکت بۆ دیاری کراوە. بەڵام لەوە کە شەریعەت هەیە هیچ کەس ناتوانێت ئیجتیهادی تێدا بکات، ئەمە بابەتێکی تر و جیاوازە.

﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ... ﴾ (٤٩) المَائِدَة.

واتە: بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار دادوەرییان لەنێواندا بکە و شوێن ئارەزووەکانیان مەکەوە...، واتە نابێت بە دوای هەواو ئارەزووی خەڵک بکەویت، ئەمەش حوکم و یاسا و بڕیاری خوایە "سُبْحَانَهوتَعْلَىٰ» (وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ).

هەروەها خوا "سُبْحَانَهوتَعْلَىٰ» دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾ (٣٦) الأحزَاب. واتە: هەروەها هیچ پیاوێکی بڕوادار و ئافرەتێکی بڕوادار، هەر کات خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری کارێکیان دا، بۆیان نییە بۆ کارەکەیان (مافی) سەرپشکبوونیان هەبێت و، هەر کەسێکیش سەرپێچی لە خوا و پێغەمبەرەکەی بکات، بێگومان بە گومڕاییەکی ئاشکرا گومڕا بووە.

واتە بۆ هیچ بڕوادارێک نییە پیاو یان ئافرەت کە سەرپشک بێت لەوەی کە خوا فەرمانی کردووە ئەمە بکات و ئەمە نەکات، هەر کەسێکیش لە فەرمایشت و لەو ڕێگەیە لابدات کە خوای گەورە بۆی دیاری کردووە، ئەوە زۆر بە ڕوونی گومڕا بووە، یان بە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: «ﷺ»:﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا... ﴾ (١٨) الجَاثِيَة.

واتە: دوایی (ئەی موحەممەد)! تۆمان خستە سەر بەرنامەیەک لە کاروبار (ی ئایین)، دەجا شوێنی بکەوە و....

مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە کە ئاراستەی پێغەمبەرە «ﷺ» ئەوەیە کە ئێمە تۆمان لەسەر شەریعەتێک دامەزراندووە، داناوە (فَاتَّبِعْهَا) بە دوای بکەوە و لێی

لانەدەیت، نە بە دوای هەوا و ئارەزووی کەس بکەوە، نە گوێ لە خەڵک بگرە، ئەی شەریعەت لە کوێیە؟ ئەی حوکمی خوا لە کوێیە؟

بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر بێت لە کۆمەڵگەیەک کە کومەڵگەی مسوڵمانانە و چەتر و سێبەرەکەی شەریعەتی خوایە، ئەو بواره جیاجیایانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری خەڵکەوە هەیە و دەقێکی یەکلاکەرەوە و ڕوونیان لەسەر نییە، خەڵک تێیدا ئازاد و دەستکراوەن، بەڵام ئەویش هەر بە پاڵپشت و بە ڕێنمایی و لەبەر ڕۆشناییی شەریعەت، شتێکیش کە شەریعەت بەڵگەی قاتع و ڕوونی لەسەر هەبێت، کەس بۆی نییە ئیجتیهادی تێدا بکات.

بە داخەوە هەندێک لە مسوڵمانان ئەوانەی کە تا ئێستا شارەزای دینەکەیان نین، یاخود ئەوانەی کە نەیاری ئیسلامن، پێیان وایە ئیسلام تەنها هاتووە لە سووچێکی مزگەوت یاخود لە بۆنەیەکی سادە و ساکار گۆشەگیر بکرێت و مافی حوکم و دەسەڵاتی لێ بسەنرێتەوە و، مافی ئەوەی نەبێت بچێتە نێو کایەکانی تری ژیان، نەخێر، وا نییە، ئیسلام گشتگیرە و ئەو ئایینە نییە کە خەڵکێک پێی وایە دەبێت لە سووچی مزگەوتێکەوە بێت و شوێنکەوتووانی تەنها خەریکی پارانەوە بن لەنێوان خۆیان و خواکەیان، بە پێچەوانەوە ئیسلام ئایینێکە بۆ ئەوە هاتووە حوکمڕانی و سیاسەت بکات و دەوڵەت و کاروباری هاووڵاتییان بەڕێوە ببات.

لە ئێستادا خەڵکێک وا حاڵی بووە کە مسوڵمانیشە و خۆی پێ ئوممەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، وا تێگەیشتووە کە ئیسلام تەنها لە پەیوەندییەکی ڕووحیی نێوان خوا و شوێنکەوتووانی کورت هەڵاتووە، کەچی ئەم جۆرە تێگەیشتن و تێڕوانینە سەقەتە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) هەر بوونی نەبووە، نەک هەر لای مسوڵمانەکان، بەڵکوو لای جوولەکەکانیش، جوولەکەکان دەیانگوت: ئەو موحەممەدە زۆر سەیرە، دێنێکی هێناوە، هەتا مسوڵمانەکانی فێری ئەوە کردووە کە چۆن بچنە سەرئاو و چۆن بێنەوە، کە دەچن چی دەڵێن و کە دێنە دەر چی دەڵێن.

ئەم شەریعەتە وردەکاریی ئەوەندە زۆر تێدایە بۆ ژیانی خەڵک و بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگە، شتێک نەماوەتەوە مەگەر ئەوەی کە پێی دەگوترێت (مستجدات) شتی نوێ کە تازە دێتە پێشەوە و لەو سەردەمی نەبووە، بەڵام بۆ ئەمەش و بۆ هەموو شتێکیش چارەسەری پێیە، خوای مەزن کە دەفەرموورێت: ﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ... ﴾ (٣٣) التَّوبَة.

واتە: (خوا) ئەو کەسەیە کە پێغەمبەری خۆی بە ڕێنمایی و بە بەرنامەی حەقەوە ڕەوانە کردووە، تاکوو بەسەر هەموو بەرنامەکاندا سەری بخات.

با بزانین (هُدَىٰ) چییە؟ (دِينِ ٱلحَقِّ) چییە؟ (هُدَىٰ) ئەوەیە کە تاک پێوەی بەرچاوڕۆشن و ڕاستەڕێ دەبێت و خوای خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خوایەک هەیە و خاڵقێک هەیە ئەم بوونەوەرەی دروست کردووە، ئەم مرۆڤەی پەیدا کردووە لەسەر ڕووی زەوی، لەخۆوە پەیدا نەبووە، پێویست دەکات پەیوەندیی بەم خاڵق و زاتی خوایەوە بەهێز بێت.

(دِينِ ٱلحَقِّ) چییە؟ (دِينِ ٱلحَقّ) لەگەل (هُدَىٰ) دوو شتی لێک جیان، کەواتە (هُدَىٰ) (دِينِ ٱلحَقِّ) نییە، (دِينِ ٱلحَقِّ)یش (هُدَىٰ) نییە. زۆربەی زانایان دەڵێن: هاوواتان (مرادف)، لە قورئاندا هاوواتا (مرادف) نییە. بۆ نموونە وشەی (خشیة)یان هەیە و وشەی (خَوف) و (فَزَع)یشیان هەیە، ئەمانە و کۆمەڵێک وشەی دیکەمان هەیە (هَلَع)یان هەیە. ئەم وشانە هەمووی بە واتای ترس نایەت، چونکە ئەگەر هەموو واتای ترس بووایە، خوای گەورە یەک شتی بەکار دەهێنا. (خوف) جیایە لە (خشیة)، (خشیة) جیایە لە (هلع)، (هلع) جیایە لە (فزع)، هەر یەکێکیان لە شوێنی خۆیان بەکار دێن و حاڵەتێکی تایبەتی بە خۆیان هەیە.

بۆیە (هُدَىٰ)ش، (دِينِ ٱلحَقِّ) نییە، (دِينِ ٱلحَقِّ)ش (هُدَىٰ) نییە، (هُدَىٰ) پەیوەندیی بە ڕێنمایی و ڕاستەڕێبوونی تاکەوە هەیە، دین یانی ڕێبازی ژیان، تەماشای وردەکاریی زمانی عەرەبی بکە بنج و بنەوانەکەی واتە ئەم ڕێباز و ئەم ڕێیەی کە خەڵک لەسەری دەبێت کە خوا "سُبحَانَهوتَعَٰلَىٰ" بەم شەریعەتانەی

ناردوویەتی فەرموویەتی: دینی حەقە، بەڵام دینی ناحەقیش هەیە، بۆیە فەرموویەتی: دینی حەق، ئەدی لە سووڕەتی یوسف «سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت» نافەرموێت: ﴿ ...مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ... ﴾ (٧٦) يُوسُف.

واتە: ... چونکە بەپێی بەرنامە و ئایینی پاشا، بۆی نەبوو برایەکەی لە لای (خۆی) گل بداتەوە و (بیکاتە کۆیلە)... کەواتە (دِينِ ٱلْمَلِكِ)یش هەیە، (دِينِ ٱلْحَقِّ) هەیە کە هیی خوایە، (دِينِ ٱلْمَلِكِ)یش هەیە کە هیی غەیری خوایە.

باسی یەکەم:
سەرچاوەی شەریعەت و دەستوور لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

سەرچاوەی شەریعەت، قورئان و سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەری خوایە «ﷺ»، هەندێک لە زانایان باسی (ئیجماع)یش دەکەن، باسی شتی دیکەش دەکرێت، بەڵام ئەوەی زیاتر مشتومڕی لەسەرە کۆدەنگی (ئیجماع)ـە، ئەگەر تۆزێکی باس بکەم، قورئان قسەی لەسەر نییە، قورئان سەرچاوەی یەکەمی شەریعەتە و هەتا قورئان هەبێت، کار بە هیچ شتێکی دیکە ناکرێت، کە پێچەوانەی قورئان بێت، ئەگەرنا مەرج نییە هەموو شتێکیش لە قورئان وەربگیرێت، چونکە لەوێ هەموو شتێکی تێدا نییە، گرنگ ئەوەیە پێچەوانە و دژی قورئان نەبێت، هەموو شتێکی موافیقی سوننەتیش دەست ناکەوێت، چونکە هەندێک شت بۆ خەڵک دێتە پێشەوە، لە سوننەتدا نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم یاسا و ڕێسایەی کە دەردەکرێن، یان ئەو دەستوورەی کە دادەنرێت، دژ بە قورئان و سوننەت نەبن، دژ بە ئەحکامەکانی قورئان و سوننەت نەبن، سوننەتی ڕاست و دروست دیسان دەیڵێمەوە، ئەوەیە کە هیچ ئیشکاڵێکی تێدا نییە.

کۆدەنگیی زانایان کێشەکەی چییە؟ کاتی خۆی ڕەنگە ئاسان بووبێت کۆدەنگی لەسەر شتێک دروست بێت، بۆ نموونە: شاری مەککە و مەدینە هەبووە، یان ووڵاتی شامیشی لەگەڵ بووە، یان تۆزێکی تر فراوانتر بووە، زانایانی ئەو کات ئاگایان لە یەکتر بووە و، ئاسان توانیویانە پەیوەندی بە یەکەوە بکەن، ڕاستە لێک دوور بوون، بەڵام زۆر فراوان نەبووە، ئەوانەی کە خاوەن زانستی متمانەپێکراو بوون و (أهل العلم) و ڕۆچووبوون لە زانستدا، ئەوانە دیار بوون، واتە: ئەوانەی کە شارەزا بوون و لە زانست قووڵبووبوونەوە بە پەنجەی دەستان دەژمێردران و هەموو کەس دەیزانی ئەوانەی فەتوایان لێ وەردەگیرێت کێن و

چۆنن، دەکرا ئەوانە گفتوگۆیان هەبێت دەربارەی قەزیەیەک و ئیجماعی لەسەر دروست بێت، بەڵام ئێستا فەرموو چۆن کۆدەنگی دروست دەکەیت، ڕاستە ئێستا هۆکارەکانی پەیوەندیکردن ئاسانە، بەڵام لە هەر مزگەوتێک بۆ نموونە: لە ئەندەنووسیا دە هەزار مزگەوتی لێیە، ژمارەیەک مەلای هەیە و خۆیان بە زانا دەزانن و فەتوا دەدەن، پەیوەندی بە کامیانەوە دەکەیت؟ چۆن ڕایان وەردەگریت؟ لە میسر و سعوودیە و ئێران و عێراق و تورکیا بە هەمان شێوە، لە وڵاتانی ئەورووپی زانای تێدایە، کەواتە قورسە ئەمانە هەموو لەسەر بابەتێک ڕێک بکەون. کۆدەنگی ئەوەیە کە زانای سەرڕاست، (أهل العلم المعتبر) لەسەر قەزیەیەک کۆ ببنەوە و دانیشن، یان ئەگەر لە دووڕەوش بێت ڕای یەکتری وەربگرن، گفتوگۆ بکەن و لەسەر بابەتەکە ڕێک بکەون، ئەوە پێی دەگوترێت (إجماع العلماء) کۆدەنگیی زانایان.

بەڵام یەک شت دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە ئەگەر دەوڵەت و خەلافەتێک هەبووایە، یان دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبێت، پێک هاتبێت لە کۆمەڵێک ویلایەت، دەکرێت بۆ خۆیان کۆدەنگی پەیدا بکەن، یان دەکرێت ئەگەر ئەمە دابنێین بە (اهل الاختصاص) لە هەیئەتێکی وەک پەرلەمان کۆ ببێتەوە، دەکرێت لەسەر شتێک ڕێککەوتن بە کۆدەنگی حیساب بکەین، ئەگەرنا کۆدەنگی قورسە بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا.

یان دەتوانرێت لە دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجوومەنێک لە زانایانی شارەزا و سەرڕاست پێک بهێنرێت، ئەو ئەنجوومەنە پسپۆڕیی لە بواره جیاجیاکانی تایبەت بە ژیانی خەڵکی تێدا بێت، وە بۆ کاتی پێویست خەڵکی شارەزا بۆ ئەنجوومەنەکەیان بانگهێشت بکەن، جا ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە لەسەر بابەتێک کۆک بوون، ئەو کات دەتوانین بڵێین (کۆدەنگیی زانایان)، بەڵام دیسان ئەوەش هەر بۆ ئەو سەردەمەیە و مەرج نییە هەتا کۆتاییی دونیا هەر بە (اجماع) دابنرێت.

باسی دووەم:
سیاسەتی شەرعی و پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵک

وەک پێشتر باسم کرد حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامی لە هەندێک بابەت نەبێت کە چوارچێوەی بۆ دیاری کردووە و سنووری کانیشی زۆر ڕۆشنە، لەوەی دیکە مرۆڤ تێیدا دەستکراوەیە، چونکە خودا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" گەورە و مەزن و حەکیمە، ناکرێت بەرنامەیەک بۆ مرۆڤایەتی بنێرێت بە کەڵکی زەمانێک بێت و بە کەڵکی زەمانێکی دیکە نەیەت، بەرنامەیەک بنێرێت بە کەڵکی شوێنێک بێت و بە کەڵکی شوێنێکی دیکە نەیەت، یان بەرنامەیەک بنێرێت بۆ چین و توێژێک گونجاو بێت و بۆ چین و توێژێکی دیکە نەگونجاو بێت، ئەو بەرنامەیەی کە خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" ناردوویەتی، تا ڕۆژی دوایی هەر ئەو بەرنامەیە و گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت و کۆتاییی پێ هێناوە و جارێکی تر بەرنامە و پێغەمبەرێکی دیکە نانێرێت.

ئیسلام هەندێک بنەما و چوارچێوەی بۆ مرۆڤ و ژیان بە گشتی داناوە، نەوەک هەر مرۆڤی مسوڵمان، بەڵکوو مرۆڤی غەیرە مسوڵمانیش لێی دەربچێت زەرەر دەکات، با بڕواشی پێی نەبێت، بۆ هەموو لایەک وەک یەک وایە، بۆ نموونە: خوا "سُبحَانَەوتَعَلَیٰ" مەشرووبخواردنەوەی قەدەغە کردووە، ئەوە نەک هەر لە ئیسلام، بەڵکوو لە ئایینی پێش ئیسلامیش هەر قەدەغە بووە، هەندێک قەدەغەکراو هەن زانایان پێی دەڵێن: (شمولي) و (أبدي) واتە: هەموو خەڵک و کۆمەڵگە دەگرێتەوە و، هەتاهەتایە و گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بەڵام هەندێک بابەت هەیە پەیوەندیی بە قەدەغەکردنی دەسەڵات و قەدەغەکردنی زانستییەوە هەیە، ئەمڕۆ دەسەڵات هەندێک بابەت قەدەغە دەکات لەبەر ئەوە وای پێ باشە، دەسەڵاتێکی دیکە ڕەنگە هەر ئیسلامی بێت، بەڵام پێی باش

نەبێت، ئەمەیان لە چوارچێوەی سیاسەتی شەرعی و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، خەڵک لە قۆناغێک ئەمەیان لێ قەدەغە کراوە، بەڵام هەندێک لە زانایانی ئوسوڵی فیقهـ باسی ئەوە دەکەن کە (سد الذرائع) هەیە، بۆ نموونە: حەرام لێرە و لەوێ هەیە، شتێکی دیکە سەر بکێشێت بۆ ئەم حەرامە، زانایان ئەمە قەدەغە دەکەن، ئەمەش بە باش نازانن بکرێت، هەرچەندە خۆی حەرام نییە، لێرەدا ناتوانین بڵێین حەرامە، بەڵام سەر دەکێشێت بۆ حەرامێکی ڕووت، بۆیە زانایان قەدەغەی دەکەن. قەدەغەکردن جیایە لەبە حەرامدانان (تحریم)، تحریم ئەوەیە کە خوا بە حەرامی داناوە، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا بە حەرامی داناوە، ئەویش بە بەڵگەی ڕۆشن و ڕوون، حەرامکراوەکانیش وێڕای ئەوەی ڕۆشن و زانراون، مەبەستەکە ئەوەیە کە هەنگاوێک سەر دەکێشێت بۆ حەرام، زانایان دەڵێن: لە ڕووی سیاسەتی شەرعییەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵک، بۆ ئەوەی خەڵک تووشی ئەم حەرام و قەدەغەکراوە نەبێت، ڕێگە لەم هەنگاوە دەگرن، لەوانەیە لە دەسەلآت و سیستەمێکی دیکە پێویست بەوە نەکات ڕێی لێ بگیرێت، بارودۆخەکە وایە ڕەنگە بیر لەوە نەکرێتەوە ئەم بابەتە یان ئەم وەسیلەیە سەر دەکێشێت بۆ حەرام، بۆیە مەبەستەکە ئەوە بوو کە ئیسلام لە زۆربەی هەرە زۆری شتەکان دەستی خەڵکی کردووەتەوە، دەستی مسوڵمانانی کردووەتەوە کە بۆ خۆیان لەبەر ڕۆشناییی قورئان و لەبەر ڕۆشناییی ئەو بنج و بنچینە و ڕێوشوێنانەی کە پێغەمبەر «ﷺ» گرتوویەتییە بەر، بزانن چی بۆ ئەوان باشە ئەنجامی بدەن و چییش خراپە خۆیانی لێ بە دوور بگرن.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی ئەم هەموو ساڵ و زەمانە بەسەر ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەری خوا «ﷺ» سەرۆکایەتیی دەکرد، گۆڕانکاریی زۆر لە دونیادا ڕوویان داوە، ئەو دەوڵەتانەی کە دروست بوون لە دونیادا، ئەو بیرۆکە و بیردۆزانەی کە دروست بوون زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەو کات. زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە جێبەجێکردنی ئیسلام لە دۆخی ئێستادا زەحمەتە بتوانرێت وەکوو خۆی جێبەجێ

بکرێت، ئایا زەحمەتییەکە لەوەیە کە هەڵگرانی پەیامەکە توانای ئەوەیان نییە یان ئەوەتا زەمینەکە لەبار نییە و توانای لهخۆگرتنی نییە؟ خۆی زەحمەتییەکەی لە چییە؟ لە بنەڕەتدا زەحمەت نییە، بەڵکوو زۆریش ئاسانە وەک خوای بەرز و مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾ (١٧) القمر.

واتە: بە دڵنیایی قورئانمان بۆ بیرخستنەوە و لێتێگەیشتن ئاسان کردووە، ئینجا ئایا کەسی بیرکەرەوە و پەندوەرگر هەیە؟

تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەم شەریعەت و بەرنامەیە زۆر ئاسانە، دیارە قورئان بەرنامەی ژیان و بناغەی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێت کارێک یاخود پیشەیەک بکات، پێویستە خۆی لە کارەکە شارەزا بکات، بۆ نموونە: جووتیارێک کە دەیەوێت گەنم بچێنێت، دەبێت بایی ئەوەندە شارەزا بێت ئایا ئەم زەوییە بە کەڵک چاندنی گەنم دێت یان نا؟ دەبێت بزانێت لە چ کاتێکدا پێویستە گەنم بچێنرێت یان کەی بدوورێتەوە یان کەی پەینی پێدا بکرێت؟ هەروەها دەبێت بزانێت کەی پێویستە بژار بکرێت؟ کاتێک گوڵی کرد تا چەند پێویستیی بە باران هەیە؟ باران تا چەند قازانجی هەیە یان تا چەند زەرەری هەیە لە دواکاتیدا؟ واتە پێویستە شتێکی لەو بارەوە لێ بزانێت، ئەم شەریعەت و بەرنامەیەش هەر وایە. بە داخەوە بە هۆی تێنەگەیشتن لە شەریعەت و بەرنامەی خوا لە لایەن کەسانێکەوە، وای کردووە ببێتە گرێکوێرە و مامەڵەیەکی ناتەندروستی لەگەڵدا بکرێت و کێشە و زەحمەتی بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش دروست بکەن، ئەگەر ئەم گرێیە کرایەوە ئەوانی دیکە ئاسانە. پاشان پێویستیی بە کۆمەڵگەش هەیە کۆمەڵگەیەکی تێگەیشتوو، کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو لەنێو کۆمەڵگەی مسوڵمانان کە بتوانن ئەم شەریعەت و بەرنامەیە لە ژیانی واقیعی خۆیاندا ڕەنگی پێ بدەنەوە و بە واقیعی مسوڵمان بن بە ڕاست و دروستییش پەیڕەوی لێ بکەن.

سەبارەت بە ڕاست و دروستیی پەیڕەویکردن لە ئیسلام، دەگێڕنەوە کە (شیخ

محمد عبده) کاتێک دەچێتە فەرەنسا تەماشا دەکات خەڵکەکەی ڕاستگۆن، وەفادارن بەو بەڵێنەی کە دەیدەن، جددین لە ئیشکردندا، دەست لە کاروباری یەکتری وەرنادەن، ڕێز لە یەکتری دەگرن و کۆمەڵێک بەهای مرۆیی لەم ڕووەوە پەیڕەو دەکرێت. ئێستاش لە ڕۆژئاوا و لە زۆر لە وڵاتان خەڵک بە هەندێک لە بەها مرۆییە جوانەکان پابەندن، هەرچەندە جەوهەری ئیسلامیشن، جا ئەو کاتێک ئەم واقیعە دەبینێت، لێی دەپرسن ئەرێ تۆ لە ڕۆژئاوا (فەرەنسا) چیت بینی؟ لە وەڵامدا دەڵێت من مسوڵمانم بینی مەبەستی سیفەت مسوڵمانە، بەڵام حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامیم نەبینی، بەڵام لە وڵاتانی خۆمان مسوڵمانان دەبینم، بەڵام هەڵسوکەوتی ئیسلامی نابینم، کەواتە بۆچی ناتوانرێت شەریعەت و بەرنامەی خوا لەو کۆمەڵگەیانەدا جێبەجێ بکرێت؟ ئایا کێشەکە لە خەڵکەکە و لە تێگەیشتنی خەڵکەکەیە؟ یان لە شەریعەت و بەرنامەکەیە؟ وەک ئاماژەم پێ دا کێشەکە سەرەتا لەوەیە کە خەڵک باش لەو شەریعەت و بەرنامەیەی کە خوا ناردوویەتی تێ نەگەیشتووە، پاشان باش پەیڕەوی لێ ناکات و باش جێبەجێی ناکات، شەریعەت دەستی خەڵکی کردووەتەوە بێجگە لەو بابەتانەی کە خوای پەروەردگار سنورەکانی دیاری کردووە، بۆ نموونە: تاوانی لە هەمووان گەورەتر پاش شیرک، کوشتنی بە ناحەقە. وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ... (٣٣) الإسراء.

واتە: نەفسێکیش کە خوا قەدەغەی کردووە (بکوژرێت) بە حەق نەبێت، مەیکوژن...

(حرم الله) خوا تەحریمی کردووە، ئینجا لە قورئان تەماشای ئەو وشانە بکەن کە تەحریمی لەگەڵ بەکار هاتووە، هەمووی گوناهی زۆر گەورەن، واتە: خوا قەدەغەی کردووە و ڕێی لێ گرتووە و، بە حەرامی داناوە کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: وا مەکەن ئەوە قەدەغە کراوە و بڕاوەتەوە، بەڵام ئایا یاسا و ڕێساکانی هاتوچۆ لە قورئان باس کراون؟ ئەگەر سەیری سوننەتی پێغەمبەر

«ﷺ» یان فەرمایشت و ڕێوشوێنەکانی بکەین، دەبینین ئاماژەیان کردووە بە هەندێک شت، ڕۆیشتنی مرۆڤ چۆن بڕوات جا سوار بێت یان پیادە، واتە: هەندێک ئاماژەی تێدایە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی باسی کردووە و نەچووەتە نێو وردەکارییەکانی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە، ئەوە داموودەزگاکانی خەڵک و کۆمەڵگەیە ڕێکی دەخات، بۆیە دەڵێم دەسەڵات دەتوانێت هەندێک شت قەدەغە بکات بۆ نموونە: قەدەغەی کردووە ئۆتۆمبێل لە (یەکتربڕەکەدا) بڕوا کاتێک گڵۆپی سوور پێیە، ئەوە دەسەڵاتە ئەمەی قەدەغە کردووە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندیی خەڵکە، کەواتە ئایا ئەم شەریعەتە هیچ کێشەیەکی هەیە ئەگەر لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت؟ خۆی کێشەکە لەو کەسانەیە کە پەیامەکە هەڵدەگرن، هەر بۆ نموونە: ئەگەر بپرسین کەسانێک ئامادەن منداڵەکەیان بە پارەیەکی زۆر بنێرن بۆ قوتابخانەیەکی نموونەیی، کە کوردی و عەرەبیی هەر تێدا نییە تەنها بە زمانی ئینگلیزی وانەکان دەخوێنن، بەڵام ئامادە نین منداڵەکانیان فێرە نوێژ بکەن، فێرە دینی خوایان بکەن، ئامادە نین نیوەی ئەم خەرجییە دابین بکەن بۆ فێرکردنی شەریعەت، واتە: ئامادەن پارەیەکی زۆر لە منداڵ و لە ئۆتۆمبێلەکەیان و زۆر شتی تر خەرج بکەن.

لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا چی بکەین یاخود ئێوە دەتانەوێت چی بکەن تا ئەم هۆشیارییە لای خەڵک دروست ببێت، چونکە دین ئەوەندە زەرووڕە، چۆن ژیان زەرووڕە، چۆن ئاو و هەوا زەرووڕە، دینیش وەکوو یاسایەکی سەرەکی ئاوا زەرووڕە بۆ مرۆڤەکان، ئێوە دەتانەوێت ئەو خەڵکە چی بکەن؟ لە کوێوە دەست پێ بکەن؟ ئەمە لە ڕوویەکەوە بەشێکی دین زۆر زۆر زەرووڕە، ئەو بەشەی کە خەڵک پێی دەبێتە مسوڵمان و پێی دەچێتە بەهەشت یان خوانەخواستە ئەگەر پەیڕەوی نەکات و گوێی پێ نەدات و فەرامۆشی بکات، تووشی دۆزەخ دەبێت. ئەم بەشەیان زۆر گرنگە، چونکە پێغەمبەری خوا «ﷺ» هەموو ژیان و تەمەنی بە ڕاستی بۆ ئەوە بووە کە خەڵک ئەم بەشەی جێبەجێ بکات و تووشی ئاگری

دۆزەخ نەبێت و تووشی غەزەب و سزای خوای بالادەست نەبێت، هەتا ئەگەر سەیری قورئان بکەین خوای بەرز باس دەکات و دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خوا خەریک بوو لە داخی ئەوەی کافران ئیمان ناهێنن، خۆت بکوژیت، لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا نەیویستووە خۆی بکوژێت لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٣) الشعراء. هەندێک ڕیوایەت باس لەوە دەکەن مەبەستی ئەوە بووە ئەوەندەی خەفەت خواردووە لەو خەڵکەی کە مسوڵمان نابن، ئەوەندەی خەم خواردووە، ئەوەندە شەو و ڕۆژی پێکەوە لێک گرێ داون بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە مسوڵمان بن و بەرچاویان ڕۆشن بێت و باوەش بە ئیسلامدا بکەن، خەریک بووە لە خەفەت و داخ و مەراقی ئەو خەڵکە گیانی دەربچێت. ئەمە گەورەترین ئیشە گەورەترین بەشی بانگەوازە، هەتا خوای گەورە بە پێغەمبەر دەفەرموێت: ...وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤) النور. واتە: ... پێغەمبەریش تەنیا گەیاندنی ڕوون و ئاشکرای لەسەرە.

لێرەدا خوای گەورە پرسەکەی لەم چوارچێوەیەدا کورت کردووەتەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە بەشی یەکەمەوە هەیە، کە خەڵک بە ڕاستی بێتە بازنەی ئیسلام و خواناسی و بازنەی بەندایەتیکردن تەنها بۆ خوای کاربەجێ، کورتی کردووەتەوە و فەرموویەتی: هەر تەنها ئەوەی کە ڕەوانە کراوە (بلاغ المبين)ی پێویستە، ئایا دەکرێت بڵێین بە هەمان شێوە ئێستا خەڵکیش هەر ئەوەندەی لەسەرە؟

مەبەستی ئەوەیە ئەوانەی کە بانگخوازن و خاوەن زانستن (بلاغ المبين)یان لەسەر پێویستە، ئەی لەسەر کێ پێویستە حوکم بکات؟ مەبەستی ئەوە نییە کەسێکی نامسوڵمان حوکم بکات. هەندێک تەنانەت پێیان وایە ئیسلام هەر ئەوەندەیە بیگەیەنیت و تەواو وەکوو پەیامێکی ڕووحی، پەیوەندیی بە حوکمەوە نییە و پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەروەردەکردن و خەڵک هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندن لە دین چەندە گرنگە، چونکە ئەوە کرۆک و سەرەکیترین کاری پێغەمبەری خوا بووە «ﷺ».

لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: {أَنَّ غُلامًا يَهوديًّا كان يضَعُ للنَّبيِّ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّم» وَضوءَه ويُناولُهُ نَعْلَيه، فمَرِضَ، فأتاهُ النَّبيُّ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّم» فدَخَلَ عليه، وأبوه قاعدٌ عندَ رأسِه، فقال له النَّبيُّ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّم»: يا فُلانُ، قُلْ: لا إلَهَ إلَّا اللهُ، فنَظَرَ إلى أبيه، فسَكَتَ أبوه. فأعادَ عليه النَّبيُّ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّم»، فنَظَرَ إلى أبيه، فقال أبوه: أطِعْ أبا القاسمِ، فقال الغُلامُ: أشهَد أنْ لا إلَهَ إلَّا اللهُ، وأنَّك رسولُ اللهِ. فخَرَجَ النَّبيُّ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ» وهو يَقولُ: الحَمدُ للهِ الذي أخرَجَهُ بي من النَّارِ.[1]}

پێغەمبەری خوا غوڵامێکی هەبووە، گەنجێکی جوولەکە بووە، ئاساییە، خەڵک ئەمە دەزانێت؟ ئەم گەنجە جوولەکەیە کاتێک نەخۆش دەکەوێت، پێغەمبەری خوا سەردانی دەکات و باوکی لە لای دانیشتووە، نەخۆشییەکەی سەخت بووە و لە گیانەڵادا بووە، پێغەمبەری خوا «ﷺ» پێی دەڵێت بڵێ (لا إله إلا الله)، ئەویش بە ئاستەم چاوی هەڵدێنێت و تەماشای باوکی دەکات وەک ئەوەی بڵێت بەبێ ڕەزامەندیی باوکم ناتوانم، دیارە دۆخی ئەوەندە خراپ بووە نەیتوانیوە قسە بکات، لەبەر ئەوە بە چاو ئاماژەی کردووە، باوکیشی پێی دەڵێت: (أطع أبا القاسم) کە دیارە جوولەکە پێیان گوتووە: باوکی قاسم، ئەویش شەهادە دەهێنێت و دەڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأنك رسول الله)، پێغەمبەری خواش «ﷺ» ڕۆیشت و فەرمووی: (الحَمدُ للهِ الذي أخرَجَهُ بي من النَّارِ). بوخاری ڕیوایەتی کردووە. واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە هۆی منەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری کرد.

ئەرکی سەرەکیی پێغەمبەری خوا «ﷺ» ئەوە بووە لە دۆزەخ ڕزگاری بکات، بۆیە ویستی خوا وا بووە لەو کاتەدا ئەو غوڵامە هیدایەت بدات، کە زۆر لە خزمەتی پێغەمبەریشدا بووە، بەڵام لە کۆتاییەکانیدا پێغەمبەر هەر

[1] أخرجه من طرق البخاري (١٣٥٦)، وأبو داود (٣٠٩٥)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٨٥٨٨)، وأحمد (١٢٧٩٣) واللفظ له

ویستوویەتی لە دۆزەخ ڕزگاری بێت، بۆیە ئەرکی سەرەکیی هەموو بانگخواز و مامۆستا و زانا و مەلایەک ئەوەیە ئەو خەڵکە مسوڵمانی باش بێت و بەندەیەکی چاک بن و بە شێوەیەک بن خوا لە دۆزەخ ڕزگاریان بکات و بیانخاتە بەهەشتەوە، جا ئەگەر خەڵکی ئاوا لە دین تێگەیشت و ئاوا مسوڵمان بوو. دێینە سەر بابەتەکەی دیکە کە پەیڕەوکردنی دینە، بێگومان ئەم بەشەش بە بەشێکی گرنگ دەزانم لە ژیانی خەڵک، چونکە هەتا دین لە ژیانی خەڵکدا بە گشتی ڕەنگ نەداتەوە و جێبەجێ نەکرێت، تام و لەزەتی ئەم دینە نازانرێت و نابینرێت، هەر وەکوو ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، کوا لەزەتی دینداری، کوا لەزەتی ئەوەی چەتر و سێبەری ئیسلامت بەسەرەوە بێت؟ پێم وایە بەشێکی زۆری نیعمەتی ئیمان کە مرۆڤ چاک چاک هەستی پێ دەکات، نیعمەتی مسوڵمانێتی و نیعمەتی ئیسلامە کە خوای گەورە باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿...الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا... ﴾ (٣) المائدة.

واتە: ... ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواوکردن و، چاکەی خۆمم بە تەواوی لەگەڵ کردن و، ئیسلامم بە بەرنامە بۆ پەسەند کردن...

مەبەستی چییە لەوەی کە نیعمەتی خۆمم بەسەردا تەواو کردوون؟ کامە نیعمەت؟ ئەمە هەر نیعمەتی ئیمان و ئیسلامە، چونکە لە لایەک باسی ئەوە دەکات: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ)، هەروەها لە لایەکی دی دەفەرموێت: (وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) یەکیان باسی دین دەکات ئەوی دیکەیان باسی ئیسلام دەکات، کەواتە هەر باسی دین و هەر باسی ئیمانە هەر باسی مسوڵمانێتییە. کاتێک هەست بە نیعمەتی ئیسلام و نیعمەتی ئیمان و نیعمەتی مسوڵمانێتی دەکرێت، کە نااڵێم هەرگیز هەستی پێ ناکرێت، ئەوەی کە مسوڵمانی باش بێت و ئیمانی دامەزراو و پتەو بێت، هەمیشە هەستی پێ دەکات، بەاڵم ئەگەر ئەمە لە واقیعدا ڕەنگی پێ بدرێتەوە و کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان و پابەند بێت، ئەو کات دەبینیت کە کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی چەند

پێشکەوتوو و گەشاوەیە، مرۆڤ تێیدا چەند ئاسوودە و خۆشبەخت و بەختەوەرە و حەساوەیە.

خۆزگە و حەز و ئاوات شتێکە و واقیع شتێکی دیکەیە، لەوانەیە خوێنەر بپرسێت زەحمەت نەبێت کامە دین، کامە تاقم و مەزهەب و کامە کۆمەڵ، جا دەروێشە، سۆفییە، سەلەفییە، شیعەیە، سوننەیە، کام لەمانە حوکم بکەن؟ چۆن حوکم بکەن؟ چۆن ئەم هەموو ڕایە کۆ دەکرێنەوە؟ چۆن ئەم هەموو ڕایە یەک دەخرێت؟ چۆن هەموو ئەمانە لەژێر یەک چەتردا کۆ دەکرێنەوە؟ هەموویان هەر دەڵێن: (اشهد ان لا الله الا الله و اشهد ان محمد رسول الله)، ئەمە واقیعێکە مسوڵمانانی پێدا تێ دەپەڕێت، کەس ناتوانێت نکوولیی لێ بکات، بەڵام چۆن دەتوانین هەموو ئەو بەربەستانە بشکێنین و سایە و سێبەر و چەترێک دابنێین بۆ ئەوەی هەموومان لەژێریدا کۆ ببینەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمە زۆر ئاسانە. چۆن؟

خوای گەورە ئەم کێشەیەی بە کورتەئایەتێک یان بەشێک لە ئایەتێک چارەسەر کردووە و لە شوێنێکی دیکەش بە بەشێکی دیکەی ئایەتێک چارەسەر کردووە، لە یەکێکیاندا باسی تاکی کۆمەڵگە دەکات و دەفەرموێت: ﴿ ...هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا... ﴾ (٧٨) الحج.

واتە: ... ئەو (خوا) پێشتریش و لە قورئانیشدا، ناوی لێ ناون مسوڵمانان (خوا ئێوەی هەڵبژاردووە...).

خوا ناوی لێ ناوین مسوڵمان، بۆیە پێویست ناکات هیچ ناوێکی دیکەت هەبێت، هەر ناوێکی دیکە پەیدا بکەیت، زیادەیە. ئەم ئایەتە زۆر ڕۆشنە و هیچ شتێک لەوە ڕوونتر نییە، خۆی لە قورئاندا (محکم) و (متشابه) هەیە، کە ئەمە یەکێکە لە ئایەتە زۆر موحکەمەکان، موحکەم واتە زۆر ڕۆشن و ڕوون، کە هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت، خوای گەورە ناوی لێ ناوین (مسوڵمان)، بۆچی ناوێکی دیکە لە خۆمان بنێین! خوای گەورە ناوی لێ ناوین مسوڵمان، ئێمە

مسوڵمانین، هەر کەسێک بڵێت من مسوڵمانم، ئەوە چوارچێوەی تاکی کۆمەڵگەی مسوڵمانە. بەشەکەی تریش سەبارەت بە دین کە مەبەست لێی ڕێبازی ژیانە، خوای گەورە ئەوەشی چارەسەر کردووە و زۆر بە ڕۆشنی بڕاندوویەتییەوە و، دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ... (١٩) آل عمران.

واتە: بێگومان بەرنامە (ی ڕاست) لە لای خوا، ئیسلامە...

دین واتە ڕێباز یان بەرنامە، بەرنامە و ڕێبازی ژیانی خەڵک ئەگەر بیەوێت وەکوو ئەوەی پێشوو بڵێت مسوڵمانم، دەفەرموێت: ئیسلام، لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە ئەو خەڵکەی ئازاد کردووە لەوەی باوەڕ بەم ڕێباز و بەرنامەیە کە ئیسلامە دەهێنن یان باوەڕی پێ ناهێنن، هەر وەک دەفەرموێت: ﴿...فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ... ﴾ (٢٩) الكهف.

واتە: ... ئینجا کێ دەیەوێت با بڕوا بێنێت و، کێش دەیەوێت با بێبڕوا بێت...

سەبارەت بەم ئایەتەش: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ) واتە: دینێک، ڕێبازێک بۆ ژیان کە خوای گەورە قەبوڵی کردبێت و پێی ڕازی بووبێت بۆ ژیانی خەڵک، تەنها ئیسلامە، باشە ئەو خەڵکە بۆ سەری لێ بشێوێنرێت؟ بۆچی ئاوا بە سادەیی بۆی باس نەکرێت؟ هەموو کۆمەڵگە هەموو خەڵک، وەکوو تاک (مسوڵمانین)، ببڕێتەوە و تەواو! وەکوو ئایین و بەرنامەش ئێمە چیمان هەیە کە پەیڕەوی لێ بکەین و لە ژیاندا بیکەین بە بەرنامەی خۆمان لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا، لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و...هتد، ئەوە (ئیسلام) ئایین و بەرنامەمانە.

حیزبی ئیسلامی ناتوانێت بڵێت نوێنەرایەتیی ئیسلام دەکەین، بەڵکوو دەمانەوێت نوێنەرایەتیی ئیسلام بکەین، بەڵام مەرج نییە ئەوەی کە من دەیکەم ئیسلام وا بێت، بەڵکوو هەوڵ دەدەین ئیسلام لە خۆماندا بەرجەستە بکەین و خەڵک و کۆمەڵگەش ئازادە، ئەگەر پێیان وا بێت خەڵکێک هەیە لە ئێمە باشتر

مسوڵمانیەتییەکەی و ئیسلامیەتییەکەی لە واقیعدا، لەناو کۆمەڵگەدا، باشتر پەیڕەوی دەکەن، با ئێمە بەجێ بهێڵن و پشتیوانیی ئەوان بکەن و لەگەڵ ئەوان بن و ئەوانی خۆشتر بووێت، شتێکی زۆر مەترسیدار و گوناهباریشە ئەگەر خراپ و لەسەر ڕێگەیەکی ناڕاست بین هەوڵ بدەین خەڵک هەر پەیڕەویمان لێ بکەن و ئێمەیان لە خەڵکی تر پێ باشتر بێت، بۆیە هەر ئەحمەدێک لەم کۆمەڵگەیە ئەگەر لە ئێمە باشتر بێت، لە ئێمە چاکتر بێت، گوناحیان دەگات بە دوای نەکەون ئەگەر پێویست بێت بە دوای بکەون و پەیڕەوی لێ نەکەن ئەگەر پێویست بوو پەیڕەوی لێ بکەن و پشتی بگرن، بیرکردنەوەی ئێمە ئاوایە بۆ ئەم دینە، بۆیە ئەو حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییانەی چ ناویان ئیسلامی بێت، چ ناوەڕۆک و بەرنامەکەیان ئیسلامی بێت، مەرج نییە هەموو ئەوەی دەیڵێن و دەیکەن، خودی ئیسلامەکە بێت، بەڵکوو بە هۆی ئەو حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییانەوە وەکوو شێواز و ئامرازێک هەوڵ دەدەین بە ڕێی ئیسلامدا بڕۆین، هەوڵ دەدەین ئیسلام جێبەجێ بکەین، هەوڵ دەدەین بە تێگەیشتنی ئیسلامی مامەڵە بکەین و خزمەت بکەین، هەوڵ دەدەین ئەخلاق و ئاکارمان ئیسلامی بێت، واتە لە ئیسلامەوە وەرگیرابێت، ئەوە مانای ئەوە نییە دیسانەوە بڵێین ئەو ئیسلامە موڵکی ئێمەیە و خەڵکی دیکە مافی پێوە نییە و لێی بکشێتەوە و خزمەتی نەکات و بەڕێوەی نەبات. وەکوو باسم کرد ئیسلام ئایین و بەرنامەی هەموو لایەکمانە، هەرچی لە خاڵی یەکەمدا کە دەڵێت مسوڵمانم و بەوەی کە خوا ناوی ناوە مسوڵمان، خۆی پێ مسوڵمانە وەک ئێمە، هەر بۆیە هەیە جاری وا هەیە بەپێی پێگە و توانای لە ئێمەش بەرپرسیاریەتیی گەورەتــرە. بەرپرســیارە لــە جێبــەجێکردنی و لــە پــەیڕەوکردنی و لــە بەرگریلێکردنیشی، هەروەها لە بلاوکردنەوە و گەیاندنیشی.

باسی سێیەم:
چۆنیەتیی حوکمڕانیی چوار جێنیشنەکە

دوای دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەم چوار جێنیشنە لە لایەن خەڵکەوە بەو شێواز و میکانیزمەی کە هەر کامێکیان لە سەردەمی خۆیان پەیڕەویان کرد. ئێستا پێویستە بزانین بە گرتنەدەستی دەسەڵات چۆن فەرمانڕەواییان کرد و چ حوکمڕانییەکیان بەرقەرار کرد و، بە چ شێوازێک حوکمیان کرد؟ هەروەها دەسەڵات بۆ خەڵک بوون واتای چییە و، لە هەمان کاتیشدا با بزانین ئاخۆ دەبێت چۆن و بە چ شێوەیەک هەوڵ بدرێت مافی خەڵک بپارێزرێت؟

لەوەی ڕابردوو لە دانان و هەڵبژاردنی جێنشینەکانی پێغەمبەری خوا «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ» و (ڕەزا و ڕەحمەتی خواش لەسەر ئەوان بێت)، بۆمان دەردەکەوێت میراتی و دیکتاتۆرییەت و خۆسەپاندن و بنەماڵەیی نەبووە لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە کوڕەوە بۆ نەوە، ئەوە پێی دەگوترێت: میراتی، جا ئەوەی بە خۆێندنەوەی خۆم پێی گەیشتووم و بۆم دەرکەوتووە ئەوەیە، کە دوای دیراسەکردنی کەمێک لە ژیانی ئەو پیاوە گەورانە، بە تایبەتییش لە پێسپاردنیان بە ئەرکی جێنشینایەتی، دوو بنچینەی گەورە هەبوون بۆ دیاریکردنی ئەوان:

یەکەم: لە ڕاوێژ و وەرگرتنی ڕەزامەندیی خەڵک، ئەمە بنچینەیەکی زۆر گەورە بووە، بە تایبەت لەو سەردەمەدا، هەڵبەت بە هەڵێنجان لە دەقەکانی قورئان.

دووەم: چەسپاندنی ئەو جێنشینایەتییە یان ئەو پێشەوایەتییە لە شوێنێکی گشتی بووە، وەک مزگەوت، خەڵک بە گشتی بەیعەتیان پێ کردوون، ئەو کات خەلافەت و دەسەڵاتیان دامەزراوە و چەسپیوە، ئەگەرنا وەک پێشتریش باسم

کرد ئەو دەسەڵاتانەیان دانەدەمەزرا و شەرعییەتی وەرنەدەگرت ئەگەر خەڵک بە تەواوی و زۆربەی هەرە زۆری خەڵک متمانەی پێ نەدابان.

بۆیە پێم وایە ئەم دوو بنچینەیە زۆر بە زەقی دەردەکەون، کە ئەوانیش ڕاوێژکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندیی خەڵکە، ئەم پرۆسەیەش پێویستە لە شوێنێکی گشتی بێت و خەڵک پێی ڕازی بێت و متمانەی پێ بدەن.

کەواتە بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک و ژیان و کار و کەسابەتیان لە کاتی ئاشتی، لە کاتی جەنگدا، لە ڕووی ئابووری، لە ڕووی سیاسی، لە ڕووی دیبلۆماسی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، لە ڕووی پەروەردە و پێگەیاندن و تێگەیاندن و ئەخلاق و ئاکار، هەموو ئەوانە پێویست دەکات کە سیستەم و نیزامێکت هەبێت، ئەو نیزامەش پێویست بەوە دەکات خەڵکێک هەبێت بەڕێوەی بەرێت، هەر لە کەسی یەکەمەوە بگرە هەتا گچکەترین فەرمانگە، جا ئەگەر پەرلەمانە، حکومەتە، ئەنجوومەنی دادوەرییە، ئەگەر دامودەزگاکانی خوار ئەوانە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کاروباری خەڵک و پێویستیی ڕۆژانەیانەوە هەیە.

ئەوەی باسمان کرد مافی خەڵک بوو لە ڕاوێژپێکردنیان و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان و ڕازیبوونیان لەسەر ئەوانەی دەبن بە جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ وەک ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

باسی چوارەم:
گرنگیی مەرجەع

دەمەوێت لە سەرەتادا باس لەوە بکەم کە چەندە گرنگە مسوڵمانان مەرجەعێکیان هەبێت و سەرێکیان هەبێت کۆیان بکاتەوە، واتە هەموویان دواجار بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو. ڕاستە قورئان و سوننەت مەرجیع و چاوساغی مسوڵمانن، بەڵام دواجار دەبێت کەسێک هەبێت کۆکەرەوەی ئەم هەموو ڕاوبۆچوونانە بێت سەبارەت بە کاروبار و دۆخی مسوڵمانان. بۆیە زیاتر تەرکیز دەخەینە سەر ئەوە با بزانین ئاخۆ چەندە گرنگە مسوڵمانان مشورخۆریان هەبێت.

بەرپرس و خاوەن دەسەڵات کاریگەریی گەورە و گرنگی هەیە لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاساییشی هاوواڵتیان، پێم وایە بە هۆی سەرکردەوە وڵات ئارام و سەقامگیر دەبێت و خەڵک هەست بە ئەمان دەکات لە ژیانی و لە کار و کەسابەت و سیاسەت و ئابووری و بوارەکانی دیکە، بەڵام ئێستا زۆر سەرکردە هەن و کەچی وڵاتیش ئاساییش و ئارامیی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە شەڕ و ئاژاوە و مااڵوێرانی و دووبەرەکی باڵی بەسەر زۆربەی وڵاتانی مسوڵمانداندا کێشاوە.

لە بنەڕەتدا سەرکردە کاریگەریی هەیە لەسەر پێکەوەژیانی خەڵک بە ئارامی و تەبایی، ئەو سیستەمە سیاسی و حوکمڕانییەی کە لە وڵات پەیڕەو دەکرێت، لە

هەموو دونیادا سەرکردە و سەرۆک کاریگەریی گەورەیان هەیە بەسەریدا، دەتوانن ئەو سیستەم و حوکمڕانییە بەو ئاراستەیە ببەن کە لە بەرژەوەندیی خەڵک و دابینکردنی پێویستییەکانیدا بێت، بەمەش کۆمەڵگەیەکی ئارام بەرهەم دێت و خەڵک بە تەبایی و برایانە و پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و ئاساییش ژیان بەڕێ دەکەن.

هەرچەندە نەمویست بچمە نێو قوواڵاییی بارودۆخی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، بەاڵم سروشتی ئەم باسە ڕامان دەکێشێت بۆ قسەکردن لەسەری، لە دونیادا حکومەتەکان هەموویان سەرچاوەی پێکەوەژیانی خەڵکن، مایەی پاراستنی بیروباوەڕی ئازادن، زۆربەیان لە سەرەتادا لە دەستوورەکانیان ئاماژە بەوە کراوە کە خەڵک هەموو وەک یەکن و یەکسانن، خەڵکیش ئازادە لە مومارەسەکردنی بیروباوەڕی خۆی، دەسەاڵتیش خەڵک هەڵبژێرێت و دایدەنێت، بە دەست خەڵکە. بۆیە تەماشا دەکەیت حکومەتەکان لە دونیادا مایەی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵک و هاوواڵتییان. کەچی بە داخەوە حکومەت و دەسەاڵتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بە وردی تەماشا بکەیت خۆی بووەتە سەرچاوەی کێشە و گرفت بۆ خەڵک و کۆمەڵگە، بۆ بیروڕا جیاوازەکان، بۆ ئەهلی کەسابەت، بۆ خەڵکی ئاسایی، بە جۆرێک کۆمەڵگە گیرۆدە بووە بە دەست ئەم فۆرمە لە دەسەاڵت.

بۆیە دەسەاڵت و سیستەمی حوکمڕانی کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ئەوەی سەرکردە چۆن مامەڵە دەکات و دەسەاڵتەکەی چۆن بەکار دەهێنێت و چۆنیش مامەڵە دەکات لەگەڵ خەڵک. ئایا بە ئاراستەی ئەوەیە خەڵک ئارام و

ئاسوودە بژیت، یان قازانج و بەرژەوەندیی لەوەدایە خەڵک نارەحەت بێت و کار و کەسابەتی نەمێنێت، خەڵک کێشەی هەبێت و خەڵک بە خۆی و مااڵ و منداڵی بە هیچ ئیشێکی خۆی ڕانەگات و، هەمیشە خەمی هەبێت، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت هەر کاتێک مرۆڤ ڕاست نەبوو لەگەڵ خوا و خەڵک، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت خەڵک کێشە و گرفتی هەبێت و بواری ئەوەی نەبێت بیر لەو دەسەاڵت و حوکمڕانییە شکستخواردووە بکاتەوە و بە ناچاری لەگەڵی بڕوات و دەست بە کاڵاوی خۆیەوە بگرێت (با) نەیبات!

سەرکردەی ڕاست و ڕێک لەگەڵ خوا و لەگەڵ خەڵک، مامەڵەیەکی ڕاست و تەندروست و چاک دەکات، بە جۆرێک زۆر نارەحەت و خەمبار دەبێت کاتێک هاوواڵتییەکی واڵتەکەی، نەک هەمووی، تووشی سەرئێشە دەبێت، کەچی سەرکردەی بەرژەوەندپەرست و گەندەڵ بە هەزارەها هاوواڵتیی واڵتەکەی تووشی سەرئێشە و گرفت بێت و هەڕەشەی نەمانی ژیانی لەسەر بێت، بە الیەوە زۆر ئاساییە و هیچ خەمی نییە، مادام ئەو لە دەسەاڵت بەردەوام و ساغ و سەالمەتە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت چەندە گرنگە بۆ مسوڵمانان لە سەرتاسەری جیهان یاخود لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست یان لە هەر زەمان و سەردەمێکدا مەرجەعێک، سەرکردەیەکی سەرڕاست و کۆکەرەوەیەکیان هەبێت، چونکە بەبێ ئەمە کاروباری خەڵک و واڵت هەر بەڕێوە ناچێت، جا مسوڵمان بن یان نا، بۆ مسوڵمانان هەر زۆر پێویست و زەروورە. خوای گەورە لە زۆر لە دەقەکانی قورئان و پێغەمبەری پێشەواش «ﷺ» لە فەرمایشتەکانیدا ئاماژەیان پێ کردووە

یان ڕاستەوخۆ باسیان کردووە کە پێویستە مسوڵمانان سەریان هەبێت کە کۆیان بکاتەوە﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ... ﴾ (٥٩) النِّسَاء.

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن، هەروەها فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، هەروەها هیی کاربەدەستانێک کە لە خۆتانن...

لێرەدا بە پێویستی دەزانم تیشکێک بخەمە سەر ئەم ئایەتە واتە مسوڵمان بێت و، لەنێو ئێوەدا، باسی باشی و خراپی نییە چەند باشە چەند خراپە، گرنگ لە خۆتان بن، لەنێو ئێوەدا واتە کەسێک فەرمانبەریی خوا و پێغەمبەری خوا لە قورئان و لە ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەکات و لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەم دووانە هەمیشە دەمێنن تا ڕۆژی دوایی، ئەوەی کە جێی بایەخە ئەوەیە کێ دێت بە ڕێی خوا و پێغەمبەری خوادا دەڕوات و سەرپەرشتیی خەڵک دەکات، واتا شێوازی حوکمڕانییەکەی لەسەر ئەم بنچینە و بناغەیە بێت (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ) لە زۆر فەرمایشتی دیکەشدا ئاماژەی پێ کراوە ئەوەی کە بە قسەی خوا و پێغەمبەری خوا دەکات، ئێوەش فەرمانبەریی دەکەن، هەر کاتێکیش ئەو کەسەی سەرپەرشتیی کاروباری خەڵک دەکات لە قسەی خوا و پێغەمبەری خوا، یان لە ڕێوشوێنێک کە خوا و پێغەمبەری خوا دایاننابێت لایدا، ئەوە بە قسەی ناکرێت جا هەر کەسێک بێت، بۆیە گرنگە بزانین ئەو سەرکردەیە چی دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ (٢٦) ص.

واتە: ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردووە بە جێنشین لە زەویدا...

ئەوەی کە فەرمانی پێ کراوە بە حەق، بە دادگەری، بە پێغەمبەران و بەوە کە خوای گەورە دەفەرموویێت لە سووڕەتی (حەدید): کە ئێمە پێغەمبەران و کتێبمان ناردووە بۆ ئەوەی خەڵک بە دادگەری حوکمیان لەنێواندا بکرێت، بۆیە دەبێت بناغەکەی ئەمە بێت.

بەشی حەوتەم

ڕاوێژ

بابەتی ڕاوێژ یاخود (پرس و ڕا) بابەتێکی زۆر گرنگە، کەچی بە داخەوە زۆرینەی مسوڵمانان لە ئێستادا لێی بێئاگان. دەتوانم بڵێم ڕاوێژ گرنگترین کۆڵەگەی بەڕێوەبردنی خەڵک و وڵاتە و گرنگترین بنچینە و بناغەی تەبایی و یەکڕیزی و یەکپارچەییە، چونکە ئەگەر وا نەبێت بۆچوونی جیا جیا دروست دەبێت، ئاراستەی جیا جیا، پەرتەوازەیی و پارچە پارچەیی ڕوو دەدات، خوای بەرز و بێوێنە مرۆڤی وا خوڵقاندووە ئەوەی کە هیچیش نازانێت، حەز دەکات و هەستیش دەکات کە شت دەزانێت، هیچ کەسیش نییە کە هیچ نەزانێت، بەڵام ڕەنگە لەم بوارەدا بیپێکێت و لە بوارێکی دیکە نەیپێکێت، بۆیە هیچ کەسێک قەبوڵی نییە وەک ئاژەڵ لێبخوڕدرێت، بەڵکوو حەز دەکات ڕێزی بگیرێت و ئەویش لە ڕێکخستنی کاروباری ژیان کە پەیوەندیی بەویشەوە هەیە، قسەی هەبێت، ئەمە ڕاوێژکردنە.

لێرە پێویستە بزانین ڕاوێژ چییە؟ چۆن ڕاوێژ دەکرا؟ لە ئێستاشدا چۆن ڕاوێژ دەکرێت؟ ئایا ڕاوێژ بە کێ دەکرێت؟ هەروەها حوکمی ڕاوێژ چییە؟ دیارە وشەی (شوری) بە کوردییەکەی خۆمان (ڕاوێژ)ی بۆ داندراوە. نازانم چەند دروستە، بەڵام ڕاوێژ دانراوە، هەڵبەتە دێمە سەر وشەکە لە زمانی عەرەبیدا ئاخۆ لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە لە چییەوە هاتووە.

شوورا (الشوری)، لە زمانی کوردی بە واتای (ڕاوێژ) دێت و (پرس و ڕا)ش دەگرێتەوە و لە کوردەواری شووراکردنیش بەکار دێت، گرنگ ئەوەیە ئامانج و مەبەستەکە بێتە دی، کە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ئەو کەسانەیە کە پێویستە ڕایان وەربگرێت. لە ئەسڵی زمانی عەرەبییشدا (الشَور، والمشورة والتشاور)، واتە: ڕائاشکراکردن و داوای ڕەئیکردن. (الشَور) بە واتای خستنەڕووی شتێکیش دێت، دەرخستی. شوورا و مشاوەرە هەیە، بە کورتی لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشانەی خوارەوەی لە بەرانبەردا بۆ بەکار هاتووە:

الإظهار – دەرخستن.

الإستخراج – دەرهێنان.

العرض – خستنەڕوو.

التوجيه – ئاراستەکردن.

التحسين – چاککردن.

البيان و الكشف – هەردووک لێک نزیکن واتە: ڕوونکردنەوە، ڕۆشنکردنەوە، کەشفکردن...هتد.

(راغب الأصفهاني) کە پیاوێکی ورد و شارەزا بووە کتێبێکی هەیە دەربارەی موفرەداتی قورئان (مفردات القرآن) ڕاڤەی وشەکانی قورئانی کردووە، بە بنج و بنەوانیاندا چووەتە خوارێ و ڕەگ و ڕیشەی دەرهێناون و، زۆر سوودم لێ وەرگرتووە، پێم خۆشە ئەوانەی حەز دەکەن بزانن وشەکانی قورئان لە بنەڕەتدا لە چییەوە هاتوون و واتایان چییە، بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبە، کتێبی دیکەش هەن، بەڵام پێم وایە ئەو کتێبە گرنگە، ڕاغب الأصفهاني لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (الشورى: استخراج الرئي) شوورا واتە: دەرهێنانی بۆچوون، (لمراجعة البعض الى بعض) بۆ ئەوەی کە هەندێک بگەڕێنەوە لای هەندێکیان: بە یەکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن.

دواجار زۆر بە کورتی هێناویەتییەوە واتە: کۆکردنەوە و دەرهێنانی ڕاوبۆچوونەکان لە کاتی گفتوگۆی نێوان خەڵکێکدا ئەوە پێی دەگوترێت شوورا، ئەوانەی ئێستا لەم سەردەمە دەڵێن: (هي اتخاذ القرارات في ضوء آراء المختصين، في موضوع القرار في كل شيء من الشؤن العامة)، ئەوەیە کە بڕیاردانە لەبەر ڕۆشناییی بۆچوونی خەڵکی (مختص)، خەڵکی پسپۆڕ لە بابەتێک کە پێویستیی بە بڕیاردان هەیە لە هەر کاروبارێک کە پەیوەندیی بە کاروباری

گشتییەوە هەیە، ئەمەش دوو جۆری هەیە: یەک: کاروباری گشتی. دوو: کاروباری تایبەتی.

بابەتێک پەیوەندیی بە (طب)ـەوە هەیە، بابەتێکی پزیشکییە، ئایا لەو بابەتە پزیشکییە ڕای کێ وەردەگیرێت، پڕۆژەیاسایەکی پێ ئامادە بکرێت؟ بێگومان ڕای کەسانی پسپۆڕ وەردەگیرێت ئەوانەی ئەهلی (اختصاص)ن.

بۆ حاڵەتی لەدایکبوونی منداڵ هەندێک وردەکاری پەیوەندیی بە ئافرەتانەوە هەیە، جگە لە ئافرەتانیش، لەم ڕووەوە ڕای کێ وەردەگیرێت، کێ شایستەترە بۆ ئەوەی بۆچوونی بە هەند وەربگیرێت و گەاڵڵە بکرێت، بۆ ئەوەی یاسا و بڕیارێکی پێ بدرێت و پرسەکە یەکلایی بکرێتەوە، بێگومان ڕای پسپۆڕانی بواری ئافرەتان، نەک شارەزا لە زمانی عەرەبی یان فیقهی ئیسلامی.

بۆیە باسی پزیشکیم کرد، چونکە بابەتێکی وردترە و بۆ هەموو کەس نییە قسەی تێدا بکات، یاخود شتێک هەیە پەیوەندیی بە ئەندازیارییەوە هەیە، پێویستە ڕای کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا وەربگیرێت، بۆ نموونە لە بابەتە ئەندازییارییەکان کۆمەڵێک ئەندازیاری تەلارسازیی بانگ دەکرێت ڕایان وەردەگیرێت بۆ پڕۆژەیەک کە لەوانەیە پێویستیی بە بڕیارلێدان هەبێت بە (بەڵێ) و بە (نەخێر).

کەواتە پێویستە دوو شت لێک جیا بکەینەوە، یەکێکیان پسپۆڕییەکانە (اختصاصات)، کە ئەمەیان بناغە و بنچینەکەیە، دواتر دەکرێت خەڵکی دیکە قسەی لێ بکا یان ڕای خۆی دەربارەی بڵێت، بەاڵم ئەمەیان گشتییە و پسپۆڕی نییە، هەروەها دەربارەی جەنگیش هەمدیسان خەڵکێک هەیە ئەهلی اختصاصە، دەبێت ئەوان قسەی تێدا بکەن، بە تایبەتییش ئەو کەسانەی کە لەنێو دامەزراوەی حکومەتن جا وەزارەتی جەنگە یان پەرلەمانە، ئەوان بڕیاری شەڕ و ئاشتی دەدەن، چونکە ولاتێکی هەشتا ملیۆنی ناتوانیت ئەو خەڵکە هەمووی کۆ

بکەیتەوە بڵێیت ڕاتان چییە؟ ئەو شەڕە بکەین یان نەیکەین؟ ئەم ڕێککەوتنە لەسەر ئەم گرێبەستانە واژوو بکەین یان نەیکەین؟ ئەوە ناکرێت، بەڵکوو دەبێت بۆ ئەم پرسانە خەڵکی تایبەتیی خۆی هەبێت، کە لە ئێستادا پێی دەگوترێت سیستەمی نوێنەرایەتیکردن.

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە ناکرێت بۆ هەموو بابەتێک بگەڕێینەوە بۆ ڕای خەڵک و ڕاوێژیان پێ بکرێت، بەڵکوو ئێستا سیستەمی نوێنەرایەتی هەیە، ڕەنگە هەندێک شت بێتە پێشەوە، وەک چۆن تۆ کاتێک دەستوورێک پەسەند دەکەیت کە ڕای هەموو خەڵک وەردەگریت، ڕەنگە هەندێک بابەت پێویست بکات ڕای هەموو خەڵک وەربگیرێت و ڕێز لە بۆچوونیان بگیرێت، بەڵام سیستەمی نوێنەرایەتیکردن ڕێ لەمە دەگرێت، بە دەگمەن بواری بۆ وەرگرتنی تێکڕای ڕای خەڵک هێشتووەتەوە.

باسی یەکەم:
ڕاوێژ و پاراستنی مافی گشتی

خەڵکێک هەیە پەرلەمانێکی هەڵبژاردووە بۆ نموونە: ٥٠ کەسە، کاتی خۆی پێی دەگوترا ئەهلی (الحل والعقد)، ئەوانە دێن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە پێویست دەکات قسەی لەسەر دەکەن، خەڵک متمانەی پێ داون و کردوونی بە نوێنەری خۆیان، ئەوان ئەو کاتە لە جیاتیی خەڵک بڕیار دەدەن.

لە هەندێک وڵات نەبێت بۆ هەندێک بابەت، پرس بە هەموو خەڵک دەکەن کە گشت پرسی پێ دەگوترێت، لە سویسرا ئێستاش ڕاوێژی گشتی زۆرە بۆ زۆر بابەت، بۆیە بابەتی ڕاوێژ کە باس دەکرێت هەم کەسانی خاوەن پسپۆڕ هەن هەم گشتییش هەن، گشتییەکە ئەوەیە کە نوێنەرایەتیی خەڵک دەکات بۆ بڕیاردان و دەرکردنی یاسا، کەواتە حوکمی ڕاوێژ چییە؟

حوکمی ڕاوێژ کە بابەتێکی گرنگە، دیارە هەر لە سەردەمی خۆیەوە لە مێژووی مسوڵمانان و زانایان بە تایبەتی (خاوەنانی زانست) تا ئێستا ئەو بابەتە دوو ڕای لەسەر بووە:

یەکەم: بۆچوونێکیان دەڵێت: ڕاوێژ (مندوب)ە، واتە: شتێکی ئاساییە. ئەگەر بکرێت باشە، ئەگەر نەکرێت گوناح نییە.

دووەم: بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ئەو بەهێزترینە، دەڵێت: ڕاوێژکردن واجبە، ئەوانەی کە بە مەندووبی دەزانن بە شتێکی باشی دەزانن کە بکرێت، بەڵام هیچ گوناهبار نابێت کە نەکرێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ... ﴾ (٣٨) الشُّورَى.

واتە: ... کاروباریان لەنێو خۆیان بە ڕاوێژە...

ئەوە هیچ فەرمانی تێدا نییە، بەڵام لەو ئایەتەدا فەرمانی تێدایە کە دەفەرموێت: ﴿ ...وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ... ﴾ (١٥٩) آل عِمرَان.

... لە کاروباریشدا (وەک عادەتی پێشووت) ڕاوێژیان پێ بکە...

دەڵێن ئەمە بۆ بەرژەوەندیی مسوڵمانانە، ئەگەرنا بنەما (مبدأ) ئەوەیە: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) واتە بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانان لەنێو خۆیاندا بە ڕاوێژە، بەڵام ئەم ڕایانە ئەگەر ئاوا تۆزێک گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەو ڕایەی کە دەڵێت: واجبە، دەڵێم: فەرمان لە قورئاندا (للوجوب)ـە، (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) بە پێغەمبەر دەفەرموێت: «ﷺ»، ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروبارەکاندا، باشە کە بفەرموێت ڕاوێژیان پێ بکە بۆ هەر دەسەڵاتێکی زیاتر پێویستە، کەوابێت ئەو ئەمرە (للوجوب)ـە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە، هیچ قەرینەیەک نییە لەسەر ئەوەی ئەم (وجوب)ـە هەڵبوەشێنێتەوە و بیکات بە (ندب) شتێکی ئاسایی، ئەوی دیکە کە دەفەرموێت: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) جارێ لەنێوان دوو ڕوکنی گەورەی ئیسلامەتیدا هاتووە لەنێوان (اقامة الصلاة) و (وايتاء الزكاة). دەفەرموێت: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) یانی (يُقِيمُونَ الصَّلَاَ)، (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ)، ڕستەکەش ڕستەیەکی (اسمي)یە واتە: چەسپاوی و بەردەوامی دەگەیەنێت، بەردەوام کاری مسوڵمانان بە ڕاوێژە.

چەسپاوە کە کاری مسوڵمانان یان کاری ئەو خەڵکە لەسەر بنچینە و بناغەی ڕاوێژە، کەواتە ئەوەیان بەهێزترە کە دەڵێت: کاروباریان بە ڕاوێژە، لەو بارەیەوە (قرطبي) دەڵێت: کە (ابن عطية) دەگێڕێتەوە، ڕاوێژنەکردن بە لای زۆربەی زانایانی ئەو سەردەمە، لادانی سەرۆکی دەوڵەت پێویست دەکات، واتە ئەگەر سەرۆک و ئەو دامەزراوەیەی پێویستە ڕاوێژ بکات، بەڵام نەیکرد، دەڵێت: هەوڵیان لەگەڵ دەدرێت بۆ ڕاستکردنەوەیان تا دەگاتە ئاستی لابردنیان لە کارەکەیان، ئەو دەڵێت: ئەو گرێبەستە و پەیمانەی لەنێوانی خەڵک و ئەو دەسەڵاتە هەیە هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە کە دەڵێت: (وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ) بە

ڕستەی خەبەری هاتووە، هەروەها (أبو هريرة) دەفەرموێت: (ما رأيتُ أحدًا قطُّ كان أكثرَ مشورةً لأصحابِه من رسولِ اللهِ «صلَّى اللهُ عليه وسلَّم»[1]، واتە: هەرگیز هیچ کەسێکم نەبینیوە لە پێغەمبەری خوا «ﷺ» بۆ هاوەڵەکانی ڕاوێژی زیاتر کردبێت.

سەبارەت بەوانەش کە ڕایان وا نییە ڕاوێژ واجب بێت، دەڵێن: ئەوە سەلماندمان ڕاوێژ واجبە، بەڵام ئەی بۆ خوای بەرز دەفەرموێت: ﴿ ...وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّ... ﴾ (١٥٩) آل عِمرَان.

واتە: ... لە کاروباریشدا (وەک عادەتی پێشووت) ڕاوێژیان پێ بکە، بەڵام هەر کات (پاش ڕاوێژکردن) دڵت لەسەر بڕیارێک چەسپا، ئەوە پشت بە خوا ببەستە (بۆ جێبەجێکردنی)...، کەواتە بواری ئەوەت هەیە کە نەگەڕێیەوە بۆ ئەنجامی ڕاوێژەکە و بڕیاری خۆت بدەیت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەبەستەش دەگەیەنێت کە دوای ڕاوێژ ئەوەی لەسەری ڕێک دەکەون، پشت بە خوا ببەستە و ئەنجامی بدە.

جارێکی تر هاتوون ڕایەکی تریان داوە و لەو ڕایەی پێشوویان جیا کردووەتەوە، گوتوویانە: ڕاوێژکردن پێویستە، بەڵام مەرج نییە ئەو کەسە بە زۆرینەکە پابەند بێت یان بە ڕاوێژەکە پابەند بێت، ئێستا ئەم سیستەمە هەیە لە هەندێک شوێن، سەرۆک دەستەی ڕاوێژکاریی هەیە، بەڵام ڕاوێژکردنەکە بۆ ئەو زۆرینە و کەمینە پابەندکار (مُلزِم) نییە.

لێرەدا سەرۆک تەنها ڕەئییەکان وەردەگرێت، چونکە ڕاوێژەکە و زۆرینەکە پابەندکار نین، ئەو پابەند نابێت بەو ڕایەی کە زۆرینەی خەڵک داویەتی، ئێستا لە وەزارەتەکان دەستەی ڕاوێژکاری هەیە، یان ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری هەیە.

---

[1] أخرجه أحمد: (١٨٩٢٨)، وابن حبان: (٤٨٧٢) في أثناء حديث، والشافعي في: ((المسند)) (١٦٨٢) باختلاف يسير.

ئێمە لە وەزارەت هەمان بوو، ئەم ئەنجوومەنی ڕاوێژکارییە ڕایەکانی بۆ وەزیر پابەندکەر نەبوو، هەرچەندە زۆرینەش بووایە، سیستەمەکە وایە و وا ڕێک کەوتوون، بەڵام وەزیر سوودی لەو بۆچوونانە دەبینی و دەیکردنە بناغەی بڕیاردانەکەی و چیی بە بەرژەوەند زانیبایە، ئەوەی دەکرد بە بڕیار.

مادام وایە حیکمەت لە ڕاوێژکردنەکەی چییە؟ لە کاتێکدا سوود لە ئەقڵی زۆرینە نەبینێت و بۆ ڕەئییەکانیان نەگەڕێتەوە، ئەو کاتە سوودی چیت بینیوە لە ڕاوێژکردنەکە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین: لەسەر بابەتێک ڕاوێژ بە دە کەس کرا، شەش کەس ڕای وایە چوار کەسی دیکە ڕایان جیاوازە، ئەم شەش کەسە سوودت لێ نەبینیبن، واتە هەر بە ڕای خۆت بکەیت، پێم وایە دیسان ئەوە هەر پێویست دەکات، بەڵام ئەم حاڵەتە تۆزێک مشتومڕی لەسەر هەیە، چونکە ئێمە لە سەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد پرسی ڕاوێژکردن و پرسپێکردن لە بابەتێک، دەکرێت کە دەقی لەسەر نەبێت وەکوو ئایەتی قورئان.

مەبەستم لەو سەردەمی ئەوان بەو شێوەیان کرد، بە نموونە: پێغەمبەر «ﷺ» لە سوڵحی حودەیبییە سوڵحی کرد، هاوەڵان ڕایان نەبوو کەچی پێغەمبەر بە ڕای خۆی کرد لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری هاوەڵانیش ڕایان لەسەر نەبوو، بەڵام ئەمەیان تۆزێک جیاوازە، چونکە لە کۆتاییدا پێغەمبەر «ﷺ» بە ئیمامی عومەری گوت: عومەر واز بێنە من خودای خۆم لەگەڵە و خوا ڕێنماییم دەکات و زایەم ناکات، هەروەها لە شەڕی بەدریش بە ڕای زۆرینەی هاوەڵانی نەکرد. پێم وایە ئەمە زیاتر ئیلهام و وەحیی خوایی بووە، ئەمە جیاوازە. بەڵام لە ڕووداوێکی تردا بە شێوەیەکی تر مامەڵەی کردووە، بۆ نموونە: پێغەمبەر «ﷺ» لە شەڕی ئوحود بە ڕای زۆرینەی کرد و زەرەریشیان کرد و ڕای خۆیشی لەسەر چوونە دەر لە مەدینە نەبوو. ئێمە کە باس لە ئیسلام دەکەین، باسمان لە حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامییە، ناکرێت زۆرینە لەسەر ڕایەک بن و ئەم ڕایەش دژی ئیسلام بێت و تۆ بێیت پەسەندی بکەیت، ڕەنگە بۆ پرسە دونیاییەکان و فیکرە و بیردۆزە

مرۆڤ دەستکردەکان و بۆ دەستوور و یاسایەک کە لە دەست مرۆڤەکانە، شتێکی ئاسایی بێت و تێ بپەڕێنرێت، بەڵام ئێمە باسمان لە قورئان و ئیسلام و حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامییە. کەواتە: ناکرێت زۆرینە لەسەر هەڵە بێت و تۆش دانی پێدا بنێیت و بۆی ئیمزا بکەیت.

لێرەدا کێشە زۆرینە لەسەر هەڵە بوون نییە، بەڵکوو بابەتەکە پەیوەندیی بە حەرام و حەڵاڵەوە هەیە، چونکە هەر خوا مافی ئەوەی هەیە حەرام دیاری بکات، ئەم پرسە پەیوەستە بە (اجتهادات)، باسی قەزایەی شەریعەتیش نییە، چونکە لەوانەیە لە ئایندەدا بێتە سەر ئەوەی کە ئایا فەتوا دەربارەی ئەم قەزیەیە چییە، لەم حاڵەتەشدا نە سەرۆک و نە پەرلەمان و نە حکومەتیش ئەهلی اختصاص نین و لەو ڕووەوە دەیدەنە دەست زانایان، ئەوانیش لێژنەی فەتوایان هەیە و فەتوای خۆیان لە هەمبەر ئەو پرسە دەردەکەن.

بەڵام ئەو بابەتەی کە پەیوەندیی بە ئیجتهاداتەوە هەیە بۆ کاروباری خەڵک، پەیوەندیی بە حەرامەوە نییە، پەیوەندیی بە کاروباری خەڵکەوە هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر هاتە سەر ئەوەی کە یاسایەک پەیوەند بە هاتوچۆوە دەرکرا، کە شوفێران لەم شەقامە بۆیان هەیە تا خێراییی ١٢٠ بڕۆن، بەڵام ئەگەر ١٥٠کم ڕۆیشتن، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە سزا دەدرێن، بەڵام لە ڕووی شەرعییەوە ئەگەر ئەمە ڕووداوێکی لێ کەوتەوە، حوکمەکەی چییە؟ ئەهلی فەتوا با قسە بکەن، ئەو کاتە دەڵێین مادام حکومەت ئەم یاسایەی داناوە، پێویستە بەم یاسایە پابەند بیت، کاتێک بەم یاسایە پابەند نەبوویت، هەر شتێکیش ڕووی دا، ئەوا گوناهبار و تاوانبار دەبیت و بەپێی زیان و دەرهاویشتە خراپەکانی سزا دەدرێیت.

بۆیە ئەوەی کە پەیوەندیی بەکاروباری خەڵک و لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوەکان (مباحات)، لەو بوارانەیە وەکوو بواری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئیداری، لە هەموو ئەو بوارانە دەتوانرێت ئیجتیهادیان تێدا بکرێت و مرۆڤ و کۆمەڵگە بەپێی ڕێڕەوە تەندروستەکان تێیاندا ئازاد و دەستکراوەن.

باسی دووەم:
بوار و بابەتەکانی ڕاوێژکردن

ئەو بوار و بابەتانەی لە ڕووی شەریعەتەوە پێویستە ڕاوێژیان تێدا بکرێت بزانین چین و ئەو بابەتانەش کە ڕاوێژیان تێدا ناکرێت و هێڵی سوورن و نابێت خەڵک قسەیان لەسەر بکات چین؟ گومانی تێدا نییە ڕاوێژ لەو کاروبارانەدا ناکرێت کە دەقێکی ڕاست و دروستی لەسەرە و تەئویل هەڵناگرێت، لەوەدا ڕاوێژ ناکرێت، لە قورئاندا دەقێکی ڕاست و دروست بەو واتایەیە کە هیچ تەفسیر و تەئویلێک هەڵناگرێت و ڕاوێژی لەسەر ناکرێت، خوای بەرز دەفەرموێت: ﴿...وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا... ﴾ (٢٧٥) البَقَرَة.

واتە: ... بەڵام خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و ڕیبای قەدەغە کردووە.

ناکرێت ڕیبا بخرێتە بەردەستی پەرلەمان، یان هەر ئەنجوومەن و مەجلیسێک تا ڕاوێژی لەسەر بکات، کە ئایا بکرێت یان نەکرێت! بۆیە هەرچی لێژنەی فەتوا و هەرچی زانای سەر ڕووی زەوی هەیە کۆ ببنەوە، ناتوانن لەبارەی ڕیباوە قسە بکەن کە ئایا حەرامە یان حەڵاڵە، چونکە خوای گەورە کۆتاییی پێ هێناوە کە حەرامە، بەڵام ئایا هیچ حاڵەتێک هەیە کە لە کاتی زۆر ناچاریدا ڕێگەی پێ بدرێت؟ یان هەندێک حاڵەتی گومانباوی هەیە، ئەمانە دەگونجێت زانایان تاوتوێی بکەن.

ڕەنگە بۆ هەندێک وردەکاری لە بابەتی ڕیبا، کە ئایا ئەم جۆرە مامەڵەیە ڕیبایە یان نا، ئەوە دەکرێت زانایان و خەڵکی شارەزا قسەی لەسەر بکەن و فەتوا بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تەماشای ڕای زۆرینەی زانایانیش بکرێت، کە دەڵێم: ڕای زۆرینەی زانایان، دەمەوێت لێرەدا یەک ڕوونکردنەوە بدەم، لەوانەیە یەکێک بڵێت جا ڕاوێژ جیاوازە لە ڕای زانایان، نا ئەگەر سەرنج بدەیت هەندێک

بابەت هەیە لە مێژووەوە گوتراوە ئەمە کۆدەنگیی زانایانی لەسەرە، هەندێکیان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی شەریعەتی دەزانن وەک یاسادانان، چۆن؟ کە کۆدەنگیی لەسەر بێت واتە وەک چۆن لە قورئاندا یان لە فەرمووەی ڕاست و دروستی پێغەمبەردا «ﷺ» شتێک قەدەغە کراوە، بە هەمان شێوەش ئەگەر کۆدەنگی (اجماع) لەسەر شتێک بوو کە قەدەغەیان کرد وەکوو ئەوە وایە، ئەمەش پشتبەستن بە دەقە قورئانییەکان.

هەڵبەتە کۆدەنگییش پێوەری خۆی هەیە، کە دەڵێیت ئەو بابەتە ڕای زۆرینەی زانایانی لەسەرە، (جمهور العلماء)، مەبەستەکە ئەوەیە زانایان هاتوون تەماشای ئەو بابەتەیان کردووە، کۆمەڵێک زانا ڕایان بە شێوەیەکە، بەڵام کۆمەڵێکی زیاتر لە زانایان ڕایان بە شێوەیەکی دیکەیە لەسەر هەمان بابەت.

ئایا ئەم زانایانە چۆن گەیشتوون بەم کۆدەنگییە؟ بێگومان بە ڕاوێژ پێی گەیشتوون. کەواتە لێرەدا دیسان پشت بە زۆرینە بەستراوە، بۆ نموونە: لەسەر بابەتێک زۆرینەی زانایان ڕەئیان وایە کە ئەمە حەرامە، بەڵام هەندێک لە زانایان ڕەئیان وایە کە ئەمە حەڵاڵە. زۆرینەکە وەرگیراوە. کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامە بۆ دەقێکی قورئانی بێ چەندوچوون و ڕوون، هەروەها لەبارەی فەرمایشتێکی پێغەمبەری خواوە «ﷺ» کە فەرمایشتەکە ڕوون بێت و تەئویل هەڵنەگرێت و ڕاست و دروست و دەلیلی قەتعی بێت، لەم حاڵەتەدا ڕاوێژکردن ناکرێت و شوورای پێویست نییە، مەگەر بۆ میکانیزمی جێبەجێکردنەکە، بەڵکوو یەکسەر وەردەگیرێت و بە میکانیزمی گونجاو کاری پێ دەکرێت.

کەواتە جگە لەم حاڵەتە کە ڕاوێژی تێدا ناکرێت، بۆ هەموو بابەتەکانی تر ڕاوێژ دەکرێت، واتە بۆ هەر ئەنجوومەنێک پسپۆڕی بێت یان گشتی، لە سیستەمی حوکمڕانیی ئێستادا و لە ڕابردووشدا بۆی هەیە جگە لەو بنچینەیەی پێشوو کە باسمان کرد ڕاوێژ بکات، بەڵام ئێستا سیستەمی حوکمڕانی وردتر کراوەتەوە و کۆمەڵێک دامەزراوە و داموددەزگای دیکەی لێ بووەتەوە و زۆر

فراوان بووە، هەندێکی زۆر ڕوون کراوەتەوە، ڕەنگە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت، بە بۆچوونی خۆم ڕاوێژ لەوەش ناکرێت کە لە ولاتێکدا دەسەلات بە یەکێک یان بە دامەزراوەیەک درابێت بۆ کردنی کارێک یان نەکردنی، ڕاوێژ لەمەشدا ناکرێت، لە هەندێک ولات ئێستا بە سیستەم و بە یاسا دەسەلات بە سەرۆکی ولات دراوە جەنگ ڕابگەیەنێت. کەواتە بەپێی یاسا یان بەپێی دەستووری ئەو ولاتە ڕێگەیان بە سەرۆکی ئەم ولاتە داوە کە جەنگ ڕابگەیەنێت دژ بە ولاتێک کە بە مەترسیی دەزانێت یان خەریکە شەڕی لەگەڵ بکات، کەواتە لەمەشدا دەتوانێت ڕاوێژ نەکات. بەڵام ئەگەر ڕاوێژ بە هەموو خەڵکیش نەکات، دەکرێت بە خەڵکی خاوەن پسپۆڕی بواری جەنگ و سیاسەت بکات، بۆ نموونە: ئەگەر تەماشای دەستووری ئەمریکا بکەین کە یەکێکە لەو ولاتانەی دەستوورەکەی ڕێگەی داوە بە سەرۆکی ولاتەکەی، ڕاگەیاندنی جەنگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ناکرێت هەر وا بە ئاسانیش ئیعلانی شەڕ بکات، هەندێک ڕێکار و ڕێوشوێن هەیە پێویستە بیگرێتە بەر و هەندێک زەمینەسازیی زەروور هەیە پێویستە ئامادە بکرێت.

لە کاتی خۆشیدا ئەمە کێشە بووە، لە هەندێک قۆناغدا کۆنگرێس ڕەخنەی توندی لە سەرۆکی ولات گرتووە کاتێک کە ئیعلانی شەڕی کردووە، یان ڕێگەیان لێ گرتووە بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە هەندێک حاڵەتیش سەرۆک گلەییی لە کۆنگرێس کردووە لەو بارەیەوە، هەندێک قۆناغ هەیە کە ئەویش لە بەرچاوی دەگرێت، ئایا چەندە لە بەرژەوەندیی ئەو ولاتەیە جەنگ ڕابگەیەنێت؟ ئایا لەم جەنگەدا سەرکەوتوو دەبێت یان نا؟ پێداویستی و موستەلزەماتی جەنگ ئامادەیە؟ زەمینەسازە؟ کۆمەڵێک لە ڕێگەی دەزگا هەواڵگری و موخابەڕاتەکانییەوە کۆمەڵێک هەواڵ و زانیاری کۆ بکاتەوە، ئایا ئەم هەنگاوەی چەندە لە بەرژەوەندیی ولاتەکەیەتی. بۆیە بێگومان پێوەر هەیە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لە هەر دامەزراوەیەک ئەگەر بە سیستەم و یاسا، یان بە

دەستوور، یان بە هەر پەیڕەوێک ماف و دەسەڵاتی دابێت بەو دامەزراوەیە یان بەو کەسە، ئەو کاتە دەتوانێت ڕاوێژ نەکات. نموونەیەکی سادەتر بێنمەوە: لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمەش کاتی خۆی لە وەزارەت بووین، پەیڕەوێکی نێوخۆیی هەیە دەڵێت وەزیر ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریی هەیە، ئەم ئەنجوومەنە پێک دێت لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکانی وەزیر، بەڵام لەو پەیڕەوەدا ئەم ئەنجوومەنە بۆچوونەکانیان یان ڕایەکانیان بۆ وەزیر پابەندەکەر نییە، وەزیر ڕاوێژیان پێ دەکات، بەڵام دوایی بۆ خۆی بڕیار دەدات، هەرچەندە ئەگەر بیەوێت تەماشای ڕای زۆرینە بکات، ڕەنگە ئەمە لە ڕاستی و پێکان نزیکتر بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەمووشیان ڕایان لەسەر شتێک بێت، دەتوانێت ئەو پێچەوانەی ئەو ڕایەی ئەوان بڕیاری دا، ئەمەش یاسا و پەیڕەو ڕێگەیان پێ داوە.

باسی سێیەم:
ڕاوێژ و حوکمە شەرعییەکان

لە هەندێک دەقی قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەریش «ﷺ» هاتووە: کە دەفەرموێت: ﴿ ...وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا... ﴾ (٢٧٥) البَقَرَة.

واتە: ... بەڵام خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و ڕیبای قەدەغە کردووە.

بەڵام هەندێک دەق هەیە لە قورئاندا، یان لە سوننەتی پێغەمبەردا «ﷺ» بواری تێدا هەیە، بۆ نموونە: خوای مەزن باسی دەستنوێژ دەکات، مەبەستی دەستنوێژ نییە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کە ﴿...أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ... ﴾ (٤٣) النِّسَاء.

واتە: ... یان دەستتان گەیاندە ژنان (چوونە لایان)...

(أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ) هەندێک لە زانایان تەفسیریان کردووە بە جووتبوون (جماع)، هەندێکی دیکە تەفسیریان کردووە بە دەستپێکەوتنی ئافرت، ئینجا لەوەشدا دەستپێکەوتنەکە بە خێزانی خۆت و جگە لە خێزانی خۆت، زۆر ورد کراوەتەوە لەو ڕووەوە ڕێگە دراوە کە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە (أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ)، تەئویلی جیا جیا هەڵدەگرێت، کەواتە: ئەو کاتە بۆت هەیە تەماشا بکەیت و بزانیت زۆربەی زانا موعتەبەر و سەرڕاست و گەورەکانی ئوممەتی ئیسلام کامە ڕایان بە لاوە پەسەندتر بووە.

دەربارەی جێبەجێکردنی هەندێک ئەحکامیش، بۆ نموونە: بەڕۆژووبوون، ئەوە کەس گومانی نییە کە فەرزێکە لە مانگی ڕەمەزاندا، بەڵام ئایا حاڵەت هەیە قسەی لەسەر بکرێت و مسوڵمان تێیدا بەڕۆژوو نەبێت؟ بەڵێ بێگومان بێجگە لەو حاڵەتانەی کە هەر شەریعەت بۆ خۆی ڕێگەی داوە: نەخۆش،

گەشتیار، بەڵام لە کاتی جەنگ و ترسیشدا بۆت هەیە بەڕۆژوو نەبیت، لە هەندێک حاڵەت و کاتی تریش کە لە فیقهی ئیسلامیدا هاتووە. بەڵام ئایا کێ بڕیار دەدات؟ دیسانەوە دێینەوە سەر بنچینەی دیکە، ئەو کات دوو دامەزراوەی بڕیاری حوکمی هەبوون کە لەسەر بناغەی شەریعەت بینا کرابوون، باسی ئەم حوکمڕانییەی ئێستا ناکەم کە لەسەر بناغەی عەلمانییەت دروست کراوە، ئەو کاتە ئەو حکومەتە بۆی هەیە بڵێت: ئێمە ئەم مانگە لەبەر ئەم هۆکارانە بڕیارمان دا خەڵک بە بەڕۆژوو نەبێت، یان دامەزراوەیەکی دیکەت هەیە شەرعییە و پەیوەندیدارە بە فیقهو و فەتواوە، دامەزراوەیەکە لە لایەن زانایانەوە دانراوە، بۆی هەیە بڕیار بدات و بڵێت: لەم شەڕەدا لەبەر ئەو حاڵەتە بەڕۆژوو مەبن. هەر وەک چۆن لە سااڵی برسێتی (عام المجاعة) عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) حوکمی سزای دەستبڕینی ڕاگرت.

مەبەستم ئەوەیە کە هەندێک ئەحکام زۆر زۆر ڕوونە لەوەی چ پێویستە لەسەر مسوڵمانان بیکەن، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەم ڕاوێژەوە لە ڕێی دامەزراوەیەکی فیقهی و فەتواییەوە، کە فەتوا بدات و بڵێت: (بەڵێ) یان (نەخێر).

باسی چوارەم:
جیاوازیی نێوان ڕاوێژ و دیموکراسی

ئیسلام بۆ باش بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان، کار بە ڕاوێژ دەکات. دیارە لە بەرانبەر ئەویشدا لە دونیای ئێستادا دیموکراسییەت لە ئارادایە و باس لە ڕای خەڵک و ڕای زۆرینە دەکات، چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان شووڕا یاخود ڕاوێژی ئیسلام و دیموکراسیدا؟

سەرەتا بەر لەوەی باسی جیاوازییەکان بکەین، پێویستە ئاماژە بە خاڵی هاوبەشی هەردوو سیستەمی ڕاوێژی ئیسلامی و زۆرینەی دیموکراسی بکەین، پێم وایە لە دوو خاڵی سەرەکی هاوبەشن:

یەکەم: ڕاوێژی ئیسلامی و زۆرینەی دیموکراسی لەوەدا هاوبەشن کە هەردووکیان دەڵێن: خەڵک سەرچاوەی دیاریکردنی دەسەڵاتە، لە سیستەمی ئیسلامیدا هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد و سەلێنراش کە چوار جێنشینەکەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» بە میکانیزمی جیاواز بە ڕاوێژی خەڵک دانراون.

لێرەدا خەڵک سەنگی مەحەک بووە، ئەگەر خەڵک ڕای نەبووبێت و بەیعەتیان پێ نەکردبێت، دەسەڵات و خەلافەتەکەی دانەدەمەزرا.

لە سیستەمی دیموکراسییشدا جا چ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک بێت کە پێی دەگوترێت سیستەمی سەرۆکایەتی، کە خەڵک ڕاستەوخۆ دەنگ دەدەن و سەرۆک هەڵدەبژێرن، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆی سەرۆک بێت کە پێی دەگوترێت سیستەمی پەڕلەمانی، سەرۆک ئەو کاتە لە ڕێی نوێنەرانی خەڵکەوە لە پەڕلەمان هەڵدەبژێردرێت. ئەویش دیسان بە

زۆرینەیە، کەواتە لە هەردوو سیستەمەکە خەڵک سەرچاوەی دیاریکردنی دەسەڵاتە، بەڵام بە میکانیزمی جیاواز.

دووەم: لێکچوویان بریتییە لەوەی بنەمای کارکردن لە هەردووک سیستەمەکە بە زۆرینەیە، ئەو ڕایە بەهێزتر و ڕاستترە و لە دادگەری نزیکترە، کە لە شووڕای ئیسلامیشدا کار بە زۆرینە بکرێت.

بەڵام لە قورئانــدا ئەگەر وردبیــیەوە لە زۆر جــێگە باســی ئەوە دەکــات: ﴿...أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾ (٧٨) الزُّخرُف.

ئەمە جیاوازە و باسی ئەوانەیە کە مسوڵمان نین پەیوەندیی بە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکەوە نییە، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان پێویستە ڕاوێژ هەبێت، چونکە بنچینەیەکی گەورەی قورئانییە، هەر وەکوو پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە پێغەمبەری خوا «ﷺ» لە زۆربەی هەنگاوەکانیدا کاری بە زۆرینە کردووە، هەڵبەتە جاری واش هەبوو کە خۆیشی بڕیاری داوە، واتە زۆربەی ڕایەکیان هەبووە، یەکێکی تر ڕایەکی دیکەی هەبووە و بە قسەی ئەو کەسەی کردووە، جاری واش هەبووە خۆی بڕیاری داوە، یان بە ڕای کەمینەی کردووە، هەردووک حاڵەتەکە هەبووە، بەڵام پێم وایە بۆ ئەم سەردەمە ئەمە ڕاستتر و دروستتر دەبێت کە کار بە زۆرینە بکرێت.

لە پەرەنسیپی دیموکراسییشدا کار بە زۆرینە دەکرێت، هەر بە ڕەهایی کار بە زۆرینە دەکرێت، کەواتە لەم دوو پەرەنسیپە هەردووکیان هاوبەشن و هەردووکیان خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات دەزانن و کار بە پەرەنسیپی زۆرینە دەکەن.

لەوانەیە خەڵکێک ئێستا لەم بابەتە ڕەخنە بگرێت و تا ئێستاش ڕەخنەی ئەوەی هەبێت چۆن دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا کە حوکم و دەسەڵاتێکی شەرعیی هەیە، خەڵک سەرچاوەی دەسەڵات بێت، چۆن دەبێت خەڵک شێوازی دەسەڵات و حوکم دیاری بکات. ئایا خەڵک بۆی هەیە شێوازی حوکم یاخود ئەو

کەسەی کە حوکم دەکات دیاری بکات؟ ئەی خوا نافەرموویت: ﴿إن الحكم إلا لله... ﴾. یوسف/ ٤٠. واتە: حوکم و فەرمانیش تەنها بۆ خوایە...

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەڵێین: لەم سەردەمەی ئێستا و لەنێو کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا، پێویستە خەڵک لەنێوان باش و خراپ دەنگ بە باشەکە بدات، بۆ نموونە: لەنێوانی شەریعەتی خوا و عەلمانییەت، کۆمەڵێک لایەنی ئیسلامی هەن هەوڵ دەدەن کە شەریعەت و بەرنامەی خودا حاکم بێت، فەرموون با دەنگدەران دەنگیان پێ بدەن و پشتیان بگرن، واتە دەنگ بە کەسانێک بدرێت کە ئەم دەسەڵات و حوکمڕانییە بگرێتە دەست بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و بەرنامەی خوا. کەواتە لەم حاڵەتەدا هیچ کێشەیەک نییە کە گەل سەرچاوەی دەسەڵات بێت و شێوازی حوکم و هەسەڵاتداران دیاری بکات، خۆ ئێمە ناڵێین ڕێگە بە خەڵک بدەن با حوکم بە غەیری شەریعەت بکەن، ئەوان لە واقیعەکە هەن، بەڵام تۆ دێیت بە دەنگدانت و پاڵپشتیی خەڵک شەریعەت سەر دەخەیت و زاڵ دەکەیت.

سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان شوورا و دیموکراسییەتیش، ئەوەیە کە لە سیستەمی دیموکراسیدا هەمیشە بە ڕەهایی کار بە زۆرینە دەکرێت، هیچ کۆت و بەند و مەرجێک لەسەر هیچ بابەتێک نییە، ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿...وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا... ﴾ (٢٧٥) البَقَرَة.

واتە: ... بەڵام خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و ڕیبای قەدەغە کردووە.

ئەوە زۆر ڕوونە کە لە شووڕای ئیسلامیدا هەموو بابەتێک قسەی لەسەر ناکرێت، هەندێک بابەت لە لایەن خوداوە بڕێنراوەتەوە و دەرفەتی قسەلەسەرکردنی نەهێشتووەتەوە.

بەڵام سیستەمی دیموکراسی دەڵێت: هەموو شت قابیلی قسەلەسەرکردن و ڕاڵەسەردەربڕینە، ئەگەر زۆرینە دەنگ بە هەبوونی، ئەوا دەبێت هەبێت.

بەڵام لە شەریعەتدا قەدەغەکراوی ڕیبا بڕاوەتەوە و قابیلی قسە لەسەرکردن نییە، مەگەر هەندێک وردەکاری هەیە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

لە دیموکراسییەتدا بە ڕەهایی دەسەڵاتی یاسادانان لە دامەزراوەی پەرلەمان یان هەر دامەزراوەیەکی تر، هەر یاسایەک بە زۆرینە دەربکات بەبێ کۆت و مەرج، ئەوا مافی خەڵکە و دەکەوێتە دەستی خەڵک، بەڵام لە ئیسلامدا ئەم ڕاوێژ و زۆرینەیە کۆت و بەند و مەرجی خۆی هەیە، ئەویش بریتییە لە بنەما و پرەنسیپەکانی شەریعەت بۆ هەر بوارێک، شەریعەت پێوەرە ئەگەر شەریعەت بە ڕوونی قسەی خۆی هەبێت لەسەری، ئەوە ناکەوێتە نێو بازنەی ڕاوێژ و، خەڵکیش ئەو کات ئەمەی قەبوڵە، چونکە خۆیان ئەم کاربەدەست و شەریعەتەیان هەڵبژاردووە.

بۆ زانیاریی هەموو لایەک با خەڵک لەوەشدا ئەوەی شارەزای شەریعەت نەبێت نەسڵەمێتەوە، ئەو بوارانەی کە ڕاوێژی تێدا دەکرێت ئەوەی پەیوەندیی بە خەڵک و بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە هەیە، زۆر زۆر زیاترە لەوەی کە شەریعەت خاڵی لەسەر پێت داناوە، واتە ئەوەی دیاریی کردووە کە هێڵی سوورە، زۆر کەمە. تەماشای حوکمەکان بکەن، تەماشای پرسەکانی عیبادات بکەن، تەماشای پرسەکانی ئەخلاق بکەن، دەبینین شەریعەت زۆر بە کەمی باسی ئەوانەی کردووە، بەڵام دەربارەی ژیانی خەڵک، بەرژەوەندییەکانی خەڵک، کار و کەسابەتی خەڵک، ڕۆژانەی خەڵک، ئەمە شەریعەت دەستی دەسەڵات و خەڵکی کردووەتەوە تا بەو ئاراستەیە هەنگاو بنێت کە بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا بەرجەستە دەبێت.

لە دیموکراسی و ڕژێمی عەلمانیدا بە شێوەیەکی گشتی گوێ بە ئەخلاق و ئادابی گشتی نادرێت، مادام خەڵک بڕیار دەدات و زۆرینە ڕای وا بێت، بۆ

نموونە: مارەکردنی نێر لە نێر، واتە ئەوە سیستەمی دیموکراسییەت بڕیاری لێ داوە ئەوان دەیکەن، بەڵام لە ئیسلامدا قەدەغە کراوە و ناخرێتە بەر گفتوگۆ و ڕای زۆرینە و کەمینە.

مەبەست لێرە ئەوەیە لە سیستەمی دیموکراسیدا گوێ بە ڕەوشت و ئاداب و کولتوور و هیچ عادەت و نەریتێک نادرێت، مادام زۆرینەیەک بڕیاریان داوە کە ڕەنگە ئەو زۆرینەیە خۆیان خوار بن، بێگومان خوار و لاریش هەر شتی خوار و لاری پێ خۆشە، بۆیە هیچ لەو جۆرە دامەزراوەیە کە ئەو خەڵکە تێیدا کار دەکات لە ڕووی ئەخلاق و ئاداب و نەریتەوە نییە، بەڵام لە ئیسلامدا وا نییە، لە ئیسلامدا وێڕای شەریعەت کە بناغە و بنچینەکەیەتی، ڕێز لە عورفی خەڵک دەگرێت، ڕێز لە کولتوور و عادەتی خەڵک دەگرێت، ڕێز لە ناخی خەڵک دەگرێت. با نموونەیەک بێنمەوە، پێغەمبەری خوا «ﷺ» بە عائیشەی فەرموو: (يا عائشةُ لَولا أنَّ قَومَكِ حديثُ عَهْدٍ بجاهليَّة، لأمرتُ بالبَيتِ، فَهُدِمَ فأدخلتُ فيهِ ما أُخْرِجَ منهُ وألزَقتُهُ بالأرضِ، وجعلتُ لَهُ بابَينِ: بابًا شَرقيًّا، وبابًا غَربيًّا، فإنَّهم قد عجَزوا عن بنائِهِ، فبلَغتُ بِهِ أساسَ إبراهيمَ)[1].

دەفەرموێت: ئەی عائشە ئەگەر قەومەکەت، خەڵکی مەککە، تازە مسوڵمان نەبووبانایە یانی ئەگەر لە ئیسلام چاک تێگەیشتبانایە، بە ڕاستی ئەمن کەعبەم دەگێڕایەوە سەر بنچینە و بناغەی خۆی کە (ئیبراهیم) لەسەری دروست کردبوو (سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت).

پێغەمبەر «ﷺ» باسی ئەو کاتی دەکات کە کەعبە لەسەر بناغەی ئیبراهیم نەبووە، ئەو بنچینە و بناغەیەی کە ئیبراهیم کاتی خۆی لەسەری دایمەزراندووە،

---

[1] أخرجه البخاري: (١٥٨٦)، ومسلم: (١٣٣٣)، والنسائي: (٢٩٠٣) واللفظ له، وأحمد: (٢٦٠٢٩).

گۆڕابوو، بەڵام ئەگەر پێغەمبەر کەعبەی تێکدابا دەیانگوت: (موحەممەد) کەی پێغەمبەری خوایە؟ کەعبە لەوەتەی دونیا هەیە هەبووە و ڕێزی لێ گیراوە، هەر پێغەمبەرێکیش هاتبێت هەرگیز دژی ئەم کەعبەیە نەبووە، ئەی باشە ئەو کابرایە ئەم کەعبەیەی بۆ ڕووخاند، لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) باش دەیزانی بارودۆخەکە چۆنە، بۆیە فەرمووی: لەبەر خەڵک لێی دەگەڕێم، پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کەس ڕاستگۆتر بووە و لە هەموو کەسیش زیاتر پابەند بووە بە حەق و حەقیشی چەسپاندووە. بەڵام ڕێزی لە بۆچوونێکی هەڵەی خەڵکەکە گرتووە تا لێیان حاڵی دەبێت.

کەواتە ئیسلام ڕێز لە عورف و عادەتی خەڵک دەگرێت، نایەت یەکسەر لەگەڵ خەڵک تێک بگیرێت و خەڵک بکات بە ناحەز و بەرەیەکی گەورە و فراوان دژی خۆی دروست بکات، کە پێویست نییە.

کەواتە با بزانین سوودی پابەندبوون بە ڕای زۆرینە چییە و بەڵگەی شەرعی و مەنتقی لەسەر ئەم بابەتە چۆنچۆنییە؟

هەر لە دێر زەمانەوە، لە مێژووەوە خەڵک وا ڕاهاتوون تەماشای زۆرینەیان کردووە، واتە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، تەماشای زۆرینەیان کردووە چیی پێ باشە جا بە چاک بێت یان بە خراپ.

زۆرینە بە کامە ڕێدا دەڕوات، زۆرینە چی دەکات، زۆرینە لەگەڵ کێیە، زۆرینە چیی پێ خۆشە، چی پێ باشە، پاشان لە ڕووی ئەقڵ و مەنتقیشەوە ئەگەر تەماشا بکەیت هەشت کەس دابنیشن، هەشت کەسی بە ئەزموون و پسپۆڕ لە بوارێک لە بواڕە جیاجیاکان دابنیشن و گفتوگۆ بکەن، دوای ئەمە بە شێوەیەکی گشتی شەشیان ڕایان بە شێوەیەک بوو، دووەکەی دیکەیان ڕایان بە

شێوەیەکی دیکە بوو، باشە لە ڕووی ئەقڵ و مەنتیقەوە ئاوا تەماشا بکە کامەیان پێکاویەتی و لە ڕاستی و حەق بە نزیکتری دەزانیت؟ جاری وا هەبووە ئەم دوو کەسە لەسەر حەق بوون و ئەوانی دیکە نەیانپێکاوە، بەڵام زۆربەی جاران پێم وایە زۆرینە ڕەنگە نزیکتر بووبێت لە ڕاستی و پێکانەوە، ئەمە حاڵەتێکی دیکە، لە بەرانبەردا پرسیارێک هەیە، سەرۆک یان هەتا خەلیفە لە کاتی خۆی، بە چ بەڵگەیەک ئەو دەبێت ئاقڵتر و بیرتیژتر بێت و هەمیشە لەسەر حەق بێت، خۆ ئەگەر بە زۆرینە نەبێت وای لێ دێت؟

یان بە پێچەوانەوە ئەم دوو کەسە یان سێ کەسە بە چ بەڵگەیەک ئاقڵتر و بیرتیژترن و هەمیشە لەسەر حەقن، ئایا ئەوە مەنتیقە؟ لە کاتێکدا زۆرینە فەرامۆش کراوە.

کەواتە: بۆ نموونە نابێت بڵێیت: ئەحمەد کە سەرۆکی وڵاتە لە هەموو ئەو خەڵکە ئاقڵترە و لە هەموو ئەو خەڵکە بیرتیژ و ورد و قووڵترە و پێکاویەتی، بەڵام خەڵک هیچی نەپێکاوە، یان ئەوانەی کە ئەهلی ڕاوێژن و ڕاوێژکارن لە دەوروبەری نەیانپێکاوە، کە ڕەنگە زۆرینەبن.

حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە سوودی پابەندکردنی کەسی یەکەم بە زۆرینە چییە؟ سوودەکەی ئەمەیە کە ئەو کەسە لە دیکتاتۆرییەت دەپارێزێت، کاتێک گوتت: پێویستە پابەند بیت بە ڕای زۆرینە و کەمینەوە، ئەوا ئەم کەسەت لە دیکتاتۆرییەت پاراست کە بە تەنها بڕیار بدات و تاکڕەوی بکات، ئەمە یەکێکە لە سوودەکانی. سوودێکی تری زۆرینە لەوەدایە کە ئەگەر زۆرینەی خەڵک مسوڵمان بێت و گەلێکی هۆشیار بێت ڕێگە نادات ئەوەی بابەتی شەرعییە لێی دوور بکەوێتەوە، چونکە ناخی ئەو تاکە هەر لەخۆوە پابەند دەبێت بە شەریعەت

و ڕووی لە خوا دەبێت و ئەهلی تەقوا دەبێت، بە تایبەتییش ئەوانەی کە ڕاوێژکارن، ئەوانەشی کە دامەزراوەی گرنگ بەڕێوە دەبەن، دەبێت هەندێک لەم سیفەتە گرنگانەیان تێدا بێت، ئەمەش ڕێی پێشان دەدات و ڕێنماییی دەکات کە کامە حەقە، بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا «ﷺ» کاتێک دەفەرموێت: (استَفْتِ قلبَك: البرُّ ما اطمأنَّتْ إليه النَّفسُ، واطمأنَّ إليه القلبُ، والإثمُ ما حاك في النَّفسِ وتردَّدَ في الصَّدرِ، وإن أفتاك الناسُ وأَفْتَوْك)[1].

واتە: پرسیار لە دڵی خۆیشت بکە، هەرچەندە خەڵک فەتوات بۆ بدەن یان فەتوایان بۆ دایت، هەر پرسیار لە خۆت بکە بزانە دڵت ئەمەی پێ حەقە یان ناحەقە، ئەگەر بۆ خۆت بووایە، ئەمەت پەسەند دەکرد یان نەدەکرد.

پێم وایە ئەمەش حاڵەتێکی دیکەیە و یەکێکە لەو حاڵەتانەی مادام خەڵک بە گشتی شتێکی پێ باش بوو، ئەوا ئەو شتە پەسەند دەکرێت، وەک هەندێک ڕیوایەت ئەگەر حەدیسێکی سەحیحیش نەبێت، بەڵام ئەسەرێکی ڕاستە کە (إنَّ اللَّهَ قد أجارَ أمَّتي أن تجتمِعَ علَى ضلالةٍ)[2].

واتە: خوا ئوممەتی منی پاراستووە لەوەی کە لەسەر گومڕایی کۆ ببنەوە.

سەبارەت بە گرنگ (مهم) و گرنگتر (أهم) لە بابەتی ڕاوێژکردندا، ئایا مەرجە ئەوەی زۆر گرنگە تێنەپەڕێت مەگەر بە ڕاوێژ نەبێت، واتە دەبێت هەر ڕاوێژی لەسەر بکرێت و، گرنگە مسوڵمانان ڕەئیان هەبێت و ڕاوێژیان پێ بکرێت؟

---

[1] أخرجه أحمد: (١٨٠٢٨)، والدارمي: (٢٥٣٣)، والطحاوي في: (شرح مشكل الآثار) (٢١٣٩) باختلاف يسير.

[2] أخرجه الضياء في (الأحاديث المختارة) (٢٥٥٩)، وابن ماجه: (٣٩٥٠)، وعبد بن حميد: (١٢١٨) مطولاً بنحوه.

من پێم وایە بابەتە هەرە گرنگەکان پێویستە ڕاوێژیان لەسەر بکرێت، بۆ نموونە لە دانانی سەرۆکی وڵات چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، پێویستە خەڵک ڕای هەبێت و لە دانانی بەشدار بن، چونکە ئەو سەرۆکە بەرپرسیارە لەم خەڵکە و کاروباری ئەم خەڵکە بەڕێوە دەبات. بۆیە ناکرێت یەکێک خەڵک نەیەوێت، بەڵام بکرێت بە سەرۆک، لە کاتێکدا بۆ بەرژەوەندیی ئەوان دادەنرێت ئەو کاتە ئەمە خۆسەپاندنە، بەڵام ئەگەر لە خۆسەپاندن بێیە خوار، دەبێتە ڕاوێژ و هەڵبژاردن، کە ئەمەش مافی خەڵکە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت دابنرێت یان خۆی بسەپێنێت، بەڵکوو دەبێت بە هەڵبژاردن بێت و خەڵک ڕای لەسەر هەبێت.

دامەزراوەکانی دیکە پەڕلەمانە، حکومەتە، وەزارەتە، قەزایە، ئەنجوومەنی قەزا ئەمانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و گرنگیان بە خەڵک و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەوە هەیە، ئەمە ناکرێت بسەپێنرێت، ناکرێت خۆی بسەپێنێت یان خەڵکێکی دیکە بیانسەپێنێت و دایان بنێت، بەڵکوو دەبێت بە ڕای خەڵک بێت. ئەمەش بە میکانیزم و ڕێوشوێنی خۆی، چونکە بۆ نموونە: پەڕلەمان بەرپرسیار دەبێت لەوەی کە نوێنەرایەتیی خەڵک دەکات، دامەزراوەیەکە نوێنەرایەتیی خەڵک دەکات و ڕای خەڵک دەگەیەنێت، بۆیە بۆی هەیە سەرۆکی کابینەی نوێی حکومەت پەسەند بکات یان پەسەندی نەکات، ئەم وەزیرە پەسەند بکات یان پەسەندی نەکات، کە بە کەڵک نەهات، متمانەی لێ وەربگرێتەوە، هەڵبەتە لەم وڵاتەی ئێمە جارێ ئەمە نییە کە یەکێک بوو بە سەرۆکی حکومەت چەند خول دەبێت بە سەرۆکی حکومەت. کە یەکێک بوو بە وەزیر هەتا کابینەکە تەواو نەبێت لاناچێت، چونکە تا ئێستا لەم وڵاتەی ئێمە تاکە یەک وەزیریش لە ساڵی: (١٩٩٢)ـەوە کە حکومەت و پەڕلەمانمان هەیە موحاسەبە نەکراوە و

متمانەی لێ وەرنەگیراوەتەوە، هەورەها نەمانبینیوە هیچ کاربەدەستێکیش لەسەر گەندەڵی یان لەسەر خراپبەکارهێنانی دەسەڵات، یان لەسەر زوڵم و ستەم ڕووبەڕووی لێپێچینەوە بووبێت و ڕادەستی دادگا کرابێت، بەڵام ئەگەر سیستەم سیستەمێکی ڕاست و دروست بێت و ئەگەر خوا بکات شەریعەت و بەرنامەی خوای مەزن بالادەست بێت، ئەو کات ئەگەر ئێمەش نەبین، نەوەکانی ئێمە پێویستە ئەم کارە بکەن.

بەشێکی دیکە بریتییە لە داڕشتنی دەستوور، کۆمەڵگەی ئێمە هەڵبەت کۆمەڵگەیەکی مسوڵمانە، هیچ نەبێت دەستوورەکەی دەبێت دەستوورێک بێت ئیسلام بە تەواوی تێیدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵێک بابەت دەچێتە نێو دەستوور زۆر ناساز و نەگونجاوە لەگەڵ قورئان و سوننەت. ئەویش ئەو کاتەی خەڵکێک دایدەڕێژێت کە سەروکاری لەگەڵ دین نییە، یان دژەدینە! لێژنەیەکیش دەستوورەکە دادەڕێژێتەوە و ڕێکی دەخات و بە میکانیزم و بە ڕێکارەکانی خۆیدا تێ دەپەڕێت و دەخرێتە بەردەستی خەڵک و دەبێت خەڵک ڕای لەسەر بدات ئایا ئەم دەستوورەی بە لاوە پەسەندە یان نا. ئەوەی کە تا ئێستا لە هەرێم هەیە، ڕەشنووسی دەستوورە[1]، چەند جار پێداچوونەوەی بۆ کراوە و خەریکی بوون و دواتر وازی لێ هێنراوە، گرنگ مەبەستەکە ئەوەیە دەبێت ئەم میللەتە هۆشیار بێت کە دەنگ بە چ دەستوورێک دەدات، ئەم دەستوورە چەند ڕەچاوی بنەما شەرعییەکان و عورف و عادەتی ئیسلامی و ئادابی ئیسلامیی کردووە، چەند ڕێزی لە شەریعەتی خوا گرتووە، چەند ڕێزی لە ئیسلام و لە دینی ئیسلام گرتووە، دەبێت خەڵک هۆشیار بێت، هەڵبەت ئێمە وەزیفەی خۆمان ئەدا

[1] ئەمە تا چاپکردنی ئەم کتێبە، کە (٢٠٢٥)ە.

دەکەین و زۆر پێداگریمان کردووە و زۆر خاڵیش تێیدا جێ کراوەتەوە، کە لە شەریعەتەوە هەڵێنجراوە، یان لە شەریعەتەوە نزیکە. دەستوور دەبێت خەڵک دەنگی پێ بدات و میللەتی مسوڵمانیش نابێت دەنگ بە دەستوورێک بدات کە لەگەڵ ئیسلام ناسازکار بێت، هەتا ئەگەر یەک بڕگەشی دژ بە ئیسلام بێت، حەرامە دەنگی پێ بدرێت.

دەبێت خەڵک هەڵوێستی هەبێت و هەموو هەوڵی خۆی بدات لێ نەگەڕێت دەستوورێک پەسەند بکرێت کە پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بێت، بگرە نابێت یەک بڕگەشی پێچەوانەی شەریعەت بێت، کە ئێمە پێیان وایە ئەم جۆرە دەستوورە لە میللەتی مسوڵمان دەوەشێتەوە و هەر ئەوەشە ژیان بەرەکەتدار و مرۆڤ ئاسوودە دەکات.

بەشی هەشتەم
چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی دەسەڵات

چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی دەسەڵات چۆن دەبێت و بە چ شێوەیەکە و لە لایەن خەڵکەوە بە چ میکانیزمێک دەکرێت، ئایا لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا بە درێژاییی مێژوو چۆن بووە و بە چ شێوەیەک هەوڵ دراوە کە دەسەڵات لە کاتی بە لاڕێداچووندا ڕاست بکرێتەوە، ئایا چەند نموونەی زیندوو هەیە لەو بابەتە؟

گومانی تێدا نییە هەر هەموو حوکم و دەسەڵاتێک پێویستیی بەوەیە چاودێری بکرێت و هەڵەکانی بە بێ بەێنێندرێتەوە و لە کارە نایاساییی و گەندەڵییەکانی بوەستینرێت، ئێستا با بزانین چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی دەسەڵات لە حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامی چۆنە؟

لە باسەکانی پێشوو باسی ئەوەمان کرد دانان و هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران لە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا پەیوەستە بە خەڵک، پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە خەڵک دەسەڵاتدارانی خۆی و نوێنەرانی خۆی دیاری دەکات و هەڵیاندەبژێرێت، کەواتە: بەپێی ئەم حوکمە لابردنیشیان یان گۆڕینیان یان چاککردنیان و ڕاستکردنەوەشیان هەر پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە، چونکە ناکرێت خەڵک کەسێکی بە نوێنەری خۆی یان بە سەرکردەی خۆی دانابێت، کەچی یەکێکی دیکە بێت ڕاستی بکاتەوە یان لایبدات، ئەمە ئەرکی ئەو خەڵکەیە کە پێشتر دایاناوە و ئێستاش بە میکانیزمی خۆی ڕاستیان بکاتەوە و ئەگەر پێویست بێت بشیانگۆڕێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو کەسەی دەسەڵاتی گرتە دەست، یان کۆمەڵێک کەس کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، چ میکانیزمێک هەیە کە وایان لێ بکات پابەند بن بە لێپێچینەوە، ئایا ئەگەر بە نموونە سەیری بکەین ئەم ڕاستکردنەوەیە یاخود وەئاگاهێنانەوە و بە بیرهێنانەوەیەی دەسەڵات بۆ ئەوەی چیدی لە سنوور دەرنەچێت و ڕابگیرێت، چۆن پابەند دەکرێت، چونکە ئەوەی ئێستا دەیبینین بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتی ئیسلامی نین،

حوکمێکی بە ناو دیموکراسییەت و مەدەنیەتە کە ڕێگە بە خەڵک نادات باسی چاکسازی و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوە و لادانی دەسەڵات بکات، ئایا لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامییشدا بە هەمان شێوە بووە؟

بێگومان ئەمە گرێبەستێکە لەنێوان خەڵک و ئەو کەسانەی بە نوێنەر دیاری دەکرێن، بۆ نموونە: بە ڕێگەدا دەڕۆین، لەگەڵ دوو سێ برادەر سەفەر دەکەین، پێویست دەکات یەکێک لە ئێمە ببێت بە براگەورە، یان ببێت بە ڕێنیشاندەر و پێشمان بکەوێت، یان شارەزایە بە ڕێگە، یان بە هەر هۆکارێکی دیکە ئێمە ئەو دادەنێین بە براگەورە، بەڵام ئەو براگەورایەتییە مەرجدارە، دەمانەوێت لە هەولێرەوە بچین بۆ سلێمانی، هەر کاتێک ئەم براگەورەیە ئەگەر سووکان بە دەست ئەو بوو، ئێمەی بەرەو شاری موسڵ برد، نابێت ڕێگەی بدەین، مەرج و گرێبەستی ئێمە لەگەڵ ئەم براگەورەیە ئەوەیە ئێمە ببات بۆ سلێمانی. کەواتە هەر کاتێک لەو ڕێگەیە لایدا، یان ڕاستی دەکەینەوە، یان لەگەڵی ناڕۆین.

کەواتە مەرجی خەڵکیش بۆ هەر دەسەڵاتێک ئیسلامی یان غەیرە ئیسلامی، ئەوەیە کە ڕاستەڕێیەکە بگرێت و لێی لانەدات و، ئەگەر ئیسلامییە پێویستە پابەند بێت و بنەماکانی ئیسلام وەکوو خۆی جێبەجێ بکات، هەر کاتێکیش لایدا پێویستیی بە ڕاستکردنەوە یان دوورخستنەوە هەیە. ئەمەش نەک هەر لە شەریعەت و بەرنامەی خوای مەزن، بەڵکوو بە درێژاییی مێژوو ئەو حوکمڕان و دەسەڵاتدارانەی کە پێک هێناون، گرێبەستێک بووە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتداران. جاری وا هەبووە ئەم گرێبەستە هەر ئەوەندەی دەسەڵاتدار پێویستیی بەوە بوو کە خەڵک پشتگیریی بکات و ببێت بە دەسەڵاتدار، دوایی کاری بەوان نەماوە و بۆ خۆی کاری کردووە و بەو شێوەیەی کە بە باشی زانیوە و خواستەکانی پێویستی کردووە حوکمڕانیی کردووە.

لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا ئێمە بەڵگەمان زۆرە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵات هیی خەڵکە و کاتێک کە بە کەسێکیاندا حوکمڕانی بکات، ئەوا لە کاتی

خواروخێچی ڕاستی دەکەنەوە و، پێویستە هەڵوێستشیان هەبێت، ئەگەر باسی قورئانیش بکەین، جارێ هەر لە قورئاندا خوای گەورە باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ... ﴾ (١١٠) آل عِمرَان.

واتە: ئێوە باشترین کۆمەڵن بۆ خەڵکی بەدی هێنراون، فەرمان بە هەموو پەسەندێک دەکەن و، ڕێگری لە هەموو ناپەسەندێک دەکەن و، بڕوا بە خوا دێنن، ئەگەر خاوەن کتێبانیش بڕوایان هێنابایە، ئەوە بێگومان بۆ خۆیان چاکتر بوو، هەندێکیان بڕوادارن و زۆربەیان لە ڕێ دەرچوون.

باسی چاکترینی ئەو ئوممەتە دەکات و دەفەرموێت: ئێوە چاکترین ئوممەتن کە بۆ خەڵکی پەیدا کراون، بەڵام مەرجی هەیە، کەواتە کاتێک چاکترین ئوممەتن کە ئەم مەرجە بێتە دی ئەویش ئەوەیە (تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ) فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن، ئەمەش میکانیزمی خۆی هەیە، چونکە ناکرێت هەر کەس ڕاست بێتەوە بڵێت ئەمە چاکەیە و فەرمانی پێ دەکەم و ئەمە خراپەیە و ڕێگریی لێ دەکەم.

ئەی کەواتە کاری کێیە فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگری لە خراپە بکات، ئایا ئەو کاتە دەسەڵات و دەسەڵاتی شەرعی مانای چییە؟ ئەگەر هەر کەس هات و گوتی: ئەمە خراپە نەیکەیت و لێ ناگەڕێم بیکەیت و ببێتە دەمەقاڵێی و بە شەڕ بێن و یەکێک یەکێکیان بکوژێت، ئایا حوکمڕانیی ئیسلامی ئاوا بێسەروبەرە؟ ئایا ڕاستکردنەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا بەم شێوەیەیە؟! نەخێر بەم شێوەیە نییە، بەڵکوو ئەمە میکانیزمی خۆی هەیە، تەنها مەبەستم ئەو بەشەیەتی کە (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ) ئێوە باشترین ئوممەتن بۆ خەڵکی پەیدا کراون کە فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن.

ئەمە پرسێکی گرنگە، ئایا ئەرکی خەڵکە یان نا، مەبەستم ئەوەیە ئایا خەڵک بواری ئەوەی هەیە و ڕێگە دەدرێت هەر کەس لە لای خۆیەوە بەم ئەرکە

هەڵسێت؟ فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکات، بە تایبەتی مەبەستم لە کاربەدەستان و حوکمڕانانە خوا "سُبحَانَەوتَعَلَىٰ" دەفەرموێت: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٠٤) آل عِمرَان.

واتە: با کۆمەڵێکتان هەبن بانگەواز بۆ چاکە بکەن و، فەرمان بە شتە پەسەندەکان بکەن و، ڕێگری لە شتە ناپەسەندەکان بکەن، هەر ئەوانەش سەرفرازن.

ئایەتی دیکەمان زۆرن، سەبارەت بەوانەی کە پێویستە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەن، بەو مانایەی خەڵک پێویستە هەڵوێستیان هەبێت کاتێک دەسەڵات و حکومەت خوار بوون، وەک چۆن سەرەتا باسم کرد کە مادام دانان و هەڵبژاردنیان بە دەست خەڵکە، لە هەمان کاتدا ڕاستکردنەوەشیان یان گۆڕینیشیان بە هەمان شێوە بە دەست خەڵکە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (من رأى منكم مُنكَرًا فلْيُغَيِّرْهُ بيدِه، فإن لم يستَطِعْ فبلِسانِه، فإن لم يستطِعْ فبقَلبِه، و ذلك أضعفُ الإيمانِ).[1]

واتە: هەر کەس خراپەیەکی بینی، پێویستە هەڵوێستی هەبێت، هەڵوێست چییە؟ بە دەست دەیگۆڕێت، ئەوە هەمووی لەسەر بنچینە و بناغەی ئەو میکانیزم و ئەو هەیئەتانەیە کە سوڵتەیەکی شەرعی دیاریی دەکات، بەڵام ئەرکیەتی کە خراپە ببینێت بە دەست ڕاستی بکاتەوە، یان بە زمان ڕاستی بکاتەوە، یان جاری وا هەیە بە دەست پێویست دەکات بیگۆڕێت، جاری وا هەیە بە زمان ڕوونی دەکەیەوە، یان حەقەکەی دەڵێیت، یان جاری وا هەیە، بە دڵ پێت ناخۆشە، کە ئەوە نزمترین پلەکانی ئیمانە و لە حاڵەتی بێچارەییە!!

هەروەها دەفەرموێت (لا يمنعنَّ رجلًا هيبةُ الناسِ أن يقولَ بحقٍّ إذا رآه أو شهِدَه)[2].

---

[1] مسلم: (٤٩).

[2] (الترمذي، ٢١٩١، صحيح الإسناد).

واتە: با ئەوە ڕێگەتان لێ نەگرێت، یان نەبێتە ڕێگر لە هیچ کەسێک کە ترس، یان شەرم لە خەڵک، ئەوە وای لێ نەکات کە حەق نەڵێت کاتێک کە دەیزانێت، واتە: نەبێتە ڕێگریی حەقگوتن بەرانبەر بە هەر کەسێک، ئەگەر ئەمە پێویست بێت بەرانبەر بە کەسێک، ئەو کاتە حەوت جار پێویستە بەرانبەر بە دەسەڵاتێک، چونکە لە حەقلادانی دەسەڵات زەرەر و زیانی زۆر گەورەترە لە حەقلادانی کەسێک یان تاکێک لەنێو کۆمەڵگەدا. هەر لەو بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (أفضلُ الجهادِ كلمةُ عدلٍ عند سُلطانٍ جائرٍ -أو أميرٍ جائرٍ-)[1]. واتە: باشترین و بەرزترین و گەورەترین گوتنی قسەیەکی دادگەرانەیە بە ڕووی دەسەڵاتدارێکی ستەمکار. کەواتە: ئێمە بەڵگەمان هەیە لەم شەریعەت و بەرنامەیەی خۆمان کە خەڵک بەرپرسیارە بەرانبەر بە دەسەڵاتداران، وەک چۆن بەرپرسیار بووە لە دانانیان، ئاواش ئەگەر خوار بوون بەرپرسیارە لە ڕاستکردنەوەیان.

ئەگەر گریمان خەڵک بێدەنگ بوو لە ئاست هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیە و نوقەیان لێوە نەهات و دەنگیان نەکرد، ئەو کات دەسەڵاتداران بە ئارەزووی خۆیان ئەوەی کە بیانەوێ دەیکەن و حەق دەکەن بە ناحەق و ناحەقیش دەکەن بە حەق. ئینجا دواجار کە خەڵک بێدەنگ بوو، چی ڕوو دەدات؟

ئەو ئایەت و فەرمووداندی کە هێناومن و زۆری دیکەشیان هەیە، ئەگەر مرۆڤ وردبێتەوە لە کاتی بێدەنگبوون و بێهەڵوێستیی خەڵک، کۆمەڵێک کێشە و کارەسات و نەهامەتیی گەورە ڕوو لە خەڵک و کۆمەڵگە دەکەن، وەک ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی خۆمان دەیبینین، تەماشا دەکەین ڕۆژ نییە کارەسات و مەرگەساتی ناخەڕێن و جەرگبڕ نەبیستین. بەشی زۆریشی کەمتەرخەمیی

[1] (رواه أحمد / ١٨٨٢٨. وغيره).

دەسەڵاتە، کێ بەرپرسیارە؟ خەڵک، کۆمەڵ کۆمەڵ ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵن و بڕۆن و خۆیان و سەروەت و سامان و مااڵ و منداڵیان لە ئاوێ بکەن، کێ بەرپرسیارە؟ لەبەر کێ خەڵک ڕادەکات؟ یان دەچێتە نێوان سنووری وڵاتان لەوێ خەڵک لە سەرمان ڕەق دەبنەوە و سووکایەتییان پێ دەکرێت.

ئەگەر کەمتەرخەمیی دەسەڵات نەبێت، خەڵک بۆ دەڕوات، خەڵک لەبەر بێژیانی و خراپیی گوزەرانییەوە سەری خۆی هەڵدەگرێت و وڵات بەجێ دێڵێت، ئەگەر خەڵک ژیانی دابین بێت و ئازاد بێت، بۆ ئەو بڕیارە قورسە دەدات. بەشێکی زۆر بێهیوا بوون، بەشێکی هەست بە ئازادی ناکات و دەسەڵات وەک کۆیلە تەماشای خەڵک دەکات، دەیەوێت خەڵک کۆیلە بێت. ئێستا خەڵک هەیە من دەیناسم، چونکە کابرا پارەدارە و کێشەی ژیانی نییە، کێشەیەکی دیکەی هەبووە، دەڵێت: کاکە بێزارم، من دەیەها خەڵکم بینیوە خەڵکی بە دەسەڵات و خاوەن پۆست و پلە و، سەروەت و سامانێکی زۆریشی هەیە و کێشەی ژیانی نییە، کەچی دەڵێت: ئەگەر بۆم هەڵسووڕێت ئەم وڵاتە بەجێ دێڵم، ئاسوودە و دڵخۆش نیم. هەڵبەتە ئەمە هۆکاری زۆرە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە دەسەڵات کەمتەرخەمە بەرانبەر بەم خەڵکە، دۆخێکی وای سازاندووە و جەهەننەمێکی کردووەتەوە خەڵک ناچار لێی ڕابکات، ئەگەر وا نییە بۆ کەسێکی ئەڵمانی، یان کەسێکی فەڕەنسی، یان کەسێکی ئەمریکی بۆ نایە لە کوردستان دابنیشێت و وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت و لێرە بژیت؟ شتی وات بینیوە؟ ئەگەر هەشبێت لەوانەیە بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی و قازانجی ماددیی خۆی هاتووە. چونکە کار و کەسابەتەکەی وەکوو سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیایەکی گەورە کەوتووەتە ئەم هەرێمە. ئەوە جیاوازە، بەاڵم بێت لێرە دابنیشێت وەکوو من و تۆ بژیت، ئەوە مەحاڵە و شتی وا نییە، هۆکار چییە بۆ ئامادە نییە لێرە نیشتەجێ بێت و ژیانی بەسەر ببات؟ لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی خۆی ئەو کێشە و گرفتانەی نییە، ئاسوودەیە، وڵاتەکەی بە هۆی ئەندازەیەکی

باشی دادگەری، سەقامگیرە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاساییشەوە، خەڵک ئازادە، بۆیە هیچ مەجبوور نییە بێتە ئەم دۆزەخە.

مەبەستەکەمان ئەوەیە کاتێک خەڵک لەوە ڕاهات و بێدەنگ بوو، ئەم کارەساتانە ڕوو دەدەن، هەمیشە دووبارەش دەبنەوە و خراپتریش دەبن، بۆیە جەریری کوڕی عبدالله (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا «ﷺ» بەیعەتم پێ کرد: (بايَعْنا رسول الله صلَّى اللهُ عليه وسلَّم على السَّمعِ والطَّاعةِ في اليُسرِ والعُسرِ والمَنشَطِ والمَكرَهِ وَألَّا نُنازِعَ الأمرَ أهلَه وأنْ نقومَ . أو نقولَ . بالحقِّ حيثما كنَّا لا نخافُ في اللهِ لومةَ لائمٍ).[1]

واتە: بەیعەتی پێ کردووە لەسەر گوێگرتن و فەرمانبەریکردن، هەم گوێ بگرێت هەم فەرمانبەرێتییش بکات، جێبەجێشی بکات، پێغەمبەر پێی فەرموو: (فَلَقَّنَنِي) تەلقینیدام فێری کردم، فەرمووی: (فِيما اسْتَطَعْتُ) ئەو دەڵێت فێری کردم ئەوەی کە لە توانامدا هەیە، بەڵام (السَّمْعِ والطَّاعَةِ)ـەکە پێویستە ئەوەی لە تواناتدا هەیە (والنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ) و دڵسۆزییشم بۆ هەموو مسوڵمانێک، بۆ هەموو کەسێک، دڵسۆزی بۆ هەموو کەس یانی چی؟ واتا کاتێک تۆ دڵسۆزیت ئەو کەسەی کە خوار بوو ڕاستی بکەیەوە، ئەوە دڵسۆزییە، کاتێک پێویستیی بە هاوکاریی تۆ بوو، هاوکاریی بکەیت، پێویستیی بە پشتگیرییەک بوو بۆ ئەوەی خواریی‌یەکەی ڕاست بکەیەوە، پشتگیریی بکەیت، (النُّصْحِ) واتا دڵسۆزی و خەمخۆری.

ئەوانەی پێش ئێمە ئاوا لەم پرسانە گەیشتوون، بۆیە کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و ڕێکوپێکیان دروست کردووە، جا کە دەفەرموێت: خەڵک چیی بەسەر دێت کە بێدەنگ بێت، خوای مەزن لە قورئان باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ (١٦٥)﴾ الأعراف.

---

[1] أخرجه البخاري (٧١٩٩، ٧٢٠٠) باختلاف يسير.

واتە: ئینجا کاتێک ئەوەی بیریان خرابووەوە و پێی ئامۆژگاریی کرابوون، لە بیریان چووەوە و فەرامۆشیان کرد، ئەوانەی ڕێگرییان لە خراپە کرد دەربازمان کردن، ئەوانەش ستەمیان دەکرد، بە سزایەکی بە ئێش ئازارماندان، بە هۆی ئەوەوە کە لە ڕێ دەردەچوون.

کاتێک ئەوەی پێیان ڕاگەیاندبوون کە جێبەجێی بکەن، فەرامۆشیان کرد، پاشان چی دەفەرموێت؟ دەفەرموێت: ﴿ ...أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ... ﴾ (١٦٥) الأعرَاف.

واتە: ئەوانەی ڕێگرییان لە خراپە کرد دەربازمان کردن، ئەوانەش ستەمیان دەکرد بە سزایەکی بە ئێش سزامان دان، بە هۆی ئەوەوە کە لە ڕێ دەردەچوون..

بزانە ئەوانەی کە ڕێگرییان لە خراپە دەکرد ئەوانەمان ڕزگار کرد (أَنجَيْنَا) ڕزگارمان کردن،﴿ ...وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴾ (١٦٥) الأعرَاف.

واتە: ئەوانەش ستەمیان دەکرد، بە سزایەکی بە ئێش سزامان دان، بە هۆی ئەوەوە کە لە ڕێ دەردەچوون. هەروەها ئێمە ئەوانەی کە خراپە و زوڵمیان دەکرد، ئەوانەمان بە سزایەکی بە ئێش و توند گرت بە هۆی ئەو فسق و لادان و لە ڕێدەرچوونەی کە هەیانبووە.

لێرەدا شتێکی زۆر ورد هەیە سەید قوتب دەربارەی ئەوانە دەڵێت: کۆمەڵێکن دەبنە سێ بەش، بەشێک خراپە و زوڵم دەکەن، بە تایبەتی زیاتر ڕووی لە دەسەڵاتدارانە، بەشێکیش ڕێگری دەکەن و هەڵدەستنەوە و بێدەنگ نابن و قسە دەکەن، هەڵوێستیان دەبێت، بەڵام ئەوانە کەمن، هەروەها دەڵێت: کۆمەڵێکی دیکە هەن هیچ نەڵێن، نە لەگەڵ ستەمی ستەمکاراندان، نە لەگەڵ خەڵکە بە هەڵوێستەکەشن، بەڵکوو بێلایەن ماونەتەوە و بێدەنگن. دەڵێت: سزای خوای بااڵدەست بۆ ئەوانە ئەوەیە باسیان ناکات و هەر هیچ ناویان ناهێنێت و فەرامۆشی کردوون، جا ماڵوێران بۆ ئەو کەسەی کە خوا هەر ناوی نەهێنێت و فەرامۆشی بکات.

هەمیشە ئەوانەی کە بێهەڵوێستە دەبن، زۆربەی جار بێهەڵوێستییەکەیان بە قازانجی ستەمکار تەواو دەبێت. لە کۆتاییشدا ئەوانیش دەکەونە بەر ئەو ستەمەی ستەمکار و لێی دەرباز نابن، لەبەر ئەوەی بەشێکن لەم کۆمەڵگەیە، بۆ نموونە: ئەوەی کە قسە دەکات و هەڵوێستی هەبووە لە بەرانبەر ستەم و گەندەڵی و پێداویستییەکانی ژیان، ڕەنگە تووشی هەندێک کێشە و چەرمەسەری ببێت، لە هەمان کاتدا کەسی بێدەنگبوو بەرانبەر بە ستەم و پێداویستییەکانی ژیان، بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، ئەویش دواجار لە پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی وەک: (ئاو) (کارەبا)... و خزمەتگوزارییەکان بێبەش دەبێت و تووشی هەمان ناڕەحەتی دەبێت، ئەمەش مانای وایە ئەو کەسەش کە بێدەنگ دەبێت زەرەر و زیانەکەی بەردەکەوێت با دڵی خۆش نەکات و با دڵنیا بێت سەلامەت نابێت!

بۆیە خوای بەرز لە قورئاندا زۆر باسی کردووە و دەفەرموێت: ﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ... ﴾ (٧٨) المَائِدَة.

واتە: ئەوانەی بێبڕوا بوون لە وەچەی ئیسرائیل، لەسەر زمانی داوود و عیسای کوڕی مەریەم لەعنەتیان لێ کرا...

یانی ئەوانەی کە کافرەکانی بەنی ئیسرائیل خوای مەزن لەعنەتی لێ کردن لەسەر زمانی کێ؟ لەسەر زمانی داود و عیسا (سەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت). بۆچی؟﴿ ...ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ (٧٨) المَائِدَة.

واتە: ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە کە سەرپێچییان کرد و بەردەوام دەستدرێژییان دەکرد.

بە هۆی ئەوەی کە سەرپێچییان دەکرد و دەستدرێژییان دەکرد﴿ كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ (٧٩) المَائِدَة.

واتە: عادەتیان وا بوو کە یەکدییان نەدەگێڕایەوە لە خراپەیەک کە دەیانکرد، ئەوە خراپترین شت بوو کە دەیانکرد.

واتە: لەعنەتان لێ کرا لەسەر چی؟ لەسەر ئەوەی کە نەهییان نەکردووە لەو خراپانەی کە دەکرا، ڕێگرییان نەکردووە، هەڵوێستیان نەبووە، بۆیە هەر کاتێک خەڵک بێدەنگ بوو لە بەرانبەر خراپە، ئەوا بێگومان تووشی سزای خوا دەبێت و تووشی نەهامەت و دەردەسەریی ژیانیش دەبێت.

ئەم حاڵەتە لە واقیعی ژیانی ئێمەشدا بەشێکی ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە: مامۆستایەک کاتێک باسی دادگەریی ئیمامی عومەر دەکات، بەڵام خۆی لەگەڵ منداڵەکانی دادگەر نییە، یان لەنێو خانەوادەکەی خۆی و لەگەڵ خوشک و براکانی، لەگەڵ خزم و کەسوکاری دادگەر نییە، یان ئەگەر هەر حاڵەتێک هاتە پێشەوە دادگەر نەبێت، کاتێک باسی حەقبێژی و حەقانییەتی ئیمامی عومەر دەکەیت کە هەموو ڕۆژێک دەیڵێیەوە، دەبێت بۆ خۆیشت حەقبێژ و ڕاستگۆ بیت. کاتێک باسی ڕاستی و ساغیی ئەبوبەکر دەکەیت (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) دەبێت بەو شێوەیە بیت، هەروەها ئەگەر باسی زوهدی ئیمامی عوسمان و، باسی زانست و مەعریفەی ئیمامی عەلی بکەیت (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت) دەبێت خۆیشت وا بیت. بە هەر حاڵ لەگەڵ ئەوەم ئەگەر بە کەمێکیش بێت ئەو هەڵوێستانەی ئەوان لە ژیانی ئێمەدا ڕەنگ بداتەوە.

سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی لادانی دەسەڵات لە مێژووی حوکمڕانیی ئیسلامیدا، پرسیارگەلێک دێنە پێش کە ناچار بە وەڵامدانەوە دەبین، ئەویش ئەوەیە ئایا خەڵک لەو سەردەمیدا توانیویەتی دەسەڵات ڕاست بکاتەوە؟ ئایا ئەو توانایەی هەبووە بە دەسەڵات بڵێین ئەوە بۆ وا دەکەیت، یان بەرانبەری بوەستنەوە؟ دەسەڵاتداران گوێیان بۆ گرتوون؟ ئایا لە مێژوودا نموونە و وێنەی لەو شێوەیە هەیە کە بمانەوێت ئەگەر بە نموونە بیهێنینەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ بێگومان سەدەها نموونە هەیە، ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە و بە دوو شێوە دەکرێت:

یەکەم: ئەم دەسەڵات و حوکمڕانە جا تاکە یان دامەزراوەیە، دەبێت خۆی ئەم

کەش و ژینگەیە دروست بکات، دەبێت خۆی بڵێت خەڵکینە وەرن ئەگەر خوار بووم ڕاستم بکەنەوە، ئەگەر هەڵەم پێم بڵێن، ئەمەش بە حوکمڕان و حوکمڕانییەکی تەندروست دەکرێت.

ئەمەش چۆن دەکرێت؟ بێگومان ئەمە کاری دامەزراوەکانە دەبێت دەرفەت بۆ خەڵکی بڕەخسێنێت، زمانی خەڵکی نەگرێت و نەبڕێت، ڕێگە لە خەڵک نەگرێت، بۆیە کاتێک چوار کەس قسەی کرد و دەسەڵات خستنییە کونجی زیندانەوە مانای وایە ئەم دەسەڵاتە کەشوهەوایەکی نەخۆڵقاندووە کە خەڵک بتوانێت بڵێت خواری و گەندەڵی و ناعەدالەتیی هەیە.

دووەم: خەڵک دەبێت ئازادی و سەربەستیی هەبێت، هەروەها دەبێت ژیانی ڕێک بێت و سەربەرز بێت و سەرفراز بێت، خاوەن جورئەت بێت و حەق بڵێت، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، لە هەمان کاتدا ئەم ئەرکەش جێبەجێ بکات کە ڕێگری لە خراپە و فەرمان بە چاکەیە.

کەواتە دەسەڵات دەبێت ئەم کەشوهەوایە بخوڵقێنێت وەک چۆن ئیمامی عومەر، یان ئیمامی ئەبوبەکر پێشی هەمووان فەرمووی: (إني قَدْ وُلِّيتُ عَلَيكُم وَلسْتُ بخَيرِكُم). واتە: من دانراوم بۆ سەرپەرشتیاری ئێوە و بە مشورخۆری ئێوە، بەڵام لە ئێوە چاکتر نیم. ئەمە ڕێخۆشکردنە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت بڵێت: بەڵێ تۆ لە ئێمە چاکتر نییت! هەروەها ئیمامی (عومەر)یش فەرموویەتی: (إن رأيتُم أعوجَاجاً فيَ فَقَومُوني)، واتە: ئەگەر خواریيەکتان لە من بینی، ڕاستم بکەنەوە. لەو کاتەدا یەکێک هەستایەوە گوتی: قوربان بەم شمشێرە ڕاستت دەکەینەوە ئەگەر ڕاست نەبوویەوە، بۆیە تەماشا بکە ئەمە ڕێخۆشکردنە دەبێت دەسەڵات ئاوا زەمینە ساز بکات بۆ جورئەتڕواندن و نواندن لەناو خەڵک تا قەبوڵی خواروخێچیی دەسەڵات نەکەن، بۆیە کاتێک ئیمامی عومەر وتار دەدات باسی ئەوە دەکات دەڵێت: مارەیيی ئافرەت گەلێ زۆر بووە لەم کۆمەڵگەیە پێویستە دیاری بکرێت و نابێت لەوەندە زیاتر بێت. ئافرەتێک لەوێ لێی ڕاست دەبێتەوە و دەڵێت: ئەوە ئیشی تۆ نییە، (إنَّ هذا لَيْسَ مِن شَأنِك).

واتە: ئەوە ئیشی تۆ نییە، خوای کارلەجێ داینـاوە کە باسی (قنطار) دەکات ﴿وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا ۚ أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ (٢٠) النِّسَاء.

واتە: وە ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بێننە جێی هاوسەرێک و مارەییەکی زۆریشتان بە یەکیان دابوو، هیچی لێ وەرمەگرنەوە، جا چۆن لەسەر بناغەی بوختان و گوناهێکی ئاشکرا وەری دەگرنەوە (ئەو بەشە مارەییە)؟!

کەواتە: خوای گەورە داینـاوە و باسی (قنطار)ی کردووە، واتە پارە و زێڕێکی زۆر لەسەر یەک. بەڵێ ئافرەتێک توانیـویەتی بە ئازادانە قسەی ناخی خۆی بکات و ئیمامی عومەر ڕاست بکاتەوە، بۆیە ئیمامی عومەر فەرمووی: (اصابت امرأة وأخطأ عمر). واتە: ئافرەتێک پێکاویەتی و عـومەریش هەڵەی کردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات ئیمامی عومەر نەیفەرمووە قسە هەر قسەی منە. ئەوەی ئەمن گوتم هەر ئەوەیە و کەس بۆی نییە قسە لە قسەی مندا بکات، لە کاتێکدا خەلیفەی مسوڵمانانیش بووە و دەسەڵاتێکی زۆر فراوانیشی هەبووە و کەسی یەکەمی دەوڵەتیش بوو، شەرمیشی زۆر لێ دەکرا.

مەبەستم ئەوەیە لە سەردەمی دەسەڵاتدار و حـوکمڕانییەتی ئیسـلامیدا، خەڵک ئەو مافەی هەبووە. جارێکیان پێشەوا عومەر ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد و قسەی بۆ خەڵک دەکرد، یەکێکیش گوتی: (یا عمر! اتق الله)، ئەی عومەر لە خـوا بترسـێ و پـارێز لە خـوا بـکە، ئەوانەی دەوروبەری کە ئەمەیـان بیسـت لە ئەنجامی خراپحاڵیبوونیان و تێنەگەیشتنیان، خەریک بوو پەلاماری کابرا بدەن، پێشەوا عومەر فەرمووی: لێی بگەڕێن، یەک قسەی زۆر گەورەی کرد عیبرەتە بۆ هەمـوو دەسـەڵاتدارێک بە دریژاییـی مێژوو، فەرمـووی: (لا خَيْرَ فيكُمْ إنْ لَم تَقُولُوها وَلا خَيْرَ فِيْنا إنْ لَمْ نَسْمَعَها).[1]

[1] ابن شیبة باسی ئەم بابەتەی کردووە و (حسن بەسری) گێڕاویتەوە، هەروەها (التوحید)یش لە کتێبی (البصائر والذخائر) و (انساب الأشراف) هێناویەتی، هەروەها (ابن رجب) لە کتێبی (الحکم الجدیدة بالإذاعة) هێناویەتی.

واتە: هیچ خێرتان پێوە نییە ئەگەر بە دەسەڵاتدار نەڵێن چاک بە، ئەمە بکە باشە و تەقوای خوای گەورە بکە، ئەو کەسە مەبەستی ئەوە نەبووە بڕۆ نوێژ بکە، ئەو نوێژی کردووە، ڕۆژووی گرتووە، مەبەستی ئەوە بووە پێشەوا عومەر ئەمە بکە باشە و ئەمە نەکەیت خراپە، کورتییەکەی ئەمەیە فەرمووی: بە خوا ئێوە خێرتان پێوە نییە ئەگەر وا نەڵێن و، خێریش بە ئێمەوە نییە ئەگەر گوێ نەگرین. کەواتە خێر لە چیدایە، خێری کۆمەڵگەو بەختەوەری و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە لەوەدایە کە خەڵک ئەم قسە خێرە بکات و دەسەڵاتداریش ئەم قسە خێرە ببیستێت و وەری بگرێت، نەک ئێمە نەیڵێین یان ئەگەر گوتمان ئەویش نەیبیستێت، وەک ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە و کۆمەڵگەی پێ تێک چووە. کۆمەڵگە بە هەڵوێست و قسەی حەق ئاوەدان و گەشاوە دەبێت، بە بێدەنگی و بێهەڵوێستییش بۆگەن و وێران دەبێت.

خۆ ئەگەر دەسەڵاتیش کەشوهەوای ئازادیی نەخوڵقاند، ئەوا لە کۆتاییدا خەڵک کە زۆر پڕبوون بەسەریدا دەتەقنەوە، لەوانەیە لێکەوتەی خراپی بێت.

باسی یەکەم:
چاودێریی دەستووری لە ڕووی یاسایی و شەرعییەوە

چاودێریی دەستووری، یان چاودێریی شەرعییەت، ئەوەیە بۆ نموونە: حکومەتێک پێک دێت، بە ڕێکارە شەرعییەکاندا دروست دەبێت، جاری وا هەیە لە ڕێی هەڵبژاردنی خەڵکەوەیە، یان لە ڕێی متمانەپێدانیەتی لە پەرلەمان، کەواتە مەبەست شەرعییەتدانەکەیە لە ڕووی شکڵییەوە، بۆ نموونە: سەبارەت بە دەرکردنی یاسا، هەیئەتێک پێشنیازی کردووە، هەیئەتێکی دیکە بۆ نموونە: پوختی دەکاتەوە، کە پەرلەمان لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکات، ئەوە خوێندنەوەی یەکەمە ئەوەی کە عورفە لە ئێستادا، خوێندنەوەی دووەم بریتییە لە مناقەشەکردنی و قۆناغی سێیەم دەنگدانە لەسەری، ئەوە لە ڕووی شکڵییەوە، بەڵام لە ڕووی بابەتییەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بابەتێکی دیکەیە لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا، بەس جارێ پێویستە ئەوە بزانرێت ئەحکامی تەشریع نابێت لەگەڵ دەستوور تێک بگیرێت، ئەوە لە ڕووی بابەتییەوە.

سەبارەت بە چاودێریی دەستووری بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەبێت، بەشێکیان چاودێریکردنیەتی پێش دەرکردنی یاسا، واتە: دادگا، یان هەیئەتێک دروست دەکرێت و بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان دەکات، کە دەبێتە پارێزەری دەستوور و یاساکان (حامي الدستور والقوانين).

چاودێریی شەرعییەت واتە ئەو دەسەڵاتەی کە پێک هاتووە، دەبێت شەرعییەتی پێ درابێت، شەرعییەتپێدرانەکە دەنگدان و متمانەی پێ درابێت لە پەرلەمان، یان وەک لە سیستەمی سەرۆکایەتی هەیە کە خەڵک ڕاستەوخۆ دەنگ بە دیارترین بەرپرسی یەکەمی ولات دەدەن. ئەمە شەرعییەتەکەیەتی،

واتە: نەهـاتووە خـۆی بسـەپێنێت، چـونکە ئەگەر خـۆی بە لـوولەی تفەنـگ سەپاندبێت، یان بە کودەتایەک هاتبێت، ئەو کاتە شەرعییەتی دەستووریی نییە.

کەواتە هەر وەک گوتمان پێش دەرکردنی یاساکە هەیئەتێکی شەرعی هەیە، بۆ نموونە لە پەرلەمان ئەو بابەتە دەخرێتە ڕوو بۆ گفتوگۆ، بەڵام پێش ئەوەی کە گفتوگۆ بکرێت دەبێت لێژنەیەک هەبێت، تەماشای ئەم پڕۆژەیە بکات، نابێت ئەم پڕۆژەیە پێچەوانەی دەستوور بێت، دەستووریش لە کوێ هێنراوە؟ وەک باسم کرد پێشتر لە شەریعەتەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە قورئان و سوننەت یان دامەزراوەیەک دەستووری ئامادە کردووە و جەماوەر بە گشتی دەنگی پێ داوە، بەو مەرجەی نابێت هیچ بڕگەیەک دژ بە بنەما نەگۆڕەکانی شەریعەت بێت.

بەشەکەی تریشیان دوای دەرکردنی ئەم یاسایەش، دەستەیەکی قەزایی هەیە، ئێستا لە عێراق دادگای ئیتیحادی هەیە، بۆی هەیە لە پەرلەمانیش ئەگەر دەنگ بە پڕۆژەیاسـایەکیش درابێـت، دادگـای بـاڵا پێـداچوونەوەی بـۆ بکـات ئەگەر پـێچەوانەی دەسـتوور بێـت، دەتوانێـت ئەم یاسـایە هەڵبوەشـێنێتەوە، ئەمە پێـی دەگوترێـت چـاودێریی دەسـتووری، چـاودێریی شـەرعییەت، واتـا ئەو یاسـا و دەسـتوورەی کە دەردەکرێـت دەبێـت شـەرعییەتی وەرگرتبێـت و پـێچەوانەی سەرووی خۆی نەبێت.

ئەگەر بێینـەوە سـەر سیسـتەم و حـوکمڕانیی ئیسـلامی، بـزانین لە مێـژوو و کولتـووری ئیسـلامیدا چ هەیئەتێـک هەبـووە چـاودێریی ئەو دامەزراوەیە و ئەرکەکانی کردووە؟

کاتی خۆی هەیئەتێک هەبووە پێی گوتراوە: (اهل الحل والعقد) کە ئەوانەن (الذینَ یُنتظم بهم الأمور و یَتَبعهُم الناس)، کاروباریان پێ ڕێک دەخرێت و خەڵکیشیان لەگەڵە. کاروباری خەڵک دەتوانن ڕێک بخەن، دەتوانن کێشەیان چارەسەر بکەن، دەسەڵاتیان هەیە بڕیاریان بۆ بدەن، (ویَتَبعهُم الناس) خەڵک بە قسەیان دەکەن و بە دوایان دەکەون، خەڵک قەناعەتی پێیانە، متمانەی بەوانە

هەیە، کە ئەوانە خەمیان دەخۆن و مافیان پێشێل ناکەن، بەڵکوو مافیان بۆ دابین دەکەن، ئەوە ئەو ئەهلی حەل و عەقدەیە کاتی خۆی هەبووە، جۆرێک بووە لە دەسەڵاتی چاودێریکردن، جا چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بووبێت، چاودێریی دەسەڵاتی تەشریعی بووبێت، ئەمانە هەبوون، دەکرێت ئێستا پێی بگوترێت: ئەنجوومەنی شووڕا یان پەڕلەمان، پەڕلەمان ئەو دەسەڵاتەی هەیە، چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، ئەگەر دادگایەکی دەستووریت هەبێت بۆی هەیە چاودێریی پەڕلەمانیش بکات، بۆی هەیە چاودێریی بڕیارەکانی حکومەتیش بکات، بۆی هەیە بڕیارەکان هەڵبوەشێنێتەوە. ئێستا چۆن هاووڵاتییەک لە دادگا بڕیارێکی بەسەردا دەدرێت و، بە ناحەقی دەزانێت، ئەگەر حوکمڕانییەکی تەندروست هەبێت، ئەم کەسە بۆی هەیە لە دادگای دەستووریش تانە لەم بڕیارە بدات و بڵێت پێچەوانەی یاسا و دەستوورە، کە ڕەوانەی ئەم دادگا دەستوورییە کرا دوای ئەوەی موناقەشەی دەکەن، تاوتوێی دەکەن، ڕەنگە بە ئامادەبوونی خۆی، یان بە ئامادەبوونی وەکیلی ئەو کەسە بڕیارەکەی دادگا هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمە زۆر ئاساییە لە سیستەمێکی حوکمڕانیی ئیسلامیی تەندروستدا، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت زوڵم لە هیچ کەس بکات، جا چ بە بڕیاری حکومەت بووبێت، یان بە بڕیاری دادگا بووبێت.

ئەوەی کە باسمان کرد پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بوو بە شێوەیەکی گشتی لەژێر قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی ئیسلامیدا، سەبارەت بە پرسی ماف و ئازادییەکان لەژێر سیستەم و دەسەڵاتی ئێستادا، لەژێر پرسیاردایە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ناپارێزرێن و بە بەردەوامییش پێشێل دەکرێن.

کێشەی گەورە ئەوەیە دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و خۆسەپێن و دیکتاتۆر هەبێت، ڕێگە بە خەڵک نەدات لەسەر ماف و ئازادییەکانی خۆی وەدەنگ بێت، لە بەشەکانی پێشوو باسی ئەوەمان کرد و گوتمان: حکومەت و دسەڵاتداری

ئیسلامی خۆی زەمینە ساز دەکات بۆ ئەوەی خەڵک بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات و ناڕەزایەتی دەربېڕێت و مومارەسەی ماف و دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، کەشوهەوا و زەمینەیەک دەڕەخسێنێت تێیدا خەڵک ئازاد بێت، خەڵک هۆشیار و وریا بێت، بەڵام بە داخەوە ئێستا بە پێچەوانەوە دەسەڵات بووەتە سەرچاوەی کێشە و گرفت بۆ خەڵک، دەسەڵات بووەتە سەرچاوەی کپکردنی ئازادی و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕین، دەسەڵات بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی زەمینەیەکی نالەبار و ناسەقامگیر لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، خۆی بووەتە سەرچاوەی ئەو هەموو گرفت و قەیرانانە. خوای زانا مافی بە خەڵک داوە و خەڵک پێویستە ئازاد بێت، بەڵام ئازاش بێت، بەو مانایەی مرۆڤ تا ئازا نەبێت، ناتوانێت ئازاد بێت، پێویستە خەڵک لەسەر مافی خۆی وەدەنگ بێت، بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات، پێم وایە ئەو کاتە چ ئەم دەسەڵاتە بێت، چ هەر دەسەڵاتێکی دیکە بێت، ئەگەر خەڵک لەسەر مافەکانی خۆی وەدەنگ هات، دەسەڵات ناچار دەبێت ملکەچ بێت و ڕێی ڕاست بگرێت، ئەگەرنا خەڵک بۆیان هەیە بە میکانیزمی گونجاو لای ببەن.

باسی دووەم:
شێواز و میکانیزمی ڕاستکردنەوەی دەسەڵات

دوای ئەوەی باسی چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانمان کرد لە مێژووی حوکمڕانیی ئیسلامیدا، ئێستا پێویستە بزانین بە چ میکانیزمێک یان بە چ شێوەیەک ئەم کاری ڕاستکردنەوەیە ئەنجام دەدرێت؟ ئایا بە هەڕەمەکی دەکرێت؟ ئایا چ میکانیزمێک بگیرێتە بەر باشە بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بڵێین ئیدی بەسە تا ئێرە، ئیتر بێدەنگ نابین؟

بێگومان خەڵک ئەگەر بیەوێت دەسەڵات ڕاستەڕێ بکات، نابێت بە هەڕەمەکی بەناو بکەوێت و بە شێوازێکی نادروست هەڵەکانی دەسەڵات ڕاست بکاتەوە، بەڵکوو دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بدۆزێتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخەکە و کاریگەر بێت بۆ ئەم ئەرکە.

سیستەم و دەسەڵات و حوکمڕانیی ئیسلامی، گەڕەلاوژەیی و بێسەروبەریی تێدا نییە، ئێستا سەردەمی نوێنەرایەتیکردنە، سەردەمی دامەزراوەکانە، لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە و لە ڕێگەی ئەو داموودەزگا و دامەزراوانەی کە خەڵک هەڵیبژاردوون، خەڵک دەتوانێت ئەم قسە حەقانەی خۆی بکات و دەسەڵات تێ بگەیەنێت و هۆشیاری بکاتەوە. لە سەردەمی خۆیدا دوو جۆر ڕاستکردنەوە هەبووە، یەکێکیان لە ڕێگەی (اهل الحل والعقد) کە لە جێگەی پەڕلەمانی ئێستا بووە، یان ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریی گەورە و گرنگ بۆ کاری گرنگ، لە ڕێگەی دووەمیش خەڵک بە گشتی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە، هەوڵی داوە دەسەڵات ڕاست بکاتەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە ئەنجوومەنی (الحل والعقد)[1]، ئەوەیە ئەگەر لە کۆبوونەوەی خۆیان بۆیان دەرکەوتبێت ئەم حوکمڕانی و دەسەڵاتە خوار بووە و ئەوا ڕاستیان کردووەتەوە، هەروەها مافی ئەوەیان هەبووە دەسەڵاتداریش بگۆڕن، کاتێک گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پێویستە بگۆڕدرێت.

ئێستاش لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە ئەم کارانە ئەنجام دەدرێن، بۆ نموونە: پەرلەمان سەرۆکی حکومەت و کابینەکەی پەسەند دەکات یان کاتێک سەرۆکی وڵات لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، ئەو پەرلەمانە بۆی هەیە لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت، لە سەرۆکی وڵات بکات، هەروەها بۆی هەیە لەسەر بنچینەی ئەو بنەما و مەرج و گرێبەستەی ئەو سەرۆکەی پێ دانراوە، ئەگەر لەو بنەمایانەی لادا و پێشێلی گرێبەستەکەی کرد، دەتوانن لایببەن. کەچی بە داخەوە لە وڵاتێ ئێمە لە بری ئەوەی پەرلەمان لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، دەسەڵات محاسەبەی پەرلەمان دەکات و دەرگەی لەسەر دادەخات!!

ئەوەی باسمان کرد میکانیزمێک بوو بۆ ڕاستکردنەوەی دەسەڵات، میکانیزمێکی دیکە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، لە ڕێگەی حیزبەکانەوە دەتوانرێت دەسەڵات بەئاگا بهێنرێتەوە و ڕاست بکرێتەوە، خەڵک مافی ئەوەی هەیە کە بێتە سەر شەقام و گردبوونەوە بکات، یاداشت پێشکەش بکات، لە ڕاگەیاندن قسە بکات، شەقام بجووڵێنێت و ڕای گشتی دروست بکات، لەسەر چی؟ لەسەر نادادگەری و ستەم و قۆرخکاری و گەندەڵی و پێشێلکاریی یاسایی و...هتد، بۆیە ڕێکارەکان دەبێت بە شێوەیەک بن، ئارامیی وڵاتی پێ بپارێزرێت و خەڵکیش بە ئامانج و ئاواتەکانی خۆی بگات.

---

[1] (الحل والعقد) واتە کردنەوە و گرێدان، مەبەست لەو کەسانەی کە دەتوانن کێشە چارەسەر بکەن و بڕیار بدەن و بابەتەکان ڕوون بکەنەوە و لە کۆتاییدا یەکلاییی بکەنەوە و بە لایەکیدا بخەن، بێگومان ئەم ئەنجوومەنە لە کەسانی شارەزا لە بواری جیاجیاکان پێک دێت.

باسی سێیەم:
بنچینە و بنەماکانی گۆڕینی دەسەڵات

قسەکردن لەسەر پابەندبوون بەو بنەما و بنچینانەی کە دەتوانرێت دەسەڵاتی پێ بگۆڕدرێت بابەتێکی زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندیی بە خەڵک و کۆمەڵگەوە هەیە، پەیوەندیی بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکەوە هەیە، ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئەمنی پەیوەندیی بەو بابەتانەوە هەیە، پەیوەندیی بە سەرکردەوە و سەرۆکی وڵاتەوە هەیە، لە مومارەسە و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکەکەی، لەگەڵ پرس و بابەتە جیاوازەکان و بابەتی ئازادیی ڕادەربڕین و، کار و کەسابەت و ئابووری.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک ڕاستین، جا کاتێک سەرۆکی وڵات لەسەر ئەو بنەما و بنچینە و گرێبەستەی خەڵک کاتی خۆی بە هۆیەوە کردوویانە بە سەرۆک یان کردوویانە بە کەسی یەکەمی وڵات، جا یان سەرۆکی وڵاتێکە، یان جاری وا هەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەپێی سیستەمی ئەم وڵاتە، چەند بنەما و بنچینەیەک هەیە هەر کاتێک ئەو کەسەی بە سەرۆکی وڵات دادەنرێت ئەگەر پێیەوە پابەند نەبوو و لێیانی لادا، مافی خەڵکە بیگۆڕن، مافی خەڵکە لێی بپرسنەوە و وڵاتیان سەربەخۆ بێت و خاوەنی سەروەریی خۆی بێت، هەر کاتێکیش هەر وڵاتێک و هەر میللەتێک خاوەنی وڵات و خاکی خۆی بوو و سەروەریی پارێزراو بوو، ئەوا پێویست دەکات سەرۆکێکی هەبێت و سەرپەرشتیی ئەم وڵات و خەڵکە بکات، کەواتە کێ ئەو کەسە دادەنێت؟ «پێشتر باسم کرد» کێ دایدەنێت؟ بێگومان خەڵک دایدەنێت، هەر کاتێکیش بیەوێت دەتوانێت لایبەن.

بەرپرسانی وڵات چ سەرۆکی وڵات بێت، چ سەرۆکی پەرلەمان بێت، چ

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، سەرۆکی وڵات هەیە جێگری هەیە، یان سەرۆکی پەرلەمان، جێگری هەیە، یان ئەندام پەرلەمانی هەیە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ستافێکی هەیە پێی دەگوترێت ستافی ئەنجوومەنی وەزیران، یان ئەوەی کە پلەی وەزیری هەیە، ئەوانە هەمووی خەڵک دایناون، واتە بەپێی گرێبەستێک لەنێوان خەڵک و ئەواندا بۆ سەرپەرشتیکردنی خەڵک و وڵات دانراون.

ئەو گرێبەستەی کە هەیە لەنێوان خەڵک و ئەوەی دەبێت بە سەرۆک و بەرپرسی یەکەمی وڵات، لە چ کاتێک هەڵدەوەشێتەوە؟ چ کاتێک وای لێ دێت کە خەڵک ئیدی پێیان وایە ئەو مەرج و بنەمایانەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون بۆ ئەوەی وڵات بەڕێوە ببرێت، نەگەیشتووەتە جێی خۆی و نەهاتووەتە دی؟

مەبەست ئەوەیە کە ئەم گرێبەستە بنەما و بنچینەیەکە لەنێوان خەڵک و کاربەدەستان بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕاییکردنی کاروباری خەڵک، کەواتە هەر بەپێی گرێبەستەکەش خەڵک چۆن دایناوە، ئاواش دەتوانێت لای ببات.

بنچینەیەکی دیکەمان هەیە کاتێک باسی حوکمڕانیی ئیسلامی دەکەین، دەبێت قسە لەسەر سیاسەتی شەرعی بکەین، حوکمەکان بۆ سەرۆکی وڵات جیاوازە وەک بەرپرسی یەکەیەکی ئیداریی بچووک، هەروەها بۆ بەڕێوەبەری ناحیە، یان قایمقام، یان سەرۆک بەشێک، سەرۆکی فەرمانگەیەک لە فەرمانگەکانی حکومەت، خوای بەرز بۆ ئەو کەسەی کە وەک بەرپرسێک دانراوە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ... ﴾ (٥٩) النِّسَاء.

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن، هەروەها فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، هەروەها هیی کاربەدەستانێک کە لە خۆتانن...

مەبەست لە کۆمەڵگەی مسوڵمانە واتە لەنێو مسوڵمانان، بەڵام دوایی

دەفەرموویت: ئەی بڕوادارینە فەرمانبەرایەتیی خوا بکەن، فەرمانبەرایەتیی پێغەمبەری خوا بکەن و ئەوانەش کە لەنێو ئێوەدا دیاری دەکرێن، (فأن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) النِّسَاء.

واتە: جا هەر کات لە شتێکدا کەوتنە کێشەوە، بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر (قورئان و سوننەت...).

لێرەدا خیلافەکەی باس کردووە و شتێکی ورد دەردەکەوێت، باسی گوێڕایەڵی بۆ خوا دەکات و باسی گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەری خوا دەکات «ﷺ» بە جیا باسیان دەکات، (أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ)، بەڵام (أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ) (اطاعة)کەی بۆ (أولي الامر) دووبارە نەکردووەتەوە، بۆچی؟ ئەوە شتێکی زۆر وردی تێدایە، یانی ئەو (وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ) ئەو کەسەی کە لەنێو خۆتاندا هەڵیدەبژێرن دەیکەنە کاربەدەستی خۆتان دەبێت لەسەر ڕێی خوا و پێغەمبەری خوا بێت.

واتە ڕێگەیەکی تایبەتی نییە، خوا (جل جلاله) هەیە، پێغەمبەری خوا هەیە «ﷺ» کە ئەویش هەر بە وەحیی خوا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ڕێوشوێنی خۆی هەیە. جگە لەوە ڕێوشوێنی تر نییە، کەسێکی دیکە ناتوانێت بڵێت منیش ڕێوشوێنێکی سەربەخۆم هەیە، نەخێر نابێت، بەڵکوو ئەوەی کە دەیکات ئەوەی دەیڵێت، پێویستە هەڵێنجراوی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت «ﷺ» واتە ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا. هەر بۆیەش دەفەرموویت: ئەگەر مشتومڕ و ناکۆکیتان پەیدا بوو دەربارەی شتێک بیگێڕێنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا، نافەرموویت: بێگێڕێنەوە بۆ لای (أُوْلِي ٱلأَمرِ)ەکانی خۆیشتان، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا، لێرەدا فەرمانبەرایەتیکردنەکە کاتێک دەکرێت ئەو کەسە گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەری خوا بێت و لەسەر ئەم ڕێگەیە بڕوات، ئەگەرنا لە دەیەها فەرمایشتی پێغەمبەری خوا «ﷺ» باسی فەرمانبەرایەتی کراوە

بۆ کاربەدەستان، بەڵام فەرموویەتی: (السَّمْعُ والطَّاعَةُ حَقٌّ عَلَى كُل الْمُسْلِمِ مالَم يُؤْمَرَ بمَعْصِيَةٍ، فإذا أُمِرَ بمَعْصِيَةٍ فلا سَمْعَ ولا طاعَةَ)[1].

واتە: گوێڕایەڵی و فەرمانبەرایەتیکردن مافێکە لەسەر هەموو مسوڵمانێک مادام فەرمانی بە سەرپێچی پێ ناکرێت، هەر کات فەرمانی بە سەرپێچی پێ بکات، ئەوا نە گوێگرتنی و نە بە قسەکردن نییە.

ئەگەر کاربەدەستان لەسەر ڕێی خوا نەڕۆیشتن و لایاندا و فەرمانبەرایەتیی خوا و پێغەمبەریان نەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە فەرمانیان بە خراپە و تاوان کرد، ئەو کات لەسەر هەموو مسوڵمانێکە نە گوێیان بۆ ڕابگرێت و نەبە قسەشیان بکەن. کەواتە لێرەدا شتێک ڕوون بووەوە کە ئەم گرییەستەی مسوڵمانان لەگەڵ کاربەدەستەکانی خۆیان بریتییە لە فەرمانبەرایەتیکردنی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ).

بنچینەیەکی دیکەی زۆر گرنگ کە قسەی زۆربەی زانایانی لەسەرە، ئەوەیە خەڵک کاربەدەستەکانی خۆیانی داناوە، هەروەها گرێبەستەکە لەنێوان خەڵک و ئەم کاربەدەستانەیە، هەروەها بە شەریعەت خەڵک بەڕێوە بەرێت و خۆیشی لەسەر شەریعەت بێت، زانایان پوختەی ئەم قەزیەیان باس کردووە، زۆر لە زانا گەورەکان بە تایبەتی وەک (أبوبكر الباقلاني) و (قرطبي) و (بغدادي) و (جويني) و (الماوردي) و (ابن حزم الظاهري)، دەڵێن: ئەگەر دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی مسوڵمانان پابەند بوون بەو گرێبەستەی لەنێوان خۆیان و خەڵک هەیە و بە شەریعەت خەڵکیان بەڕێوە برد، ئەوا ئەوانە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەنێوانیاندا هەیە دەمێننەوە، بەڵام ئەگەر ستەمیان کرد و لە ڕێگە دەرچوون و پێچەوانەی ئەو گرێبەست و بەڵێنەیان کرد کە بە خەڵکیان داوە، بۆ نموونە دەڵێن: دادگەر دەبین و سامانی ئەم وڵاتە لە خزمەتکردنی ئەم خەڵکە بەکار دەهێنینەوە و

[1] أخرجه البخاري (٧١٤٤)، ومسلم (١٨٣٩).

دڵنیاتان دەکەینەوە یاسا سەروەر دەکەین و خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەین، بەڵام ئەم بەڵێنانەیان نەبردە سەر، لەو حاڵەتەدا خەڵک بۆی هەیە لایانبەرێت و بیانگۆڕێت.

کەسی کاربەدەست با پابەندیش بێت بە شەریعەتەوە و نوێژ و ڕۆژووشی هەبێت و لەگەڵ مسوڵمانانیش نوێژ بکات، ئەگەر لە گرێبەست و بڕگە و خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە کە سەرچاوەکەی ئیسلامە و واژۆی کردووە و بەڵێنی داوە و ئەو بەڵێنە بووەتە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی، ئەگەر لایدا، زانایان دەڵێن: لادەبرێت. بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر لابردنی ئاڵۆزی و ئاژاوە و فیتنەیەکی زۆر گەورەی لێ کەوتەوە و زیانەکانی زۆر زیاتر بوون بە بەراورد بە مانەوەی، ئەو کاتە زانایان ئەوانەی کە خەڵکی پسپۆڕن و ئەوانەی کە کاربەدەستی ئەم وڵاتەن و خەڵک بە قسەیان دەکات، بەپێی (اخف الضررین) تەماشا دەکەن کامەیان زیانی کەمترە ئەوە هەڵدەبژێرن، ئەگەرنا لەسەر ئەوە هاوەنگن کە بەڵێ مادام گرێبەستیان پێشێل کردووە، مادام ڕێککەوتنیان جێبەجێ نەکردووە خەڵک بۆی هەیە لایانبەرێت و، حیسابی ئەوەش دەکرێت کە ئەو کەسە ئەم فەتوا شەرعییە بۆ مانەوەی بقۆزێتەوە، دیارە زانایان و شارەزایان لەوە هۆشیارترن ئەمەیان بەسەردا تێ بپەڕێت.

کەواتە دەکرێت سەرکردەیەک ئەگەر بە خۆی بڵێت مسوڵمان، پابەند نەبێت بە یاسا و ڕێساکانی ئیسلامیش، بەڵام دەبێت هەر پابەند بێت بەو دەسەڵاتەی کە ئەو هەیەتی؟ ئایا ئەو کاتە ئەمە چۆن دەبێت یاخود زانایانی سەرڕاست لەو بارەوە چییان گوتووە؟ چونکە ئەوان لەناو واقیعەکە ژیاون.

زانایان دەربارەی ئەم بابەتە باسیان کردووە و دەڵێن: دەبێت هۆکارێکی شەرعیی هەبێت بۆ لابردنی خەلیفە، (کەسی یەکەمی مسوڵمانان) چونکە بە پاساو و بیانوویەکی بچووک ناتوانیت بێیت بەرانبەر بە دەسەڵاتدار و کاربەدەستی خۆت بیکەیت بە هەرا و باسی لابردن و گۆڕینی بکەیت، پاشان بە چ میکانیزمێک بەرپرسان لادەبرێن؟

سەبارەت بە هۆکارە شەرعییەکانیش بۆ لابردنی بەرپرسی بالآ، تەنها دوو هۆکاری سەرەکیی باس دەکەین:

هۆکاری یەکەم: هەڵگەڕانەوە لە دین.

هۆکاری دووەم: کەسانێک کە کاروباری مسوڵمانان بەڕێوە دەبەن و خۆیشیان پێ مسوڵمانە.

ئەوانەی ئێستاش هەندێکیان دەڵێن ئێمە مسوڵمانین و نوێژ دەکەین و کەس لە ئێمە مسوڵمانتر نییە، بەڵام ئایا چەند پابەند بە ئیسلام و پێی بەڕێوە دەچن و چەندە باوەڕیان پێی هەیە؟ ئەگەر تۆ مسوڵمانیت، بۆچی لەنێو میللەتێکی مسوڵماندا کار بە ئیسلام ناکەیت؟ بۆ نااڵێیت ئەم ئیسلام و قورئانە کە خوا ناردوویەتی من بڕوام پێیەتی و با بیکەین بە بنچینە و بناغە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارمان، ئایا وا دەڵێن و وایان کردووە؟!

لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوەی کە لە وانەی پەروەردەی ئیسالمی لە قوتابخانەکان و لەبارەی یاساکانی کەسێتی هاتووە، هەنگاو بە هەنگاو لایدەبەن. دەگەڕێن بزانن لە کوێ بنەما و ئەخالق و ئادابێکی ئیسالمەتی هەیە لایبەن و نەیهێڵن، هەر کەسێک لەنێو مسوڵمانان کاروباری مسوڵمانان بەڕێوە بەرێت و خۆی پێ مسوڵمان بێت و دوایی هەڵبگەڕێتەوە لە دین، ئەوە زانایان دەڵێن: گومانی تێدا نییە و بێ دوودڵی ئەو کەسە دەبێت لابرێت و بگۆڕدرێت.

بۆ بابەتی هەڵگەڕانەوەش لە دین، دەبێت کەسەکە خۆی ئەو هەڵگەڕانەوەی لە دین ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی شاراوە بێت، ئەو کات دەبێت بەڵگە هەبێت، لەنێو کۆمەڵگەی مسوڵماندا ئەوەی کە دەکرێت بە سەرپەرشتیکار و سەرۆک و براگەورەی مسوڵمانان، دەبێت خۆی مسوڵمان بێت. بەڵام دەکرێت پەرلەمانتارێک وەزیرێک لە حوکمڕانیی ئیسلامییشدا لە

دەسەڵاتی ئیسلامییشدا مسوڵمان نەبێت، بەڵام بۆ سەرۆک نابێت مسوڵمان نەبێت، لەنێو مسوڵمانان کەسی یەکەم نابێت مسوڵمان نەبێت.

کەواتە گەیشتینە ئەو دەرەنجامە کاتێک سەرۆکایەتییەکە دادەمەزرێت و ئەو کەسە دادەنرێت بە بڕاگەورە و بە سەرۆک و کاربەدەستی گشتیی مسوڵمانان لە وڵاتی مسوڵماننشین.

ئەگەر لە حاڵەتێکیش ئەو سەرۆکە هەڵگەڕایەوە، دەبێت لابدرێت، چونکە نابێت کەسێکی نامسوڵمان سەرۆک بێت، واتە نابێت نامسوڵمان کاروباری مسوڵمانان بەڕێوە بەرێت، چ ئەگەر مسوڵمان بوو و پاشان هەڵگەڕایەوە و مسوڵمانێتییەکەی نەما، بەو مانایەی ئەگەر ڕادەستی کرابوو و هەڵگەڕایەوە دەبێت لاببرێت، یان ئەگەر هەر پێشتر نامسوڵمان بوو، نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەم پلەیەی پێ بدرێت.

هەوەها زانایان دەفەرموون سەرپێچی و سنووربەزاندنی سەرۆک و ڕەفتارکردن بە پێچەوانەی ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنەی لەگەڵ خەڵکەکەی کردوویەتی و واژووی کردووە کە ئێمە ڕازیین تۆ سەرۆکی ئەم وڵاتە بیت و کاروباری ئەم خەڵکە بەڕێوە بەریت بەم مەرجانەی کە دیاری کراون، بۆیە هەر کاتێک ئەگەر لەم مەرجانە لایدا و لەم ڕێککەوتنە پاشگەز بووەوە و پێشێلی کرد، بۆ ئەو خەڵکە هەیە لایبەرن و بیگۆڕن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (المسلِمون على شروطِهم)[1]. واتە: مسوڵمانان لەسەر مەرجەکانی خۆیانن، پابەندن بە مەرجەکانی خۆیان، پابەندن بە گرێبەست و بە ڕێککەوتنەکانی نێوان خۆیان.

لە حاڵەتێک ئەگەر پێداگریی کرد لەسەر مانەوە و بە نیاز نەبوو دەستبەرداری دەسەڵات بێت، ئەوا خەڵک بۆیان هەیە ڕێگەکانی کاریگەر بۆ

[1] أخرجه أبو داود (٣٥٩٤)، وابن الجارود في ((المنتقى)) (١٠٠١)، وابن حبان (٥٠٩١).

لابردنی لە دەسەڵات بگرتە بەر، هەرچەندە سەر بکێشێت بۆ لابردنی بە هێزیش، مەگەر ئاژاوە و ئاشووبی گەورەی لێ پەیدا بێت.

هەندێک لە زانایان دەڵێن: ئەگەر بە هەموو شێوەیەک و بە زەبر و زۆرییش بێت هەوڵی دا هەر بمێنێتەوە، مسوڵمانان بۆیان هەیە بە زەبر و زۆرییش لایبەرن، بەڵام گوتیان: بە مەرجێک ئەگەر ئەم کەسە کە مسوڵمانە، ڕێککەوتنەکەی بنپێ خستبێت و گرێبەستەکەی هەڵوەشاندبێتەوە و مەرجەکانی پێشێل کردبێت، لەو کاتەدا ئەگەر مانەوەی بەم شێوەیە زیانی زیاتر بوو لە زیانی لادانی کە ئەم گرێبەست و ڕێککەوتنەی هەڵوەشاندووەتەوە، ئەوا لادەبرێت.

بەڵام ئەی ئەگەر پێچەوانە بوو دڵنیابوون ئەگەر هێز بەکار هات بۆ لادانی ئەم بەرپرسە، زەرەر و زیانەکەی زۆرتر دەبێت لەوەی کە ئەو لە حوکم بمێنێتەوە، ئەو کاتە چی بکەن؟ ئەو کاتە دیارە دەستی لێ نادەن، بەڵام لێشناگەڕێن بە ئارەزووی خۆی دابنیشێت و ستەم و خراپە و غەدر بکات و ئەم فەتوایە بۆ زیاتر خراپبەکارهێنانی پۆست و دەسەڵاتەکەی بەکار بهێنێت، بەڵکوو ناچار دەکرێت بە دەستهەڵگرتن لە ستەم و خراپەکاری.

بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان بێت و خەڵکەکەی خەڵکێکی هۆشیار بێت، هەر لە سەرەتاوە کاربەدەستێک دانانێن لە داهاتوو ئاوا تووشی کێشە و سەرئێشە و ناڕەحەتییان بکات و ستەم و غەدریان لێ بکات و لە شەریعەت لابدات، هەرچەندە بە داخەوە ئەمە ڕووشی داوە لە مێژوودا. بۆیە دووبارە دەیڵێمەوە ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان بێت، کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و پابەند بێت بە شەریعەتەوە، پێم وایە ئەو کاتە لادانی کەسێک کە لەم گرێبەست و ڕێککەوتنە لادەدات، زۆر ئاسانە، قەناعەت ناکەم ئەم ئاژاوە و فیتنەیەی لێ پەیدا بێت، ئەگەر زانراش ئەم فیتنە و ئاڵۆزییەی لێ پەیدا دەبێت و خەڵکێک لەو نێوەندەدا دەبێتە قوربانی و وڵات وێران دەبێت، شەریعەت لەگەڵ ئەمە نییە خۆ زۆر ڕوونە ئەوە ڕای ئێمە نییە ڕای شەریعەتە،

زانایان لە کۆنەوە باسیان کردووە، کە بەڵێ هەر کاتێک دوو فیتنە و دوو خراپە کەوتنە بەرانبەر یەک، تەماشا دەکەیت کامەیان خراپەکەی کەمترە، بە ناچاری ئەو هەڵدەبژێریت، ئەوە یەکێکە لە بناغەکانی فیقهی موازەنە و و سیاسەتی شەرعی، کە مسوڵمان دەبێت پێوەی پابەند بێت، بەڵام نابێت بەمە خەڵک بترسێنیت، چونکە هەندێک لە زانایانی پێشین باسیان کردووە کە خەلیفە دەبێت بمێنێتەوە، ئەگەر لادان و ئینحیرافیشی بوو لەبەر ئەوەی کە فیتنە دروست نەبێت، جاری وا هەیە هەر مانەوەی فیتنەیەکی زۆر گەورەیە و بەردەوامییەکەی ئاژاوە و ناسەقامگیرییە.

وەک ئەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا «ﷺ» نەچوون بۆ جەنگ و جیهاد و گوتیان: ئێمە دەترسین تووشی فیتنە بین، خوای بەرز و بێوێنە وەڵامی دانەوە و فەرمووی: ﴿...أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا... ﴾ (٤٩) التَّوبَة.

واتە: ... ئاگادار بن! کەوتوونەتە نێو (چاڵی) گوناهباریيەوە...

ئەوانە خودی خۆیان تووشی فیتنە بوون، کەوتوونە ناو چاڵی گوناهباریيەوە هەر نەچوونیان فیتنە و گوناح و تاوان بووە. کەوابێت مانەوەی ئەو کەسە خۆی مایەی ئاژاوە و ناسەقامگیری و کێشەیە، بۆیە کاتێک باسی ئەم بابەت و پرسانە دەکرێت، پێویستە کەسانی خاوەن زانست هەموو ڕووەکانی بە فراوانی ببینێت و باس بکات، نابێ تەنها ئەم فەتوایە بخاتە ڕوو و بڵێت زانایان لەگەڵ ئەوەن کە دەسەڵاتداران، مادام مسوڵمان بن ئەگەر زاڵم و ستەمکاریش بن و حەقیشت بخۆن و بە داران لە پشتت بدەن، هەر دەبێت گوێڕایەڵ بیت و موو نەپسێنێت، نەخێر وا نییە، بەڵگەش زۆرە و، ئەگەر هەر باسیشی دەکەیت دەبێت وا باسی بکەیت، بەڵێ ئەگەر ئەوانەی زانا و شارەزان و خاوەن پسپۆڕین لەو بابەتە و لەنێو قەزیەکەن لێکیان دایەوە و بۆیان ڕوون بووەوە کە فیتنە و ئاڵۆزی و کێشەو گرفتی زیاترە لەوەی کە بمێنێتەوە، ئەو کاتە دەستکاری ناکرێت.

بەڵام بەم فەتوایە بـا خەڵـک نەترسێنرێت و خەڵـک بێهەڵوێسـت نەکرێـت، چونکە ئەمە لە ڕابـردوودا زۆر سـوودی لـێ بینـراوە بـۆ مـانەوەی دەسـەڵاتداری ستەمکار و گەندەڵ و خۆسەپێن گوتوویـانە مـادام مسـوڵمانە، نابێت بە ڕوویـدا هەڵشـاخێیت و نـارەزایەتی دەربڕیت، ئێستاش ئەم جۆرە بۆچوون و کەسـانە هەن کە زۆر جار لێ نەگەڕاون خەڵک دەنگ هەڵبڕێت و داوای مافی خۆی بکات و، بڵێـت فلاّنـکەس سـتەمکار و زاڵـمە، نەخێـر ئەوە پـێچەوانەی شـەریعەتە و پێچەوانەی سوننەتە، چونکە خەلیفەی مسـوڵمانانیش هەبـووە، کەچی مسـوڵمانان لە بەرانبەری ڕاوەستاونەتەوە و لادان و ستەمیان قەبوڵ نەکردووە و لە هەندێک قۆناغ و سەردەم شۆڕشیان لە دژ بەرپا کردوون.

باسی چوارەم:
میکانیزمی گۆڕینی دەسەڵات لە ئیسلامدا

ئاشکرایە گۆڕینی دەسەڵات پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەڵکوو پێویستیی بە میکانیزمی گونجاو و دەستەبەرکردنی ژینگەی گۆڕانکاری دەبێت، بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان و لێکەوتەی خراپ تەواو بێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت، ئەوا هیچ گرفتێک دروست نابێت، بەڵام ئەگەر ئەو گرێبەستەی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هەبوو جێبەجێ نەکرا، ئەوا لێرە کێشە دروست دەبێت، کەواتە دوو ڕێگر هەیە بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵات، یەکێکیان بە ڕێگەی پەیڕەوی کە خولەکەی خۆی تەواو کرد، ڕێگەی دووەم، بە ناچاری لە لایەن خەڵکەوە لاببرێت لە حاڵێکدا پابەند نەبوو بە بەڵێنەکانی، بە چ شێوەیەکە، میکانیزمەکەی چۆنە؟

هەر کاتێک ئەو کاربەدەستانە بە شێوەیەکی زەق تاوانە گەورەکانیان ئەنجام دا، هەر تاوانێکی گەورە لە زوڵم و غەدر لە موڵک و مافخواردنی خەڵک لە لادان لە بنچینە و بنەما گەورەکانی شەریعەت، هەر کاتێک بە ئاشکرا تاوانیان کرد، بە ئاشکرا خیانەت و غەدریان کرد و بە ئاشکرا سیفەتی زاڵمیان وەرگرت، چونکە جاری وایە کەسەکە ستەم دەکات، بەڵام نابێتە ستەمکار، ستەمکار واتا ئەو کەسەی کە ئەوەندەی ستەم کردووە، ئەو ستەمە بووەتە بەشێک لە کیان و وجوودی، هەر کاتێک ئەمانە بینران، ئەوە مافی خەڵکە لاببەرن و بیگۆڕن.

بەڵام ئەمەش سیستەم و میکانیزمی خۆی هەیە و بە گەڕەلاوژە نابێت، هەر کەسە و خۆی بە کۆیخا و بە ئاغای وڵات بزانێت، نەخێر، بۆ لابردنیش ڕێکاری خۆی هەیە، هەر وەک چۆن بۆ دانان ڕێکار و ڕێبازی خۆی هەبوو، بۆ لادانیش هەر سیستەم و ڕێکاری خۆی هەیە و بەپێی ڕێکارەکانی ئەنجام دەدرێت. بێگومان لە کۆمەڵگەی مسوڵمانان دەستوور هەیە وەک چۆن ئێستا لە عێراق

دەستوور هەیە، لە وڵاتانی دیکەش دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە. جا بەپێی ئەم دەستوورە ڕێکارەکان دیاری کراون سەرۆکی وڵات تا کەی لەسەر حوکم دەبێت و چ کاتێکیش لادەبرێت، بە تایبەتییش کاتێک زوڵم و ستەم و خراپەی کرد و گرێبەستەکەی لەگەڵ خەڵک هەڵوەشایەوە و ڕێککەوتنی پێشێل کرد، ئەو کات بەپێی ڕێکارەکان لادەبرێت و هەر بەپێی ئەم ڕێکارانەش کە ڕێکاری یاسایی و دەستووری و شەرعییە، خەڵکی تر دادەنرێت.

لە سیستەمی پەرلەمانی دانانی سەرۆک لە هۆڵی پەرلەمان دەبێت و بە دەنگدانی پەرلەمانتاران یەکێک دەبێتە سەرۆکی وڵات، ئاشکرایە هەر پەرلەمانیش دەتوانێت ئەو متمانەی لێ وەربگرێتەوە، ئەگەر بە (نیو کۆ یەک) دانرابێت، ڕەنگە بە دوو لەسەر سێ لایبات، یان بە نیو کۆ یەک لایدەبات، بەپێی سیستەم و ئەو یاسایەی کە بەرکارە لەو وڵاتە و لەسەری ڕێک کەوتوون، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە دەبێت سیستەمێک هەبێت و بە گەرەلاوژەیی ئەم کارە ناکرێت.

کەواتە ئیسلام بۆ هەموو شتێک ڕێکار و پەیڕە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دەبێت خەڵکێک هەبێت ئەم یاسایانە بە وردی لە شەریعەت هەڵێنجێت و، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەم ڕێکارانە نەبوون یان نەگیرانە بەر بۆ لادانی سەرۆکی وڵات، خەڵک ناچار دەبێت پەنا بۆ ڕاپەرین و شۆڕش ببات، واتە دەبێت یاسا و شەریعەت سەروەر بێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ گۆڕانکاری لە سەرۆک و لە کاربەدەستانی وڵات، بۆ چاکسازی، ئەگەرنا خەڵک ناچار دەبێت دەست بۆ شێوازی دیکە ببات بۆ گۆڕانکاری و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.

بەڵام ئەگەر بە ئیسلام بەڕێوە بچێت و خەڵکەکە پابەندی شەریعەت بێت و کاربەدەستانیش ملکەچی یاسا و شەرع بن، ئەو کاتە هیچ پێویست بە شمشێر و ڕاپەڕین ناکات و، پەسەندیش نییە، ڕەنگە ئاژاوە و کێشەی گەورەی لێ

بکەوێتەوە، کە هەموو کۆمەڵگە و خەڵک تێیدا سەراسیمە و زەرەرمەند بن.

دەرەنجام دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دوو قوتابخانە هەیە، قوتابخانەیەک کە قوتابخانەی شەریعەتە، قوتابخانەی پێغەمبەری خوایە «ﷺ» بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری خەڵک، بۆ دانانی کاربەدەستان و لابردنیشیان بە شێوەیەکی شێنەیی و ئارام و شەرعی و زۆر بە ئاسایی، ئێمە خوازیاری ئەم قوتابخانەین پەیڕەوی لێ بکرێت و سەر بکەوێت و، پشتیوانی دەبین پشتیوان بە خوا.

قوتابخانەیەکی دیکەش هەیە کە قوتابخانەی ڕاپەڕین و شۆڕشە و خەڵک و میللەت ناچار دەکات ڕێگەیەکی دیکە بگرنە بەر کە زۆر جار قوربانیی زۆری لێ دەکەوێتەوە، خەڵک تووشی گرفتاریی زۆر دەبن و، وڵات کاوڵ دەبێت و ژێرخانی ئابووری وێران دەبێت و، سیستەمی وڵات تێک دەچێت، سەقامگیریی سیاسی ئاڵۆزیی تێ دەکەوێت و سەقامگیریی ئابووری نامێنێت و، شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپچڕێت، ئەمە قوتابخانەی دووەمە، یان ڕێگەی دووەمە بۆ لابردنی کاربەدەستان، کە ئێمە بە پەسەندی نازانین، بەڵام ئەوە بە دەست ئێمەش نییە، جاری وا هەیە دەسەڵات بە هیچ یاسا و ڕێسایەک پابەند نابێت، نە بە یاسای خۆی، نە بە شەریعەت، نە بە ئامۆژگاری و نە بە دڵسۆزی، خەڵک ناچار دەکات بە شێوازێکی دیکە گوزارشت لە ناخیان بکەن و داوای خواستەکانی خۆیان بکەن و بە ناچاری ئەم ڕێگەیە دەبێتە بژاردەی گۆڕانکاری.

بەشی نۆیەم
ئازادیی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا

ئازادی، بابەتێکی گرنگە و پەیوەندیی بە هەموو ژیانی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ بە گشتی بە مسوڵمان و نامسوڵمانیش، لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا بێت، یان کۆمەڵگەیەکی نائیسلامی، ئازادیی مرۆڤ شتێک نییە کە مرۆڤەکان بە یەکتریان بەخشی بێت، بەڵکوو خوای کاربەجێ بە مرۆڤی بەخشیوە، هەر لەو ڕۆژەوەی کە خوای مەزن فەرمووی: ﴿قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ﴾ (٧٥) ص.

واتە: ئەی ئیبلیس! چی نەیهێشت کە کڕنووش (ی سڵاوکردن و ڕێزگرتن) بۆ کەسێک ببەیت کە بە دەستی خۆم (بە شێوەی تایبەت) دروستم کردووە، هەر (لە بەرانبەر ئادەمدا) خۆت بە زل گرت، یان (پێت وایە) هەر لە باڵایانی (و لەوە بەرزتریت کڕنووشی ڕێزگرتن بۆ ئادەم ببەیت)؟

لێرەدا خوای گەورە بە ئیبلیس دەڵێت ئەوە چی وای لێ کردوویت و ڕێی لێ گرتوویت، کە کڕنووشی ڕێز بۆ ئادەم ببەیت، کە بە دەستی خۆم دروستم کردووە، لێرەدا بە دەستی خۆم دروستم کردووە، واتە: بە ڕاستی فەزڵی هیچ کەسێکی دیکە بەسەر مرۆڤەوە نییە و، مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تر ڕێزدارتر و گەورەترە.

پاشان خوای بەتوانا مرۆڤی خوڵقاندووە و، بە ئازادییش خوڵقاندوویەتی، کەواتە دروستکەرەکەی و بەدیهێنەرەکەی خودایە و، کەسێکی دیکە نییە فەزڵ و منەتی بەسەر مرۆڤدا هەبێت، تا بڵێت من تۆم پەیدا کرد، دەبێت بەم شێوەیە بجووڵێیەوە، بەم شێوەیە بژی و ڕەفتاربکەیت کە من دەمەوێت، ﴿فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا﴾ (٨) الشَّمس.

واتە: سوێند بە نەفس و بەوەی ڕێکی خستووە مرۆڤ ئازادە، بەڵام فیرعەون چونکە خوای بە ناحەق و ساختەیە، خۆی لە خەڵک کرد بە خوا و دەیگوت: ﴿...مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَىٰ وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ﴾ (٢٩) غَافِر.

واتە: ... فیرعەون گوتی: تەنیا ئەوەتان پیشان دەدەم کە خۆم دەیزانم (ڕاست و دروستە) و بۆ جگە لەسەر ڕاستییش ڕێنماییتان ناکەم.

﴿...أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ (٢٤)﴾ النَّازِعَات.

واتە: من بەرزترین پەروەردگارتانم و هەموو شتێک بۆ خۆمم.

هیچی بۆ نەکردوون و بواری بە هیچ کەس نەدەدا بۆچوونێکی هەبێت ﴿...مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَىٰ وَمَا... (٢٩)﴾ غَافِر.

واتە: ... فیرعەون گوتی: تەنیا ئەوەتان پیشان دەدەم کە خۆم دەیزانم... بەو مانایەی کە هیچ شتێک نییە بە لای ئێوەوە پەسەند بێت مەگەر ئەوەی من پەسەندم کردووە، هەر ئەو ڕێگەیە ڕاستە کە من پیشانتان دەدەم، من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم. لەم ڕووەوە دەردەکەوێت لۆژیک لە شەریعەت و بەرنامەی خوای میهرەبان شتێکە و، لای فیرعەون و ئەوانەی بە ڕێچکەی فیرعەوندا دەڕۆن، شتێکی دیکەیە.

هەر سەبارەت بە ئازادی، پێم وایە ئازادیی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لەوە دەست پێ دەکات کە خوای کارزان ئەم مرۆڤەی خوڵقاندووە، بێجگە لەوەش خوای بەدیهێنەر هەر لە ناخەوە مرۆڤی ئازاد خوڵقاندووە، ئەگەر تەماشای ئەو قسەیەی پێشەوا عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر) بکەین کە دەفەرموێت: (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحراراً)، واتە: هەر لەو کاتەوەی کە مرۆڤ پەیدا دەبێت، هەر بە ئازادی خوڵقێنراوە و هیچ کۆت و بەند و زنجیرێکی لەسەر نییە و بە ئازادی دێتە ئەم دونیایە، جگە لە خوای خاوەن منەت کەس ناتوانێت منەتی بەسەردا بکات و، خۆی ئازادە و هەر کاتێکیش مرۆڤ لە ناخی خۆی ئازاد بوو، هەموو کۆت و بەندی دونیا ناتوانێت بیبەستێتەوە و ئەم ئازادییەی لێ زەوت و سنووردار بکات.

بەڵام ئەگەر کەسێک لە ناخیدا ئازاد نەبوو و، ئازادیشی بکەیت هەر حەز بە

کۆیلایەتی دەکات و، دەچێتەوە سەر ئەو ڕێگەیەی کە بەرەو کۆیلایەتی و بەندایەتیی شتی پووچی دەبات، وەک ئەوەی سەردەمی فیرعەون و سەردەمی مووسا (علیه الصلاة والسلام) چۆن مووسا بە چ شێوەیەک بانگی ئەو خەڵکەی دەکرد و حەقیقەتیشی پێ دەگوتن، کەچی ئەوان ڕێک دەگەڕانەوە بۆ لای فیرعەون بۆ ئەوەی بە ژێردەستەیی بمێننەوە.

لە واقیعی خۆیشماندا نموونەمان زۆرە، خەڵک کاتێک فێری بەندایەتیی بەندەکان بوو، و کۆیلایەتییش بوو بە بەشێک لە ژیان و ناخی، هەرچەند هەوڵ بدەیت ئازادی بکەیت، کەچی ئەو هەر ئارەزووی کۆیلەیی و کۆیلەبوونی هەیە.

لەم واقیعە سیاسییەی خۆمان زۆر جار ئێمە بەرگریمان لە خەڵکێکی ستەملێکراو و مافخوراو کردووە، خەڵکێک کە لە چینی خوراوەیە و مافی پێ نەدراوە، مافی خۆیەتی لە داهاتی ئەم وڵاتە پشک و بەشی هەبێت، لەگەڵ ئەوەش دەبینیت ستەملێکراوە و مەغدوریشە، بەڵام هەر بەرگری لە ستەم و گەندەڵی و ستەمکاران دەکات! دەقی بەم دۆخەوە گرتووە و فێر بووە و، بەبێ کۆیلایەتی و بەبێ عبودیەتی کەس و شتەکان ناحەوێتەوە و ئیدارە ناکات و ئازادیشی بکەیت، ڕەتی دەکاتەوە!

نموونەیەکی واقیعی دەهێنمەوە، هەرچەندە تۆزێک لە بابەتەکە دوور دەکەوینەوە، بەڵام هەر بە پێویستی دەزانم بیبەستمەوە بە هەردوو پرسی ئازادی و کۆیلەیی، لە سەردەمی وەزیریمدا لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دوو تا سێ کۆمپانیا گەنمی بنەتۆویان دەهێنا، ئەوە بوو ڕێنماییمان دەرکرد، کە هەر کۆمپانیایەک و هەر جووتیارێکی نموونەیی دەتوانێت گەنمی بنەتۆو بێنێت بەپێی ڕێنماییەکان، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە لای کۆمپانیاکان کە پێشتر ژێردەستی دوو سێ کۆمپانیای زەبەلاح بوون، کە هاوردەکردنی گەنمی بنەتۆیان

قۆرخ کردبوو، نووسراومان بۆ دەکردن، گوتمان: هەر کۆمپانیایەک دەتوانێت هەزار تەن بنەتۆو بێنێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو نووسراوانەی ڕێگەپێدان بە کۆمپانیا زەبەلاحەکان نەفرۆشنەوە.

کەچی ڕێگەپێدانەکانیان بە بڕێک پارە بە کۆمپانیا زەبەلاحەکان فرۆشتبووەوە، گوتم: خەڵکمان ئازاد کردووە و کۆت و زنجیرەکانمان بۆ لابردوون، کەچی خەڵکانێک هەر پێیان خۆشە بە کۆیلەیی بمێننەوە و حەز ناکەن ڕزگار و ئازاد بن و، دووبارە چوونەوە ژێردەستی ئەوان، دوایی بە درەنگەوە پێیان زانی کە ئەم نووسراوانەی بۆمان کردبوون تا ئازاد بن، بەڵام بە داخەوە بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان فرۆشتووەتەوە!

باسی یەکەم:
بنچینە و بنەماکانی ئازادیی ڕادەربڕین

لە شەریعەت و بەرنامەی خوای مەزندا چەند بنچینەیەکمان هەیە کە بنەمای گەورەن بۆ بیروڕای ئازاد و بۆ ئازادیی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین، یەکەمیان ئەوەیە کەلەم ئایەتەوە وەردەگیرێت، کە خوای بێوێنە دەفەرموێت: ﴿ لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٥٦) البَقَرَة.

واتە: تۆبزکاری لە ئایینـدا نیـیە، سەرڕاستی و گـۆمڕایی لە یەکـدی جیـا بوونەوە، جا هەر کەس کوفر بە طاغوت بکات و بڕوا بە خوا بێنێت، ئەوە دەستی بە قوڵفەیەکی قایم گرتووە، کە لە پچڕان نایەت، خوا بیسەری زانایە.

ئەم ئایەتە (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) مانـاکەی زۆر ڕۆشنە بـۆ هەمـوو لایەک کە زۆرلێکـردن لە دینـدا نیـیە، خـوای گەورە زۆر حەکـیمە و فەرمایشتەکەشـی لەوپەڕی حیکمەت و وردەکاریدایە، نافەرموێت: زۆرلێکردن لە نـوێژدا نیـیە، زۆرلێکردن لە بەڕۆژووبوونـدا نیـیە، لە حەجکردندا نیـیە، بەڵکوو دەفەرموێت: زۆرلێکردن لە ئایینـدا نیـیە، واتە: تۆ ناتوانیت زۆری و تۆبزی لە خەڵک بکەیت تا دیندار و مسـوڵمان بێت، تەفسیری ئەم بەشـە ئایەتە ئەم ڕاسـتییە زۆر ڕۆشـنتر دەکاتەوە (قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ). دوایی بە دڵنیایی کە خوار و ڕاست و حەق و ناحەق لێـک جیـا بـووەتەوە و زۆر ڕۆشنە، (تَّبَيَّنَ) زۆر ڕۆشـن بـووەتەوە، زۆر ڕوونە، ئەمەش لە کاتێکـدایە لەگەڵ ئەوەی حەق و نـاحەق بـۆ کەسـێک زۆر ڕۆشنە، بەڵام ناتوانیت زۆری لێ بکەیت، واتە هیچ پرسیار و ئیشکاڵێکی لەسەر بابەتەکـانی دیـن نیـیە، ئەی ئەگەر بـۆی ڕۆشـن نەبـووبێتەوە، ئەو کـات بە هـیچ شێوەیەک بۆت نییە زۆری و تۆبزیی لێ بکەیت.

پێشی ئەم ئایەتەش ئایەتی کورسی هەیە، ئایەتی کورسی گەورەترین ئایەتە لە قورئاندا و، باسی پەرستراوێتی و گەورەیی و مەزنیی خوای باڵا دەست دەکات، سەرەتا خوا بەوە دەست پێ دەکات کە پێویستە هەر خوا بپەرسترێت، هەر خوا بناسرێت، ڕووت هەر لە خوای بێت، دڵت هەر بە خواوە پەیوەست بێت، چونکە سەرچاوەی ئازادیی ڕاستەقینە لەوێوە دەست پێ دەکات. مرۆڤ کاتێک تەنها ڕووی لە خوا بوو، کاتێک تەنها دڵی پەیوەست بوو بە خوای گەورە، کاتێک تەنها لە خوا ترسا و شەرمی لە خوا کرد، خوای بە گەورە زانی، ئەوی بە خاڵق و بەدیهێنەر و بە ڕۆزیدەری خۆی زانی، ئازاد دەبێت و کەسیش ناتوانێت هیچ کێشەیەکی لەمانە بۆ دروست بکات، ڕەنگە بتوانێت ئەزیەتی بدات و بیگرێت و سجنی بکات، ڕەنگە بتوانێت بیکوژێت، بەڵام ناتوانێت ئەو قەناعەت و بیروباوەڕەی کە هەیەتی لێی بستێنێت و، ناتوانێت ئەم قەناعەتەی کە هیی مرۆڤێکی ئازادە، لێی زەوت بکات، چونکە لەو بیروباوەڕ و خواناسییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سەرچاوەی هەموو ئازادبوون و بەختەوەرییەکە.

(لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّين) ئەوە خوای بەرز بڕاندوویەتییەوە، هەتا بە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت. «ﷺ»: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا... ﴾ (٩٩) يُونُس.

واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای (تۆبزی بکات)، هەموو ئەوانەی لەسەر زەمینن، تێکڕایان، وێکڕا بڕوایان دەهێنا.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿...أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ (٩٩) يُونُس.

واتە: ئینجا ئایا تۆ خەڵک ناچار دەکەیت تاکوو ببنە بڕوادار، مسۆگەر هیچ کەسێک بە مۆڵەتی خوا نەبێت، بۆی نییە بڕوا بێنێت، هەروەها (خوا) پیسی (کوفر) دەخاتە سەر ئەوانەی نەفامن.

بەو مانایەی ئایا تۆ زۆر لە خەڵک دەکەیت هەتا بڕوا بێنن، ئەوە (الاستفهام الاستنكاري)یە، واتە: نەخێر بۆت نییە زۆر لە خەڵکی بکەیت تا بڕوا بێنن، ئەمە زۆر بە ڕۆشنی ڕووی لە پێغەمبەری خوا کردووە (ﷺ)، واتە: خەڵک هەر لە سەرەتاوە سەبارەت بە دینداری و بێدینی و مسوڵمانبوون و مسوڵمانەنەبوون، خەڵک ئازادە لە بە زۆر خەڵک دینوەرگرتن و ڕەتکردنەوەی، چونکە خوا بە ئازادی خوڵقاندوونی، چ جای بە هەندێک وردەکاری پابەندی بکەیت. بنچینەیەکی دیکەمان هەیە لە شەریعەتی خوای گەورە فەرمان بە چاکە هەیە و ڕێگری لە خراپە هەیە، ئەمەش هەر جۆرێکی دیکەیە لە ئازادی، هەیە دەڵێت ئەوە سنوردارکردنی ئازادییە، نەخێر، ئەم بابەتە جیاوازە و پەیوەندیی بە ئازادی لە بیروباوەڕدا نییە، چونکە لە چوارچێوەی ئادابی گشتی، ڕێنمایی و یاسای گشتی، بۆ هەموو خەڵک وەک یەک وایە. لە شەریعەت و بەرنامەی خوای مەزن لە حوکم و لە دەسەڵاتێکی ئیسلامیدا، بۆ نموونە: جاران مەشڕووب وەک ئێستا نەبوو لەسەر جادان دابنرێت، بۆیە کارێکی لەم چەشنە جا هەر کەسێک بیکات، پێچەوانەی ئادابی گشتی و یاسای گشتیی ئیسلام ڕەفتاری کردووە، ئەو کاتە بۆم هەیە بڵێم ئەوە چییە بۆ داتناوە، ئەو مافەت نییە ئەمە دابنێیت لەسەر شەقام، لە ماڵەکەی خۆت لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ خۆت دەیخۆیتەوە، بۆ من نییە چاودێریت بکەم و بە دواتدا بگەڕێم.

کە لە ماڵەکەی خۆیدایە ناتوانیت بچیتە سەری وەک زانایان باسیان کردووە، بچیت مالآن بپشکنیت بڵێیت ئەوە شتی حەرامی لێیە، ئەوە بابەتێکی دیکەیە، بۆیە باسی سەرشەقامم کرد لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە زۆر زەقە و بە ئاشکرا هەیە. کەچی لە ئەورووپا شتی وا نییە، لە دوکانەکان هەیە ئاساییە و جیاوازە، بەڵام لەسەر شەقامەکان و لەنێو سەنتەری شار خەڵک بەو ڕەهاییە نایخواتەوە، نەک هەر (مەی)، بەڵکوو ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە شوێنە گشتییەکان جگەرەش قەدەغە کراوە.

ئەوە جۆرێکی دیکەیە لە ئازادی، واتە تۆ ئازادیت لەوەی بڵێیت ئەمە نابێت، واتە: شەریعەت ڕێی پێ داویت کە بڵێیت ئەمە نابێت، یان کارێک کە پێویست بکرێت کە نەکرێت، بۆت هەیە لە بازنەی فەرمان بە چاکە، یانی چاکەیەک کە پێویستە بکرێت، بۆت هەیە تۆ قسەی لەسەر بکەیت و خەڵک هان بدەیت، ئەوە ئازادی بەرتەسککردنەوە نییە، خراپەیەک کە زیانی بۆ خۆیشی و بۆ کۆمەڵگەکەشی هەیە، بۆت هەیە بڵێیت نابێت بیکەیت، بەڵام ئەو فەرمان بە چاکە دەبێت بە چاکترین شێوە بێت. ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ... ﴾ (٩٦) المُؤمِنُون.

واتە:...(کەواتە) نۆ بە کام شێواز باشترە، خراپە (ی وان) بەرپەرچ بدەوە... و پاڵی پێوە بنێت.

پاڵ بەو شتە خراپەوە بنێ بە چاکترین شێوە، نەک بە چاکیش بە چاکترین، ئەوە بۆ خراپەکەی، لە فەرمان بە چاکەکەش هەر دەبێت بە چاکترین شێوە بێت و، لابردنی خراپەکەش و ڕێگریکردن لە خراپەکەش هەر دەبێت بە چاکترین شێوە بێت، ئەویش نابێت بە خراپە بێت، خراپە بە خراپە لاناچێت، چاکەش بێگومان بە شێوەیەکی چاک دەبێت بگوترێت و نابێت بە شێوەیەکی خراپ بگوترێت. بۆیە ئەمە بنچینەیەکی دیکەیە، دیسان کە تێبان دەگەیەنێت و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بەڵێ خەڵک ئازادە و بۆی هەیە فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگری لە خراپە بکات. لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراو لە ولاتی ئیسلامیدا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە کە ئەم ئەرکەیان پێ سپێرداوە.

گرنگیی ئازادی چییە؟ سوودەکانی ئازادی چییە؟ یانی ئازادیی بیروڕا، ئازادبوونی مرۆڤەکان چەندە گرنگیی پێ دراوە و چەندە سوودی هەیە؟

یەکێک لە بنچینەکانی دیکە ئەوەیە کە مرۆڤەکان بیروڕای ئازاد و بیروڕای خۆیان دەخەنە ڕوو، بیروباوەڕی خۆیان بۆ خۆیان هەڵیدەبژێرێن و تێیدا ئازادن لە ڕووی خەمخۆری و گرنگیپێدانەوە بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، چونکە پێغەمبەران (دروودی خوایان لێ بێت) کاتێک ئەمەیان کردووە، هەمیشە بە

گەلەکەیان گوتووە: (إني لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ). واتە: بێگومان من دڵسۆزێکی ئەمیندارم بۆ ئێوە.

ئەو کەسەی کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات، دوو مەرجی پێویستن: (ناصح) بێت و (أمين) بێت، ناصح واتە دڵسۆزی و خەمخۆری و، پەرۆشی بۆ ئەو کەسە، امین واتە: لە هەموو ڕووێکەوە خەڵکەکە لەو مرۆڤە دڵنیایە کە چاکەی ئەوانی دەوێت، چاکەی کۆمەڵگەکەیانی دەوێت، بە پەرۆشە بۆ ژیان و داهاتوو و ئایندەی گەل و وڵاتەکەیان.

دەبێت ئەم دوو سیفەتە تەواو ڕۆشن بێتەوە کە ئەم کەسە دڵسۆزی ئەو خەڵکەیە و بە پەرۆشە بۆیان، ئەگەرنا ئەم کەسەی کە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات، بۆ خۆی خراپ بێت، خەڵک لێی وەرناگرێت، دڵسۆز نەبێت و ئامانجێکی دیکەی هەبێت، نە خوای گەورە لێی وەردەگرێت و، نە خەڵکەکەش بڕوای پێ دەکات، یان ئەگەر هاتوو خەڵکەکە ئەوەی لێ بخوێنەوە کە ئەم کابرایە کەسێکی باش نییە. بۆیە پێم وایە یەکێک لە بنچینەکانی دیکەی ئەو فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیە، وەک چۆن ڕێوشوێنی پێغەمبەران پێیان نیشان داوین (سەلاّت و سەلامی خوایان لەسەر بێت) بریتییە لە دڵسۆزی و ئەمینداری.

سەبارەت بە پرسی ئازادی، بۆچی ئازادی ئەوەندە گرنگە باسی بکەیت؟ یاخود سوودەکانی چییە؟ لە هەر کۆمەڵگەیەک خەڵکەکە تێیدا ئازاد بێت، ئەم کۆمەڵگەیە دەتوانم بڵێم ژیان تێیدا گەشەدار و ئارام و ئاسوودە دەبێت و، شارستانییەت و مەدەنییەت هەم دروست دەبێت، هەم بەرەو پێشیش دەڕوات، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دروست دەبێت، بۆ؟ کاتێک خەڵک ڕەخنە لە لایەنە نەرێنی و خراپەکانی کۆمەڵگە دەگرێت، لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ڕووی پەروەردە و خوێندنەوە، لە ڕووی عادات و کولتوور و ئەخلاق و ئادابەوە، ئەوانە هەمووی وا دەکات کە ئەم خەڵکە ڕەخنە بگرێت لەم

دەسەڵاتە، لەم شێوازی حوکمڕانییە، ئەمەش وردە وردە بەرەو پێشی دەبات، ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و ئەویش ناچار دەبێت بە خۆیدا بێتەوە.

لەم کۆمەڵگەیەی خۆیشمان هەرچی بکەیت کەس قسە ناکات، کۆمەڵگە هەرچیی لێ بەسەر بێت، کەس نوقەی لێوە نایە، بە پێچەوانەوە خەڵک دەبێت چاکە و فەزڵی ئەمانە ببینن کە دەنگ هەڵدەبڕن و قسە دەکەن و ڕەخنە دەگرن، ئەوە ئازادییە، جا چەند دەسەڵات ڕێگەی پێ داوە یان پێی نەداوە، ئەوە بابەتێکی تڕە، بەڵام گرنگ ئەو مرۆڤە ئازادە، ئەو مرۆڤە بەبێ منەتی و بەبێ ترس، ڕای خۆی دەڵێت و، لەم ڕووەوە سوودێکی زۆر بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

کەواتە بە بوونی ئازادی، ولّات لە هەموو ڕووێکەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەگەر ئازادی نەبێت یەک جۆر سیستەم و یەک جۆر بەڕێوەبردنی ولّات پەیدا دەبێت و فرەڕەنگی نابینرێت و وەک کۆریای باکووری لێ دێت، بێگومان خراپتریش دەبێت، ئەو کۆمەڵگەیانەی ئێمە تۆزێک جیاوازییشیان هەیە، بۆیە مرۆڤ دەبێت بۆ خۆی ئازاد و ئازا بێت، دوو وشەن، هەردووکیان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و پێتەکانیشیان یەکن، خۆی دەبێت سەرکردە و دەسەڵات و حوکمڕان ئەمە فێری خەڵکی بکات، پێشەوایانی ئێمە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت) هەر لە ئەبوبەکری سدیقەوە، بگرە هەتا ئیمامی عەلی و، دواییش پێشەوایانی تریش کە لەسەر ڕێوشوێنی ئەوان و پێغەمبەری خوا ڕۆیشتبوون (ﷺ)، ئەبوبەکر چیی فەرموو؟ فەرمووی: (إني قَدْ وُلِّيتُ عَلَيكُم وَلسْتُ بِخَيرِكُم)، واتە: من دانراوم بە سەرپەرشتیکاری ئێوە، بەڵام لە ئێوە چاکتر نیم، بۆیە فەرمووی: (فإن أحسنتُ فأَعينوني) ئەگەر چاکم کرد هاوکارم بن، (وإن أسأتُ فقوِّموني) ئەگەر خراپم کرد ڕاستم بکەنەوە. ئیمامی عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) هەر بە هەمان شێوە (إذا رأيتُم أَعوجَاجاً فيَ فَقَومُوني) ئەگەر خواریيەکتان لە من بینی ڕاستم بکەنەوە. ئەوانە بۆ خۆیان ڕێگەیان بۆ خەڵک خۆش کردووە، کە خەڵک ڕەخنەیان لێ بگرێت. نەک خەڵک دەمکوت بکرێت و

بیروڕای خەڵک کپ بکرێتەوە، ئەگەر هەر کپ بکرێتەوە، لە کۆتاییدا دەتەقێتەوە و لەوانەشە تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێت. جارێک کابرایەک بە ئیمامی عومەر دەڵێت: (اتق الله) لە خوا بترسێ و پارێز لە خوا بکە، گوتیان ئەوە بە ئیمامی عومەر دەڵێیت؟ گوتی: لێی بگەڕێن، فەرمووی: (والله لا خَيْرَ فيكُمْ إنْ لَم تَقُولُوها وَلا خَيْرَ فِيْنا إنْ لَمْ نَسْمَعَها). واتە: خێرتان پێوە نییە، ئەگەر نەیڵێن و خێریشمان پێوە نییە، ئەگەر نەیبیستین، کەواتە دەبێت دەروبەریش فێر بکرێن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادیی بیروڕادا دەکەن. لۆژیکی کار و بیرکردنەوەی ئەوان ئاوا بووە و خەڵکیان وا فێر کردووە و زەمینەیان بۆ ڕەخساندووە، بۆیە پێم وایە کۆمەڵگە و دەسەڵات و حوکمڕانیی بە بیروڕای ئازاد و بە خەڵکی ئازاد زۆر چاک بەرەو پێش دەچێت.

کەواتە ئازادی کە ئەوەندە گرنگە و، لەوەش گرنگتر مرۆڤ دەبێت ئازا بێت، بەڵام ئایا بە ڕەهایی؟! ڕەچاوی بنچینە و بنەما و هیچ عورف و عادەتێک نەکات و پابەند نەبێت بە هیچ ئاداب و ڕێنماییەک؟ هەندێک لەو بابەتانەی پەیوەستە بە ئازادییەوە، بە جۆرێک ئازادییەکە وای لێ بکات حیساب بۆ هیچ کۆت و بەند و سنوورێک نەکات؟

بێگومان هەموو بابەتێک پێوەری خۆی هەیە و هیچ شتێکیش نییە، بێجگە لە دەسەڵاتی خوای گەورە لەم دونیایە و لەم بوونەوەرەدا سنووردار نەبێت. بەو مانایەی هەتا تەمەنی ئەم بوونەوەرە و داهاتووی ئەم بوونەوەرە سنووردارە. کاتێک نەبووە و ڕۆژێکیش دێت کۆتاییی پێ دێت، ئەوە خودایە کە بێسەرەتا و بێکۆتایە، ئەوەی سەرەتای هەبێت، کۆتاییشی هەیە.

کەواتە هیچ شتێک نییە لەم دونیایەدا سنووری نەبێت، هەموو شتێک سنووری هەیە، لە هەر هێزێکەوە بگرە لە بچووک تا گەورە هەمووی سنووردارە، بەپێی لۆژیک و بەپێی یاساکانی ئەم بوونەوەرەش و بەپێی شەریعەت و بەرنامەی خوای بێوێنە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروڕاش، ئەویش سنووری

هەیە، لە هەموو دونیا و لە هەموو بیروباوەڕێکیش و لە هەموو سیستەمێکیش. بۆ نموونە سەیری عەلمانییەتی ڕۆژئاوا بکە، لە ولاتانی ڕۆژئاوا پانتاییی ئازادی زۆر فراوانە، بە سیستەم و یاسا و، بە واقیعیش خەڵکیان ئازاد کردووە، بەڵام ئایا ئەو ئازادییە بێسنوورە؟!

لەم ولاتانە سیستەم و یاسا و دەستوور هەیە کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی دانراوە، دەستووری هەر ولاتێک بۆ ولاتێکی دیکە جیاوازە. بەسەرهاتێکیش لە بوونی جیاوازی لە دەستووری ولاتانیش وەک نموونە دەیهێنمەوە، ئەویش سەفەرێکیان لە سوید لەگەڵ هەندێک برادەر بە باخیرە بەرەو فینلەندا بەڕێ کەوتین، لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە بەڕێ کەوتین کاتژمێر ٧ بۆ ٨ی بەیانی گەیشتین، لەناو باخیرە شوێنێکی لێ بوو وەک قاوەخانە و کافێ، چای لێ دەخۆیەوە، ئامێرێکی لێ بوو، جۆرێک بوو لە قومار و لە یانەسیب، ئەم جۆرە یارییە لە یاسای سویدی ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام کە گەیشتین بە سنووری ئاویی فینلەندا، ئەم ئامێرە داخرا، واتا تا سنووری سوید کراوە بوو لەبەر ئەوەی ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام کاتێک گەیشتینە سنووری ئاویی فینلەندا، داخرا، ئەمەش ڕێزێکە بۆ یاسا و دەستووری ولاتی فینلەندا، چونکە ئەو جۆرە یارییە بە یاسا لە ولاتی فینلەندا قەدەغەیە.

هەر ولاتە و یاسا و ڕێنماییی خۆی هەیە بۆ هەندێک شت، لەم ولاتە شتێک ڕێگەی پێ دراوە لە ولاتی دیکە ڕێگەی پێ نەدراوە. ئێستا زۆر کەس باسی سوید دەکات وا دەزانێت سەرچاوەی بەڕەڵایی و بەدڕەوشتییە، کەچی وا نییە، لە سوید بە یاسا شوێنی داوێنپیسی قەدەغەیە، واتە ڕێگەپێدراو نییە شوێنێک هەبێت بۆ خراپەلێکردن.

ئەوان دەڵێن ئەو بابەتە بۆ فرۆشتن نییە، کەواتە هەر ولاتە و جۆرێک لە یاسا و ڕێکاری هەیە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ولات و هاوولاتییانی خۆی.

هەرچەند کە باسی ئازادیی ئەم ولاتانە دەکرێت، بەو شێوە ڕەهاییەش نییە.

بۆ خۆم تێبینیم هەیە لەسەر هەندێک لە ئازادییەکانیان، چونکە ئازادییەکەی ئەوانیش بۆ هەندێک خەڵک سنووردارە و هەر لێ ناگەڕێن، بەڵام بە هەر حاڵ بۆ خۆیان بۆ ژیانی خۆیان بۆ ژیانی خەڵکی خۆیان بۆ بیروباوەڕی خۆیان، بۆ قەناعەتەکانی خۆیان ئازادن، بەڵام لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیە و ئەوانیش یاسای گشتییان هەیە کە پەیوەندیی بە ئادابی گشتی و خەڵکەوە هەیە بە گشتی، بۆ نموونە لێ ناگەڕێت ئازادیی هیچ کەسێک ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ خەڵکی دیکە، هەروەها ڕێگە نادرێت بیروباوەڕی خەڵکی دیکە سنووردار و کۆت و بەند بکەیت، ڕێگەت پێ نادرێت هەندێک هەڵسوکەوت هەیە ئەنجامی بدەیت، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ڕووتی بە ڕێدا ڕۆیشتن قەدەغەیە و قەدەغەیە خەڵک خۆی ڕووت بکاتەوە، چونکە پێچەوانەی ئادابی گشتییە، ئێستا جگەرە لە زۆر شوێنی گشتیی ئەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا بە یاسا قەدەغە کراوە و غەرامەی هەیە.

کەواتە هەڵسوکەوتی مرۆڤیش لە شەریعەت و بەرنامەی خوای پەروەردگار سنووری هەیە، وەک ئەو شتانەی کە خوا بە حەرامی زانیوە، ئەوانە هەمووی سنوورن ڕێگەی پێ نادرێت هیچ کەسێک بێت مومارەسەیان بکات لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا، وەک چۆن ئێمە ڕێگەمان پێ نەدراوە شەریعەت و بەرنامەی خۆمان بە تەواوی لە وڵاتی ئەوان بخەینە ڕوو یان بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت ئەوانیش ڕێز لە بەرنامە و ڕێبازی ئێمە بگرن، ئەوەی کە خوا حەرامی کردووە حەرامی ڕوونن و بڕاوەتەوە، ئەوە هیچ ئیشکالی تێدا نییە، ئەمەش بابەتێکی دیکەی فیقهیی زۆر درێژە، زۆر لە زانایان باسیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە مشتومڕی لەسەرە ئایا تا چەند قەدەغە دەکرێت و تا چەند ڕێگەی پێ دەدرێت، مەبەستم لە شەریعەتی خوایە، لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا ئایا ڕێگە دەدرێت گاڵتە بە دروشم و شەعائیری ئیسلامی بکرێت؟ بێگومان نەخێر، هەر وەک چۆن ڕێگە نادرێت گاڵتە بە شەعائیر و دروشمی دینێکی

دیکەش بکرێت، مسوڵمانیش بۆی نییە گاڵتە بە دروشمێکی ئایینی گاورەکان یان هیی جوولەکەکان بکات، بەڵام گفتوگۆ، بابەتێکی دیکەیە و پێویستە: ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ (٦٤) آل عِمرَان.

واتە بڵێ: ئەی خاوەن کتێبینە! وەرن بۆ قسەیەکی یەکسان لەنێوان ئێمەو ئێوەدا، کە جگە لە خوا هیچ شتێک نەپەرستین، هەروەها هیچ شتێکی نەکەینە هاوبەش، هەروەها هەندێکیمان هەندێکمان لە جیاتیی خوا بە سەروەر و پەروەردگار نەگرین، جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد، بڵێن: شایەد بن کە ئێمە مسوڵمانین.

واتە: خاوەن کتێب وەرن با ئێمە (أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ) جگە لە خوای پەروەردگار ڕوو لە هیچ کەسی دیکە نەکەین و نەیپەرستین (وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا) با هاوبەش دانەنێین بۆ خوای بێوێنە، هەندێکیشمان هەندێک بە پەروەدگار و بە خاڵق و بە بەدیهێنەر و پەروەردگاری خۆی دانەنێت.

مەبەستم ئەوەیە لە شەریعەت و بەرنامەی خوادا سنوور هەیە، لە ئازادییش و لە بیروڕای ئازادیش هەمووی بە یاسا و بە ڕێنماییەیە، یان لە دەستوور جێی دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، ڕێ لە خەڵکی دیکە بگرێت بیروڕای خۆی هەبێت، هەر بیروڕایەکی هەیە هەر باوەڕێکی هەیە دەتوانێت دەری ببڕێت. هەروەها لە کۆمەڵگەی مسوڵماندا دەتوانێت بڕی بەپێی ئەو ڕێنمایی و یاسا گشتییانەی کە دانراوە، ئەویش لە هەموو دونیا وایە، هەر ولاتێک و حکومەتێکیش سیستەم و یاسا و ڕێنماییی خۆی هەیە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ... ﴾ (١٤٨) النِّسَاء.

واتە: خوا پێی خۆش نییە قسەی خراپ دەنگی پێ بەرز بکرێتەوە، مەگەر کەسێک ستەمی لێ کرابێت، (بۆی هەیە باسی ستەمدیدەییی خۆی بکات...).

خوای کارلەجێ پێی خۆش نییە خەڵک هاوار بکات، مەگەر ستەمی لێ کرابێت، یانی چی؟ کاتێک ستەم و زوڵم هەبێت خەڵک بۆی هەیە هاوار بکات و قسە بکات و ڕای خۆی بڵێت و نەترسێت، مافێکە خوای گەورە پێی داوە، بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەفەرموێت: (أفضلُ الجهادِ كلمةُ عدلٍ عند سُلطانٍ جائرٍ «أو أميرٍ جائرٍ»).[1]

(كلمةُ حَق) یان (عَدلٍ) هەردووکیان هاتووە، واتە: باشترین جیهاد ئەوەیە کە تۆ قسەیەکی حەق لە ڕووی دەسەڵاتدارێکی ستەمکاردا بکەیت، ئەم هەڵوێستە کۆمەڵگەی پێ ڕاست دەبێتەوە، لێرەدا پێویستە بزانین شەریعەت چەند ڕێگەی بە خەڵک داوە ئازاد بێت، لە دەسەڵات و حوکمێکی ئیسلامیدا کەسێک ستەمی لێ بکرێت، ئایا بۆی هەیە هاوار بکات؟ ئەگەر کەسێک کرا بە کاربەدەستی وڵات، سەرۆک وەزیران، سەرۆک پەرلەمان، کە ستەمی کرد ئایا کەسی ستەملێکراو بۆی هەیە قسەی حەقی لە ڕوودا بکات؟ بێگومان نەک هەر دەتوانێت، بەڵکوو بە باشترینی جیهادیش دادەنرێت کە بە ڕووی ستەمکاران بوەستێتەوە، لەو بارەیەوە هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەفەرموێت: (أفضلُ الجهادِ كلمةُ عدلٍ عند سُلطانٍ جائرٍ «أو أميرٍ جائرٍ»)[2].

بەڵام هەموو ئەو فەرمان بە چاکەیە و ڕێگرتن لە خراپەیە، ئەو (أفضَلُ الجِهادِ)ە، ئەو (جَهر بالقَوْل)ە، هەمووی ڕێوشوێنی خۆی هەیە، بەوپەڕی دڵسۆزی و ساغی و ڕاستییەوە دەگوترێت. بۆ نموونە: لە پەرلەمان قسەی

---

[1] ابو سعيد الخدري (أفضل الجهاد كلمة عدل عند سلطان جائر) أو (امير جائر) سنن أبي داود مجلد (٤) لاپەڕە ٣٣٣. ژمارەی فەرموودە (٤٣٤٤)، هەروەها لە کتێبی (ابن ماجه) بە هەمان شێوە هاتووە.

[2] أخرجه أحمد (١٨٨٢٨)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٧٧٨٦) واللفظ لهما، والبغوي في ((معجم الصحابة)) (١٣٥٩)، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٧١٧٥) باختلاف يسير.

خۆمانمان کردووە بە حەقمان گوتووە حەق و بە ناحەقیشمان گوتووە ناحەق و لێی بێدەنگ نەبووین، بەڵام بە شێوەیەکی پڕ ڕێز و بەوپەڕی ئەدەبەوە گوتوومانە، قسە و وشەی ناشیرینمان بەکار نەهێناوە، شێوازی ئێمە جیاوازە لە هیی خەڵکی دیکە، ئێمە بەرنامە و شەریعەتەکەمان فەرمانمان پێ دەکات کە وا بین، بەڵام کەس ناتوانێت ڕێم لێ بگرێت کە قسەی حەق بکەم، بەڵکوو هەندێکی گوتنی پێویست (واجب)ـە. بۆیە پێوەر هەیە و سنووریش هەیە، بەڵام ئەم پێوەر و سنوورانەش ڕێگە ناگرن لە گوتنی قسەی حەق، وێڕای ئەمانە هەندێک ئادابی دیکە هەیە کە شەریعەت باسی کردووە، وەک ئەوەی خوای بەرز دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ... ﴾ (٢٩) الكَهف.

واتە بشڵێ: حەق تەنیا لە پەروەردگارتانەوەیە...

هەروەها خوا دەفەرموێت: ﴿...وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ (٣) العَصر.

واتە: ... یەکدییان ڕاسپاردووە بە حەق و، یەکدییان ڕاسپاردووە بە خۆڕاگری.

هەروەها دەفەرموێت: ...وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ (٣٠) الحَج.

واتە: ... خۆیشتان لە گوتنی درۆ بە دوور بگرن.

جاری وا هەیە کەسێک پێی وا بێت قسەی حەق دەکات، بەڵام قسەکەی ناحەقە، پێی وایە قسەکەی ڕاستە، بەڵام ناڕاستە و ناوزڕاندنە، جاری وا هەیە هەر بۆ خۆدەرخستن و خۆگیڤکردنەوەیە. یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر عبداللەی کوڕی جەریر دەفەرموێت: بەیعەتم بە پێغەمبەری کرد «ﷺ» (بايَعْتُ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ علَى السَّمْعِ والطَّاعَةِ، فَلَقَّنَنِي: فِيما اسْتَطَعْتُ والنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ).[1]

[1] البخاري: (٧٢٠٤).

واتە: فەرمووی: (فِيما اسْتَطَعْتُ) ئەو قسەیە هیی پێغەمبەرە ﷺ، دەڵێت: من بەیعەتم بە پێغەمبەر کرد لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرێتی، گوێ بگرین و بە قسەشی بکەین، فەرمووی: لەوەی کە دەتوانیت، (والنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِم) بە مانای دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ هەموو مسوڵمانان و هەموو کەسێک، دەبێت دڵسۆزی خەڵک بێت، پێغەمبەر پێی فەرموووە: دڵسۆزی خەڵک بە، واتە هەمیشە (نصح)ت هەبێت، کەواتە دەبێت ئەو کەسە دڵسۆز بێت، بۆ خۆدەرخستن و بۆ مەرامێکی شەخسی نەبێت، بۆ ناوناوبانگدەرکردن نەبێت، بە حەقی بزانێت و بە شێوەیەکی حەقیش بیڵێت بە ڕێکوپێکی و بەوپەڕی ئەدەب و ڕەچاوکردنی ئەو ئاداب و شێوازانەی کە ئیسلام فەرمانی کردووە و داینناوە بیڵێت.

دڵسۆزیی دیکەش بۆ خەڵک ئەوەیە بە تایبەتی مامۆستایانی ئایینی یاخود ئەوانەی کە قسە دەکەن چ سیاسی بن یان بانگخواز، زۆر گرنگە ئەو قسانەی کە دەیکەن ڕاست و حەق بن، دڵسۆزیش بن لە حەقگوتنەکە، بە جۆرێک ئەو حەقەی باش وەرگرتبێت و ئەو حەقەی باش لە ناخدا چەسپی بێت، ئەگەرنا هەرچی گوێت لێ بوو بیڵێیەوە ئەوە نە بانگەوازە و نە هیچیشی لێ سەوز دەبێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (كَفَى بالمرءِ كذِبًا أن يحدِّثَ بِكُلِّ ما سمِعَ)[1].

واتە: ئەوەندە گوناهە بەسە بۆ مرۆڤ هەرچی گوێی لێ بوو بیڵێتەوە، هەرچی گوێت لێ بوو مەیڵێوە، بەڵکوو باشترین شت ئەوەیە ئەوەی گوێت لێ بووە و بووەتە قەناعەت و بە دڵسۆزی و بە شێوەیەکی حەق و ڕێکوپێکیش بیخەیە ڕوو، هەڵبەت ئەم فەرمایشتە مەبەستی لە باسکردنی ئایەت و فەرموودەکان نییە، بەڵکوو مەبەستی لە قسە و باسی مەجلیس و بازاڕ و ناو خەڵکە.

---

[1] أخرجه مسلم في ((مقدمة الصحيح)) (٥)، وأبو داود (٤٩٩٢)، وابن حبان (٣٠) من حديث أبي هريرة.

باسی دووەم:
ماف و ئازادییەکان لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

لە بابەتی پێشوو باسی ئەوەمان کرد ئیسلام پانتاییەکی زۆری بەجێ هێشتووە بۆ ماف و بیروڕای ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین، ئێستاش پێویستە بزانین ئیسلام چ بنەمایەکی داناوە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان؟ ئەمەش بەشێکی گرنگ و گەورەی سیستەمی حوکمڕانییە، ئەگەر ئیسلام حوکمڕان و دەسەڵاتدار بێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرس و بابەتانە دەکات، بە تایبەتییش بابەتێکی زۆر گرنگی لەم چەشنە کە پەیوەستە بە ماف و ئازادییەکان.

ئەگەر ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری ئەو هێرش و توانج و پەلارانەی ئاراستەی ئیسلام دەکرێت، یان ئاراستەی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان، یان کەسایەتییە ئیسلامییەکان دەکرێت، لەم ڕووەوەیە کە ئیسلام چەندە مافی بە خەڵک داوە و چەندە ئازادییەکانی خەڵکی پاراستووە و چەند لە خەمی ئەوەدایە کە پێشێل نەکرێن، بۆیە پێم وایە یەکەم بنەما ئەوەیە بۆچی پێویستە لە: حوکمڕانیی ئیسلامیدا کارەکتەر و دەسەڵاتدارەکەی ماف و ئازادییەکان بپارێزێت، چونکە ئەم ئازادییە نابەخشرێت، بەڵکوو خوای باڵادەست بڕیاری داوە و بەخشیویەتی بە بەندەکانی و، دەسەڵاتدارەکەش بە هۆی ئەو پاڵنەرە ئیمانی و بیروباوەڕی و لە خواترسانەی کە هەیەتی، نەتوانێت مافی بەرانبەر پێشێل بکات.

کەواتە حوکمڕان و کاربەدەستان مەرجە لەسەریان پابەند بن بە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، مادام مسوڵمانە و ڕاست دەکات کە بەندەی خوایە و ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورەیە، خوا لەسەری پێویست کردووە، ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگە بپارێزێت.

ئەم مافانە هەر وەک گوتمان لە لایەن دەسەڵاتدارەوە بە خەڵک نەبەخشراوە،

بەڵکوو خوای باڵادەست بە مرۆڤەکانی بەخشیوە. هەر کاتێک هەر کەسێک دەسەڵات یان جگە لە دەسەڵات بیەوێت ئەم مافە لە خەڵک و تاکەکانی کۆمەڵگە زەوت بکات، یان بەرتەسک بکاتەوە، ئەوە گوناحێکی گەورەی ئەنجام داوە و پێشێلی یاسا و دەستوورێکیشی کردووە، کە لە ولاّتدا هەیە.

هەروەها لە سەرووی ئەمانەوە حوکم و بڕیارەکان، ماف و ئازادییەکان، ئەرک و دەسەڵاتەکان، بۆ حاکم و بۆ مەحکوم وەک یەک وایە، لەم ڕووەوە دەسەڵاتدار لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا شتێکی زیاتر نییە لە هاوواڵاتییەکی ئاساییی ئەم ولاّتە، پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەفەرموێت: (يا أيُّها النَّاسُ: إنَّ ربَّكمْ واحدٌ، وإنَّ أباكمْ واحدٌ، ألا لا فَضلَ لعربيٍّ على عَجميٍّ، ولا لعَجميٍّ على عَربيٍّ، ولا لأحمرَ على أسوَدَ، ولا لأسوَدَ على أحمرَ، إلَّا بالتَّقوَى، إنَّ أكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أتْقاكُمْ...).[1]

لە شەریعەتدا خەڵکی یەکسانن لە ماف، لە ئەرک، لە ئازادیی ڕادەربڕین، لە بیروڕای ئازاد، لە مافەکان، لە ئازادییەکان، وەک یەک وان، ئەگەر یەکێکیان دەسەڵاتێکیان هەیە ئێمە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی دەسەڵات کە، شەریعەتە، سەرچاوەی دەسەڵاتپێدان بە هەر کەسێک، بڕیتییە لە خەڵک، خەڵک دەسەڵاتداری هەڵبژارد بۆ ئەوەی کاروباریان بەڕێوە ببات، پلەوپایە و دەسەڵات بۆ چییە؟ بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییانەیەکانە، لەم ڕووەوە دەبێت گوێڕایەڵیی خەڵکەکەی بێت و بە قسەیان بکات، لەبەر ئەوەی کە هاتووە سیستەمێک بەڕێوە ببات کە هەمووان لەسەری ڕێک کەوتوون و لە خزمەتی خەڵک بێت، بە کورتی دەبێت خزمەتکاری خەڵک بێت.

بنەمایەکی دی کە خوای بەرز لەسەری پێویست کردووین بڕیتییە لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان، لەسەری پێویست کردووین ئێمە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانمان بکەین، مافی هەر کەسێکە بەرگری لە مافی خۆی بکات،

[1] أحمد: (٢٣٤٨٩).

خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿...فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ... ﴾ (١٩٤) البَقَرَة.

واتە:...جا هەر کەس دەستدرێژیی کردە سەرتان، وەک دەستدرێژییەکەی خۆی دەستدرێژیی بکەنەوە سەر... بێگومان ئازادیت بەرتەسک بکاتەوە یان لێت زەوت بکات، ئەوە جۆرێکە لە دەستدرێژی، بەڵام بۆ سەر ئازادییەکان.

هەروەها پێغەمبەری خوا «ﷺ» دەفەرموویێت: (ومن قتلَ دون دمه فهو شهيدٌ، من قتلَ دونَ ماله فهو شهيدٌ، ومن قتلَ دون دينه فهو فهو شهيدٌ ومن قتل دون أهله فهو شهيد).[1]

واتای ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت: بەرزترین پلە کە شەهیدییە مرۆڤ پێی بگات لەو کاتەدایە کە بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات، (من قتلَ دونَ دينه)، مافی بیروباوەڕەکەی، ئایین و بەرنامەکەی، لەسەر خۆی، لەسەر مالّ و سامان و سەروەتی. یەکێک لە هاوەڵان پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد «ﷺ»، گوتی: یەکێک داوای مالّەکەم لێ دەکات، فەرمووی: مەیدێ، بۆ خەڵک مالّت بخوات، با دەسەڵاتداریش بێت، گوتی: ئەگەر وازی نەهێنا، فەرمووی: حەقت هەیە بەرگری لە خۆت بکەیت تا دەکوژرێیت، بۆیە ئەبوو حەنیفە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) فەتوایەکی هەیە دەڵێت هەر کەسێک هێرشی کردە سەر کەسێکی دیکە بیەوێت مالّی لێ بسێنێت، یان دینی لێ بسێنێت، یان کافر و ناچاری بکات، یان تەعەدای ناموسی لێ بکات، یان خاکی داگیر بکات، دەفەرموویێت: ئەم کەسە ئەگەر بەرگریی لە خۆی کرد و کوژرا، ئەوە شەهیدە، ئەوەی بەرانبەریش بە دەستدرێژیکار (متعدي) دادەنرێت و ئەگەر دەستدرێژیکارەکە کوژرا، ئەوە نە حەقی تۆڵەی هەیە، نە حەقی خوێنی هەیە کە پێی بدرێتەوە، ئەمانە کۆمەڵێک بنەمان لە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا بۆ

[1] رواه ابوداود والترمذي وقال (حديث حسن صحيح) (١٣٥٦).

پاراستنی ماف و ئازادییەکان، لێرەش دەردەکەوێت ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی کە خەڵک ماف و ئازادییەکانی پارێزراو بن.

کەواتە زانیمان ماف و ئازادییەکانی تاکی مسوڵمان لەژێر سایە و سێبەری دەسەڵات و حوکمێکی ئیسلامیدا پارێزراوە، سەبارەت بەوانەش کە مسوڵمان نین، جا جوولەکەیە، گاورە یان بێدینە، با بێین بزانین ئەمانە چۆن و بە چ شێوەیەک مافیان دەپارێزرێت و چۆن دەتوانن دروشمەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، یاخود چۆن دەتوانن لە ولاتێکدا بژین کە حوکمڕانی و دەسەڵاتێکی ئیسلامیی تێدا بەرقەرارە؟!

ئەو بنەما گشتییانەی خستمانە ڕوو بۆ هەمووان وەک یەک وایە، بۆ مسوڵمان و نامسوڵمان، هیچ جیاوازیی نییە، مسوڵمانێک حەقی خۆیەتی بەرگری لە ئایینەکەی خۆی و بیروباوەڕەکەی بکات، لە ماڵ و سامان و سەروەتی بکات، لە ناموسی بکات، بابای جوولەکە، بابای گاور، هەر ڕێباز و بیروباوەڕێکی دیکە، مافی خۆیەتی مادام لە چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتە حوکمڕانییە ئیسلامییەدا ڕێگەی پێ دراوە نیشتەجێ بێت، مافی خۆیەتی ماف و ئازادییەکانی پارێزراو بێت وەک هاوواڵتییانی مسوڵمان، ئەگەر تەماشا بکرێت لە بابەتی ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئەهلی (ذمة) هەبوو، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، ئەوەی کە بۆ ئێمە هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە لە مافەکان، بۆ ئەوانیش هەیە، ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە لە ئەرکەکان، لەسەر ئەوانیش هەیە.

پاراستنی ماف و ئازادییەکانیش بێگومان پێویستیی بە چاودێری هەیە، چاودێریی شەرعی و دەستووری و یاسایی، بوونی بنچینەی یاساییی باڵا، یەکێکە لەو بنچینەیە و کۆڵەکەکە گەورانەی کە چاودێریی دەستوورییە، بۆ چاودێریی دەستووری و ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی، ئەم سیستەمە سیاسییە چۆن ڕێک دەخرێت؟ چ جۆرە سیستەمێکمان پێ باشە؟ ئێستا کە لە عورفی بەڕێوەبردنی ولاتاندا سیستەمی کۆماری هەیە، سیستەمی پەڕلەمانی هەیە،

سیستەمی پاشایەتی هەیە، ئەمانە بەپێی پسپۆڕییەکان و بەپێی ئەو دابەشکارییەی کە دەکرێت لە ولاّتدا پێویستە پێشتر ئەوە گەلاّلە بکرێت.

یەکێکی دیکە لە بنچینە و کۆڵەگەکانی چاودێریی دەستووریە کە پێویستە ئیدارە، یان با بڵێین دامەزراوەی جێبەجێکردن بە گشتی هەموو دامودەزگاکان و دامەزراوەکانی ملکەچی یاسا بن، ئەوە پێی دەگوترێت دەوڵەتی یاسا. لە ئێستادا زۆر بانگەشەی دەوڵەتی یاسایە دەکرێت، دەبێت دامەزراوەی جێبەجێکردن و، دامەزراوەی بەڕێوەبردن یان حکومەت، ملکەچی یاسای ولاّت بن، کە پێی دەگوترێت یاساسەروەربوون، یان دەوڵەتی یاسا، کەواتە ئەو یاسا و ڕێسا و دەستوورەی کە هەیە لە ولاّتدا بە یاسا و ڕێنماییەکانییەوە، بە پەیڕە و ڕێکارەکانیشەوە ئەمانە دەبێت دەوڵەت و دەسەلاّت پێش هەموو کەس پێیانەوە پابەند بێت.

بڕیار و یاساکانیش نابێت لەگەڵ دەستوور ناکۆک بن، واتا نابێت پێچەوانەی دەستوور بن، پلەپلەیی هەیە لەم پرسەدا، سەرەتا دەستوورە، پاشان یاسایە، دواتر پەیڕە و ڕێکار و ڕێنمایی و بڕیارە، ئەوەی کە ئێستا هەیە وەک عورف باس دەکەم، ئێمەش سوود لەم بابەتانە دەبینین، نابێت بڕیار پێچەوانەی ڕێنمایی بێت، ڕێنمایی لە سەرووی بڕیارەوەیە، ڕێنمایی نابێت پێچەوانەی پەیڕەو بێت، پەیڕەو حکومەت دەری دەکات و ڕێنماییش وەزارەت، بەس ناتوانێت پەیڕەو دەربکات، بڕیار وەزارەت یان بەڕێوەبەری گشتی، یان قایمقامێک دەتوانێت دەری بکات، بەلاّم نابێت بڕیارەکەی قایمقام پێچەوانەی بڕیار و ڕێنماییی وەزارەتێک بێت، ڕێنماییی وەزارەت نابێت پێچەوانەی پەیڕەوی حکومەت بێت، پەیڕەویش نابێت پێچەوانەی یاسا بێت، یاساش نابێت لەگەڵ دەستوور ناکۆک بێت.

ڕەنگە خوێنەر بپرسێت ئەوەی کە لە واقیعی ئێستاماندا دەیبینین شتێکی شاراوە نییە کە یاساکان سەرەوەر نین، بۆچی یاسا بۆ دەسەلاّتدار و پارەدار و پلەدارتر ئەوانەی کە کاربەدەستن شتێکە و بۆ کەسێکی ئاسایی و هەژار و

بێدەسەڵات شتێکی تر؟ ئایا لەژێر قەڵەمڕەو و دەسەڵات و سێبەر و حوکمی ئیسلامیدا هەمان حاڵەت دووبارە نابێتەوە؟! ئەوە کاک فلان کەسە و ئەوە کوڕی ماڵی کاک شێخە و ئەوە کوڕی نازانم کاک سەیدە و ئەوە کوڕی کاک حاجییە، ئایا شتی وا هەیە؟ یان یاسا بۆ هەموومان وەکوو یەک سەروەر دەبێت؟

لە ڕاستیدا لە شەریعەتی ئیسلام یاسا بۆ هەمووان وەک یەک وایە، ئەوەی ئێستا هەیە پاشاگەردانییە و پێی ناگوترێت دەوڵەتی یاسا، چونکە یاسا تێیدا سەروەر نییە، هەمووان باسی یاساسەروەربوون دەکەن، باسی دەوڵەتی دامەزراوەیی دەکەن، بەڵام هەمووشیان پێشێلی یاسایان کردووە و پێشێلی کاری دامەزراوەکانیان کردووە، بە داخەوە دەسەڵاتدارانی بااڵ لەم وڵاتە لە سەرووی یاسان!

هەر پەیوەست بە بابەتی یاساسەروەربوون لەم وڵاتەی خۆمان کە هەرێمێکی فیدراڵییە، بە داخەوە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە کە حکومەت و پەرلەمانمان هەیە، تا ئێستا دەسەڵاتدارێک لە پلەی بااڵ لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکراوە و دادگایی نەکراوە لەسەر گەندەڵی، لەسەر ستەم، لەسەر قۆرخکاری، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەم هەرێمە یاسا سەروەر نییە، ئێمە وەکوو حیزبێکی ئیسلامی سوپاس بۆ خوای گەورە لە بەشداریی حوکمڕانیدا لە ماوەی ڕابردوو کەسێکی گەندەڵمان نەبووە؟ دەسەڵاتدارێکی ستەمکارمان نەبووە؟ کە زوڵمی لە خەڵک کردبێت، خەڵکی بە ناحەق کوشتبێت، کەچی لەوانی دیکەدا ئەم حاڵەتانە بە لێشاو هەبووە، جاری وا هەبووە ئەوانەی خوار خۆیشیان پاراستووە و لە پەنای خۆیان ناون، کە دادگا بە دوایان نەکەوێت و لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکات! بۆیە ئەگەر سیستەم و حوکمڕانییەکی ئیسلامیی ڕاست و تەواو لە ئارادا بێت و کارەکتەرەکانی دەسەڵاتیان هەبێت، بێگومان هەموو تاکە کەسێکی ئەم کۆمەڵگەیە بەرانبەر بە یاسا یەکسان دەبن و جیاوازییان پێ ناکرێت، ئەمەش لە ڕابردوودا سەلمێنراوە، پێشی هەمووان پێغەمبەری خوا (ﷺ)،

خۆی تۆڵەی لە خۆی وەرگرتووەتەوە، هاوەڵان بانگ دەکات و دەفەرموێت: وەرن کێتان حەقی لەسەر من هەیە؟ یەکێک لە هاوەڵان دەڵێت: من، فەرمووی: چییە؟ دەڵێت کاتی خۆی قامچییەکت لە من داوە، گوتی: فەرموو قامچییەکەم لێ بدەوە، گوتی: نا ئەو کاتەی کە قامچیت لێ دام، پشتم ڕووت بوو، گوتی: ئەوە پشتم ڕووت کردەوە، وەرە قامچییەکەم لێ بدەوە، کەچی لە جیاتیی تۆڵەکردنەوە، پشتی موبارەکی ماچ دەکات، ڕووحم بە قوربانی بێت، گوتی: هەر حەزم لێ بوو پشتی موبارەکت ماچ بکەم، ئەوە پێغەمبەری خوا بووە «ﷺ» کە لەم ڕوەشەوە هەر پێشەنگ بووە.

ئەگەر تەماشای پێشەوایان بکەین ئیمامی ئەبوبەکر پێشی هەموویان، یان ئیمامی عومەر، ئەوانە هەموو خەڵکێکیان کۆ دەکردەوە و دەیانفەرموو: ئێمە یەکێکین لە ئێوە، ئەگەر فەرمانبەرایەتیی خوامان کرد و بە ڕێی خوای گەورەدا ڕۆیشتین و بە ڕێی پێغەمبەردا هەنگاومان نا «ﷺ»، ئەوە بە قسەمان بکەن، ئەگەرنا ڕاستمان بکەنەوە و لێمان قەبوڵ مەکەن، جارێکیان بە ئیمامی عومەریان گوت: بەڵێ بە شمشێر ڕاستت دەکەینەوە ئەگەر هەر ڕاست نەبوویەوە.

کەواتە ئەگەر سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامی هەبوو، یاسا بۆ هەموو کەس وەک یەک وایە و هەموو کەسیش ملیان بەرانبەر بە یاسا دەبێت لە موو باریکتر بێت.

بەشی دەیەم
ئۆپۆزسیۆن و فرەحیزبی
لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

بابەتی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕین، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دیکە فۆرمووڵە کراوە و ڕێک خراوە، کە پێی دەگوترێت: ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بۆ ئەوەی کەشوهەوا و فەزایەکی ئازاد بخوڵقێنرێت بۆ ئەوانەی کە ناڕازین لە دەسەڵات و لە ئەدای دەسەڵات، سیستەمێک دادەنرێت و ڕێکارێک دەگیرێتە بەر لە هەندێک وڵات کە بە دەستوور ڕێک خراوە، لە هەندێک وڵات بە یاسا ڕێک خراوە، واتە جۆرێکە لە گرێبەست لەنێوان خەڵک و دەسەڵات یان حیزب و لایەنەکان و ڕێکخراوەکان کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هەبێت، کەواتە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کێن؟ ئەوانەن کە ڕازی نین و نیگەرانن لە ئەدا و شێوازی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەنی حیزبی دەسەڵاتەوە، جا ئەمانە خەڵکی تێدایە، ڕێکخراوی تێدایە، حیزبی سیاسیی تێدایە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، بە یاساش ڕێک دەخرێت.

ئەگەر تەماشای مێژووی ئیسلامیش بکەین هەمووی هەیە، هەبووە بە شێوەی گروپ و بە شێوەی کۆمەڵ و ڕێکخراو موعارەزەیان کردووە و ناڕەزاییان دەربڕیوە و بە شێوەی تاک تاک و کۆش لە ئێستادا هەیە، هەم حیزبی سیاسی هەیە کە موعارەزەیە هەم تاک تاکی کۆمەڵگە، هەم ڕاگەیاندنکار، ڕاگەیاندنەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵک بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت موعارەزە بێت بە مانای ئەوەی کە ناڕازی دەبێت لە دەسەڵات، لە کۆی سیستەم و حوکمڕانی و ئەوەی کە دەسەڵات بەڕێوەی دەبات، یان لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات پێی ناڕازین و بە شێوەی گونجاو لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان دژی دەوەستنەوە، کە لە ئیسلامیشدا ڕێگەی پێ دراوە.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەپێی هەموو پەرەنسیپ و عورفی وڵاتەکان دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە:

ئەرکی یەکەم: بریتییە لە دۆزینەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و

ئاراستەکردنیان بە شێوەیەکی یاسایی کە بریتییە لە دەقێکی گرێبەست لەنێوان خەڵک و دەسەڵات، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کەموکوورییەکان دەخەنە ڕوو، هەروەها لە ڕێگەی نوێنەرەکانییانەوە لە هۆڵی پەرلەمان، ئەویش بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا بەرهەڵستکاریی خۆیان دەردەبڕن بەرانبەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەگەر ئەم ڕێگەیە ئامانجەکانی نەهێنانە دی و دەسەڵاتی ناچار بە بەخۆداچوونەوە نەکرد، دوای ئەوەی کەموکوورییەکان دۆزرانەوە و عەیبەکانی ئەم دەسەڵاتە دەستنیشان کران و دەسەڵات ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەری بەرانبەر بە هاوواڵتییان و بەرانبەر بە وڵاتەکەی جێبەجێی نەکرد، پێویستە ڕێگەی دووەم بگرێتە بەر.

ئەرکی دووەم: بریتییە لەوەی خۆپشاندان و گردبوونەوە ئەنجام دەدەن و لەو ڕووەوە دەسەڵات شپرزە دەکەن و ناچاری دەکەن کە ملکەچ بێت، زۆر جار لە هەندێک وڵات هەندێک ڕێکخراو سێکتەرێک لە سێکتەرەکان پەک دەخەن و مان لە کارکردن دەگرن، دەسەڵات ناچار دەکەن داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات، یان ئەو داواکارییانەی کە ڕەنگە گوزارشت لە زۆربەی ڕاوبۆچوونی خەڵک بکات جێبەجێی دەکات، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە کە باسی گوتاری سیاسی دەکرێت لەو ڕووەوە ئەویش پەیوەندیی زۆر بەو ئۆپۆزسیۆنی سیاسییەوە هەیە، گوتاری سیاسی بریتییە لە گرێبەستێک لەنێوانی خەڵک و دەسەڵات، یان لەگەڵ ئەوانەی کە حوکمڕانیی وڵات دەکەن، چۆن ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن، ئەمە پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات ڕێک دەخات.

ئەوەی گرنگە بزانین کە لە دەسەڵاتی ئیسلامیدا هیچ سنووورێک نییە بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، بە واتای ئەوەی ئایا هێڵی سوور هەیە لە بەردەمیان

یان ئەوەتا ئازادە بە هەر شێوەیەک کار دەکات گرنگ ئەو ئامانجەی کە هەیەتی بیهێنێتە دی؟ ئۆپۆزسیۆنی سیاسییش ئامانجی خۆی هەیە و کاریگەرە بەسەر ڕووداوەکانەوە.

بۆیە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سایەی حوکمڕانیی ئیسلامیدا بەپێی ئەو یاسا و دەستوورەی هەموو لایەک لەسەری ڕێک کەوتوون کاری خۆی دەکات و بۆی هەیە بەرخورد لە بەرانبەر دەسەڵاتی ستەمکار و قۆرخکار و گەندەڵ بگەیەنێتە ئاستی لابردنی دەسەڵات و گۆڕینی، هەڵبەت لە چوارچێوەی میکانیزم و حوکمڕانیی ئیسلامی.

باسی یەکەم:
ئۆپۆزسیۆنی سیاسی چۆن دروست دەبێت؟

سیستەمی سیاسیی ئەم سەردەمە بە شێوەیەک ڕێک خراوە کە دەبێت هاوواڵاتی و دەسەاڵات ڕێک بکەون لەسەر دیاریکردنی شێوازی حوکمڕانیکردن، یان چۆنیەتیی حوکمگرتنە دەست، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ڕوو دەدات، بۆیە کاتێک کە هەڵبژاردن دەکرێت هەموو حیزبەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن ئامانجیان ئەوەیە دەسەاڵات وەربگرن و خۆیان بتوانن حکومەت پێک بێنن و حوکمڕانی بکەن، بەاڵم دواجار هەر حیزبێک، یان چەند حیزبێکی هاوپەیمانی دەتوانن حوکم بگرنە دەست، ئەوانی تر ڕاستەوخۆ دەبن بە ئۆپۆزسیۆن.

لە سیستەمی حوکمڕانیی وڵاتانی دیموکراسی ئەوەی کە زۆرینەی دەنگ دەهێنێت، ڕادەسپێردرێت بە پێکهێنانی حکومەت، ئەگەر خۆی بە تەنیا نەیتوانی حکومەت پێک بهێنێت، هاوپەیمانی و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبێکی دیکە یان چەند حیزبی دیکە دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێک بێنێت، ئەوانەی کە بەشداریی ئەم حکومەتە ناکەن، یان بەشداریان پێ ناکرێت، ئەوانە دەبنە ئۆپۆزسیۆن، واتە لە بنچینەدا هەر حیزبێک کە بەشداری دەکات لە هەڵبژاردن ئامانجی ئەوەیە زۆرترین دەنگ بێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت و کابینەی نوێ، ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرا یان بەشداریی پێ نەکرا، ناچار بە ئۆپۆزسیۆنبوون دەبێت.

ئەرکە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن:

یەکەم: بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەاڵات و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک، بە تایبەت خەڵکی نارازی لە دەسەاڵات، بەاڵم بۆ ئەمە بەپێی یاسا سنوور هەیە، هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا ئەرکی ئەوەیە کە عەیبە و کەموکوورییەکان

دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی کە باسی حوکمڕانییەکی ئیسلامی یان باسی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیسلامی دەکەین، دەبێت ڕاستییەکان وەکوو خۆی پشتئەستوور بە بەڵگە بخاتە ڕوو و نابێت پێچەوانەی ئەوە بڵێت، واتە کە ڕایدەگەیەنێت دەسەڵاتداران گەندەڵن، ستەمکارن، قۆرخکارن... ئەمانە دەبێت بە بەڵگەوە بخرێنە ڕوو، کە ئەمە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە، وێڕای ئەوەی کە لە ناخەوە دڵسۆزی هەموو لایەکیشە و دەیەوێت خواری ڕاست بکرێتەوە و چاکە بچەسپێت.

دووەم: پڕۆژەیاسا پێشکەش دەکات لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵک، بۆ نموونە کە دەڵێیت: لەم سێکتەرە حوکمڕانی ئاوا ناکرێت، دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەدیل و پڕۆژەی خۆی هەبێت و بڵێت: ئەو چاکسازییانەمان بە دەستەوەیە لە ڕێی ئەم پڕۆژەیاسایەوە.

سێیەم: حکومەت ناچار بە ملکەچبوون بکات بە ئاراستەی چاکسازی و گۆڕانکاری و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، کاتێک دەسەڵات ملکەچ ناکات، ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندان دەکات، مانگرتن دەست پێ دەکات، گردبوونەوە ئەنجام دەدا، بێگومان ئەمەش بە یاسا چوارچێوەکەی بۆ ڕێک خراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر بە یاساش مافی ئۆپۆزسیۆنبوون پارێزراوە.

چوارەم: پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای بودجە. سەبارەت بە سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتانی ئیسلامی ئایا قەبوڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەکات؟ دەتوانم بڵێم ئێستا دەوڵەتێک بە پێوەری ئیسلام لەسەر ڕووی ئەم زەویە نیە، کۆمەڵگەکان کۆمەڵگەی مسوڵمانن و خەڵکی ئەم وڵاتانەی کە پێیان دەگوترێت وڵاتانی ئیسلامی، زۆرینەیان مسوڵمانن، هەرچەندە ئەویش کۆمەڵێک گرفت و کێشەیان هەیە لە تێگەیشتنی ئیسلام و لە پراکتیزەکردنی لە واقیعی خۆی و کۆمەڵگەکەی، لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە، لە ڕووی فەرهەنگی و پەروەردەییەوە لە ڕووی هەڵسوکەوت و ئاکارەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە،

بەڵام بە داخەوە سیستەمی حوکمڕانیی ئەو وڵاتانە ئەوە نییە کە بەپێی پێوەرەکانی ئیسلام بەڕێوە بچێت.

زۆر جار باس لە وڵاتی مالیزیا دەکرێت و دەڵێن: مالیزیا وڵاتێکی ڕێکوپێک و پێشکەوتووە و... چونکە ئەو خەڵکانەی کە چوونەتە ئەو وڵاتە دەڵێن: لە شەقامێکی سەرەکیی ئەو وڵاتە مزگەوتێک و کەنیسەیەک و دێرێک و پەرستگەی هەر ئایینێک هەیە، لە هەمان کاتدا وڵاتەکەش وڵاتێکی ئیسلامییە، دەکرێت بە نموونە بیهێنییەوە و بڵێین ئەم وڵاتە بە کردەوە هەم لە ڕووی پێکهاتە ئایینییەکان و هەم لە ڕووی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییشەوە ڕۆڵێکی باشی هەیە و مافی مرۆڤ تێیدا پارێزراوە و نموونەیەکی جوانی پێشکەش کردووە.

ناوهێنانی هەندێک وڵات بە ناوی وڵاتی ئیسلامی، مانای ئەوەیە زۆرینەی خەڵکەکەی مسوڵمانە، بۆیە پێی دەگوترێت دەوڵەتی ئیسلامی، کەواتە خەڵکە مسوڵمانەکە شتێکە و ئەو حاکم و حوکم و ئەو سیستەمەی وڵاتەکەی پێ بەڕێوە دەچێت شتێکی دیکەیە و بەپێی ئەم عورفەی ئێستا عەلمانییەتی تێیدا بااڵدەستە، ئەگەرنا هەر بە ناو وڵاتێکی ئیسلامییە، کەچی حوکمەکەی حوکمێکی ئیسلامی نییە، ئەوانەشی کە دەستیان هەیە لە بەرەو پێشبردنی ئەم وڵاتانە خەڵکە مسوڵمانەکەن، بۆیە دەبێت هەم سیستەمە عەلمانییەکە و هەمیش خەڵکە مسوڵمانەکە لێک جیا بکەینەوە.

لە سیستەمی ئیسلامیدا ئەگەر حوکمڕانییەکەی ئیسلامی بێت، هەر لە بنەڕەتەوە پێغەمبەری خوا «ﷺ» باسی کردووە و فەرموویەتی: (فإنه من يعشْ منكم بعدي فسيرى اختلافًا كثيرًا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء المهديّين الراشدين تمسّكوا بها، وعَضّوا عليها بالنواجذ، وإياكم و محدثاتِ الأمورِ فإنَّ كلَّ محدثة بدعةٌ، وكلَّ بدعة ضلالةٌ)[1]. ئەمە جۆرێکە لە پێناسەکردنی واقیعێک دوای ژیانی پێغەمبەری خوا «ﷺ»، واتا جیاوازی و ئیختلافاتێکی زۆر دەبینن،

[1] سنن أبي داود: (٤٦٠٧)، والترمذي: (٢٦٧٦)، وصححه الألباني.

بەڵام فەرمووی: (علیکم بسنتِي وسنةِ الخلفاءِ الراشدین المهدیینَ عضُّوا علیها بالنواجذِ).

زۆر جار ئەم بەشە فەرموودەیە بە هەڵە تەفسیر دەکرێت، فەرموویی: پێویستە دەست بە ڕێوشوێنی من و بە ڕێوشوێنی جێنشینە سەرڕاستەکانی دوای منەوە بگرن بە ددان گازی لێ بگرن.

ئەوە مانای ئەوەش نییە کە ڕازی بن بە واقیعی خوار و بە ستەم و گەندەڵی و قۆرخکاری، بەڵکوو مانای ئەوەیە وەک چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أفضَلُ الجِهادِ كلِمةُ حَقٍ أو كلِمةُ عَدلٍ عِندَ سُلطانٍ جائرٍ)[1].

بەو شێوەیە بن بەرانبەر بە ستەمکار، ئەوە دەستگرتنە بە ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مانای ئەوە نییە بێدەنگ بن، هەرگیز ڕێگە نەدراوە مرۆڤ بەرانبەر بە ستەم بێدەنگ بێت، هەتا دەگاتە ئەوەی کەسێک کە دەسەڵاتیشی نییە، بەڵام ستەمی لێ دەکرێت، نابێت بێدەنگ بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ... ﴾ (١٤٨) النِّسَاء.

واتە: خوا پێی خۆش نییە قسەی خراپ دەنگی پێ بەرز بکرێتەوە، مەگەر کەسێک ستەمی لێ کرابێت...

بەو مانایەی ئەگەر ستەمت لێ کرا، پێویستە هاوار بکەیت و هەندێک قسە و وشەش لەو حاڵەتە ڕێگەپێدراوە کە لە حاڵەتی ئاساییدا ڕێگەپێنەدراوە. کەواتە: ئەوە ڕێوشوێنی پێغەمبەر و ڕێوشوێنی جێنشینە سەرڕاستەکانیەتی.

---

[1] أخرجه أحمد (١٨٨٢٨)، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٧٧٨٦) واللفظ لهما، والبغوي في ((معجم الصحابة)) (١٣٥٩)، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٧١٧٥) باختلاف يسير.

باسی دووەم:
ئۆپۆزسیۆن لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی قەبوڵە، لە حاڵێکدا کە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ئیسلام بێت؟ یاخود لە دەوڵەتێک کە حوکم بە ئیسلام دەکرێت و دەسەڵاتەکەی ئیسلامییە، ئایا قەبوڵی کەسانێک دەکات کە بە مسوڵمان خۆیان دەناسێنن، بەڵام مسوڵمانیش نین؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە بێت، بێگومان بیروڕای جیاوازی قەبوڵ دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش نموونە هەیە لەوەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینەدا ڕێک کەوت لە چوارچێوەی ئەو کیان و قەوارەیەی کە پێکی هێنابوو کە لە شێوەی دەوڵەت بوو، بە سەرۆکایەتیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

هەرچەندە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو دەوڵەتەی دامەزراندووە و دروستی کردووە، بەڵام هاوپەیمانیەتییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینە هەبووە، کە بە هەموویان ئاشتیی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیە بپارێزن و بە هەموویان سنووری ئەو کیان و قەوارە و دەوڵەتە بپارێزن و بەرگریی لێ بکەن و، لێ نەگەڕێن کەسێکی دیکە غەدر و زوڵم لە تاکەکانیان بکات، یەکدەست دەبن لە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک لە بڕگەکانی میساقی مەدینە، هەڵبەت دیارە لە مێژوودا پەیمانی ئاوا نەبووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و ئیدارەدانی، بۆ پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان.

پاشان لە قورئاندا خوای بەتوانا زۆر باسی ڕای جیاواز دەکات، ڕای جیاواز مەبەستی چییە؟ کاتێک دەوڵەتت دامەزراندووە و دەسەڵاتت هەیە،

دەفەرموویت: ﴿ لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ... ﴾ (٢٥٦) البقرة.

واتە: تۆبزکاری لە ئایینداا نییە، کە بێگومان ڕاستی و گومڕایی لە یەکدی جیا بوونەتەوە...

بە واتای ئەوەی حەق و ناحەق، ڕاست و خوار لێک جیا کراوەتەوە و زۆر ڕۆشنە، ئەوە حەقە و ئەوەش ناحەقە، پاشان زۆرلێکردن نییە، مەبەست چییە؟ واتا ناتوانیت ئەو کەسە بە زۆر بکەیت بە مسوڵمان و پابەندی بکەیت بە ئیسلامەوە، ئایا ئەمە بە شێوەی ڕێکخراو، بە شێوەی حیزب دەکرێت هەبێت؟ پێم وایە ئەو کاتە دەمێنێتەوە سەر ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییەی کە هەیە لەو وڵاتە، ئایا پەرلەمانەکەی و دەسەڵاتە یاسادانەرەکەی، یان (اهل الحل والعقد) و ئەهلی شووراء، ئایا ئەمە بە یاسا و ڕێنمایی ڕێک دەخەن؟ چۆنی لێ دەکەن؟ ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوان، بەڵام زۆر ڕۆشنە لە قورئان و لە سوننەت و ژیانی پێغەمبەر «ﷺ» لە دەوڵەتێک کە پێغەمبەری خوا سەرپەرشتیی کردووە «ﷺ» نامسوڵمان هەبوون.

بۆ دامەزراندنی ئەو کیان و قەوارەیەی کە دەسەڵاتێکی ئیسلامییە، پێغەمبەر «ﷺ» پێویستیی بە دوو جۆر لە بەیعەت هەبووە لە لایەن خەڵکەکەوە، هەر بۆیەش دوو بەیعەتی پێ کرا:

بەیعەتی یەکەم بۆ بڕوا هێنان بوو بە پێغەمبەری خوا «ﷺ»، بەیعەتی دووەمیش بۆ دروستکردنی کیان و قەوارەکە بوو، چونکە تا خەڵک پشتگیریی نەکرد و بەیعەتی پێ نەدا، نەیدەتوانی ئەو دەوڵەتە بنیات بنێت و دایبمەزرێنێت، هەرچەندە پێغەمبەری خواش بووە.

کەواتە پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە سیستەمی ئیسلامیدا چۆنە؟ پەیوەندیی خەڵک و دەسەڵات بە شێوەیەک ڕێک دەخرێت کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە، واتا لە دەستوورەکەی یان لە یاساکانیدا خەڵک

دەسەڵاتدار دادەنێت و دروستی دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی هەر وەکوو باسمان کرد لە بەیعەی عەقەبەی یەکەم و بەیعەی عەقەبەی دووەم کە یەکیان بۆ بڕواهێنان بوو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دووەمیان بۆ پشتگیریکردنی پێغەمبەری خوا بوو بۆ دروستکردنی کیان و قەوارەیەک.

کەواتە ئەگەر ئەو بەیعەت و پشتگیرییەی خەڵک نەبووایە، ئەم کیان و قەوارەیە دروست نەدەبوو لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ)، ئەگەرنا بۆ لە گوندێکی بیست سی کەسی جیا نەدەبوونەوە بۆ خۆیان شتێک دروست بکەن، ئەو کات پێویستیان بەو پشتگیرییەی خەڵکی مەدینەش نەدەبوو، کەچی پێغەمبەر(ﷺ)، خۆی دانەبڕاند و وای نەکرد، بەڵکوو چووە نێو قوواڵییی مەدینە و تێکەڵ بە خەڵک و جەماوەرە پانوپۆڕەکەی بوو، شاری مەدینە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ دامەزراندنی کیان و دەوڵەت، ئەوە بوو دواجار لەم دوو بەیعەتەدا پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا و پشتگیرییان کرد و گوتیان: وەرە ئێمە بەرگریت لێ دەکەین، پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بۆ مەدینە لەوێ ئەم کیان و قەوارەیەی دامەزراند.

کەوابێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە و، بۆ پێغەمبەر نەبووە ئەو دەسەڵاتە دابمەزرێنێت و خۆی بسەپێنێت (ﷺ)، لە ڕووداوی (عامری کوڕی سەعسەعە) کە پێغەمبەر داوای لێ کردن فەرمووی: من پێغەمبەری خوام پشتگیریم بکەن، گوتیان: باشە ئەگەر بەرگریمان لێ کردیت و سەرمان خستیت و تۆمان پەنا دا، پاشان سەرکەوتیت، دوای خۆت ئەم دەسەڵاتە بۆ کێیە؟ فەرمووی: (ان الله یضعُها حیثُ یشاءُ).

واتە: خوا خۆی دەزانێت چۆنی دادەنێت و بە کێی دەدات، خوای گەورە پێی دەدات بە دەست من نییە، گوتیان: ئێمە هیچ پێویستمان بە ئایینێک نییە، کە ئێمە بەرگریی لێ بکەین و دایبمەزرێنین، دوایی خەڵکی دیکە بێت و ببێتە دەسەڵاتدار و سەرکردە و بەڕێوەبەری ولات، ئیشمان پێ نییە، هەرچەندە

پێغەمبەر «ﷺ» زۆر پێویستییشی بەو خەڵکە هەبوو بۆ پشتگیریکردنی، کەچی لە ڕێبازەکەی لای نەدا و نەیفەرموو زۆر باشە وەرن بەرگریم لێ بکەن و پشتگیریم بکەن با ئەم دەوڵەتە دابمەزرێنین، دوایی ئەگەر من نەمام، با دەسەڵات بۆ ئێوە بێت، نەخێر وای نەکرد و کەسیشی دیاری نەکرد بۆ دوای خۆی، چونکە دەیزانی خوای گەورە ئەوەی قەبوڵ نییە، بەڵکوو دانانی فەرمانڕەوا، مافی خەڵکە.

بەڵام ئەگەر یەکێک لەم سەردەمە وای پێ بگوترێت، دەبێت هەڵوێست و بیرکردنەوە و کاردانەوەی چۆن بێت؟! نەتەوە و هۆزێک بەرگریت لێ بکەن و بەهێزیش بن، کەچی بە پیر داخوازییەکانیانەوە نەچیت و بۆ خوای گەورە بەجێی بهێڵیت. مەبەستم ئەوەیە تەماشا بکەن پێغەمبەری خوا بۆ خۆی ڕێگەی بە کەس نەدا کە دوای وی دەسەڵاتی پێ بدرێت، بەڵام فەرمووی: یەکێک لە بەنی ئومەیە ئەم ڕێوشوێنەی من دەگۆڕێت، (لە شووراوە بۆ میراتی) واتا ڕێوشوێنی حوکمڕانی، چۆن حوکمڕانی بکرێت، کێ دوای پێغەمبەری خوا بیکات «ﷺ» کە پێغەمبەر بۆ خۆی کەسی دیاری نەکرد، دواجار خەڵک لەبن کەپری بەنی ساعیدە (سقیفة بني ساعدة) کۆ بوونەوە بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی جێنیشینێک لە دوای پێغەمبەری خوا «ﷺ».

کەوابێت با بزانین سەرچاوەی دەسەڵات لە حوکمڕانی و سیستەمی ئیسلامیدا چییە و کێیە و، پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتیش چۆن ڕێک دەخرێت، سەبارەت بە پەیوەندییەکە ئەوەیە خەڵک دەسەڵاتداران دادەنێت بەپێی ڕێککەوتنێک کە پێویستە ئەو دەسەڵاتە شەریعەت و بەرنامەی خوا پیادە بکات و خزمەتی خەڵک بکات، ئەگەر لێشی لادا، خەڵک بەرپرسیارە لەوەی ڕاستی بکاتەوە و لێی قەبوڵ نەکات، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا ئەو پەیوەندییەی هەیە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات هیچ بنەمایەکی ڕۆشن و ڕێکخراوی هەیە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن لەژێر سایە و سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا مافی ڕەخنەگرتنی هەیە؟

بێگومان لە دەوڵەتی ئیسلامییشدا هەموو وردەکارییەکان ڕێک خراون، نەک هەر لە بواری سیاسیدا کە زۆر گرنگە و پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندیی بە حوکمڕان و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریییەوە هەیە، بگرە بۆ زۆربەی بابەتەکان قسەی هەیە، بۆیە یەکێک لەو ڕەخنانەی جوولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لە پێغەمبەریان دەگرت، ئەوە بوو دەیانگوت: ئەو موحەممەدە هاتووە هەموو شتێک بەو خەڵکەی دەوروبەری خۆی دەڵێت، هەتا پێیان دەڵێت: چۆن بچنە سەرئاوێ.

ئەم شەریعەت و بەرنامەیە هەموو شتێکی ڕۆشن کردووەتەوە، بۆ هەموو شتێک ڕێک بە تەواوی خاڵی لەسەر پێت داناوە. ئەگەر تەماشا بکەین پێغەمبەر (ﷺ) هەر خودی خۆی و دەوروبەری خۆی و هاوەڵەکانی وا فێر کرد ڕەخنە بگرن، بۆیە کەسێک دێت عەبای پێغەمبەر ڕادەکێشێت (ﷺ) و ملی موبارەکی بریندار دەکات، دەڵێت: بێنە لەو ماڵەی کە خودا پێی داویت خۆ هیی دایکت و باوکت نییە، بێنە پێمی بدە، هاوەڵان لێی تووڕە دەبن و پەلاماری دەدەن، فەرمووی: لێی بگەڕێن و وازی لێ بێنن، ڕاست دەکات، نە هیی باوکمە و نە هیی دایکمە، بێنن بیدەنێ، لەو مووڵک و ماڵەی کە هەمانە بەشی بدەن هەتا ڕازیی دەکەن، لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) پشک و بەشەکانی زۆر دادگەرانە دابەش کردبوو و، هیچ کەسیش لە پێغەمبەری خوا دادگەرتر نەبووە، کەچی کابرا زۆر ناحەقانە داوای مووڵک و مانّ دەکات، پێغەمبەر زۆر تووڕە بوو فەرمووی: (...وَيْلَكَ! ومَن يَعْدِلُ إذَا لَمْ أَعْدِلْ...).[1]

واتە: ... بەدبەخت! ئەگەر من دادگەر نەبم، کێ دادگەر دەبێت...

تەماشا دەکەین کابرا نە گیرا و نە کوژراش، تەنانەت لێپرسینەوەشی لەگەڵ نەکرا، ئایا لەم حوکمڕانییەی ئێستای ئەم هەرێمە، هەروەها لە وڵاتانی بە ناو

[1] مسلم: (١٠٦٥).

دیموکراسی تریش، ئەو ڕەفتارە بەرانبەر سەرۆک و کەسی یەکەمی وڵات بکرێت قەبوڵ دەکرێت؟ بێگومان نەخێر و هەر ئەستەمە، کەچی کەسانێک لەسەر پۆستێک کە کردوویەیانە گیراون، بەڵکوو هەبووە لەسەر کۆمێنتێک کە کردوویەتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە، لەسەر هاوارێک کە کردوویەتی. ئەوە سااڵێک هەندێک پێشمەرگە بە هۆی بەفری زۆرەوە لە الیەکەوە دەرگەیان لێ گیرابوو، گوتیان: وەرن بە فریامان بکەون، کابرایان گرت و بە وردی ئاگادارم سووکایەتییشیان پێ کرد و لێشیان دابوو و نەقڵیشیان کرد. لەم ڕووەوە پێویستە وەزیر وەزیرایەتیی خۆی بسەلمێنێت و نەهێڵێت کەس سووکایەتی بە فەرمانبەرەکانی بکات لەسەر هەر داواکارییەک بێت.

مەبەستم ئەوەیە پێغەمبەری خوا زۆر گەورە بووە (ﷺ)، پاشان سەیری ئیمامی عومەر بکە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) لە باسەکانی پێشووش ئاماژەمان پێ کرد، کە پیاوێکی زۆر بە هەیبەت و شەوکەتیش بووە، لە ڕۆژی هەینی سەبارەت بە مارەییی ئافرەت وتاری بۆ خەڵک داوە، چونکە ئەو کات مارەییی ئافرەت یەکجار زۆر بووە، وای لێ هاتبوو خەڵک ژنی پێ نەهێنرێت و هاوسەرگیریی پێ نەکرێت، بۆیە فەرمووی: مارەییی ئافرەتان یەکجار زۆرە، من دیاریم کرد بەم شێوەیە دەبێت ئەوەندە بێت، ئافرەتێک لە پشتەوە لێی ڕاست بووەوە و گوتی: تۆ ئەو مافەت نییە مارەییی ئافرەتان دیاری بکەیت و سنووورداری بکەیت، کە خوای پەروەردگار پێی داون، وەک خوا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا ۚ أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ (٢٠) النِّسَاء.

واتە: ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بێننە جێی هاوسەرێک و مارەییەکی زۆریشتان بە یەکیان دابوو، هیچی لێ وەرمەگرنەوە، جا چۆن لەسەر بناغەی بوختان و گوناهێکی ئاشکرا وەری دەگرنەوە (ئەو بەشە مارەییە)؟!

ئەگەر یەک قینتار بەقەدەر کێوێکی زۆر گەورە زێڕ و زیوتان پێ دان،

هیچیان لێ مەستێنن، گوتی: خوای گەورە دیاریی نەکردووە چەندە، تۆ بۆ دیاریی دەکەیت، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئافرەتێک ڕاستی کرد و عومەر هەڵەی کرد، ئاوا حوکمڕانیی تەندروست دەکرێت و وڵات سەقامگیر و ئارام و بەختەوەر دەبێت.

خەڵک فێر کرابوو لەو سەردەمەیدا، لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیق بۆ خۆی فەرموویووی: ئەگەر خوار بووم ڕاستم بکەنەوە، عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)، هەروەها لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیمامی عوسمان و ئیمامی عەلییش (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت) بە هەمان شێوە بووە و ڕووبەڕێکی بەرفراوانی ئازادییان داوەتە خەڵکەکەیان بە مسوڵمان و نامسوڵمانەوە، فەرموویانە با خەڵک ئازاد بێت و قسەی خۆیان بکەن.

بە داخەوە دەسەڵاتدارانی ئێستا بوون بە بار و ئەرک بەسەر خەڵکەوە، لێ بگەڕێ خەڵک با موعاناتی خۆی باس بکات، ناڵێیت من بەرپرسی تۆم، ناڵێیت من کرێکارم و کاری ئێوە ڕایی دەکەم، دە لێ بگەڕێ بزانە داخوا ئەو کابرایە چیی هەیە چ کێشەیەکی هەیە چ خەمێکی هەیە، ئەگەر تۆ بە خەمییەوە نەچیت و ئاگات لێی نەبێت، تۆ بۆ سەرکردەیت؟ تۆ بۆ براگەورەیت، هیچ براگەورە مەبە پێویستیی بە تۆ نییە، کەسابەتی خۆی دەکات و لێی بگەڕێ با بژیت و، باج و خەراجیشی لەسەر دامەنێ و کێشەی بۆ دروست مەکە، ئەویش تەکلیف و داوات لێ ناکات!

حوکمڕان کە وڵات بەڕێوە دەبات پێویستە بە سیستەم دەرگەی ئازادی بۆ خەڵک بکاتەوە، هەڵبەت دەرگەکردنەوە بۆ خەڵک بۆ ئەوەی خەڵک قسەی خۆی بکات و ئازاد بن، مانای ئەوە نییە خەڵکیش سنوور ببەزێنێت، هەر لەخۆوە جنێو بدات و بوختان بکات و تەشهیر بکات، ئەگەر کەسێک تەشهیری پێ کردیت، حەقی خۆتە تۆش ئەوە دادگا برۆ لە ڕووی یاساییەوە مافی خۆت وەربگرەوە.

باسی سێیەم:
فرەحیزبی لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا

سروشتی هەموو سیستەمێکی حوکمڕانی ئەوەیە دەبێت یەک دەسەڵات هەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و خەڵک، پاشان ئایا بیروڕای جیاواز قەبوڵ دەکرێت یان قەبوڵ ناکرێت، ئەوەی من تێی گەیشتوومە و تەماشای قورئان دەکەم و تەماشای ژیان و ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا دەکەم ﷺ، ئەوەیە کە ڕێگە دراوە خەڵک ئازاد بێت، بەڵام چوارچێوەی کاری ئازاد و بیروڕای ئازاد لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ جیاواز بووە لەگەڵ ئێستا، هەر بۆ نموونە: (٥٠) ساڵ بگەڕێوە دواوە بزانە خەڵک چۆن ژیاوە لەم وڵاتە، ئایا زانیویەتی فرەحیزبی چییە؟ زانیویەتی بیروڕای ئازاد چییە؟ ئایا بەو شێوەیەی ئێستا بووە؟ جاران لە تورکیا کەس نەیدەتوانی بڵێت من کوردم، یان بە زمانی کوردی بدوێت، بەڵام ئێستا جۆرێک لە گۆڕانکاری دروست بووە و گفتوگۆ لەنێوان کوردی باکوور و دەوڵەتی تورکیادا هەیە، بە ئومێدی بە ئامانجگەیشتن.

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو کیان و قەوارەیەی کە پێغەمبەر لە شاری مەدینە دایمەزراند، دەبینین (الأنصار والمهاجرين) پشتیوان و کۆچکەران هەبوون. ئەوانە دوو هێز و لایەنی جیاواز بوون.

کاتێک کە پێغەمبەری خوا وەفات دەکات ﷺ (الأنصار والمهاجرين) هەبوون، (پشتیوانان) ئەوانە بوون کە لە بنەڕەتدا نیشتەجێی مەدینە بوون و، کۆچەرانیش ئەوانە بوون کە لە مەککەوە کۆچیان بۆ مەدینە کردبوو. ئەوە خۆی چی دەگەیەنێت؟ پاشان لە کەپری بەنی ساعیدە لەوێ کۆ بوونەوە، کێ کۆ بووەوە، تەماشای مێژوو بکە، (مهاجرين و أنصار) کۆ بوونەوە و مشتوومڕ لەنێوان کێ دروست بوو؟ لەنێوان سەرکردەکان و کەسە دیارەکانی (پشتیوانان

و کۆچکردووان) دروست بوو، کە کێ دوای پێغەمبەری خوا «ﷺ» کاروباری خەڵک بەڕێوە بەرێت، دەپرسم ئەمە یانی چی؟ لەو سەردەمەدا ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە دەوڵەتەکەی پێغەمبەری خوادا فرەیی بە مەفهومی ئێستا فرەحیزبی هەبووە، دواتر ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بوونی هەبووە و ڕێگەی پێ دراوە ئازادانە هەڵوێست بنوێنن و ڕای خۆیان بخەنە ڕوو، بۆ نموونە: لە سەردەمی دوای وەفاتی ئیمامی عومەر شەش کەس دیاری کران، پاشان سێ کەسیان تەنازولیان کرد، دواتر عبدالرحمانی کوڕی عەوف کە لە ڕیزی ئەو شەش کەسە بوو، گوتی: بە قسە و پێشنیازی من ڕازی بن منیش دەکشێمەوە و وەکوو ناوبژیوانێک دەمێنمەوە، لە کۆتاییدا ئەوانەی مانەوە بریتی بوون لە عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب و عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، ئەوە بوو عبدالرحمانی کوڕی عەوف گوتی: ڕێگەم بدەن دەچم پرسیار لە خەڵک دەکەم و ڕاپرسی دەکەم، بزانم خەڵک لەگەڵ کێیە و کێی دەوێت و کامەیانی لا پەسەندترە.

ئەم پڕۆسەیە بۆچی بوو؟ بێگومان بۆ دەسەڵاتوەرگرتن بوو، بۆ ئەوەی کێ کاروباری خەڵک بەڕێوە بەرێت، ئەمە یانی چی؟ دوو کەس کێبڕکێیانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دوای ئەوەی شەش کەس بوون. عبدالرحمانیش (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) چوو پرسی بە هەموو خەڵک کرد، پرسی بە گەنج دەکرد، بە پیر دەکرد، بە ژن دەکرد، بە پیاو دەکرد، هەتا دەڵێت پرسی بە منداڵان دەکرد، منداڵی دەبینی دەیگوت تۆ (عەلی)ت پێ باشە یان (عوسمان) (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، دوایی هاتەوە گوتی: هەموو خەڵک لە مزگەوت کۆ ببنەوە، هەموو خەڵک بە گشتی کۆ بوونەوە و گوتی: با پێتان بڵێم: بە چی گەیشتووم، گوتی: ئەوەی من پێی گەیشتووم لە ڕاپرسییەکە ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەففان بوون، کە دوای عومەری کوڕی خەتتاب خەلیفەی مسوڵمانان بێ (ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لەسەر هەموو لایەکیان بێت).

کەواتە کە تەماشای قورئان و سوننەت و ڕێوشوێنی پێغەمبەری خوا

دەکەین «ﷺ»، بیروڕای ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین، جێگە و پێگەیەکی باشی بۆ کراوەتەوە. ڕەنگە کەسێک بپرسێت: چۆن دەبێت ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەنێو سیستەمێکی ئیسلامیدا بوونی هەبێت، چونکە ئەو ئۆپۆزسیۆنە بە ناوی ئازادیی بیروڕا دژایەتیی دەسەڵات و حکومەتی ئیسلامی دەکات؟! نەخێر بەم شێوەیە نییە کە لێی تێگەیشتوون، بابەتەکە دژایەتیکردن نییە، بەڵکوو چاودێریکردنی دەسەڵات و چۆنیەتیی حوکمڕانییەکەیە، بۆ ئەوەی بزانێت دەسەڵات تا چەند کاروباری خەڵک بە باشی بەڕێوە دەبات؟ تا چەندیش پابەندە بە گرێبەست و بنەما و مەرجەکان و بەو بەڵێنانەی کە داویەتی؟ تا چەند بەپێی شەریعەت و بەرنامەی خوای پەروەردگار لە مامەڵەکردن و خزمەتکردنی خەڵک ڕەفتاری کردووە؟ تا چەند پابەند بووە بە دەستوور و یاسا و ڕێنماییەکانی ولاتەوە؟ کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا بۆ چاودێریکردن و بە دواداچوونی کارەکانی حکومەتەکەیە نەک ئاژاوەنانەوە و دژایەتیکردنی قەوارە و دەسەڵاتی ئیسلامی. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم بابەتانەش لەو کاتەدا بەجێ دەهێڵدرێت بۆ پەرلەمانەکەی (ئەنجوومەنی یاسادانان)، یان ئەنجوومەنی شووڕا و یاخود هەر دامەزراوەیەکی پەیوەست بەم پرسەوە.

باسی چوارەم:
ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سەردەمی پێغەمبەری خوا «ﷺ»

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە لە سەردەمی زێڕیندا لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا «ﷺ»، بە واقیعی دەردەکەوێت کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بوونی هەبووە، بەڵام بە فۆرم و شێوازی جیاواز و تایبەت بە قۆناغ و هەلومەرجی ئەو کات، ئایا سەردەمی خۆشەویستمان ژیان بەم شێوەیە بووە کە ئێستا هەیە؟ نەک ئەوەندە، بەڵکوو سەد ساڵ بگەڕێوە، پەنجا ساڵ بگەڕێوە دواوە، ئەوانەی بە تەمەنن و کۆمەڵگەی ئەوسایان بە بیر دێت، ئایا ژیان بەم شێوەیە بووە؟ هەتا لەو وڵاتانەی لە ڕووی دیموکراسییشەوە پێشکەوتوون، ئایا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەم شێوەیەی ئێستایان بووە؟ دوور نەچین بگەڕێینەوە بۆ جەنگی جیهانیی دووەم و پێشووتریش جەنگی جیهانیی یەکەم، چەند ڕێگە بە خەڵک دراوە، چەند ڕێگە بە میللەتان دراوە کە ئازاد بن، بە بیروباوەڕەکان دراوە کە ئازاد بن، بۆ سەردەمی پێغەمبەر«ﷺ» بگەڕێوە دواوە، دەردەکەوێت بارودۆخێکی دیکە بووە و فۆرم و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لە سەردەمی زێڕینی پێغەمبەری خوا «ﷺ» هەبووە، بە بەراورد لەگەڵ ئێستا، دوای (١٤٤٧) ساڵیش، تا ئێستا مرۆڤایەتی پێی نەگەیشتووە.

موحەممەد «ﷺ» پێغەمبەری خوا بووە و وەحیی بۆ هاتووە، پێغەمبەری خوا «ﷺ» هیچ شتێکی نەگوتووە و نەکردووە (ما بعد الوحي) مەگەر بە وەحی حیساب دەکرێت، بۆ؟ چونکە پێش وەحی ئەویش بەشەر بووە﴿ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ... ﴾ (١١٠) الكَهف.

واتە بڵێ: من تەنیا مرۆڤێکی وەک ئێوەم، سروشم بۆ دێت...

بەو مانایەی کە من مرۆڤێکم وەک ئێوە تەنها جیاوازیی من و ئێوە ئەوەیە

کە وەحیم بۆ دێت، کەواتە مرۆڤە لە مامەڵە و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی، بەڵام لەوەی کە دوای وەحی، چ ئەگەر لە هەڵسوکەوتەکانیدا کەموکوڕییەکی هەبێت خوای زانا بۆی ڕاست کردووەتەوە و، چاکی کردووە، دوای وەحی پێغەمبەر (معصوم) پارێزراو بووە، کە دەگوترێت: پێغەمبەر (معصوم) بووە، واتە دوای وەحی و پێش وەحییش ڕوونە کە (معصوم) بووە لە گوناھ و لە ئیشتباھ و هەڵەیەک کە ئێمە کردوومانە و دەیکەین، لەوانە هەمووی پارێزراو بووە، بەڵام لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی لە جەنگ و لە جیھادیدا لە بانگەواز و هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاک تاکی کۆمەڵگەدا، ئەویش مرۆڤ بووە، کەموکوڕیی هەبووە، لەم ڕووەوە پارێزراو نەبووە، ئەگەرنا لە گەیاندنی شەریعەت و بەرنامەی خوای دانا (معصوم) بووە، لە بابەتی عەقیدە و عیبادەت و ئەخلاقە گەورەکان، بێگومان وێڕای ئەوەی لە لووتکەدا بووە، لە کەموکوڕییش پارێزراو بووە.

ئەوەی کە پەیوەندیی بە کاروباری ڕۆژانە و بە ژیانی خەڵکەوە ھەیە، وەک باسی موتوربەکردنی خورما، کە بە ھاوەڵانی فەرموو: لێی بگەڕێن موتوربەشی نەکەن ئەگەر خوای گەورە بیدات ھەر دەیدات، ئەو ساڵی خورمای نەگرت، ھەڵبەت دیارە خورماش بەبێ موتوربە نابێت، ئەو ساڵە خورمایان نەبوو، پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە چی بوو خێر بوو؟ گوتیان: ئێمە لەسەر قسەی جەنابت موتوربەمان نەکرد و ئەم ساڵ خورمای نەداوە، فەرمووی: موتوربەی بکەن (أنتمْ أعلَمُ بأمْرِ دُنیاکُمْ)[1]، مادام بەبێ موتوربەکردن خورما نادات، لەمەو دوا موتوربەی بکەن، ئێوە شارەزاترن بە کاروباری دونیاتان، لە چی شارەزاترن؟ بێگومان لە کاروباری دونیا و ئیشی ڕۆژانە و ئەوەی پەیوەندیی بە وردەکاریی ژیانەوە ھەیە.

---

[1] مسلم: (٢٣٦٤).

کەواتە پێغەمبەری خوا «ﷺ» کە وەحیی بۆ دابەزیوە (معصوم) بووە، بەڵام تەماشای مونافیقە دەغەڵەکانی سەردەمی خۆی بکە، بزانە پێغەمبەر چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون؟ عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول سەرکردەی دەغەڵەکان، دەیگوت چی؟ هەر بەپێی ئایەت دەیگوت: ﴿ يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ... ﴾ (٨) المُنَافِقُون.

واتە: (مونافیقەکان) دەڵێن: مسۆگەر ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، بە دڵنیایی لایەنی بەهێز و باڵادەست، لایەنی بێهێز و زەبوون (لە شارەکە) وەدەر دەنێین...

دەیانگوت: مەرج بێت ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە مەدینە، ئەو کاتە ئەوەی کە عەزیزە و زاڵە و پیاوە، ئەوە دەردەکات کە زەلیل و زەبوونە، مەبەستی پێغەمبەر بوو «ﷺ» ڕووحم بە قوربانی بێت، بزانە پێغەمبەر «ﷺ» چۆن لەگەڵ ئەم جۆرە تاقمانە مامەڵەی کردووە، ئەوانە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نەبن، ئەی چین؟ کابرایەک لە شەڕی ئوحود سێیەکی سوپایەکەی گەڕاندەوە و پاشەکشەی پێ کردن بە حیساب لەگەڵ پێغەمبەر چووبوونە جەنگ، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا شکا «ﷺ»، کاتێک کە ئیمامی عومەر دەبیستێتەوە کە ئەم کابرایە ئەم بێڕێزییەی بەرانبەر بە پێغەمبەر کردووە «ﷺ»، فەرمووی ئەی پێغەمبەری خودا! ڕێگەم بدە با لە ملی بدەم، فەرمووی: لێی بگەڕێن، گوتیان چۆن لێی بگەڕێین، فەرمووی: لێی بگەڕێ ئەوە من نامەوێت بیکوژم.

(كُنَّا مع النبيِّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ في غَزَاةٍ، فَكَسَعَ رجلٌ مِنَ المُهَاجِرِينَ، رجلًا مِنَ الأنْصَارِ، فَقالَ الأنْصَارِيُّ: يا لَلأَنْصَارِ، وَقالَ المُهَاجِرِيُّ: يا لَلْمُهَاجِرِينَ، فَقالَ رسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: ما بَالُ دَعْوَى الجَاهِلِيَّةِ؟ قالوا: يا رسول الله، كَسَعَ رجلٌ مِنَ المُهَاجِرِينَ، رجلًا مِنَ الأنْصَارِ، فَقالَ: دَعُوهَا، فإنَّهَا مُنْتِنَةٌ فَسَمِعَهَا عبدُ اللهِ

بنُ أُبَيٍّ فَقالَ: قدْ فَعَلُوهَا، وَاللَّهِ لَئِنْ رجعْنَا إلى المَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأعَزُّ منها الأذَلَّ. قالَ عُمَرُ: دَعْنِي أَضْرِبُ عُنُقَ هذا المُنَافِقِ، فَقالَ: دَعْهُ، لا يَتَحَدَّثُ النَّاسُ أنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ).[1]

واتە: واتە: لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووین لە یەکێک لە جەنگەکان (بني المصطلق)ـە، پیاوێکی کۆچبەران لە دواوەی پیاوێکی پشتیوانانی دا، پیاوە پشتیوانەکە هاواری کرد و گوتی: پشتیوانان فریام بکەون، هەروەها کابرای کۆچبەرانیش هاواری کرد و گوتی: هاوار کۆچبەران! پێغەمبەری خواش فەرمووی: ئەوە چیتانە لە بانگەوازی نەفامی، گوتیان ئەی پێغەمبەری خوا، پیاوێکی پشتیوانان لە دواوەی پیاوێکی کۆچکردووانی دا. فەرمووی: تووڕی بدەن، ئەوە شتێکی پیس و بۆگەنە. عبداللەی کوڕی ئوبەی گوێی لێ بوو و گوتی: ئەوەشیان کرد، سوێند بە خوا، بە مسۆگەری کە گەڕاینەوە بۆ مەدینە، دەبێت ئەوەی کە مەردە، ئەوانە دەربکەین کە زەبوونن. عومەر گوتی: ڕێگەم بدە لە ملی ئەو دووڕووە بدەم. فەرمووی: لێی بگەڕێ، با خەڵک نەڵێن (محمد) هاوەڵەکانی دەکوژێت.

بە داخەوە خەڵک بێئاگان لەوەی لەو سەردەمیدا چی ڕووی داوە و چیش گوزەراوە لە بابەتی پەیوەست بە بوونی گروپی بەرهەڵستکار و نارازیی و هەڵوێستی پێغەمبەری خواش لە بەرانبەریان، چۆن بووە؟ کە چۆن ڕێگە بەو جۆرە کەسانە دراوە و چییشیان بەرانبەر گوتراوە، بەڵێ پێغەمبەر هیچی پێ نەگوتووە «ﷺ». بەڵکوو لە ڕیوایەتێکی دیکەدا بزانە چیی فەرموە؟

فەرمووی: (قال عبد الله بن سلام إن الله لما أرادَ هُدَى زيدِ بن سَعْنَةَ قال زيد: ما من علاماتِ النبوَّةِ شيء إلا وقد عرفتُها في وجهِ محمدٍ حينَ نظرتُ إليه إلا اثنتانِ

[1] البخاري: (٤٩٠٥).

لم أخبرهُما منه يسبقُ حلمهُ جهلهُ، ولا يزيدهُ شدةُ الجهلِ عليه إلا حلمًا فذكرَ الحديثَ في مبايعةِ زيد بن سَعْنةٍ - فلما كان قبل محلِّ الأَجلِ بيومين أو ثلاثةٍ خرج رسولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم في جنازةِ رجلٍ منَ الأنصارِ ومعه أبو بكرٍ وعمرَ وعثمانَ في نفرٍ من أصحابِه، فلما صلى على الجنازةِ ودَنا من جدارٍ ليجلسَ إليه أتيتُهُ فنظرتُ إليه بوجهٍ غليظٍ ثم أخذتُ بمجامعِ قميصِه وردائِه فقلت: اقضني يا محمدُ حقّي، فواللهِ ما علمتكُم بني عبد المطلبِ لمطّالٌ لقد كان بي بمخالطتكُم علمٌ. فنظرتُ إلى عمرَ وعيناهُ تذرفانِ ثم قال: يا يهوديّ أتفعلُ هذا برسولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم، فوالذي بعثهُ بالحقِّ لولا ما أُحاذرُ فوتهُ لضربتُ بسيفي رأسكَ. قال: ورسولُ اللهِ ينظرُ إلى عمرَ في سكونٍ وتُؤدةٍ وتبسَّمَ ثم قال: يا عمرُ، أنا وهو كنّا إلى غيرِ هذا منكَ أحوج أن تأمرني بحُسنِ الأَداءِ وتأْمرهُ بحسنِ التِّبَاعةِ، اذهبْ به يا عمر فاقضِه حقهُ وزِدهُ عشرينَ صاعا من تمرٍ مكانَ ما روعتهُ... وذكر الحديث في إسلامه).[1]

ئەوە بوو دەربارەی قسەکانی (عبدالله بن أبي بن سلول) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: هەتا لەگەڵماندابێت ئێمە هاوڕێیەتییەکی چاکی دەکەین (نُحسِنُ صُحْبَهُ)، بە چاکە هاوڕێیەتیی دەکەین، لەگەڵی باش دەبین و هەتا کە وەفاتیش دەکات پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبایەکەی خۆی پێ دادەدات کە هاوەڵان زۆریشیان پێ ناخۆش دەبێت کە ئەم کابرایە چەند بێڕێزیی کردووە و چەند کەسێکی خراپ بووە، مەبەستەکە ئەوەیە خودی ئەم کەسە و هەڵوێستەکەی موعارەزە بووە و جۆرێک بووە لە ئۆپۆزسیۆن بە تێگەیشتنی ئێستا.

ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنبوونە دەکرێت بڵێین لە ڕێی فیکرەوە بووە زیاتر وەک ئەوەی لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە بێت، بەڵام ئەو کات موعارەزەی دینیش هەبووە.

---

[1] البيهقي: (١٠٩٨١).

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەو سەردەمە نە سەردەمی جێنیشنەکان بوو، نە سەردەمی هیچ خەلیفە و سەرکردەیەکی دیکە بووە، بەڵکوو سەردەمی خودی پێغەمبەر بووە ﷺ کە قەبوڵی کردووە ئەم جۆرە کەسانە لەنێو سوپاکەیدا هەبێت، لە وڵاتەکەی هەبێت، کە ئەو سەرپەرشتیی کردووە، کەچی بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردوون. لە بەسەرهاتێکی دیکەدا کەسێک دێت و بە پێغەمبەر: ﷺی دەڵێت: (أنتُم قومٌ مطل) ئێوە قەومێکن بەنی عبدالمطلب مافی خەڵکی خاوەن حەق نادەنەوە، واتە قەرزخۆرن، ئەوانەی حەق و قەرزیان لەسەرتانە نایدەنەوە، دیسان هاوەڵان زۆر پێی ناڕەحەت بوون وێستیان ئەزیەتی بدەن، پێغەمبەر فەرمووی: لێی بگەڕێن، باشترین ڕێگە ئەوەیە بەو بڵێیت (لَقَد كُنا الى غَيرِ هذا أحوَج)، لە جیاتیی ئەوەی کە ئەزیەتی بدەن ئێمە پێویستمان بە شتێکی دیکە هەیە، جۆرە مامەڵەیەکی دیکە، فەرمووی: باشتر وایە بەو بڵێن (أنْ تأمُرَهُ بحُسن الطَلَبِ)، بە شێوەیەکی جوان داوا بکات ئاوا داوا نەکات، قسەی ناخۆش نەکات، بێڕێزی نەکات، بۆ ئێوەش هەیە بە من بڵێن: (وتأمُرَني بِحُسنِ آلأداء). بە چاکی قەرز بدەمەوە، بزانە چۆن ڕێگەی بۆ هاوەڵانی کردووەتەوە قسەی خۆیان بکەن، فەرمووی: نە ئەزیەتی بدەن نە قسەشی پێ بڵێن، باشترین ڕێگە ئەوەیە بەو بڵێن بە جوانی داوا بکات بە منیش بڵێن با بە چاکی و بە جوانی بیدەمەوە، ئەوە پێی دەگوترێت: ئازادیی ڕادەربڕین. بۆیە بە پێشەوا عومەری فەرموو بچۆ قەرزەکەی بدەوە و (٢٠) سەبەتە خورماشی زیاد پێ بدە لە پای ترساندنەکەت.

ئەمەش لە کاتێکدایە هاوڵان خۆیان بە قوربانی پێغەمبەری خوا دەکەن ﷺ کەچی لەولاشەوە ئەو جۆرە خەڵکە هەیە و ناچاری مامەڵەی جوانی لەگەڵ بکەیت، ئەمەش گەورەییی ئەم ئیسلامە و خاوەنەکەی کە خودایە، دەردەخات.

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە: (كانَ لِرَجُلٍ علَى رسولِ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ دَيْنٌ، فَهَمَّ به أصْحَابُهُ، فَقالَ: دَعُوهُ؛ فإنَّ لِصَاحِبِ الحَقِّ مَقَالًا، وقالَ: اشْتَرُوا له

سِنًّا، فأعْطُوهَا إيَّاهُ، فَقالوا: إنَّا لا نَجِدُ سِنًّا إلَّا سِنًّا هِي أفْضَلُ مِن سِنِّهِ، قالَ: فَاشْتَرُوهَا، فأعْطُوهَا إيَّاهُ؛ فإنَّ مِن خَيْرِكُمْ أحْسَنَكُمْ قَضَاءً).[1]

واتە: کابرایەکی دێکە دێت بە تووندی داوا لە پێغەمبەری خوا دەکات «ﷺ» کە حەقی بداتەوە، حەقێکی لای پێغەمبەر هەبووە «ﷺ»، دیسان هاوەڵان لەو ڕەفتارەی کابرا تووڕە دەبن، بەڵام پێغەمبەر دەفەرموێت: لێی بگەڕێن: (فإنَ لِصاحب الحَقِ مَقالاً) خاوەن ماف بۆی هەیە قسە بکات، ئەی چۆن داوای حەقی خۆی بکاتەوە. لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا «ﷺ» خەڵک نەترسێنراوە خەڵک کۆت و زنجیر نەکراوە، خەڵک دەمی نەبەستراوە، خەڵک ئازاد بووە قسە بکات و بەرگری لە مافی خۆی بکات و، داوای حەقی خۆی بکاتەوە، خۆ ئەویش کۆمەڵگەیەکی بەشەری بووە، جاری وا هەیە حەقی تێدا زایە بووە، جاری وا هەیە کەموکوڕیی تێدا بووە، جاری وا هەبووە یەکێک لە هاوەڵەکان زوڵمی لە کەسێکی دیکە کردووە، ئەوانیش مرۆڤ بوون، بەڵام کە وەحی هات فەرمووی: ئەمە نەکەن، ئەمە بکەن، ئەمە واز بێنن ئەمە خراپە. هەموو شت ڕاست بووەتەوە و کەوتووەتە سەر سکەی خۆی، هەر سەبارەت بە حەقی کابراکە پێغەمبەر فەرمووی: «ﷺ»: بێنن حوشترێکی بۆ بکڕن، دیارە حوشترێکی لای پێغەمبەری خوا بووە «ﷺ»، گوتیان: (فقالوا لا نَجدُ إلا أفضَلَ مِن سنه)، یەکێکی لەو چاکتر هەیە و وەک خۆی نییە، فەرمووی: (اشتَروهُ فَأعطِيهُ اياهُ): باشتری بۆ بکڕن و بیدەنەوە، (فإنَ خَيرُكمْ أحسَنُكم قضاءً) چاکترینی ئێوە ئەوەیە کە باشترین قەرزدانەوە بکات، بە چاکترین شێوە قەرزی خۆی بداتەوە.

کەواتە سەردەمی پێغەمبەر «ﷺ» سەردەمێکی نموونەیی بووە، بۆ ئێمەش پێشەنگە﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ... ﴾ (٢١) الأحزَاب.

واتە: بە دڵنیایی لە پێغەمبەری خوادا «ﷺ» سەرمەشقێکی باش هەیە...

---

[1] البخاري: (٢٣٠٦).

چاکترین پێشەنگایەتی و سەرمەشقی هەیە لە پێغەمبەری خوادا بۆ ئێمە «ﷺ» لە کاروبارماندا، لە حوکمڕانیماندا، لە سیاسەتماندا، لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ خەڵکدا، لەگەڵ پرسە جیاجیاکاندا، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی با کەسێکی هەبێت ئاوا مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکات، ئینجا دەبینیت ڕەونەق و گەشیی ئەم ئیسلامە چۆن دەردەکەون.

باسی پێنجەم:
ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە سەردەمی چوار جێنیشینەکەدا

با بزانین دوای پێغەمبەری خوا «ﷺ» کاتی چوار جێنشینەکە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ پرسی ئۆپۆزسیۆن کردووە؟ ئایا بە هەمان شێوەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» هەڵسوکەوتیان کردووە و قەبوڵیان کردووە؟

هاوەڵانی پێغەمبەریش «ﷺ» و (ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لەسەر ئەوانیش بێت، بە تایبەتی جێنشینە سەرڕاستەکانی و دوای ئەوانیش)، ئەوان لە سەردەمی پێغەمبەر نزیک بوون و تەماشای ژیان و هەڵسوکەوتی پێغەمبەریان کردووە، چۆن مامەڵەی کردووە، لە پرس و بابەتە جیاجیاکان، لە جەنگ و ئاشتیدا، لە مامەڵە و بازرگانیدا، لە ڕێکخستنی کاروباری وڵات و بە دەمەوچوونی خەڵک و، هاوکاریکردنی خەڵک و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان و، گەڕاونەوە بۆ وەحی، کە سەرچاوەی هەڵسوکەوتی پێغەمبەری خوا بووە «ﷺ».

لە سەردەمی پێشەوا عومەر، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ئەو کاتەی والیی عێراق بوو، خەڵکی عێراق هاتنە لای پێشەوا عومەر شکاتیان لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کرد، هۆکاری سکالاکەشیان زۆر سەیر بووە، گوتیان (لایُحسِنُ الصَلاة)، نوێژ باش نازانێت، کە خاڵی پێغەمبەریشە «ﷺ»، یەکێکە لە دە موژدەپێدراوانی بەهەشت، بەڵام نوێژ باش نازانێت!

پێشەوا عومەر بیری کردەوە کە ئەگەر سەعد لە پۆستی والیی عێراق لانەبات، کە ئەو هەموو خەڵکە هاتوون و داوای لابردنی دەکەن، لەوانەیە کێشە دروست بکەن، ئەگەر لاشی بدات پاساوەکەیان زۆر لاوازە، بە هەر حاڵ عێراق کێشە و گرفتی زۆر بووە لەگەڵ بەرپرسان و بگرە لەگەڵ جێنشینەکانیش هەمیشە کێشەیان هەبووە بە داخەوە.

دواجار هەر چۆنێک بێت (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) لادەبات و یەکێکی دیکە دادەنێت، لە دوا ساتەکانی مردنیدا پێشەوا عومەر ئەم نهێنییە باس دەکات و دەڵێت: من کاتی خۆی کە (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص)م لابردم لەبەر ئەوە نەبوو کە والییەکی باش نەبوو، لەبەر ئەوە نەبووە لە کاروباری خۆی سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەش نەبووە لەگەڵ خەڵک خراپ بووبێت، ستەمی نەکردبوو، خیانەتی لە دین نەکردبوو، بەڵکوو تەنها لەبەر ئەوە بوو خەڵکی عێراق داوای لابردنیان کرد، بۆیە لام برد.

بەرپرسێک لادەبات ئێستا والی دەکاتە سەرۆکی ویلایەتێک، یان هەرێمێکی گەورە، بۆ نموونە: عێراق و، شام و، میسر و، یەمەن، ئەوانە هەموویان ویلایەتی گەورە گەورە بوون، بە سەرپەرشتیارەکەی گوتراوە والی، هەرچەندە والییش دوایی لە سەردەمی عوسمانییەکان بە پارێزگاریش گوتراوە، ئێستاش ئەم وشەیە بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە ڕای من بۆ ئەو ناوچانە بەکار هاتووە کە فراوان و گەورە بوون لە دەوڵەتێکی گەورە و زەبەلاحدا، نەک تەنها بە شارێک بگوترێت، وەک هەرێم وایە.

لە سەردەمی پێشەوا عوسمان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) بابەتی موعارەزەی سیاسی چووەتە قۆناغێکی دیکە و شێوازێکی دیکەی بە خۆوە گرتووە بە شێوەی ڕێکخراو، بۆ نموونە: خەڵکێک هاتنە لای پێشەوا عوسمان کە بریتی بوون لە وەفدێکی میسر و وەفدێکی عێراق و لەوێ کۆ بوونەوە و کۆمەڵێک داواکارییان خستە ڕوو، پێشەوا عوسمان خەلیفەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵیان دانیشت و گوێی لێ گرتن، نەیگوت: ئەوانە تێکدەر و ئاژاوەگێڕن، یان ئەوانە کودەتایان کردووە، دەشیتوانی زوو ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بەڵام خۆڕاگری و هێمنیی هەڵبژارد، دوایی ئەنجامەکەی ئەوە بوو، کە بە ناحەقی شەهیدیان کرد.

ئەوانە پەیمانێکیان لەگەڵ واژوو کرد، وەسیقەکە پێشەوا عەلی دایڕشتبوو،

بە ئامادەبوونی هاوەڵانی پێغەمبەر ڕێککەوتنەکەیان واژوو کرد، کە ئەمە خاڵەکانی بوو:

١. لابردنی والییەکانی وڵاتان.

٢. دیاریکردنی خەڵکی بەتوانا و شایستە لە جێگەی ئەوانە، بۆ کاروباری مسوڵمانان و بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک.

٣. دابەشکردنی (فيء) بە شێوەیەکی دادگەرانە، واتە: ئەو ماڵەی بەبێ شەڕ دەستی مسوڵمانان دەکەوێت.

٤. گێڕانەوەی دوورخراوەکان، واتە: موعارەزەکان بگێڕنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان.

پێشەوا عەلی ئەم پەیمانەی نووسی، پێشەوا عوسمانیش واژووی کرد، پاشان پێشەوا عوسمان قسەیەکی زۆر بەهێزی کرد و فەرمووی: (ما رأيتُ وَفداً خَيراً مِن هؤلاء)، واتە: هەرگیز وەفدی چاکترم لەوانە نەبینیوە (إنْ قالوا إلا حَقاً وَإن طَلَبوا إلا حقاً)، واتە: تەنها قسەی حەقیان کرد و هەر داوای حەقیشیان کرد، دوایی بارودۆخەکە گۆڕا، ئەوە بابەتێکی دیکەیە، کە خەڵکی مونافیق و خەڵکی مەجووسی هاتنە ناو بابەتەکە و بارودۆخەکەیان تێک دا و شێواندیان، ئەوە بوو ئەنجامەکەی خراپ بوو، مەبەستم ئەوەیە ئەوەش جۆرێکی دیکە بووە لە موعارەزە، موعارەزەیەکی سیاسیی ڕێکخراو و داوایان کردووە والییەکان لابدرێن و بگۆڕدرێن، (فيء) بە شێوەیەکی دادوەرانە دابەش بکرێت و خەڵکی شایستە دابنرێن، هەروەها ئەوانەی نەفی کراون، بگەڕێنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان، ئەوە وەک ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەت دێتە بەر چاو.

سەبارەت بە سەردەمی حوکمڕانییەکەی پێشەوا (عەلی)یش (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)، بە داخەوە ئاڵۆزییەکان زیاتر لە جاران قوڵ بوونەوە و زۆر شتی ناخۆشیش ڕووی دا، ئەمانە بۆ ڕوویان دا؟ بۆچی لە پرسی هاتنی وەفدی موعارەزە بۆ چارەسەری گرفتەکان و لادانی والی و هەندێک

بابەت گەیشتە ئەوەی کوشت و کوشتاری تێ بکەوێت؟ لەبەر چی گەیشتە ئەوەی کە بابەتی عەقیدە بکەوێتە ناوێ؟ هۆکار چی بوو دۆخەکە بگاتە ئەوەی گروپێک ئیعلانی خۆی بکات؟

لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵگەی مسوڵمانیش کۆمەڵگەیەکی مرۆیین، زۆر ئاساییە دوای تێپەڕبوونی سەردەمێک، دە ساڵ، بیست ساڵ، پەنجا ساڵ، سەد ساڵ گۆڕانی بەسەردا بێت، پێم وایە تەواوبوونی ژیان و ڕەونەقی ژیانیش لە هەموو ئەو حاڵەتانە دەردەکەوێت.

هەروەها ئەو کێشە و گرفتانەی کە باس دەکرێن هەندێک جار زۆر لە قەبارەی خۆی گەورە پیشان دراوە، خەڵکێک وا نیشانی دەدەن ئەمە بەشێکی کۆمەڵگەی مسوڵمانان بووە، خەلافەتێکی گەورە و گران لە بەشێکی بچووکیدا هەندێک کێشە و گرفتی هەبووە، ئەی بۆ باسی بەشەکانی دیکەی نەکرێت؟ ئەی بۆ باسی پێشکەوتنەکان نەکرێت؟ بڕۆ تەماشای پێشکەوتنی سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکان بکە، لە ڕووی زانست و مەعریفەوە، لە ڕووی بازرگانی و، ئاوەدانییەوە، لە ڕووی ئاشتییەوە، لە ڕووی فراوانبوونی مەملەکەت و دەوڵەت و خەلافەتی ئیسلامییەوە، لە ڕووی خۆشگوزەرانییەوە، چ خۆشگوزەرانییەک هەبووە و خەڵک چۆن هاوکاری کراوە، خەڵکی هەژار نەمابوو، وای لێ هات هەر لە سەردەمی پێشەوا عومەردا هاوکاریی ئەو خەڵکە دەکرا کە پێشتر سەرانەیان دەدا و، مسوڵمان نەبوون، وای لێ هات داراییی دەوڵەت خەزێنەکەی دەوڵەمەند و زۆر پڕ بووبوو، بە هەموو شێوەیەک هاوکاری خەڵکی کراوە، بەڵێ ڕاستە لە بەشێکی خەلافەتدا کێشە و گرفت هەبووە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، وەک گوتمان بۆ کۆمەڵگەیەکی بەشەری زۆر ئاساییە کێشە و گرفتی هەبێت، بۆیە لە سەردەمی پێشەوا عەلی دیسان پرسی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی ناڕازی قۆناغێکی دیکەی بە خۆوە بینی، ئەویش بریتی بوو لە پەیدابوون و زەقبوونەوەی خەواریجەکان.

خەواریجەکان ئەوانە بوون کە پێشەوا (عەلی)یان بە کافر دادەنا و، بەشی هەرە زۆری هاوەڵانیشیان بە کافر دەزانی. بە شێوەیەکی گشتی ئەوان بناغەی ئەو کێشە و گرفتەی سەردمی پێشەوا (عوسمان)یش بوون (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت). جگە لە خۆیشیان، کەسیان پێ ڕاست نەبوو و تەنها باسی ئەوەشیان دەکرد کە قورئان سەرچاوەیە و قورئان حەکەمە، لەو سەردەمیدا پێغەمبەر «ﷺ» ئەوەندە لەمێژ نەبوو وەفاتی کردبوو، بێگومان قورئان پێویستیی بە تەفسیر هەیە، هەر تەفسیری ئاوا ئاسایی نا، بەڵکوو تەفسیری عەمەلی، کێیە تەفسیری عەمەلیی قورئانی کردووە؟ هەر پێغەمبەری خوا بووە «ﷺ». بۆ نموونە: لە قورئاندا خوای گەورە باس دەکات دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ﴾ (٤٣) البَقَرَة.

واتە: نوێژ بەرپا بکەن...

یەکێک لە کێشەکانیان ئەوە بوو کە ئەو ئایەتانەی کە موحکەمن، بەڵام لێکدانەوەی هەیە، چۆن تەفسیری دەکەیت؟ چۆن وردەکارییەکەی پەیدا دەکەیت؟ ئەو چەند ڕکاتەی دوو ڕکاتی بەیانی و، چواری نیوەڕۆ و، چواری عەسر و سێی شێوان و، چواری خەوتنان، کێ داینـاوە؟ پێغەمبەری خوا «ﷺ» داینـاوە.

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ (٤٣) البَقَرَة.

واتە: زەکات بدەن، چۆن زەکات دەدەیت؟ لەپارە چەند دەدەیت؟ لەگەنم و جۆ چەند دەدەی؟ لە میوە چەند دەدەیت؟ هەندێک بابەتی دیکە هەیە وردەکارییە، ئایا لەکەلوپەلی بازرگانی دەدرێت یان نادرێت چەند دەدرێ؟ کێ ئەم وردەکارییانە باس دەکا؟.

بە هەر حاڵ ئەوە بابەتێکی دیکەیە، مەبەستم ئەوەیە ئەو خەواریجانە کە تەکفیری پێشەوا (عەلی)یان دەکرد، تەکفیری زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبەریان دەکرد «ﷺ» (ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لەسەر ئەوان بێت)، تەکفیری کۆمەڵگەی

مسوڵمانیشیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا با بزانین پێشەوا عەلی دەربارەی ئەوانە ڕای چی بوو؟ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە دەسەڵاتی ئیسلامی مامەڵەی چۆن بووە لەگەڵ ئەم دیاردانە، بە تایبەتی دیاردەی سەرهەڵدانی خەواریج و پاشخانە فیکرییەکەی، چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەخوازراوە کردووە؟

کاتێک قەزیەی خواریجەکان زۆر زەق بووەوە، گوتیان: ئەوانە کافرن، پێشەوا عەلی فەرمووی: نا (مِنَ الکُفرِ فَرّوا) ئەوانە لە کوفر ڕایان کردووە و هەڵاتوون، کەچی ئەوەندە تۆند بوون، هەموو دونیایان تەکفیر دەکرد و دەیانگوت: مسوڵمانێتی ئاوا نییە، نەخێر کافر نین، گوتیان: باشە (أمُنافقون) واتە: ئەوانە دەغەڵن، مونافیقن، فەرمووی: نا (إنَ المُنافقونَ لا یَذکروُن اللهَ إلاَ قلیلاً وَهُم یَذکُرونَ اللهَ کثیراً) مونافیق زۆر کەم یادی خوا دەکات، بەڵام ئەوانە زۆر یادی خوای دەکەن، ئێ باشە ئەدی چ بکەین؟ چۆن لەگەڵیان مامەڵە بکەین، فەرمووی: (لَهُم عَلَینا ثَلاثٌ) سێ حەقیان لەسەر ئێمە هەیە.

یەکەم: (أنْ لا نَبدَئهُم بِالقِتال)، واتە: ئێمە دەستپێشخەر نەبین لە شەڕکردن، ئەوە واتای مافی ژیانە، نەیکوژیت و شەڕی لەگەڵ نەکەیت.

دووەم: (أنْ لا نَمنَعهُم مَساجِد اللهِ) واتە: ئێمە ڕێگەیان لێ نەگرین بچنە مزگەوتەکان، ئەوە واتای چییە؟ ئەوە ئازادیی ئایینێکە، ئازادیی بیروباوەڕ، با بیروڕا و قەناعەتیشیان لەگەڵ ئێمە جیاواز بێت، ئێمە ڕێگریان لێ ناکەین بچنە مزگەوتەکان. بیر بکەوە لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستادا، کابرا جاری وا هەیە دوو ڕکات نوێژی زیادی کردبێت جۆرێک تێگەیشتنی لە ئیسلام هەبووبێت با ڕایەکەشی تۆزێک تۆند بووبێت، داروبەردیان بەسەردا ڕووخاندووە، بەڵام لە سەردەمی خۆیدا بزانە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، کە ئەوانە گروپێکی ڕێکخراو و چەکداریش بوون.

سێیەم: (أنْ لا نُحَرِمَهم مِن الفَیءِ ما دامَت أیدِیهِم مَعَ أیدِینا) واتە: ئێمە (فیء) ئەو خێر و دەستکەوتانەی کە دەست دەوڵەتی ئیسلامی دەکەوێت، لێیان بێبەش

ناکەین، مادام لەگەڵمان بن، مادام بە یەکەوە بین، پاشان فەرمووی: ئەو سێ مەرجەشمان لەگەڵیان هەیە:

یەک: (أنْ لا یَسفِكُ دَمَنا حُراً)، واتە: خوێنی کەس بە ناحەق نەڕێژن، خەڵک نەکوژن.

دوو: (وَلا یَقطَعُ سَبیلَ)، واتە: ڕێگری نەکەن، ڕێ لە خەڵک بگرن و خەڵکی بێزار بکەن و خەڵکی نارەحەت بکەن.

سێ: (وَلا یَظلِمُ ذمیاً)، واتە: هاوپەیمانان ئەهلی (ذمة) کە ڕێککەوتنێکی هەیە لەگەڵ دەوڵەت، مسوڵمانیش نین، بەڵام لەسەر دینی خۆی ماوەتەوە، نابێت ئازاری ئەوانە بدەن، ستەمیان لێ بکەن.

ئەگەر وا بکەن! ئەو سێ حەقانەی دیکەیان بۆ جێبەجێ دەکەین.

ئایا تا ئێستا مرۆڤایەتی گەیشتووەتە ئەم ئاستە لە مامەڵەکردن؟ مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێکی ڕێکخراو و چەکدار بکەیت کە ئەوە قەناعەتیان بێت: تۆ بە مسوڵمان نەزانن، خەڵکی دەوروبەرت بە مسوڵمان نەزانن، کۆمەڵگەکەت بە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان نەزانێت، ئینجا بڵێیت من ئاوا مامەڵەی لەگەڵ دەکەم مادام بمێنێتەوە و ئەم شتانە نەکات، ئەم شتانە لە هەموو دەوڵەتێک و هەموو کیان و قەوارەیەک قەبوڵ ناکرێت، خەڵک لەسەر شەقام بکوژرێت بە ناحەق، ئەوە یاسا هەیە و لێی دەپرسێتەوە، زوڵم لەوانە بکەیت کە من لەگەڵیان ڕێک کەوتووم، بۆیە پرسی موعارەزە لەو سەردەمیدا قۆناغێکی زۆر گەورەی بڕیبوو. هەتا قسەیەکی پێشەوا عومەر هەیە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ئەم قسەیە پاڵ دەدرێتە لای پێشەوا عومەری کوڕی عبدالعزیزیش، کە لەبارەی خەواریج دەڵێت: (إنْ خَرَجوا عَلی إمامٍ عادِلٍ فَقاتِلوهُم)، واتە: ئەگەر ئەوانە یاخی بوون لە پێشەوایەکی دادگەر، دادگەر بێت لەگەڵ خەڵکی خۆی، دادگەریی

چەسپاند لە کۆمەڵگەکەدا هیچ باسی تەقوا و مسوڵمانییەتی نەکرد، ئەوا (فَقاتِلوهُم) ئەو تەعبیرەی (قاتِل)یش جیایە لە (فاقتُلُوهُم)، نافەرموویت: بچن بیانکوژن، (قاتِلوهُم) واتا لەگەڵیان بجەنگن، نەک بیانکوژن.

بجەنگن بە زمان، بجەنگن بە ڕێگەی ئابووری، بجەنگن بە ڕاگەیاندن، بجەنگن بە فیکر، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام مانای کوشتن نییە، ئەگەر بیفەرموویا: (واقتُلوهُم) واتە بیانکوژن، یەک یەک بیانگرن و بیانکوژن، کەواتە (فَقاتِلوهُم) بە واتای ئێوەش بۆیان بچنە مەیدان، بە هەر شێوەیەک ئەوان هاتنە مەیدان، ئێوەش ئەو مەیدانەیان لێ بگرن. ئەگەر یاخی بوون لە پێشەوایەکی دادگەر، (وَإلا فَدَعَوهُم فَإنَ لَهُم مَقالاً) ئەگەر وا نەبوو لێیان بگەڕێن با قسەیەک بکەن. دەسەڵاتدارێکی ستەمکارت داناوە، بە ڕاست و بە چەپ ستەم لە خەڵک بکات و مافیان پێشێل بکات، حەقیان بخوات و بیانگرێت و ئازاریان بدات و ئەشکەنجەیان بدات، ڕێگەیان پێ نەدات کە ئازاد بن لە ڕادەربڕین، لە بیروباوەڕی خۆیان، بڵێ تۆ نابێت قسە بکەیت لەبەر ئەوەی ئەوە پێشەوای مسوڵمانانە، لێیان بگەڕێن حەقیان هەیە قسە بکەن.

کەواتە بابەتی موعارەزەی سیاسی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، لە سەردەمی جێنشینەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) قۆناغی گەورەی بڕیوە، پێم وایە کۆمەڵگەی ئاوا لەو کاتەوە تا ئێستا کۆمەڵگەیەکی ئاوا ئازادی بە خۆوە نەبینیوە، کە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ موعارەزەکانی بەرانبەری خۆی بکات، ڕاستە بە شێوەیەکی نووسراو ڕێک نەخراوە، بەڵام چوارچێوە و پانتاییەکەی لە ڕوانگەی قورئان و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەوە زۆر ڕۆشن بووە.

ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە و خەڵکی سیاسی و زانایانمان ئەوانەی کە دەیانەوێت حوکمڕانیی خەڵک بکەن، جار جار تەماشایەکی ژیان و هەڵسوکەوتی پێغەمبەری خوا بکەن (ﷺ) و تەماشای ژیانی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بکەن، کە چۆن لەگەڵ ئەم پرسانە مامەڵەیان کردووە، دڵنیام

دەتوانین زۆر بە ڕێکوپێکی و بە چاکی کۆمەڵگەی خۆمان بەڕێوە بەرین. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان دەیڵێمەوە، لە کۆمەڵگەیەکی بەشەری، کەموکووڕی و هەڵە و تاوانی تێدا هەر دەبێت، لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) خەڵک کوژراوە بە ناحەق، دزی کراوە، مەشرووب خوراوەتەوە، زینا کراوە، درۆ کراوە، بوختان کراوە، هەموو ئەو سزایانەی لە قورئاندا باس کراوە، بۆ خەڵکی تاوانبار و سەرپێچیکار بووە، بۆ مرۆڤەکان بووە، نەک بۆ فریشتە! لە کۆمەڵگەی ئیسلامییش کۆمەڵگەی مسوڵمانی تەواو عەیاریش بەدەر نییە لە گوناح و تاوان، لە خراپە و سەرپێچی و ستەم، بەڵام تەماشا بکە ٩٠% بۆ ٩٥%ی ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی ئاسوودەیە، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە، کۆمەڵگەیەکی ئارامە، کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرە لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و ئابووریییەوە، لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە، خەڵک ئازادە، هەروەها لە ڕووی بیروباوەڕەوە، ئازادیی ڕادەربڕینەوە، بەڵام بێگومان بێ کەموکووڕییش نابێت، کەموکووڕییەکانیش یاسا و ڕێسای خۆی بۆ دانراوە بۆ ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردن و بنەبڕکردنیان.

بەشی یازدەیەم
جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئیسلامدا

کۆمەڵگەکان لە سەرەتای دروستبوونیانەوە پێویستیان بە جۆرە ڕێکخستنێکی ژیان بووە، واتا دەبوو کاروباریان ڕێک بخرێت، ڕێکخستنی کاروبار لە ڕووی ئیداریەوە دەبێت داموودەزگا و دامەزراوەیەک هەبێت بەڕێوەی بەرێت، دەبێت یاسای بۆ دەربکات، بنچینەیان بۆ دابنێت، هەموومان دەزانین هەر لە زووەوە بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری، لە یۆنانییە کۆنەکاندا هەبوون، بەڵام ئایا بەم شێوەیەی ئێستا بووە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکوو سادە بووە، شێوەیەکی سادەی بە خۆوە گرتووە، بەڵام جۆرێک لە ڕێکخستنی تێدا بووە بۆ کۆمەڵگەکان، هەموومان ئەوە دەزانین پێویست ناکات بچینە سەر وردەکارییەکەی.

یاساکانی حامورابی، یاسایان داناوە بۆ زۆر بوار، بوارەکانی ژیان و ڕێکخستنی کاروباری خەڵک، چونکە خەڵک پێویستی پێیەتی، بۆیە بە درێژاییی مێژوو ئەو سێ دەسەڵاتە هەبووە، بەڵام قۆناغ بۆ قۆناغ، شوێن بۆ شوێن، ئەم دەسەڵاتانەش شێوەیەکی جیاوازیان بە خۆوە بینیوە. با نموونەیەکی سادە باس بکەم، بابەتی دەنگدان، دەڵێن: لە سەردەمی یۆنانییەکان، ئەگەر ویستبایان کەسێک هەڵبژێرن و بەڵێ یان نەخێر بۆ شتێک بکەن، چییان کردووە؟ خەڵکیان کۆ کردووەتەوە و بانگیان کردوون، یان بە کۆڵانەکاندا گەڕاون، گوتوویانە: بۆ نموونە هەر کەس لەگەڵ وشەی سەفینە، با هاوار بکات و بڵێ سەفین، هەر کەس لەگەڵ وشەی کارۆخە، با هاوار بکات و بڵێت کارۆخ، گوێیان گرتووە کامە دەنگ زۆرتر و بەهێزتر بوو و زوولاڵتر دیار بووبێت، گوتوویانە: ئەمە زۆرینەیە، ئەوەیان دەچەسپاند، وەک ئەم شێوازەی ئێستا نەبووە.

بەپێی تەکنەلۆژیای ئێستا لە زۆر شوێندا هەڵبژاردن بووەتە دەنگدانی ئەلیکترۆنی، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دەسەڵاتانە هەمیشە لە کۆمەڵگەکاندا بە شێوازی جیا جیا هەبوون.

کەواتە ئەوەی ئامازەمان پێ کرد سەرەتای دروستبوونی دەسەڵات و ئەرکەکانی بوو کە بۆ سەردەمی زوو دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە پێغەمبەرانیش (سەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، بێگومان دیارە هەر پێغەمبەرێکیش هاتووە یاسا و دەستوورێکیشی هەبووە، خوای گەورە دەفەرموورێت: هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە مەگەر پەیامەکان پێدا ناردووە، ﴿...وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾ (٢٤) فَاطِر.

واتە: ... مەگەر پێغەمبەرێکی وریاکەرەوە و، ترسێنەری تێدا (نێردراوە و) گوزەری کردووە.

یەکێک هەبووە ئاگادار و هۆشیاری کردوونەتەوە و بەئاگای هێناون کە چۆن ژیان بکەن، خاڵق و بەدیهێنەرێکیان هەیە پێویستە بپەرستن و پەیامی لێ وەربگرن، کاروباری ژیانیان پێویستە چۆن ڕێک بخرێت، بێگومان ئەو پێغەمبەرانە هەموویان پەیامیان پێ بووە، خودی خۆیشیان دیارە وەک دادوەر و سەرکردە و، ئاراستەکارێک بۆ کۆمەڵگەکەیان، وێڕای ئەوەی کە پەیامی خواشیان پێ بووە، کە بریتی بووە لە شەریعەت و ڕێبازی ژیان، ﴿...لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً... ﴾ (٤٨) المائدة.

باسی یەکەم:
دەسەڵاتی جێبەجێکردن

دامەزراوەی جێبەجێکردن کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشی پێ دەگوترێت، یاسا جێبەجێ دەکات، چونکە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن جێبەجێکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەیە کە دامەزراوەی یاسادانان دەری دەکات و کاریان پێ دەکات و ئەرکەکانی لەسەر ئەو بناغە و بنچینەیە ڕایی دەکات.

کەواتە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن جاری وا هەیە پێی دەگوترێت حکومەت، یان ئەنجوومەنی وەزیران، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵام زیاتر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەکار دەهێنن، چونکە هەمووی دەگرێتەوە، لە هەندێک وڵات سیستەمەکە سەرۆکایەتییە و حکومەتیش هەیە و، سیستەمی سەرۆکایەتییە، سەرۆکایەتییش لە خانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بۆیە ناتوانیت بڵێیت ئەنجوومەنی وەزیران، یان تەنها حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەڵام کاتێک دەڵێیت دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە: هەموو ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە ئەرکیان بریتییە لە جێبەجێکردنی یاسا و بەرنامەی هەڵبژاردن و ڕێنماییەکان.

فەڕەنسا و ئەمریکا و هەندێک وڵاتی دیکەش، سیستەمیان سەرۆکایەتییە، سەرۆکیشیان هەیە و کابینەی حکومەتیشیان هەیە، کەواتە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەک باسم کرد بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمان و یاسا و بڕیارانەی کە هەیە، پوختەکەی ئەوەیە سیستەمی حوکمڕانی بە شێوەیەکی تەندروست بخاتە کار، واتا ئەرکی ئەوەیە ئەو یاسا و بڕیارانەی کە دەرکراون، بەو ئاراستەیە حوکم بکات و هەنگاو بنێت و بڕیار بدات، ئەمە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

لە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا ئەم ڕۆڵە زیاتر دراوەتە خەلیفە، یان پێی گوتراوە: (أمیر المؤمنین)، یان (سلطان)، بە هەر حاڵ هەر ناوێک بێت، کەسی یەکەمی ئەو کیان و قەوارەیە، ئەو زیاتر ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

هەڵبەتە دیارە بێجگە لەوەش حاکمی هەرێمەکانیش هەبووە، کە پێیان گوتراوە: والی، ئەوانیش ئەندازەیەک دەسەڵاتی خۆیان هەبووە، ئازاد بوون لە جێبەجێکردنی زۆر شت لە بوارە جیاجیاکانی ناوچەکانی خۆیان. ئەوە بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵک و لە هەندێک بواردا لە وڵاتەکانی خۆیاندا ئازادن و لە هەندێک بواریشدا دەگەڕێنەوە بۆ ناوەندی بڕیار، بۆ نموونە: بەپێی فیقهی ئیسلامی سەبارەت بە بابەتی زەکات، کۆکردنەوەی زەکات، واتا ئەو زەکات و باج و خەراجەی لە هەرێمێک یان لە وڵاتێک کۆ کراوەتەوە، تا خەڵکی ئەو شوێنانە پێویستیان پێی بێت، نابردرێت بۆ شوێنێکی دیکە، ئەمەش جۆرێکە لە سەربەخۆییدان بەو شوێنانە، هەتا لە بواری دارایییشدا ئەوانە سەربەخۆ بوون، بێجگە لە بواری کارگێڕی و ئیداری، کە ئێستا دەتوانین بڵێین وەک دەوڵەتە فیدراڵییەکانی ئێستا وایە، دەوڵەتێکی فیدراڵی پێک هاتووە لەچەند هەرێمێک، وڵات هەیە (١٦) هەرێمی هەیە، وڵات هەیە (٥٠) هەرێمی هەیە، ئەو هەرێمانە حکومەت و پەرلەمانی خۆیانیان هەیە، هەندێک یاسا و ڕێنمایی و بڕیاری تایبەت بە هەرێمەکەی خۆیشیان هەیە، بەڵام دیارە لە هەندێک شتی گشتیدا پەرلەمان و حکومەتێکی ناوەندی هەیە، ئەو کاتە ئەوان بە هەندێک پرەنسیپی گشتی کە هەیە لەم وڵاتە، هەموویان پێوەی پابەندن و کاروباریان بە یاسا و ڕێنمایی ڕێک خستوون.

هەر سەبارەت بە بابەتی زەکات، هەندێک کەس پێیان وایە ئیسلام داوای کردووە یاخود ئیسلام بە زۆر پارە لە خەڵک وەردەگرێت، کەچی وا نییە، بەڵکوو ئیسلام ڕێکی خستووە و دیاریی کردووە و لە خەڵکانێک کە پارەدارن وەردەگیرێت، لە سیستەمی ئێستاش بە تایبەتی ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرێت، ئەو

باجەی کە وەردەگیرێت چەند بەرانبەرە بە زەکات، لە هەندێک شوێن (١٠) بەرانبەرە و زیاتریش، لە ئیسلامدا سەدی دوو و نیو لە ساڵێکدا دیاری کراوە، ئەو پارەیە خوای گەورە داینـاوە، لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت بۆ هەژارەکان، بۆ پێداویستیی هەژارەکان و ئەو چینانەی کە لە قورئاندا باس کراون، ئەمە بۆ تەواوکاریی کۆمەڵایەتییە کە پێی دەگوترێت: (التكامل الأجتماعي)، واتا ئەم کۆمەڵگەیە خۆی کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەندێکیان کەڵێنی هەندێکی تر پڕ دەکەنەوە و هەندێکیان چارەسەری کێشەی هەندێکیان دەکەن، خوای مەزن ئەمەی فەرز کردووە لەسەر ئەوانەی کە هەیانە لە ساڵێکدا تەنها لە پارەی پاک و دیـاریکراو ٢،٥ % وەردەگیرێـت، ئەگەر بەراوردیـش بە هەنـدێک وڵات و کۆمەڵگە بکەیت، بۆ نموونە: وڵاتی ئەڵمانیا، ئەگەر (١٠٠) یۆرۆ ئیش بکەیت لە مانگێکدا، دەبێت (١٩) یۆرۆ بدەیت بە حکومەت. هەندێک وڵاتی تر هەیە لە سەدی (٢٠) وەردەگرن، یان (٢٣) وەردەگرن تا دەگاتە سەدا(٣٤ و ٣٥)، کەواتە لە وڵاتانەی ڕۆژئاوا ئەوەی ئیش دەکات ڕێژەیەکی دیاریکراو لە پارەکەی بۆ حکومەتە، هەڵبەت لە سەرێکەوە دەسەڵات مافی خۆیەتی وەری بگرێت، چونکە حکـومەتیش هەمـوو پێداویستی و خزمەتگـوزاریی پێویستی بـۆ هاووڵاتییـان دابـین کـردووە، بەڵام بە داخەوە لەم وڵاتەی ئێمە ئەم هەمـوو بـاج و ڕسـوماتە وەردەگیرێت، لە هەمـوو شتێک بـاج وەردەگیرێت، بە داخەوە خەریکە بە هۆی ئەو هەموو باج و خەراجەی لە خەڵک وەردەگیرێت، خەڵکی دەوڵەمەند نامێنێت و پارە هەمووی دەچێتە دەستی حکومەت، یان چەند کۆمپانیایەک کە حکومەت و، دەسـەڵات لە پشـتیەتی. هەر بـۆ ڕوونکـردنەوەی زیـاتری ئەم بـابەتە، نموونەیەک دەهێنینەوە کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە پەیوەست بە کێشەی هێنانی (کەپەک) لە هەرێمـی کوردسـتان، کەپەک دەکرێـت بە عەلەف بـۆ ئـاژەڵ، لە دەرەوە کـۆمەڵە بازرگانێـک دەیهێـنن، لە تورکیـا کە دەیهێـنن تەنـی بە بـاج و ڕسـومات و کـرێیەوە نـزیکەی ٤٧٠ بـۆ ٤٦٠ دۆلار دەوەسـتێت، خەڵکێـک لە ڕووسـیا دەیهێنێـت هەرزانـتر دەوەسـتێت نـزیکەی ٣٧٠ دۆلار دەوەسـتێت بە

هەموویەوە، لێرە حکومەت کۆمپانیایەکی داناوە بۆ ئەوەی تەنها کۆمپانیا قازانج بکات و حکومەت ئەو شتانەی هەموو فرۆشتووە و وەزارەتەکانیشی فرۆشتووە، وەزارەتی کشتوکاڵیش فرۆشراوە بەو کۆمپانیایانە، تەنها بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیایە سوود ببینێت و کۆمپانیاکەش بۆ ئەوەی کە سوود بە وەزیرێک و چەند ستافێکی دەوروبەری بگەیەنێت، تەندەریان ئامادە کردووە، گوایە ئێمە کەپەکی خۆمانمان هەیە تەنی بە ٥٠٠ دۆلار!

بەڵام بۆ بە ٥٠٠ دۆلار؟ ئەگەر ناوخۆیە بۆ بە ٥٠٠ دۆلارە؟ کەسێک لە ڕووسیاوە کەپەک بێنێت تەنی بە ٣٧٠ دۆلارە، تاوانێکی گەورە نییە لە وڵاتی خۆت بەرهەمی بێنیت و بە ٥٠٠ دۆلاریش بیدەیە کابرای فەقیر و هەژاری ئەم وڵاتەی! ئەو جووتیارانەی کە گا و گوێک و مەڕومااڵتیان هەیە پێرانەگەن، هاواریان لێ هەستاوە، ئەگەرنا هەموو بۆ قازانج و بۆ یەک کەسییە، گیرفانی هەموو خەڵکی دەبڕن، مااڵی هەموو خەڵکی وێران دەکەن بۆ چەند کەسێک. تەماشای سیستەمی ئەم وڵاتە چۆنە، وردە وردە هەرچی پارە بە دەست خەڵکییەوە هەیە، بەم ڕێگەیانە کۆی دەکەنەوە و لە دەستیان دەردەهێنن، کە دەڵێن: بۆ واتان کردووە و بۆ وا دەکەن؟ گوایە نەخۆشیی پێوەیە، کەی نەخۆشی لە ڕێگەی کەپەکەوە دەگوازرێتەوە؟! نەخۆشی لە ڕێگەی دەرمانی بەسەرچووەوە دەگوازرێتەوە، نەخۆشی لە ڕێگەی ئەم هەموو مادەدە بەسەرچووە، نەخۆشی لە ڕێگەی ئەم هەموو شتەی کە بە قاچاغ دەهێنرێت و هیچ پشکنینێکی بۆ ناکرێت، نەخۆشی بە هۆی ئەمانە پەیدا دەبێت و دەگوازرێتەوە، بێگومان ئامێری پشکنینی ئەم کەپەکە کە ئەوان دەڵێن نەخۆشیی دەگوازێتەوە، لەم کوردستانە هەر بوونی نییە.

بازرگانەکان پێیان گوتوون، دەبێت پشکنینی بۆ بکەین کە دەیهێننە هەرێمی کوردستان، ئەوە لە ڕووسیا دەیهێنێت بە ئێراندا تێ دەپەڕێت، پشکنینەکە لە ئێران هەیە و لەوێ پشکنینی بۆ دەکرێت و نووسراوی ئێران دەهێنن لێرە کاری

پێ دەکرێت، ئەوەی کە لە تورکیا و ئەولاتریش دەیهێنن بە ڕێگەی تورکیادا، لە تورکیا هەیە و دەبێت پشکنینی تورکیا بێنن و لێرە ئیعتیباری هەیە، تۆ کە پشکنینەکەت نییە، ئامێرەکەت نییە چۆن دەڵێیت: نەخۆشی دەگوازێتەوە؟ لە کوێ دەزانیی نەخۆشی دەگوازێتەوە، بە چی ئامێرێک پشکنینت بۆ کردووە؟

لە مێژووی ئیسلامدا وەزارەت هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی عەبباسییەکان، لە سەردەمی پێشەوا (عومەر)یش دیوانی سوپای دانا، کە دەکاتە وەزارەتی پێشمەرگەی ئێستا و سوودیشیان لە فارس و ڕۆمەکان بینی: (الحِكمَة ضَالَّة المؤمِنُ أينَما وَجَدَها فَهُوَ أحَقُّ بِها) واتە: شتی باش و چاک، شتی ونبووی بڕواداڕە، لە هەر شوێنێک دەستی کەوت، پێویستە سوودی لێ ببینێت و بەکاری بهێنێت، خوای گەورە ئەو شتانەی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی پەیدا کردووە، بۆ ئەوە پەیدا کراوە تا سوودی لێ ببینێت.

لە سیستەمی فیدراڵی دەوڵەتێکی مەرکەزی هەیە پێک دێت لە چەند هەرێمێک، لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامی ویلایەتی شام و عێراق و یەمەن و میسر و حیجاز هەبووە، ئەمانە هەر یەکە و والیی خۆی بۆ دانراوە، والی واتە: حاکمی ئەو هەرێمە.

بە داخەوە خەڵکێک بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵییەکانی خۆی زۆر جار ئەوەیان لێ دەبیستین کە دەڵێن ئەو گەندەڵییەی ئێستا هەیە لە سەردەمی خەلیفەکانەوە هەبووە و هاتووە تا ئێستا بەردەوامە، کاتێک باسی گەندەڵی دەکەن، دەڵێن گەندەڵی هەیە و دانی پێ دادەنێن، بەڵام دەڵێن: گەندەڵی هەر لە سەردەمی ئێمەدا نەبووە، بەڵکوو لە سەردەمی خەلیفەکانیش هەبووە، کە ئەوان زۆر مسوڵمان و پیاوی چاکیش بوون.

ئەو کەسانەی ئەم قسانە دەکەن جارێ دەبێت بەڵگە بێننەوە، گەندەڵی لە کوێ هەبووە، لە سەردەمی کام خەلیفە؟ کاکە خەلیفە سەرڕاستەکان، مەگەر جێنشینەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ مالّی خۆیان نەبەخشیوە بە دەوڵەتی

ئیسلامی؟ بۆ بواریّک له بواره‌کان؟ ئەبوبه‌کر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) جاری وا هەیه ئەوەنده مالّه‌کەی به‌خشیوه، هیچی نەهێشتووەتەوه. ئیمامی عومەریش زگی قۆڕەی دەهات له برسان، دەیگوت نابێت گۆشت بخۆیت تا فەقیر هەمووی تێر نەبێت. له ڕیوایەتی سەحیحدا هاتووه، دەڵێت: پێشەوا عومەر هەوڵی داوه له مالّبەخشین پێشبڕکێ لەگەڵ پێشەوا ئەبوبه‌کر بکات (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت)، کاتێک پێشەوا عومەر نیوەی مالّه‌کەی به‌خشیوه، گوتی ئەوه نیوەی مالّم دەبەخشم به ئیسلام و بۆ ئامادەکردنی سوپای ئیسلام، له دڵی خۆیدا گوتی ئەم جاره به پێش پێشەوا ئەبوبه‌کری دەکەومەوه له به‌خشینی مالّ، دەگەڕێتەوه و پرسیار دەکات دەڵێن: ئەبوبه‌کر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) هەموو مالّه‌کەی به‌خشیوه، سەبارەت به پێشەوا عوسمانیش (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ئەوه هەر قسەی لەسەر ناکرێت، چونکه کەسێکی زۆر به‌خشنده بووه.

ئەم پێشەوا و جێنشینه سەرڕاستانه له دوای خۆیان چییان بەجێ هێشتووه تا گەندەڵییان کردبێت؟! ئەمانه پەروەردەی دەستی پێغەمبەرمان «ﷺ» بوون و خۆیشی سەرکردەیان بووه، که وەفاتی کردووه (٤٠٠) زرێی کابرایەکی جوولەکه قەرزار بووه، بۆیان داوەتەوه، به هەر حاڵ بوختانی ئاوا بێبنەما، تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو هەموو گەندەڵییه زەبەڵاح و گەورانەیه که له مێژوودا وێنەی نەبووه، له هەمان کاتیشدا به ڕاستی بێئەدەبییه بەرانبەر به جێنشینه سەرڕاستەکان یان هاوەڵانی پێغەمبەری خوا «ﷺ»، ئەگەر ئەوان له هەندێک شتدا خیلافیان هەبووه، کێشەیان هەبووه، بەڵام دواجار ناکۆکییەکه هەر لەسەر ئەوه بووه که پێیان وا بووه له ڕووی بەرژەوەبردنەوه کێ باشتر خزمەت دەکات. لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵگەکەیان مرۆیی بووه و کەموکوورِیی تێدا بووه و کەسەکانیش مرۆڤ بن، بێهەڵە و تاوان نابن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بوون.

باسی دووەم:
دەسەڵاتی یاسادانان

سەبارەت بە دامەزراوەی یاسادانانیش کە دەسەڵاتی یاسادانانیشی پێ دەگوترێت، گرنگترین ئەرکی ئەم دەسەڵاتە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بریتییە لە یاسادانان، بۆ نموونە: ئەگەر پێشتر لە مێژووی ئیسلامدا پێی گوتراوە (اهل الحل والعقد)، یان ئەوانەی کە ڕاوێژیان پێ کراوە، جا ڕاوێژ بۆ بواری تەشریعی بووبێت، یان بۆ بواری ئیداری و، بۆ بواری جەنگ و جیهاد و ئاشتی بووبێت، بۆ هەر بوارێک لەو بوارانە بووبێت، دەسەڵاتی یاسادانان یەکەم ئەرکی کە ناوەکەی لە خۆیەوە هاتووە بریتییە لە یاسادانان.

ئەرکێکی دیکەی دەسەڵاتی یاسادانان بریتییە لە چاودێریکردن، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئایا دەسەڵاتی جێبەجێکردن چەند ئەو یاسا و بڕیارانەی کە دامەزراوەی یاسادانان دەری کردوون ئەوان جێبەجێیان کردووە؟ ئایا بە یاساکانەوە پابەندە؟ لە کوێ لایداوە؟ هەر کاتێک لابدات، دیارە ئەم دەسەڵاتی یاسادانانە بۆی هەیە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، واتا چاودێریی کار و کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و، چاودێریی دارایی گشتی دەکات، دەتوانم ناوی لێ بنێم چاودێریی سامانی گشتی، ئەو سامان و سەروەتەی کە هیچ خەڵکە، زۆر جار بە تێپەڕبوونی کات ئەو دەسەڵاتانەی ئێستا خەڵکی وا تێ دەگەیەنن و ڕادەهێنن کە سامان و سەروەت و داهات هیچ حکومەتە، کەچی هەر لە بنەڕەتدا هیچ خەڵکە، چونکە حکومەت سەرکارە، حکومەت دەبێت کاروباری خەڵک ڕێک بخات و بەڕێوە بەرێت، حکومەت هاتووە دابەشی بکات، حکومەت بەم سامانە بێ خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاوواڵاتیان بکات، ئەگەرنا هیچ ئەو خەڵکەیە کۆ کراوەتەوە و ڕادەستی خەڵکێک کراوە تا ڕێکی بخات و دابەشی بکات، بۆیە ئەوە سامان و دارایی گشتییە، ئەم دامەزراوەیە بۆی هەیە چاودێریی دامەزراوەی جێبەجێکردن بکات،

ئایا چۆن مامەڵە بەو پارە و سامان و سەروەتەی خەڵک دەکات؟ لە دابەشکردنیدا چەند دادگەرە؟ ئەمە ئەرکێکی دیکەیە، ئەرکێکی دیکە لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان کە بۆی هەیە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات و سزاشی بدات، بۆی هەیە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر لادان لە یاساکان، لەسەر بە هەدەردانی سامانی وڵات متمانەی لێ وەربگرێتەوە، لە وەڵامنەدانەوە و چارەسەرنەکردنی کێشە و گرفت و داواکارییەکانی خەڵک، کە بوارەکانی زۆر فراوانە، بۆ نموونە: خەڵک مافی ئاسایی و یاساییی هەیە، لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بۆیان دابین بکات، ئایا چەند بۆی دابین کردوون؟ مافی ئاساییی ژیان وەک ئاو و نان و، شوێنی نیشتەجێبوون ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، مادام سامان و سەروەتی خەڵکی لایە، دەبێت جێگە و ڕێگەشیان بۆ دابین بکات. لە شتە سەیروسەمەرەکانی دەسەڵاتدارانی ئێستا ئەوەیە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پارە و سامان و سەروەتی خەڵکی بە دەست بێت، بەڵام خەڵک کرێچی بێت و بۆ کرێچیاتییەکەشی هاوکاریی نەکات.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە لەم هەرێمەی خۆمان لە ئێستادا بە هەزاران شوقە و خانووی بەتاڵ هەیە لەو پڕۆژە و شار و گوند و کۆمەڵگەیانەی دروست کراون، کەچی بە سەدان هەزار کرێچییش لەو وڵاتەدا هەیە. لە وڵاتانی دەرەوە، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەتە (٣٢) وڵاتی ئەورووپی هەیە، ئەگەر کەسێک کار و کەسابەتی نەبێت و خانووی نەبێت، حکومەت بۆی دابین دەکات، یان خانووی هەیە، یان توانای ئیشکردنی هەیە و حکومەت هەلی کاری بۆ ڕەخساندووە، باجی خۆیشی لێ وەردەگرێت و کرێی خانووەکەی خۆیشی دەدات، یان ئەوەتا هیچ کار و کەسابەتێکی دەست نەکەوتووە، نەک تەنبەڵ دابنیشێت، چونکە ئەو وڵاتانەش قەبوڵ ناکەن کابرا لێی دابنیشێت و پاڵ بداتەوە و حکومەتیش خزمەتی بکات، کاری بۆ دەدۆزرێتەوە، هەلی کاری بۆ دەڕەخسێنێت و بە دوایدا دەنێرن، کە لەم کۆمپانیایە لە کەرتی تایبەت، فلان شوێنی کار هەیە، بڕۆ کار بکە، بەڵام شتی وا

نییە کابرا بێ جێگە و ڕێگە بێت لەسەر شەقامان بکەوێت، ئەوە کە جار جار لە هەندێک بەرنامە و هەندێک خەڵک باس دەکات کە گوایە خەڵک هەیە لە ئەوڕوپاش لەسەر شەقام و بن دیواران کەوتوون، ئەوانە ئاڵوودەن (مدمن) بە مادده هۆشبەرەکان، ئەو پارەیەی کە لە سۆشیال لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆیان دابین کراوە، بەشیان ناکات و دەچن بە دەرمان و بە مەشڕووب و بە شتی پووچ و بێسوود خەرجی دەکەن، شتێکیان پێ نامێنیت بۆ ژیانیان، کەوتوونە سەر شەقام، ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە جێگە و ڕێگەیان نییە، لەبەر ئەوەیە کە بێبەندوبار و بێسەروبەرن، شتێکی شاز و نامۆی ئەم کۆمەڵگەیانەن، کەچی لەم وڵاتانە کەسێک نادۆزییەوە بێ جێگە و ڕێگە بێت.

مەبەستە کە ئەوەیە ئەو دامەزراوەیە بۆی هەیە لەم حکومەتە بپرسێتەوە و پرسیاری ئەوەی ئاراستە بکات؟ بۆچی خەڵک ئەم مافە ئاساییانەی بۆ دابین نەکراوە؟ ئێستا لەم وڵاتەی خۆمان بگەڕێ بۆ نموونە: چوومە گەڕەکێک پێم سەیرە ئەو خەڵکە چۆن دەگاتە سەنتەری شار؟ هەر لە دەوروبەری هەولێرە، هەموو قوڕ و چڵپاو و کەند و کۆسپ، ئەی باشە ئەو سامان و سەروەتەی خەڵک بۆچی بەکار دەهێنن؟ چیی لێ دەکەن؟ ئەو خەڵکە توانای دارایی نەبووە، بۆیە چووەتە ئەم دووڕەشارە و قوڕنە خانوێکی پێک هێناوە، بەڵام ئێستا بە هەزار ڕەزالەت تا دەگاتە ناوشار، بە گەڕەکی ناوشاریش حیسابە، مەبەستم ڕێگەوبانە، ئاو و کارەبایە، خزمەتگوزاریی تەندروستییە، سێکتەری تەندروستی لەم وڵاتە هەر وێرانە، کێ بەرپرسیارە لەم سێکتەرانە؟ باس لە دەسەڵاتی یاسادانان دەکەین، کە مافی خۆیەتی موحاسەبەی دامەزراوەی جێبەجێکردن بکات لەوەی کە مافە ئاسایی و یاساییەکانی خەڵکی دابین نەکردبێت.

هەر وەک باسمان کرد دامەزراوەی یاسادانان پەرلەمانە و دامەزراوەی حکومەتیش لایەنی جێبەجێکردنیەتی، دادەوەرییەکەشی دادگایە کە دواتر باسی دەکەین، ئەگەر بێین سەیر بکەین لە ڕابردوو لە ئیسلامدا ئەو بابەتە چۆن بووە،

بە چ شێوەیەک بووە؟ ئەوە گومان لەوە نییە وەکوو ئێستا نەبووە، ناوی پەرلەمان بێت و بالاخانەی هەبێت و خەڵک لەسەر کورسی دابنیشێت و بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، یاخود حکومەتەکان بەو شێوەیە نەبوون کە ئێستا هەن، بە هەر شێوازێک بووبن، گرنگ ئەوەیە بزانین ئایا ئەو کاتە ئەو دامەزراوانە چۆن بوونە و کاروبارەکانیان چۆن ڕایی کردوون؟

دەسەڵاتی یاسادانان لە ئیسلامدا بەم شێوەیە، لەو بابەتانەی کە دەقێکی قورئان و دەقێکی ڕاست و دروستی فەرمایشتی پێغەمبەر «ﷺ» هەبووبێت، زانایان لێرەدا ئیش و ئەرکیان چی بووە؟ بە ورد و قوواڵی تەماشای ئەو دەقانەیان کردبێت و ئەحکامیان لێ هەڵێنجابێت، ئەمە یانی تێگەیشتنێکی ورد و قووڵ و دەتوانم بڵێم ڕوونکردنەوەی حوکمەکانیەتی، بۆ ئەو بابەتانەش کە دەقێکی لەسەر نییە، دەقێکی قورئان نییە، دەقێکی سوننەتی ڕاست و دروست نییە، ئەوە ئەرکی زانایان لێرەدا بریتییە لەوەی هەوڵ بدەن لەبەر ڕۆشناییی قورئان و سوننەت ئەحکام دابڕێژن و یاسا بهۆننەوە.

لەبەر ڕۆشناییی قورئان و سوننەت یانی چی؟ لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات، ئەو ئەحکام و یاسایانەی دەریان دەکەن یان ئەو فەتوایانەی دەدرێن ئەو کەسانەی کە دەڵێن پێویست ناکات بە دوای ئایەتدا بگەڕێیت یان بە دوای حەدیسدا بگەڕێیت، کە دەبێت موافقی ئایەت و فەرموودە بێت، لەبەر ئەوەیە دەستت ناکەوێت، هەر لە ئەنجامی ئەوەیە کە تۆ لە ئایەت و فەرموودە حوکمەکەت دەست نەکەوتووە و پەنات بردووەتە بەر ئیجتیهاد، واتا دامەزراوەیەک هەیە کۆشش دەکات، با بزانین ئیجتیهاد چییە؟ وشەیەکی نامۆ و سەیر نییە، لە بوارێکی پسپۆڕیدا خەڵک بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات، بۆ نموونە: کەسێک دەربارەی بوارێک ئیجتیهادێک دەکات، سەبارەت بە یاسای ڕێگەوبان، هاتوچۆ، گرنگ ئەوەیە بڕیارێک بدەیت، یاسایەک دەربکەیت کە پێچەوانەی دەقێکی قورئان نەبێت، بەڵام تۆ بە دوای ئەوەدا بگەڕێیت کە

موافقی قورئان بێت، لەوانەیە دەستت نەکەوێت، ئەمە ئەرکی زانایانە تاوتوێی ئەم جۆرە بابەتانە بکەن و گرنگ ئەوەیە دژی قورئان نەبێت، دژی فەرموودەیەکی ڕاست و دروستی پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ).

بێگومان ئەو کۆششە لە ڕێگەی ئەوانەوە دەبێت کە ئەگەر پسپۆڕی بێت، ئەوا خەڵکی پسپۆڕ قسەی لەسەر دەکات، بە لایەنی کەم پرۆژەی گونجاو لە بواره تایبەتەکە ئامادە دەکەن و دەیخەنە بەردەستی دامەزراوەی تایبەتمەند، جا چ پەرلەمان بێت یان حکومەت بێت.

باسی سێیەم:
دەسەڵاتی دادوەری

سەبارەت بە سیستەمی دادەوەری و نەخشە ڕێگەی سیستەمی دادوەری لە ئیسلامدا، دیارە دامەزراوەی دادوەری لە ئیسلامدا ئەرک و ڕۆڵی لە دوو دامەزراوەکەی دیکە گرنگترە، بە تایبەتییش دوای ئەوەی گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا، چونکە ئەو دامەزراوەیە پەیوەندیی بە مافی خەڵکەوە هەبووە و پەیوەندیی بە ژیانی خەڵک و پاراستنی مافەکانییەوە هەیە، کاتێک یەکێک کێشەیەکی هەیە، مافێکی خوراوە، کێ بۆی دەگێڕێتەوە؟ دەبێت ئەم دامەزراوەیە بۆی بگێڕێتەوە، سکاڵا بۆ لای ئەم دامەزراوە دەبات.

دادوەری کۆڵەکەیەکی گرنگی ژیانە، بابەتێکی زۆر گرنگە کە خەڵک پەنای بۆ دەبات لە کاتی کێشە و ناکۆکییەکان و پێشێلکردنی مافەکانی و ستەملێکرانی لە هەموو ڕوەکانەوە، جا ئەو ستەمە ستەمی سیاسییە، یان ستەمی کۆمەڵایەتییە، یان ستەمی ئابووری... هەر جۆرە سیستەمێک بێت.

ئەم دامەزراوەیە لە سەردەمی خۆیدا لە حوکمڕانییەتیی ئیسلامدا زۆر بەرەو پێش چوو، چونکە یەکێکە لە پێویستی و بابەتە گرنگەکانی ژیانی خەڵک و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تاکی و کۆمەڵی لە کۆمەڵگەدا.

لە سەردەمی ئیسلامدا دامەزراوەی دادوەری چەند نەخشەیەکی هەبووە، بە تایبەتی ولاتی ئەندەلووس لەم ڕووەوە زۆر پێشکەوتوو بووە، زانایان زۆر باسی دەکەن، بابەتی دادوەرییان زۆر لێک جیا کردووەتەوە لە ویلایەتەکان، لە کۆی

ئەو کیان و قەوارە ئیسلامییەی کە ئەو کاتە هەبووە، پێنج نەخشەڕێگەیان هەبووە بۆ ئەم پرسە، ئەوانیش بریتی بوون لە:

ولاية القضاء

ولاية المظالم

ولاية الحسبة

ولاية الرد (صاحب الرد)

ولاية الشرطة

دامەزراوەی دادوەری:

(ولاية القضاء) واتە: دامەزراوەی دادوەری، دامەزراوەیەکی گرنگ بووە گرنگترینیان بووە، وتەیەکی (ابن خلدون) هەیە کە لە پێشەکییەکەی ابن خلدوندا هاتووە، ئیمامی غەزالی و ئیمامی حەڕەمەینیش باسیان کردووە، لەو بوارە دەڵێت (القضاء منصب الفصل بين الناس)، دادوەری یەکێکە لە پلەوپایەکانی جیاکردنەوە و چارەسەری کێشەوبەرە لەنێوان خەڵک، (في الخصومات، حسمًا للتداعي، وقطعًا للتنازع)، ئەوەش بەوە دەبێت هەرچی شتێک کە لێی پەیدا دەبێت، کۆتاییی پێ بێنێت، هەرچی ناکۆکی و کێشەوبەرەش هەیە چارەسەری بکات، (ابن خلدون) لە باسی قضاء مەبەستی ئەوەیە و غەزالی و ئیمام حەڕەمەینیش ڕایان وایە دەڵێن: ئەم (قضاء)ـە، دادوەری لە ئیسلامدا لە جیهادیش گەورەترە، بە هۆی ئەوەی کە خەڵک زۆر پێویستی پێیەتی، ژیانی خەڵکی لەسەر بەندە و گەورەترین تاعەت و خواپەرستییە.

دوای ئەوەی باسی گرنگیی دادگامان کرد، کە گرنگترین هۆکاری چارەسەری کێشە و گرفتەکانە لەنێوان خەڵکدا، بەڵام بە داخەوە لە زۆربەی وڵاتان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادگا بووەتە دەسکەلای دەسەڵات. ئایا لە

سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا و لە حوکمڕانیی ئیسلامیدا وەکوو ئێستا بووە؟ ئەوەی کە دەسەڵاتدار بووە هەرچی پێی خۆش بووە بیکات و ئەوەی کە بێدەسەڵاتیش بێت ئەگەر شتێکی زۆر سادەش بکات، ئەوا سزایان بەسەردا جێبەجێ کردووە وەکوو ئەوەی کە ئێستا دەیبینین؟

بێگومان ئەوەی لە سەردەمی ئیسلامدا جێبەجێ کراوە سەبارەت بە دەسەڵاتداران لە قۆناغە جیاجیاکان جا چ لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چ لە سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکانی، دوایی چ لە سەردەمی عەبباسییەکان و ئەمەوییەکان و تا ڕادەیەکیش عوسمانییەکانیش شتێکی جیاواز بووە، چۆن جیاواز بووە؟ ئەوانە کەسی یەکەمی وڵاتەکە بوون، بۆ چەسپاندنی دادگەرییش پێشتر لە خۆیانەوە دەستیان پێ کردووە و جێبەجێیان کردووە. با نموونەیەکی سادە بێنینەوە، پێشەوا عومەر لە وتاری هەینیدا، نەیتوانیوە باسی ئەوە بکات کە خەڵک غەیبەت نەکات هەتا نەهاتووە مالّ و منداڵەکەی خۆی کۆ نەکردووەتەوە و پێی نەگوتوون: غەیبەت حەرامە، نامەوێت گوێم لێ بێت کە غەیبەتی خەڵک دەکەن، چونکە ئەم وتاری هەینییەی دێت باسی ئەوە دەکەم کە غەیبەت حەرامە و خەڵک نابێت غەیبەتی یەکتر بکەن.

لەوە دەست پێ بکە، کەسێک ئەوە هەست و ئەوە ناخ و ئەوە مامەڵەی بێت لەگەڵ خودی خۆی، لەگەڵ خانەوادەی خۆی. ئایا ئەمە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت کە نادادگەر بێت و زوڵم بکات؟ یاخود حەقێکی بکەوێتە سەر و ڕەتی بکاتەوە؟ جا نموونەی زۆر هەیە لە ژیانی ئەو پیاوە گەورانە. مەبەستم ئەوەیە زۆر جیاواز بووە، ئەوانە لە خوا ترساون و پەیوەندیی هەمیشەییان لەگەڵ خوداوە هەبووە و خوای گەورەش پێی فەرموون: ﴿ ...وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ... ﴾ (٥٨) النِّسَاء.

واتە: ... هەر کات (ئەی حوکمڕانینە)! لەنێو خەڵکیدا دادوەریتان کرد، بە دادگەری داوەری بکەن...

ئەوەی لافی پابەندی ئەم شەریعەت و بەرنامەیە لێ دەدات پێویستە دادگەر بێت، پێش هەموو کەس لە خۆیەوە دەست پێ بکات، لە خانەوادەکەیەوە دەست پێ دەکات، بۆیە سیستەمی دادوەری زۆر جیاواز بووە لەوەی کە ئێستا هەیە. گەر ئاوڕێک لە مێژووی حوکمڕانیی ئەو پێشەوایانە بدەینەوە، هەر زۆر جیاواز بوو، دەبینین چۆن حوکمیان کردووە، هەر کێشەیەک لەنێوان خەلیفە و کەسێکی سادە لەو ولاتە دروست بووبێت، بەرانبەر یەک ڕاگیراون و بە دادگەرانە هیچ جیاوازییەک و پلە یەک و پلە دوو نەبووە لەنێوانیاندا، هەروەها لە بەسەرهاتی پێشەوا عەلی و کابرای جوولەکە و قازی (شریح)، کە بەسەرهاتێکی بەناوبانگە و هەموو کەس ڕەنگە گوێی لێ بووبێت، جوولەکەکە ڕاگیراوە، ئەویش ڕاگیراوە لە بەرانبەر یەکتری.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش ستەمی لە کابرا نەکردووە بڵێت: تۆ حەقت نییە و حەق هیی منە، کەواتە مەبەستەکە ئەوەیە بابەتەکان زۆر جیاواز بوون، ئەوانە لە خۆیانەوە دەستیان پێ کردووە، بەڵام ئەوەی ئێستا بۆ خۆی زوڵمەکە دەکات، دامەزراوەکەی زوڵمەکە دەکات، گەندەڵی دەکات، دەوروبەری خۆی دەیکات، ناتوانێت یان نایەوێت پەنجەی لە چاوی ڕابکات و بڵێت: تۆ ناحەقیت، لەبەر ئەوەی ستەم و گەندەڵی و خراپەکارییەکە لەنێوان لووتکەی دامەزراوەکەیە کە خودی خۆیەتی (مەبەست لە کەسی یەکەم)ە.

دامەزراوەی ستەم لێکراوان:

ئەمەش دامەزراوەیەکی دیکە بووە، پەیوەندیی بەو بابەتانەوە هەبووە، کە ستەم لە خەڵکی کراوە، کاتی خۆی خەڵک ئەگەر ستەم لە خۆی، لە مالّ و منداڵی، لە سامان و سەروەتی کرابێت، پەنای بۆ ئەم دەسەلاتە بردووە، دوای ئەوەی کە پێشەوا عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) شەهید دەبێت، دەیانەوێت پێشەوا معاویەش بکوژن، تەماشایان کرد خەلیفەکان یەک لە دوای یەک دەکوژران، شەهید دەکران، گوتیان ئاوا نابێت، بۆیە پاسەوانیان بۆ

خەلیفەکان دانا، وردە وردە دەرگەوان ڕێک خرا، بە شێوەیەک هیچ کەسێک نەتوانێت بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی هیچ پاسەوانێک، دەرگەوانێک هەبێت یەکسەر بچێتە ژووری و ئاوا بە ئاسانی پێشەوایان بکوژرێت، کەچی پێشتر دەرگە کراوە بوو، کە دەیەوێت بێتە لای کەسی یەکەمی وڵات و کەس نەبوو پرسیاری ئەوەی لێ بکات تۆ کێیت؟ چیت پێیە؟ بۆ کوێ دەچیت؟

یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەو ویلایەتە (ولایة المظالم) ئەوە بوو، دوای ئەوەی فتوحات دەستی پێ کرد دەوڵەت و کیان و قەوارەی ئیسلامی زۆر فراوان بوو، زۆر گەورە بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبوو، خەڵک زیاتر پەیوەندیی بە ئیسلامەوە دەکرد، مسوڵمان زۆر بوون، هەرێمەکان دروست بوون، ویلایەتەکان دروست بوون، خەڵک زۆر بوو، بێگومان لەم حاڵەتدا کێشە و گرفتی خەڵکی زۆر دەبێت، هەمووی نەدەگەیشتەوە لای خەلیفە، لەم سەر دونیا بۆ ئەوسەری دونیا، ئەم ویلایەتی (مظالم)ەیان دانا، بۆ نموونە: والییەک ئەگەر زوڵمی لە کەسێکی ئاسایی کردبێت، چی بکات؟ والییە و زوڵمی کردووە، ئەویش مرۆڤە، ئەم دامەزراوەیان دانا بۆ ئەوەی کە خەڵک بچێت کێشەی خۆی و سکاڵای خۆی بباتە لای ئەم دامەزراوەیە، بۆ ئەوەی ئەگەر حەقیشی خورابێت لە لایەنی کەسێکی دەسەڵاتدارەوە، ئەم دەسەڵاتە کە دەسەڵاتی دادوەری بوو، قەزا بوو، قسەی ڕەتکراوە نەبوو، مافی بۆ خاوەن ماف دەگێڕایەوە.

ئەم دامەزراوەیە پێی دەگوترێت: دامەزراوەی دادوەریی باڵا، ئەوانە بوون کە سکاڵایان هەبووە لە والییەکان، لە کاربەدەستەکان، لەوانەی کە دەسەڵاتدار بوون لە سەردەمی خۆیدا، سوپاسالار بووە، ئەوانە زوڵم و ستەمێکیان کردبێت، لە هاوواڵاتییەکی ئاسایی، ئەم دامەزراوەیە تاماشای کردووە ئەگەر دەستدرێژییان کرابێتە سەر، ئەگەر مافێکیان پێشێل کرابێت، حەقێکیان خورابێت، ئەم دامەزراوەیە بۆی دەگێڕانەوە.

دامەزراوەی چاودێری:

(ولایة الحسبة) واتە: (الحمیة والمحتسب) ئەو کەسانەن کە کارێک تەنها چاویان لە پاداشتی خوایە ، ئەو کەسانەی کە چاودێریی بازاڕ و کووچە و کۆڵان و خەڵک و پاراستنی ئەمن و ئاساییش و مالّ و سامان و سەروەتی خەڵک دەکەن، ئەوانەن کە زیاتر لە بازاڕن، دەڵێن: ئەم ویلایەتە پێشەوا عومەر دایهێنا، بۆ چاودێریکردنی ئادابی گشتی، ئەمانە داهێنران بۆ فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، هەرچەندە هەر هاوولّاتییەک و کەسێک دەتوانێت فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکات، بە مەرجێک نەبێتە گەڕەلاوژە و کێشە و گرفت ڕوو نەدات و، هەر کەس لە خۆیەوە بڵێت: ئەمە چاکە و ئەوە خراپە و، ئەمە بکە و، ئەوە مەکە، لە ئەنجامدا کێشە دروست دەبێت و جۆرێکیش لە فەوزا پەیدا دەبێت و بێسەروبەرییش نیشان دەدات، بۆیە پێشەوا عومەر ئەمەی داهێنا ئەم ئەرکەی خستە سەرشانی خەڵکێکی تایبەت، پێی دەگوترێت (ولایة الحسبة)، ئەمانە ئەرکیان پاراستنی ئادابی گشتی بووە و کارەکەیان بە ڕێکخراو بە دامەزراوەیی کرا.

دامەزراوەی گێڕانەوەی ماف:

ویلایەتێکی تر هەبووە پێی دەگوترێت: (ولایة الرد)، کە ساحێب ڕەدیشی پێ گوتراوە (صاحب الرد)، هەندێک بابەتی ئاڵۆز هەبووە، جاری وا هەیە حاکمیش نەیتوانیوە بڕیاری لەسەر بدات، ئەوە ئەو دەستەیان ڕاسپاردووە، وردەکارییەکان کۆ بکاتەوە و وەری بگرێت، تاوتوێیەکی باشی بکات بۆ ئەوەی دادوەر لەم قەزیەدا تەواو بەرچاوڕۆشن بێت و بڕیاری دروست بدات، ئێستاش هەندێک بابەت هەیە زۆر وردە، حاکمیش ڕەنگە وردەکارییەکەی نەزانێت، بە تایبەت ئەو موڵک و سامانەی کە زایە بووە یان دەستی بەسەر داگیراوە لەلایەن کەسانی دەسەلّاتدارەوە.

پێم وایە دەبێت ئەم جۆرە پرسانە بدرێتە خەڵکێکی پسپۆڕ، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت یان دەسەڵاتی دادوەری لێژنەیەک دروست دەکات، بۆ ئەوەی ئەم بابەتەی پێ پوخت بکەنەوە، ئەوە لە هەموو شوێنێک هەیە، لێژنەیەک دەچێت ڕاپۆرتێکی ورد سەبارەت بەم کێشەکە یان ئەو بابەتەی قسەی لەسەر کراوە، دەهێنێتەوە شوێنی تایبەتمەندیی خۆی و پوختی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بڕیاری دروستی لەبارەوە بدات.

لە هەمان کاتدا ئەم دەسەڵاتە (ولایة الرد) ئەرکی بریتییە لە چاوپێداخشانەوە بەو بڕیارەی کە دادوەر لە ولایەتێک دەری کردووە بەرانبەر کەسێک، ئەو کەسە سکاڵای لەسەر ئەو بڕیارە تۆمار کردووە، بۆیە دادوەر پێداچوونەوە دەکات.

دامەزراوەی پاسەوانی:

ویلایەتێکی دیکە بریتی بوو لە (ولایة الشرطة)، ئەوانە زیاتر ئەرکیان لە شەوان پێ سپێردراوە، بۆ پاراستنی ئاساییش و موڵک وماڵی خەڵک، ئەم ویلایەتە لەوەوە هات کاتی خۆی کە باسی سیستەمی دادوەریمان کرد لە ولاّتی ئەندەلووس کە چۆن بووە، هەندێکیان لە سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکان بە دیاریکراوی لە سەردەمی ئیمامی عومەر پەیدا کراوە و داهێنراوە، هەندێکیش دوای ئەوان بۆ خۆیان بە ئیجتیهاد و کۆششی خۆیان، تەماشایان کردووە و پێداویستییەکانی خەڵک لە بوارە جیاجیاکان زۆر بووە، ناچار بوون دامەزراوەی تایبەتی بۆ دروست بکەن، مەبەستم ئەوەیە ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە لە ولاّتی ئەندەلووس هەبووە، کە باسی دادوەریمان کرد، هەموو ئەمانە سیستەمێکی دادوەریی زۆر سەرکەوتووی هێناوەتە کایەوە، دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەیدا لەم ڕووانە دامەزراوەی بێوێنە بووە خەڵک باش دەیانزانی کاتێک کێشە و گرفتێک دروست بووە چی بکات! هەرگیز دەستەوەستان نەبوون لە ئاست کێشەکاندا، بەڵکوو بەرچاوڕۆشن بوون و دامەزراوەی خۆی هەبووە و

هەر کەسە لە ڕێگەی دامەزراوەی خۆیەوە سکالای خۆی گەیاندووە، یان داواکاریی خۆی کردووە، یان کێشەی خۆی خستووەتە ڕوو و ئەو دامەزراوانەش دەسەڵاتی تەواویان هەبووە وەک چۆن ئێستا باسی دادگای ئیتیحادی دەکرێت لە عێراق، بە شێوەیەکە بڕیاری ئەو دادگایە هیچ دەسەڵاتێک و هیچ هێزێک ناتوانێت تانەی لێ بدات و بڕیارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە، دەسەڵاتی دادوەرییش لە سەردەمی خۆیدا بەربەستێکی زۆر گەورە بووە، زۆر مەحکەم بووە، لە بەردەم ستەم و ستەمکاران، هەر بۆیە خەڵک نەیدەتوانی ستەم لە یەکتر بکەن و دەسەڵاتیش نەیتوانیوە ستەم لە خەڵک بکات.

هەر سەبارەت بە سیستەمی دادوەری، ئەگەر بمانەوێت بەراوردێک بکەین لەنێوان دادگاکانی ئەم سەردەمە لەگەڵ دادگاکانی سەردەمی حوکمڕانیی ئیسلامی، بە هیچ شێوەیەک دادگاکانی ئێستا بەراورد ناکرێن لەگەڵ دادگاکانی ئیسلامدا. لەبەر ئەوەی دادگاکانی ئەمڕۆ نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدایە. ئەمەش بە مانای بە سیاسیکردنی دادگاکانە، کەواتە دادگا چۆن سەربەخۆ دەبێت، بەڵکوو سەر بەو لایەنانەیە، واتا لە ڕێی ئەوانەوە کە سەر بە لایەنەکانن ئەو دادگایانە پێک هێناون و لە هەمان کاتیشدا دادگا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەربەخۆ نییە، دەسەڵات چۆنی بووێت، ئاوا بڕیاری پێ دەدات!!

مەبەستم تەنها ئەم خاڵە بوو کە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی باڵایە و، هیچ هێزێک و هیچ دەسەڵاتێک نییە تانە لە بڕیارەکانی بدات، دامەزراوەی پەرلەمانیش ناتوانێت، حکومەتیش ناتوانێت، سەرۆک کۆماریش ناتوانێت. لەم ڕووەوە ئەو قەزایەی کە باسی دەکەم لە سەردەمی خۆیدا، ئەم دەسەڵاتە گەورەیەی هەبووە، ئەرکێکی دیکەشی بریتی بووە، یان ڕۆڵێکی دیکەی ئەوە بووە، کە هەر بڕیارێک بدرێت ئەگەر پێچەوانەی ئادابی گشتیی بووبێت، یان پێچەوانەی یاسا گشتییەکانی ئیسلام بووبێت، ڕەتی کردووەتەوە، مافی ئەوەی هەبووە، ڕەتی بکاتەوە، یەکێکی دیکە لە ڕۆڵ و ئەرکەکانی بریتی بووە لە وەرگرتنەوەی مافی خەڵکی مافخوراو لە دەسەڵاتدارێک کە ستەمی لێ کردبێت.

کەسێکی هەژار و بێدەسەڵات لە لایەن کەسێکی دەسەڵاتدارەوە زوڵمی لێ کراوە و، مافی پێشێل کراوە و، حەقی خوراوە، ئەو دامەزراوانە مافی وەرگرتووەتەوە. قەزا لە کاتی خۆیدا زۆر ڕۆڵی گەورە و کاریگەری لە چەسپاندنی دادگەری و فەراهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام هەبووە، چونکە هەر کاتێک قەزا سەربەخۆ بووبێت، ئەوا مافی خەڵکی وەرگرتووەتەوە و، کێشەی خەڵکی چارەسەر کردووە، ڕێگریی لە ستەمی دەسەڵات کردووە، بۆیە هەر کاتێک دەسەڵاتدار زانیی دادگا جیاوازی لەنێوان ئەو و هاوواڵتییەکی ئاسایی ناکات، ئەوا گومانی تێدا نییە کۆمەڵگەیەکی زۆر ئارام و هێمن و بەختەوەر دروست دەبێت و دەسەڵاتداریش ناچارە ڕاست و ڕێک بڕوات.

بەڵام بە داخەوە لەم ڕۆژگارەدا خەڵک بەربووەتە گیانی یەکتر، یەکتر لەسەر شتی پڕوپووچ و گچکە دەکوژن، ئەمەش واتای ئەوەیە سیستەمێکی دادگەر لەم وڵاتەدا نییە، کە ئەم سیستەمە دادگەرە نەبوو، لە ئەنجامدا هیچ ڕێگری و ترسێک لە بەردەم خەڵکی نامێنێت، کە هەرچی بیەوێت ئەنجامی بدات، بۆیە ئەم پشێوی و ئاڵۆزییە دروست دەبێت.

هەر کاتێک سیستەمێکی دادگەریی ڕێکوپێک و کارا هەبوو، ئەو کەسەی چاوی لە تاوانکردن بێت، ئەوا هەڵوەستە دەکات، چونکە دەزانێت سزاکەی چییە و، دادگەرانە حەقی لێ وەردەگرنەوە، ئەو کەسەی دیکەش کە مافی خوراوە و ستەمی لێ کراوە، پەنا ناباتە بەر شتێکی دیکە، بەڵکوو پەنا بۆ ئەو دامەزراوەیە دەبات، چونکە دڵنیایە مافی وەردەگیرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی ئاساییش و هێمن و ئارام، کە بێگومان سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوای خۆیدا دێنێت.

لە ڕووی سەقامگیریی سیاسییشەوە لە وڵاتی خۆماندا ئەو حیزب و لایەنانە پێک هەڵدەشاخێن و کەس نییە دارێک بە نێوانیاندا بێنێت، بۆ؟ چونکە سیستەمی دادوەری نییە، قەزا سەربەخۆ نییە و، دادگەریش نییە، خۆی کێشەکە لە خۆیەتی، کەواتە بۆیە خەڵک تێک بەربووە، وەک گوتراویشە:

(فاقد شيء لا يعطيه) کابرا کە هیچی نەبێت، چی دەبەخشێت؟ کە بۆ خۆی دادگەر نەبێت، چۆن دادگەری دەچەسپێنێت؟ کە خۆی حەق نەبێت، چۆن حەق دەچەسپێنێت؟ کە خۆی حەقی خواردبێت، زوڵمی کردبێت، چۆن دەتوانێت حەق بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە و ستەم لەسەر خەڵکی لابدات؟ بێگومان ناتوانێت.

بۆیە لە سەردەمی خۆیدا نموونە زۆر بووە کە ئەو خەلیفە سەرڕاستانە چۆن مامەڵەیان کردووە، کاتێک خەڵکێک ستەمی لێ کراوە، کاتێک کە هاووڵاتییەکی هەژاری وڵاتێکی دیکە هاتووە هانای بۆ هێناوە، پەنای بۆ بردووە چۆن خەلیفە وەدەنگ هاتووە؟ چۆن تووڕە بووە لەسەر مافی تاکێک؟ هەرچەندە ئەو تاکە نامسوڵمانیش بووبێت، وەکوو نموونەی بەسەرهاتی قبطیەکە و کوڕەکەی عەمری کوڕی عاص لە میسڕ کە بە شێوازێک ئازاری دەدات لەبەر ئەوەی لە پێشبڕکێیەکی ئەسپسواری بە پێشی کەوتبووەوە.

لە کۆتاییی باسەکەشماندا هەر ئەوەندە دەڵێین کە سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا بە شێوازە گشتییەکەی، بە ڕووە جوانەکەی کە هەیبووە، بەدەریش نەبووە لە کەموکوڕی. دیارە ئەو مەنهەج و بەرنامەیەی ئێمە هەمانە کە ئیسلامە، بێگومان بێ کەموکوڕییە و زۆر تێروتەواوە، خوای گەورە مەدحی کردووە و دەفەرموێت: ﴿...الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي... ﴾ (٣) المَائِدَة.

واتە: ... ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردن و، چاکەی خۆمم بە تەواوی لەگەڵ کردن و...

خوای گەورە ئەو ئایین و بەرنامەی بۆ ئێمە تەواو کردووە، کامڵ و تەواوە، مەبەست لە پەرەنسیپە گشتییەکانە، بەڵام وردەکارییەکانی ژیان لە بوارە جیاجیاکانی و بوارە پسپۆڕییەکان، بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، چونکە ژیان دەگۆڕێت، هەمیشە گۆڕانی بەسەردا دێت بە گۆڕانی کۆمەڵگەکان، بە گۆڕانی کات، بابەتەکان دەگۆڕێن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، خوای زانا هێشتوویەتییەوە بۆ هەوڵ و کۆششی ئێمە، هەر کاتێک ئەم بەرنامە و

سیستەمە ئەگەر خەڵکێکی دڵسۆز و خەمخۆری هەبێت، بەر لەوەی کە بە خەڵک بڵێت پابەند بن، خۆی پێوەی پابەند بێت، دەستی پێوە بگرێت، دڵسۆزی بەرنامەکەی بێت، دڵسۆزی خەڵک بێت، بۆ خۆی ڕووی لە خوا بێت، بە دڵنیاییەوە ئەم بەرنامەیە ئێستاش زۆر چاک و بە باشی لە توانایدا هەیە کۆمەڵگەیەکی زۆر بەختەوەر و سەرفراز و ڕێکوپێک دروست بکات. خەڵک بە گشتی بە مسوڵمان و نا مسوڵمانەوە لەژێر سایە و سێبەریدا بحەسێنەوە، بەڵام کاتێک ئەو خەڵکە بەو شێوەیە نەبێت و هەم باش لێی تێ نەگەیشتبێت و هەم باش پێوەی پابەند نەبووبێت و کاری پێ نەکات، لە واقیع و ژیانی خۆی ڕەنگی پێ نەداتەوە، دڵسۆزیی خەڵک و وڵات و بەرنامەکەی خۆی نەبێت، بێگومان ئەوە بە دەستەوە نایەت کە لێی چاوەڕێ دەکرێت، بەڵکوو وەک چۆن لە ژیانی خەلیفەکانی پێشینمان و لە مسوڵمانە سەرڕاستەکان بینیمان کە چۆن ئەو ئاداب و ئەو سیفەتە گرنگ و گەورانەیان لە زاتی خۆیاندا بەرجەستە کردووە، پاشان هاتوون لە کۆمەڵگەدا چەسپاندوویانە، هەر کاتێک ئاوا کرا، بێگومان ئەو کۆمەڵگەیەی خەڵکێک بە میسالی ناوی دەبات، دەڵێین: کۆمەڵگەیەک دروست دەکات، بەڵام کۆمەڵگەیەکی بەشەری، ئەوەی کە بەڕێوەشی دەبات مرۆڤە، بەڵام بەرنامەکە بەرنامەی خوای دانایە و تێروتەواوە و مەعسوومە، چونکە کۆتاییی پێ هاتووە و ئەمە تەواوترین و ڕێکوپێکترین بەرنامەیە و ئەگەر کەسێک ستەمی کرد و لە ئاداب و یاسا و پرەنسیپی گشتییش لایدا، ئەو کاتە دادگایەک هەیە کە زوڵمیشی لێ ناکات، بەڵکوو ڕێی لێ دەگرێت زوڵم بکات و، ڕاستی دەکاتەوە، ئەگەر حەقی خەڵکیشی خواردبێت، لێی دەستێنێتەوە، لە بەرەنجامدا کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ئەمن و ئاساییش و ئارام و تەبا دێتە ئاراوە، بە جۆرێک خەڵک لە شوێنان خۆزگەی پێ بخوازن کە لەم کۆمەڵگەیە بژین. بۆیە لەم ڕووەوە ڕاستە ئەگەر بڵێین ئیسلام کۆمەڵگەیەکی نموونەیی (مثالي) دروست دەکات.

پوختەیەک لە ژیاننامەی نووسەر



* ساڵی (١٩٧٠) لە شاری هەولێر لە دایک بووە.
* خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیبلۆماسییەکان.
* زمانی عەرەبیی دەزانێت، تا ئەندازەیەکیش شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسییە.
* شارەزایی لە بوارەکانی: (پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەکان، یاسای گشتی، بەڕێوەبردنی گشتی، مافی مرۆڤ، سیاسەت و پارتی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، هەڵبژاردن و سیستەمی هەڵبژاردن) هەیە.
* چەندین بڕوانامەی لە ژمارەیەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە دەست هێناوە، وەک: ڕێکخراوەکانی (UN-IRI-NDA) .
* لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمدا وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بووە.
* لە سەردەمی وەزیریی ئەودا، کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە ئاستێکی وا گەشەی کردبوو، کە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی بەرهەمە خۆماڵییەکاندا گەیشتبووە ئاستی خۆبژێوی.
* یەکەم وەزیرە لە ماوەی (٢٧) ساڵی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا کە وەک دەربڕینی پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە بێکاری و نەبوونی موچە، دەست لە کار دەکێشێتەوە.

* پاش دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی وەزیری کشتوکاڵ، بۆ پەرلەمانی کوردستان کاندید دەکرێت و نزیکەی (٢٠) هەزار دەنگ دەهێنێت.
* لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری بووە.
* بە هەوڵی فراکسیۆنی کۆمەڵ و بە هەماهەنگیی بەشێک لە پەرلەمانتارانی دیکە و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەسەر کێشە و گرفتەکانی خەڵک، سەرۆکایەتیی حکومەت هێنرایە پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە.
* لە بابەتی بێرێزییەکانی فەرەنسا دژ بە پێغەمبەری خۆشەویست "صلى الله عليه وسلم"، فراکسیۆنی کۆمەڵ هەڵوێستی جددیی هەبوو، بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە، عەبدولستار مەجید یاداشتی نارەزایەتی و بێزاری دایە کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر.
* لە پرسی لەشکرکێشی و سنووربەزاندنەکانی ئێران و تورکیا، فراکسیۆنی کۆمەڵ قسە و هەڵوێستی ڕوون و بوێرانەی دژ بەو بابەتە هەبووە.
* لەپێناو چاکەی گشتی و بەرژەوەندیی خەڵکدا، لە خولی ڕابردوو زیاتر لە (٤٠) پرۆژەیاسای پێشکەش کردووە.
* خاوەنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییەو لەگەڵ سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵک پەیوەندیی فراوان و پتەوی هەیە.

هەندێک لە بەرهەمەکانی نووسەر

١- (شووناسی کۆمەڵی ئیسلامی)، چەند هەنگاوێکی ستراتیجی لە ئەزموونی حوکمڕانیدا.
٢- ئەزموون و وانەکانی حوکمڕانی، وەزارەتی کشتوکاڵ بە نموونە (٢٠١٤ - ٢٠١٨).
٣- چۆن دەستم پێ کرد؟
٤- پێنج خاڵی گرنگ بۆ بانگخوازانی کاروانی ئیسلامی.

پوختەی بنەماکانی

حوکمڕانیی ئیسلامی

پرسی حوکمڕانی بە تایبەتییش حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو و سەرڕاست، یەکێک بووە لە پرسیارە هەرە جەوهەری و گەورەکانی فەلسەفەی سیاسی و فیکری سیاسیی هاوچەرخ، بۆیە هەمیشە بە دوای ئەوەدا گەڕاوە چۆن حوکمڕانییەک وەک چەمکێکی سیاسی بێتە کایەوە کە لەڕێی سیستەمە سیاسییەکەوە مانایەک بەم چەمکە ببەخشێت.

بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە و گەیشتن بە نێوەرۆکی ئەو جۆرە لە فۆرمی حوکمڕانی، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەما سەرەکییانەی کە سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامی لەسەریان دامەزراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە تەواوی باسەکانماندا پشتیان پێ دەبەستین، چونکە لەڕێی ئەو بنەمایانەوە دەتوانرێت حوکمڕانییەکی تەندروست پیادە بکرێت کە فۆرمێک لە دڵنیایی و ڕێکخستن و ئاسایش دابین بکات کە لە دەرئەنجامدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دادگەرانە و یەکسان و دەستەبەری تەواوی ماف و ئازادییەکان لە خۆ بگرێت و ببێتە مایەی ئەوەی خزمەت بە خەڵک و خاک و وڵات بکات؛ هەر ئەمەشە لە ئێستادا فەلسەفەی سیاسی و فیکری سیاسیی هاوچەرخ دەیخوازێت و هەوڵی بەرجەستەکردنیان دەدات.

8,000 IQD
9 789922 748603

TAFSIR
تەفسیر

www.tafsir.krd | info@tafsir.krd | +964 750 818 0865